## گۆڤارێكی ئەدەبی و رووناكبیرییە

بنكەی رووناكبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەكات

ژمارە ٥٩ كانوونی دووەم- ٢٠١٣


سەرنووسەر
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

سكرتێری نووسین
دانا فایەق

دیزاین
ئارام عەلی

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی



سلێمانی- بنكەی رووناكبیریی گەلاوێژ- نزیك فولكەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی

٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥

gelawejinwe@yahoo.com

*کەشتیی فریشتەکان و سەردەمێکی شەیتانپەناهی............ شێرزاد حەسەن.................. ٤
*ئایا ئێمە بوونەوەری بیرکەرەوەین؟......................... سۆران ئازاد......................... ١٣
*بەراوردێکی نێوان «ژن و نیشتمان»......................... ڕەوەند حەمەجەزا.................. ٢٣
*ماهییەتی پەیڤەکان........................................ غەمگین بۆڵی......................... ٢٩
*دۆسیەی ژمارە.............................................. وەرگێڕان................ ٣٩-١٥٦
*پێشبینیی زمان............................................. سەباح ڕەنجدەر................. ١٥٧
*تاککلی جمزێ و پەنجا تاکدێڕی تر.......................... عەباس عەبدوڵڵا یووسف.......... ١٧٩

*سەدەی قوپاندن ............................. گۆران ڕەووف ..................... ١٨٦
*هاونشینی ئاو ......................... و: توانا ................... ١٩٠
*بکوژەکان ................................................... و: هەژار عوسمان ............ ١٩٥
*من کێم... لە کوێم؟ ......................... و: هیوا خەیات ................... ٢٠٦
*سەیرکە با ستران دەچڕێ ......................... و: جەبار سابیر ................... ٢٠٩
*کورتە چیرۆک و مەرجە هونەرییەکانی ......................... و: سەنگەر زرزاری ................... ٢٢٣
*لامارتین ................................................... و: گەیلان محەمەد ............ ٢٢٨




# کەشتیی فریشتەکان و سەردەمێکی شەیتانپەناهی



## یان

## شامانیفێستێکی گومانکار و تووڕە لە مەڕ شۆڕش

**شێرزاد حەسەن**

### کۆماری فریشتەکان

*فریشتە: زۆر بە سادەیی ئەو بەشەیە لە مرۆڤ، کە لە جێگەی ڕۆح، گەوهەر و کرۆکدا بوونی هەیە، کە ئەو ڕۆح و کرۆکە بۆگەنی کرد، مرۆڤەکەش دەگەنێت، ڕێک وەک «دۆریان گرەی» پاڵەوانی «ئۆسکار وایڵد» کە ڕۆمانەکەش هەڵگری ناوی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لەوێدا پۆرترێتەکەی، کە لەلایەن

# ئەو دەمەی هەقیقەت ناشیرین دەبێت، چیرۆك تەنیا جێگەیە، كە جوانیی تێدا بشارینەوە

نیگارکێشێکی دۆستییەوە بۆی کراوە، لە سەروەختی رۆحپاکی و دۆخی فریشتەیی وەک گەنجێک، وەلێ ئەو وەختەی نیگارکێشەکە هانی دەدات ژیان لە بەردەم جوانیی ئەودا هەموو دەروازەکانی کراوەن، «دۆریان» فریو دەخوات و تا ئەو شوێنەی رۆحی دەشێوێت مەلە لەناو هەموو زەلکاوەکاندا دەکات، لە کۆتاییدا کە سەیری پۆرترێتەکەی خۆی دەکات، هەرگیز ئەو لاوە چەلەنگ و پاک و جوانە نەماوە، پۆرترێتەکە هاوکێشەو هاوشانی زاتی و مەوزوعی رۆحی «دۆریان»ە، کە تەواو رەنگەکانی تێکەڵ دەبن و دەشێوێت، وەک فریشتەکان، کە گەوهەری رۆحی مەردوومەکانن.

مەهدائیل-ی فریشتە بڕوای وایە کە «رۆژگارێکی خراپ بەڕێوەیە و مەرجە فریشتەکان رزگار بکات، چونکە فریشتە یارمەتی مرۆڤ دەدات کە خۆی تەواو بکات، فریشتە ئەو بەشە بێدارکەرەیە کە دەکرێت بە خاوەنەکەی بڵێت: دەکرێت تۆ خۆت و ژیانت هەڵە بن، بەڵام بوارت هەیە راستی بکەیتەوە و جوانتر بژی»، ئەوەشیان هەمان دۆخی «ئەنجوومەنی ژیانی ون»مان بیر دێنێتەوە، کە نووسەرەکانی بە دوای ژیانێکی دزراودا دەگەڕێن، کەچی لێرەدا هەوڵی مەهدائیل وەک خەمخۆری مرۆڤ بەتەنیا راستکردنەوەی ژیانێکی هەڵە نییە، بەڵکو هێشتا لە هەنووکەدایە و فریشتەکان تۆراون، یان نەخۆشن، بەڵام نەمردوون، واتا ترسی لەدەستچوونی ژیانێک، کە ئەگەری ماوە جوان بێت، کەچی ئەرکی «ئەنجوومەنی ژیانێکی ون» بۆ خۆی هەوڵە بۆ تۆماری زیندەگییەکی جوانتر کە تازە تەواو لە دەستچووە، هەر هەمووشی شێوان و تێکچوونی نەخشەیەکە، کە شۆڕش بە هەموو قورسایی خۆیەوە پشکی گەورەی هەیە لەو دۆڕان و ژیان بە فیڕۆدانەدا.

فریشتە ئەو بەشەیە لە مرۆڤ، کە هێشتا بەرگری لەوە دەکات خاوەنەکەی پیس نەبێت، هەر بۆیە وەدەرکەوتنی باڵەکانی و هەوڵی ترازانی لە خاوەنەکەی، زەنگی بێدارکردنەوەیەتی لەوەی ملکەچی شەڕ نەبێت. «فریشتە تەنها ئەوکاتە خاوەنەکەی جێدێڵێت کە گەیشتە ئەوپەڕی دڵڕەقی. هی هەژارەکان کەم رادەکەن، هی دەستەڵاتدار و ساماندارەکان زۆرتر رادەکەن».

مانەوەی فریشتەکان لە بیمارستانەکە و تیمارکردنیان، سازاندنی ئەو بواری گەمە و قومارە دەخاتەوە دەست خاوەنەکانیان، تاوەکو بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە، کە لە بەردەمی ئەگەری دۆڕان یان بردنەوەدا بن.

ئەوەش لەوەوە هاتووە، کە مرۆڤەکان گەرەکیانە بڕوا بەوە بێنن هێشتا ئومێدێک ماوە مرۆڤ فریشتەکەی ناو خۆی نەکوژێت، خەونێکە بە مانەوەی جوانی و خێر و هەق لە سەر زەوی. فریشتە نەخۆشەکان درێژکراوەی خاوەنە نەخۆشەکانن، ئەوان هەڵەتەی دەستی مرۆڤە ملهوڕ و دڵڕەقەکانن. کە لە ناو ساردی و پووچی و شەڕدا نقوم بوون.

هۆشەنگی بولبولیار بە جۆرێک هاوساز و هاوکووفە لەگەڵ فریشتەکەی خۆی، کە لە ناو شارێکدا زۆربەی فریشتەکان خاوەنەکانیان بەجێدێڵن، خۆزگە دەخوازێت نەمێنێت و لە یادی هەمووان بچێتەوە، رۆحێکی وەها پاک و تەواو نامۆ بە دەوروبەری خۆی، چیتر بەرگەی ئەو ژیانە دزێوەی دەوروبەر ناگرێت.

فریشتە ئەو بەشەیە لە مرۆڤ، کە هێشتا بەرگری لەوە دەکات خاوەنەکەی پیس نەبێت، هەر بۆیە وەدەرکەوتنی باڵەکانی و هەوڵی ترازانی لە خاوەنەکەی، زەنگی بێدارکردنەوەیەتی لەوەی ملکەچی شەڕ نەبێت. «فریشتە تەنها ئەوکاتە خاوەنەکەی جێدێڵێت کە گەیشتە ئەوپەڕی دڵڕەقی. هی هەژارەکان کەم رادەکەن، هی دەستەڵاتدار و ساماندارەکان زۆرتر رادەکەن». مانەوەی فریشتەکان لە بیمارستانەکە و تیمارکردنیان، سازاندنی ئەو بواری گەمە و قومارە دەخاتەوە دەست خاوەنەکانیان، تاوەکو بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە، کە لە بەردەمی ئەگەری دۆڕان یان بردنەوەدا بن

# لێکۆڵینەوە

## گێڕانەوەی چیرۆک لە نێوان درێژکردنەوەی ژیانی فریشتەکان و ڕەوکردنیاندا

*«فریشتەکان بەرگەی هەقیقەتی مرۆڤ ناگرن وەک ئەوەی کە هەن و رەفتار دەکەن»، ئەو دەمەی هەقیقەت ناشیرین دەبێت، چیرۆک تەنیا جێگەیە، کە جوانیی تێدا بشارینەوە، رێزانی مەلەکبین بڕوای وایە کە «گرنگە چیرۆکی جوان بنووسین. فریشتەکان تاوەکو نەمرن وا باشە بیانکەین بە پاڵەوانی جوان و جێگەی بایەخ، وا مەزەندە بکەن کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ زۆرە و مانایەکیان هەیە لەسەر زەوی».

فریشتە تیرمۆمەتری ئازار و خەمی ئەوانی دیکەیە، رێزان و یاوەرەکانی هەوڵ دەدەن لە رێگەی چیرۆکی جوانەوە «ئەو رۆحەیان لە لا دروست بکەن کە ئەگەر ئەوان هەبوونایە یان ببن، ژیانیان جوانتر دەبوو»، ئەوان ئەو پەرژینەن کە ناهێڵن ناشیرینی بێتە ناو رۆحیانەوە، ئەوان پاسەوانی جوانین، فریشتەکان وریاکەرەوەی ئەو دۆخە ترسناکەن، کە هەمووان، چ ئاگادار، یان بێئاگا بن لە خۆیان، رووەو هەڵدێرێک مل دەنێن و ئەوان بۆ هەمیشە فریا دەکەون نەکەونە ناو ئەو خەرەندە بێ بنەوە. قایلبوون بە هەموو ناشیرینییەکان وا دەکات فریشتەکان لە دەست خاوەنەکانیان ڕابکەن، بتۆرێن و نەخۆش بکەون و بمرن.

بولبولیار بۆ تێگەیشتن لە نهێنیی فریشتەکان پەنا دەباتە بەر دکتۆر نەزمی مامۆستای، کە بڕوای وایە شتەکان لەمرۆدا پێچەوانەن، «خودا فریشتەی دروست نەکردووە تاوەکو پاسەوانی مرۆ بکات، بەڵکو ئەوە مرۆیە کە ناچارە ئاگای لە فریشتەکەی خۆی بێت.

ئەم هەموو فریشتە نەخۆشە بەڵگە و هێمان بۆ پچڕانی پەیوەندی نێوان زەمین و ئاسمان. مرۆ وەها بەدکارە کە کاری بە فریشتە نەماوە، بگرە خوداش کاری پێیان نەماوە». هیچ سەیر نییە، کە فریشتە راکردووەکان لە دەست خاوەنەکانیان، تا بێت پتر دەبن، چ لە بەرەکانی جەنگدا بێت، کە دکتۆر شوکاک وەک پزیشکی جەنگ لە نێو کوشتارگەکاندا لە بەرەکانی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا دەیانبینێت، چ لە ناو شارە گەورەکاندا، کە مەهدائیل کۆیان دەکاتەوە، هەروەک ئەوەی زبڵ و خۆڵ و خاشاک بن و لەو گۆڕەی کەوتبن.

دەرکەوتنی فریشتەکان هاوتای دۆڕان و نائومێدی و خەونی هیچە، هەر بۆیە بە درێژایی رۆمانەکە فریشتە هەڵگری چەندەها ناو و هێما و مانا و دۆخ و گوزارشتی رەمزبار و تەعبیری دەبێت، هەر بەو رۆحە رەوانبێژییەی رۆماننووس لە کارگەکەی خۆی دەیسازێنێت و پەرۆشە بۆمان شی بکاتەوە، بە رادەیەک کە وردترین رەخنەگر هەرچی تەقەللا بدات بۆ دۆزینەوەی مانای دیکەی ژێرەوانکێ، مەحاڵە بتوانێت لەو تۆڕە گەورەیەی رۆماننووس چنیویەتی دەربازی بێت، دووچاری هەمان دەرد دەبین، کە بۆ مانا و شیکردنەوەی چەمکی شۆرش بگەڕێین، هەر ئەوەشە وای کردووە بەختیار عەلی خوێندەوارانی بە سەلیقە و دەستەبژێری هەبێت، لە پاڵ خوێنەرانێک، کە بۆ یەکەمجار بە رێکەوت دەست بۆ رۆمانەکەی دەبەن. سەیری نموونەیەکی ئەو ئالتەرناتیڤانە بکە وەک ناو بۆ فریشتە و دواتر فراوانکردنی رۆحی ئەو مانایانە و کشان و پەرتکردنەوەی بە درێژایی رۆمانەکە: فریشتە: «میکانیکی مەلەکوت، فیتەری خودایی،



بەختیار عەلی

چاکسازێکی رۆحی، ریفۆرمساز، کارگەی ئومێد، باڵی نیوە کوژراو یان خنکاوی خۆت، وڕێنەی دەستەجەمعی و چەندین ناوی دیکە».

«پرۆفیسۆر میرائیل»، ناسراو بە فەیلەسووفی فریشتەکان، بڕوای وایە «فریشتە خەونی مرۆڤێک بووە کە نەهاتۆتە دی، کە مرۆڤ ئاسوودە بوو بەوەی کۆیلەیە یان بەختەوەرە و دڵەراوکێی نەما، رۆتینی ژیان بردی و خەونی ژیانێکی دیکەی نەما، عاشقی زیندانەکەی خۆی بوو فریشتەکەی ناوی دەمرێت». زیندانیش وەک دکتۆر نەزمی دەڵێت: نەمانی خۆشەویستی و خەیاڵە. دۆستۆیڤسکی واتەنی دۆزەخ ئەوەیە کە کەست خۆش نەوێت.

بۆ نەزمی کەشتیی فریشتەکان بێجگە لە درۆیەکی گەورە هیچی دیکە نییە، ژیانی ئەوان دەستکردە و بگرە لە ناوئاخنی قسەکانی نەزمی-دا گومانی لەو چیرۆکانە هەیە، کە دەنووسرێن بەو نیازەی ژیانیان درێژ بێتەوە و زیندوویان بکاتەوە، چونکە ئەوان هاتوونەتە کەشتییەکە تاوەکو بمرن.

هەر بۆیە رێزانی مەلەکبین بە یاوەریی هۆشەنگ بولبولیار داوا دەکات فریای ئەوە بکەون چیرۆکی جوان و ئومێدبەخش بۆ فریشتەکان بگێڕنەوە و بنووسن، هەمان ئەم حەز و داوایە هەوڵەکانی «وەفا»مان بیر دەخاتەوە بۆ دروستکردنی «ئەنجومەنی ژیانێکی ون» کە تیایدا چیرۆکنووسەکان هان بدرین چیرۆکی ئەو زیندەگی و ژیانە بنووسنەوە، کە شۆڕش تەفروتونای کردووە. مەرگی فریشتەکانیش بە دیار چاوی خاوەنەکانیانەوە، وەک ئەوە وایە بە یادیان بخەنەوە، کە لە مرۆڤبوون شۆرانەتەوە و بەرگی دڕندەیان پۆشیوە.

رێزانی مەلەکبین بە دوای ژیانی ون و فەرامۆشکراو و دزراو و دۆڕاو و بەباچوودا دەگەڕێت، بەڵام کەی چیرۆکی ژیان وەک ئەوانەی «شەرمین»ی چیرۆکبێژ ئاسان و منداڵانەیە، رێزان بڕوای وایە کە هەقە ژیانێکی قورس و ئاڵۆز بنووسنەوە، رێزان بولبولیاری دەوێت بۆ چیرۆکگێڕانەوە، رێزان پێویستی بە چیرۆکی درۆ هەیە لەسەر خاوەنی فریشتەکان، تاوەکو ئومێدیان بێت بژین.

مرۆڤ بۆ فریشتەکەی بووەتە زیندانێکی تەنگ و تاریک، هەر بۆیە ڕەوکردنی فریشتەکان، کە لەگەڵ

ئەو رۆحە شەڕانگێزەی خاوەنەکانیاندا هەڵناکەن، دەبێت بە دیاردەیەکی رۆژانە بۆ مەلەکبینەکان، بە ڕادەیەک کە تا رۆژگار بچێتە پێشەوە «بیمارستانی فریشتەکان» سیخناخ دەبێت لە فریشتەی نەخۆش، کەشتییەکە و بگرە گۆڕستانی فریشتەکانیش ئاوەدان دەبنەوە. مرۆڤ بۆ خۆی نوقمی هەڵە و گوناهە و هەرگیز لە تەک ژیانێکی جواندا ناسازێت. ئەوان نوێنەری هەموو ئەو جوانییانەن، کە نەکرا وەکو خۆیان بکەونە بەر چاوان.

## کۆتایی هەشتاکان و داڕزانی مۆراڵ و مەرگی فریشتەکان

*لە هەشتاوهەشت بە دواوە دونیا پتر روو لە شێوان و تێکچوون و داڕزانی ئەخلاقی دەکات، بە هەزارەها دەبنە جاش، بەدکاری و بۆگەنبوونی مرۆڤ وا دەکات بیمارستان و گۆڕستانی فریشتەکان نەخۆش و مردووی زۆرتری ببێت، بگاتە ئەوەی رێزانی مەلەکبین وا مەزەندە بکات کەشتیی فریشتەکان ئەوەندە سیخناخ بێت بە فریشتە دەردەدارەکان و مردووەکان، کە جێگە نەمێنێت بۆ ئەوانەی لەمەودوا نەخۆش دەکەون و دەمرن.

کار دەگاتە ئەوەی «میرائیل» کە تاکە فەیلەسووفی فریشتەکانە، کەشتی فریشتەکان بە پووچ و بێ مانا لە قەڵەم بدات، «بە کانگەی ئومێدی درۆی بزانێت کە فریوی فریشتەکان دەدات پتر بەرگەی ئازار بگرن و بێهوودە مەرگی خۆیان دوا بخەن، لە کاتێکدا سەردەمی بێباکی و ملهوڕیی مرۆڤ گەیشتووەتە ئەوپەڕی.»

میرائیل لە گەرمەی راپەڕیندا بە گوێی یاردا دەچرپێنێت، «من دڵخۆشم کە سەردەمێکی وا تاریک کۆتایی دێت، بەڵام من دڵنیام هەموو ئەوانەی من بینیومن کاری جوانیان لێناوەشێتەوە.. دڵنیام». میرائیلی فەیلەسووفی فریشتەکان و مەهدائیلی کۆڵکێشی فریشتەکان، لە ناو جۆش و خرۆشی راپەڕیندا نائومێدن، میرائیل پێشبینیی ئەوە دەکات، کە مرۆڤ شۆڕشی جوانی بۆ ئەنجام نادرێت، بولبولیار هەست دەکات تا دێت باڵەکانی مەهدائیل بچوک دەبنەوە، ئەم و مەهدائیل خەریکی گۆڕهەڵکەندنن. کەشتیی فریشتەکان تەنها هەژدە فریشتەی تێدا دەمێنێت.

تا دەهات ژمارەی فریشتە مردووەکان زیاتر دەبوون، بە جۆرێک کەشتیی فریشتەکان بووبوو بە بیمارستانێکی راستەقینە. دڕندەیی دونیای دەرەوە، واتا فراوانبوونی گۆڕستانی فریشتەکان، گەورەترین نائومێدیی بولبولیار ئەوە بوو، کە بە تەواوی بڕوای بە مرۆڤ نەمابوو، پێشبینیی دەکرد و دەترسا، کە دەیبینی بە لێشاو فریشتەی بیماری کەوتوو لە کوچە و کۆڵانەکاندا دەبینێت، مەهدائیل و ماردینیای فریشتە تا بێت بەرەو مەرگ دەچن. لەوە دەچوو کەشتییەکە نوقم بێت.

رێزانی مەلەکبین تکا لە یار دەکات هەموو ئەرشیفی کەشتیی فریشتەکان کۆ بکاتەوە و بیبات لە شوێنێکی تەقەت بیپارێزێت، کەس پێی نەزانێت، ئەمیش وەک ئەرک و کارێکی گرنگ تەماشای فەرمانەکە دەکات و ملکەچ دەبێت. رێزانی مەلەکبین، وەک کاپتنی کەشتیی فریشتەکان، گەرچی لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندەوە هاتبوو، کەچی مرۆڤپەروەر بوو، هەستی بە ئازاری ئەوانی دیکە دەکرد، هەر وەک دکتۆر شوکاک، بڕوای وا بوو گەر «مرۆڤ بێباک بوو لەمەڕ ئازاری ئەوانی

# دواجار ڕۆماننووس بێجگە لە سیخوڕێكی بە ئەمەك و وەفادار و ئابڕوومەند، هیچ كەسێك نییە

دیکە بەڵگەی ئەوەیە کە فریشتەکەی مردووە».
لە هەموو شارەکەدا بە تەنها یەک کەشتی بۆ فریشتەکان هەیە، ساڵ دوای ساڵیش شارەکە دەبێت بە هێلانەی مرۆڤی شێوە شەیتان، گەرچی ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ شەیتان لە ئارادا نییە، «خوداش بە تەواوی دەستی لە مرۆڤ شۆریوە و خۆی لە کار و باری نە فریشتەکان وەردەدات نە هی شەیتانەکان».

لە کۆتایی ئەو شاروێرانبوونەدا بە دوو شەو کەشتیی فریشتەکان ئاگر دەگرێت، کەشتی بە فریشتەکانەوە دەسووتا و دەبووە خۆڵ و خاشاک، بێئەوەی کەس فریای بکەوێت. لە کۆتاییدا باڵەخانەیەکی چۆڵ و ڕەشداگەڕاو بەجێمابوو، وەک ئەوەی کەشتییەکە وەک خودی فریشتەکان نەبینراو بێت.
میرائیل فەیلسووفی فریشتەکان، بووبووە خۆڵەمێش، بەڵام نە مەهدائیل و نە ڕێزان-ی مەلەکبین هیچ ئاسەوارێکیان لە دوا جێنەمابوو. هۆشەنگی بولبولیار غەمبار و دۆڕاو دەچێتەوە گەڕەکی غەمپاشا و «بۆنی خۆڵەمێشی فریشتەکان لە خۆی دەکات و ترس و سەرسامی دایدەگرێت، لە ژێرزەمینی دۆستێکی خۆی، لەژێر پەتۆیەکی ئەستووردا خۆی دەشارێتەوە»، بێجگە لە سەرسامیی هێزی هیچی دیکەی نییە.. سەرسامییەک کە نائومێدی و خامۆشییەکی ڕۆحپڕۆکێن لەگەڵ خۆیدا دێنێت.
لە ڕۆژگاری وا ڕەش و شەیتانپەناهیدا، کە دونیای دوون و شێواو و داڕزانی بەها باڵاکان و مەرگی جوانی و بگرە بۆگەنبوونی ژمارەیەکی زۆری مەردوومەکان دەبێتە ناوونیشانی ژیان خۆی، ئاخۆ فریشتە تۆراو و هەڵاتووەکان، لە داخی خاوەنە خانەخراپەکان ڕوو لە کوێ دەکەن، کە تاکە کەشتیی فریشتەکان بە سەرنشینەکانیەوە بوو بە خۆڵەمێش؟
بە کەوتنە دوای ئیقاعی ئەم بەشەی یەکەمی ڕۆمانەکە بێت، ئەگەری هاتنی فریادڕەسێک و «نووح»ێکی دیکە و دروستکردنی کەشتییەکی دیکە بۆ ڕزگارکردنی فریشتەکان لەو «تۆفان»ەی کە هەموومانی گەمارۆ داوە، بە ئەستەم دەبینم، ڕۆڵی فاڵچی نابینم.. بەڵام وا مەزەندە دەکەم مەملەکەتەکە هەر هەمووی ببێتە «بیمارستانی فریشتەکان»، لە دوابەشی ئەم نووسینە دێمەوە سەر ئەم پێشبینییە نائومێدبەخشەم..!

## کە سیخوڕ خۆی لەناو ڕۆماننوسدا دەشارێتەوە یان پێچەوانەکەی

*ڕۆمانەکەی «بەختیار عەلی» کە هەڵگری بەشێکی زۆری یادداشتی وەفای سیخوڕە، بە هەموو وردەکارییەکانەوە، دوو ڕووی جیاوازی ئەخلاقی ڕۆماننووس و هەواڵگرمان پیشان دەدات، لێرەدا ڕۆحی سیخوڕانەی «وەفای ڕەفعەت بەگ» دڕدۆنگ و تووڕەمان دەکات، کە ڕۆحی خۆی فرۆشتووە بە شۆڕش، وەلێ لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، وەفا و ئەرکە ناجۆرەکەی لە ئێمە ون دەبێت و دواجار گەمەکانی هونەری داستانبێژی لە ناو خۆیدا وەها دەمانبات و سەرگەرمان دەکات، کە کارە سیخوڕییەکە بە داهێنانێکی ناوازە وەربگرین، واتا ناشیرینییەکانی وەفا وەرگەڕێن بۆ شەرەفێک، کە نووسەر بۆ خۆی دەیچنێتەوە. دواجار ڕۆماننووس بێجگە لە سیخوڕێکی بە ئەمەک و وەفادار و ئابڕوومەند هیچ کەسێک نییە، گەورەترین شکۆمەندییەک کە شایەستەی نووسەرە، لەوەوە

ڕۆمانەکەی «بەختیار عەلی» کە هەڵگری بەشێکی زۆری یادداشتی وەفای سیخوڕە، بە هەموو وردەکارییەکانەوە، دوو ڕووی جیاوازی ئەخلاقی ڕۆماننووس و هەواڵگرمان پیشان دەدات، لێرەدا ڕۆحی سیخوڕانەی «وەفای ڕەفعەت بەگ» دڕدۆنگ و تووڕەمان دەکات، کە ڕۆحی خۆی فرۆشتووە بە شۆڕش، وەلێ لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا، وەفا و ئەرکە ناجۆرەکەی لە ئێمە ون دەبێت و دواجار گەمەکانی هونەری داستانبێژی لە ناو خۆیدا وەها دەمانبات و سەرگەرمان دەکات

# لێکۆڵینەوە

دێت، چەندە لەو هەڵکۆڵینە و درکاندنی نهێنییە گەورەکان مکوڕ و بەجەرگە. کۆی ڕۆمانەکە و کارەساتەکانی لە چاوی «وەفا»وە دەبینین، کە هەموو هونەرەکانی ڕۆماننووسین وا لە ڕۆحیدا، گەر ڕۆمان بۆ خۆی گەڕان بێت بۆ نهێنییەکانی مرۆڤەکان و پەیبردن بێت بەو جیهانە پەنهانەی لە ناو ئێمەدا شاردراوەتەوە؟ گەر ڕۆمان بۆ خۆی خوێندنەوەی ئەودیوی وتراوەکان و نووسراوەکان بێت، یان چوونە ناو هەر هەموو وردەکارییەکان بێت، کە مێژووی فەرمی شۆڕش بە ئەنقەست فەرامۆشی دەکات؟ گەر ڕۆڵی سەرەکیی وەفا ئەوە بێت، کە چاو و دەست و زار و گوێی شۆڕش بێت؟ گەر گەشتەکەی کوشتنی شکۆمەندیی خۆی و مەردوومەکانی دیکە بێت لە پێناو شۆڕشدا؟ بەردەوام بیرمان بێنێتەوە، کە خۆی و مرۆڤەکانی دیکە چەندە بچووکن، کەواتە مرۆڤ بۆی ناکرێت، گەر خاوەنی خۆی نەبێت، بتوانێت ئازا و ئازاد بێت، بە دوای ئەو هەڵکۆڵینەوە بێت بە ناو ناخی مرۆڤەکاندا، کە هەموو ئەرکی پیرۆزی ئەوە بێت چیرۆکی بە ئامێرد (ڕۆبۆت) بوونی خۆی بگێڕێتەوە، هەرچی پڕ ژیان و جووڵە مرۆڤانەیە، ئەم گەرەکی بێت بیکوژێت، گەشت و تۆماری ئەو هەموو داڕزانە و گەڕان بە دوای ماهییەتی خۆی و ئەوانی دیکە، کە گەڕانە بە دوای ئەو کەسە نارەسەنەی کە وەردەگەڕێت بە دڕندە و خوێنخۆر، هەموو ئەو شتانەی نەغەدە و قەیسەر و پرۆفیسۆر شالیار و مەلا گوزید، کە بە ناوی سەرۆکەوە هەڕەشەی لێدەکەن، وەک یادداشت و ژیان و مێژووی ونبوو تۆمار و بڵاوی نەکاتەوە، بۆ خۆی ڕۆحی ئەم ڕۆمانەیە، کە سیخوڕەکە خۆی لە ناو تانوپۆ و گرێچنی ڕۆمانەکەدا حەشار داوە. هەر بۆیە کە نەغەدە و ئاغاکانی شۆڕش دەکەونە دادگاییکردنی «وەفا»، ئێمە ژێربەژێری و بە دزییەوە چاوەڕوانین سەربکەوێت و لەو دادگا فشۆڵەدا بیانبەزێنێت، دواتر خوێنەر تا دواهەناسە دەستی لەسەر دڵیەتی، کە ڕۆماننووس و سیخوڕەکە پێکەوە نائومێدمان نەکەن و لە تۆمار و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەدا لە ژێر سیپاڵی یاداشت و نووسینەوەی ژیانێکی وندا پاشەکشێ نەکەن، بە واتایەکی دیکە، یاداشتەکان و بیرەوەرییەکانی شۆڕش و دۆزینەوەی ئەو ژیانەی شۆڕش لێمانی ون کرد، بە تەواوبوونی ڕۆمانەکە قەرەبووی ئەو زیانە گەورەیە وەربگرینەوە، بەوەی لەو پیرۆزییە دایماڵین، کە نەیهێشت دیوە هەرە ستەمکار و ناشیرینیەکەی ببینین. گەر وەفا بە «جنۆکەی بابە گەورە» ناسرابێت، بە واتا خاوەنی هەمان سیحر و هونەری ڕۆماننووسە، کە ئەو هەمووومان دەبینێت و چاودێریمان دەکات، بێئەوەی ئێمە ئەم ببینین، مادامەکێ خۆی سەر بە توخمی ئینسان نییە و جنۆکەیە. ڕسکانی ئەو دوو باڵەشی لەسەر ئاوەکەی «سووڕباوان» هەمدیس نزیکمان دەکاتەوە لەو هەرێمی سیحرەی ژیانی سەیر و سەمەرەی «وەفا»ی گەمارۆ داوە.

سەرەتای گومانکردن لە شۆڕش و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕسوایی و شەرمهێنی، لەسەر زمانی سیخوڕێکەوە بە هەموومان دەگات، وەفا بێ ئەندازە بۆ ئەو شۆڕشە کۆیلە و وەفادارە، ئەوەی بۆنی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی لێبێت لای ئەم خیانەتە لەگەڵ شۆڕش، وەفا وەک تاژییەکی چاپوک ڕاوەدووی نەیارەکانی شۆڕش دەنێت و ڕادەکات، بەڵام پارادۆکسەکە لەوەدایە، هەر کاتێک بەو ڕۆحە

# هەر گۆشەنیگا و روانگەیەك بۆ گێڕانەوە، فێڵێكی هونەرییە بۆ گەیشتن بەو مەرام و مەبەستەی نووسەر چاوی تێ بڕیوە

دیمۆکراتییەی خۆی لە گێڕانەوەدا، کە بە یەکسانی ئاگاداری هەموو ئەکتەرە ملکەچ و یاخییەکانی ناو شۆڕشە، پشکی بەشداریی هەمووان لە گفتوگۆ و رووداوەکان و تەونی ئاڵۆزی ململانێکانی ناو شۆڕشدا، بە ئەمەکەوە دەگوێزێتەوە، هەر خۆی لە ژێرەوە، ئاگاهیی هەبووبێت، یان نەیبووبێت، لە میانەی گێڕانەوەدا و دواندنی پاڵەوانەکانی دیکە، خودی شۆڕش بنکۆڵ دەکات و رووتی دەکاتەوە لە دەمامکەکان و سیپاڵی رازاوەی شۆڕشگێڕانەی، گەورەترین خیانەتکارێکی بێ وەفا، بەڵام جوامێر لە چاوی ئێمەدا، وەفای بێوەفایە لەگەڵ شۆڕش، چونکە کەسیان وەک وەفا نەبۆتە گوڵچی و پینەچیی شۆڕش و لە خەمی ئەوەدا بێت «عەورەت»ی دابپۆشێت، کەچی دەبێت بەو منداڵە دەمهەراشەی ناو چیرۆکی «بەرگی ئەفسووناوی»ی (هانز ئەندرسن) کە بێئاگا لە خۆی هاوار دەکات «پادشا رووتە..!».

راستە داستانبێژ سیخوڕە و پاسەوان و ئەمەکدارێکی گەورەی شۆڕشە، جێگەی گومانە و کەس نادۆزێتەوە متمانەی پێبکات، کەچی تا کۆتایی لە تەکیدا رێ دەکەین و تا بە قووڵایی رۆمانەکەدا رۆدەچین، پتر و پتر متمانەی هەموومان دەکرێت، رەنگە تاکە هۆکارێک ئەوە بێت، هەر لە دوای کوشتنی ئەسپەکانەوە، بێئۆقرەییەک رۆحی داگیر دەکات و لە ژێر زمانی وەفادا پرسیار و گومانێک خەوتووە، هەرچەندە خۆی و دونیا قوربانی شۆڕش و سەرکردەکانی دەکات، بەڵام هەرگیز لەوە ناکەوێت لەو گەشتەی هەموو تەمەنی خۆیدا، بۆ ئەوە نەگەڕێت، کە هەم بزانێت کێیە و هەم بۆچی ئەسپەکانی کوشت؟ دواجار هەموو یاداشتەکانی وەک دانپێدانانێک وەردەگرین، گەرچی هەڵگری چەندین ئاوەڵناو و ناووناتۆرە و خەسڵەتە ناشیرینەکانە، بەڵام لە ئاکامدا تەنها بەوەی، کە متمانەی هەموومان دەدزێت، وێنەیەکی جیاوازمان دەداتێ، سەبارەت بەو شۆڕشەی، کە ئەم هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، رووی دزێوی لە ئێمە بشارێتەوە، رەنگە ئەم نموونەی هەزارەها لاوی ئەو نیو سەدەیەی رابردوو بێت، کە عاشقانە چوونە ناو شۆڕش و بوونە دەروێشی تەکیەکەی، کەچی دواجار بێجگە لە نائومێدی و وێنەی قوربانی و بێهوودەیی، هیچی دیکەیان نەچنییەوە.

هەموو گێڕانەوەیەک یەکاندەردوو پەیوەستە بە گۆشەنیگای نووسەرەوە، بە واتا، روانگەی خودی رۆماننووس، کە چۆن لە پاڵەوانەکان و رووداوەکان و مانا و تێمەکان ڕادەمێنێت، کۆی ئەو فەزایەی رۆمانەکەی سازاندووە، هەڵبژاردنی هەر ڕاناوێک لە ڕاناوەکان، یان داستانبێژێک هەر وا بە هەوەنتە نییە، بەدەر لەو فۆرم و تەکنیکەی هەڵبژاردن، پەیوەستە بە رۆحی گێڕانەوە خۆیەوە، کە هەموو پایەکانی داهێنانەکەی لەسەر بەندە، هیچ گومانی تێدا نییە هەڵبژاردنی وەفا-ی سیخوڕ، خۆجێگیرکردنی رۆماننوسە لە ناو هوشیاریی چیرۆکبێژەکەی کە تەواوی متمانەی خۆی پێدەسپێرێت، تاوەکو پەردە لەسەر ئەو واقیعە هەڵبداتەوە، وەفاش هەر لە سەرەتاوە زەمینەی ئەوە خۆش دەکات، کە ئەرکی ئەم بە تەنها راپۆرتنووسین و یادداشتنووسین نییە، ئەم ناچارە هەموو بەهرەکانی خودانەکەی، کە رۆماننووسە قەرز بکات، ئەوەش هیچ لەوە ناگۆڕێت، ئاخۆ نووسەر لەگەڵ روانین و گۆشەنیگای هەقایەتخوانە بەکرێگیراوەکەی، یەکدی دەگرنەوە،

هەموو گێڕانەوەیەک یەکاندەردوو پەیوەستە بە گۆشەنیگای نووسەرەوە، بە واتا، روانگەی خودی رۆماننووس، کە چۆن لە پاڵەوانەکان و رووداوەکان و مانا و تێمەکان ڕادەمێنێت، کۆی ئەو فەزایەی رۆمانەکەی سازاندووە، هەڵبژاردنی هەر ڕاناوێک لە ڕاناوەکان، یان داستانبێژێک هەر وا بە هەوەنتە نییە، بەدەر لەو فۆرم و تەکنیکەی هەڵبژاردن، پەیوەستە بە رۆحی گێڕانەوە خۆیەوە

## لێکۆڵینەوە

یان نا، چونکە بە تەواوی ئەو مەودایەی نێوان خۆی و ئێمە و وەفای بۆ جۆرێک لە ئازادیی تێڕوانین و خوێندنەوە و لێکدانەوە هێشتووەتەوە، هەتا گەر نووسەر خۆیشی یەکێک لە پاڵەوانەکان نەبێت، دەکرێت خۆی لە ناو هەر هەموو پاڵەوانەکاندا بشارێتەوە، یان لە پشت چیرۆکبێژە تاقانەکەی، بە هەر بارێکدا بێت، ڕۆمانی «کەشتیی فریشتەکان» چەندە زاتییانە لە گۆشەنیگای وەفا-وە ببینین، بە هەمان ئەندازە وەک بابەتی گێڕانەوە مەوزوعییە، بەڵام هەموو گێڕانەوەیەک هەڵگری سەدا و ئاواز و ڕۆحی نووسەرەکەیە، چونکە لە گەوهەردا داهێنان کاری تاکە کەسێکە و زۆر زاتی دەکەوێتەوە وەک خودانی بەرهەمەکەی. هەتا زمانەکەش تێکەڵە لە زمانی نووسەر و پاڵەوانەکانی، بێئەوەی بتوانین هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان ئەو دوو زمانەدا بکێشین، وەک لەم ڕۆمانەدا دەرکی پێدەکەین، ئەوەش لەوەوە هاتووە، کە هوشیاریی وەفای چیرۆکبێژ، نە لە بان هوشیاریی ڕۆماننووسەوەیە و نە نزمتر. لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا، کەم و زۆر ئەوە بەدی دەکرێت، کە هوشیاریی پاڵەوانەکان، یان کەمترە، یان لە بانترە، بە بەراورد لەگەڵ نووسەری دەقەکە، ئەوەش شێواوییەک لە مانا و ئیقاعی دەقەکان دروست دەکات، بەڵام بۆ هەمیشە ئەوەمان لەبەر چاوە، کە ڕۆمان ژیانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە هەموو ئەو ڕەگەزانەوە کە دەیکات بە کارێکی داهێنەرانە.

هەر گۆشەنیگا و ڕوانگەیەک بۆ گێڕانەوە، فێڵێکی هونەرییە بۆ گەیشتن بەو مەرام و مەبەستەی نووسەر چاوی تێبڕیوە، هەڵبژاردنی تاکە کەسێک لەم ڕۆمانەدا، چڕکردنەوەی هەموو هەست و نەستی ئێمەیە لە پنتێکدا و ڕێگرتنە لە پەرتبوونی گێڕانەوە و شێواندنی ئەو ئیقاعەی تا کۆتایی دەمانبات، ئەوەش سەرکێشییەکی ترسناکە گەر لە نێوان هەموو دەنگە تواوەکانی ناو ئەو تاک دەنگەدا هاوئاهەنگی و ڕیتمێک نەدۆزینەوە.

**حوزەیران ـ تشرینی یەکەمی ٢٠١٢**

**تێبینی:**

•ئەم چەند بابەتەی سەرەوە بەشێکە لە خوێندنەوەیەکی درێژتر، کە پرۆژەی کتێبێکە وەک خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی «کەشتیی فریشتەکان»ی بەختیار عەلی.

•کەشتیی فریشتەکان ـ ڕۆمان/ کتێبی یان بەشی یەکەم ـ بەختیار عەلی ـ ٢٠١٢





# ئایا ئێمە بوونەوەری بیرکەرەوەین؟

## هەوڵێك بۆ خوێندنەوەیەکی گریمانیانەی بیرکردنەوە

**سۆران ئازاد**

ئێمە چین و بەرهەمی چین؟ بۆ بەردەوام ڕوومان لە ئایندەیە و لە ئاست ڕابردووشماندا بوونەوەری گریمانەکراوین؟ بۆچی دەیان شووناسی جیاوازمان بۆ خۆمان داهێناوە؟ ئایا ئەو شووناسانە چ ڕۆڵێکیان لە بوونی ئێمەدا هەیە؟ ئایا چی وا دەکات هەوڵی داهێنان بدەین؟ چی وا دەکات پاڵمان پێوە بنێت بیر بکەینەوە؟ ئایا ئێمە بیر دەکەینەوە؟ بیرکردنەوە چییە؟ بیرکردنەوە چی نییە؟

# وتار

بەردەوام کۆجێکتەکەی (دێکارت) بە بەریەککەوتنی جیاوازەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، چونکە بەر لە هەر شتێک کۆجێکتی (من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم) لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی هۆ و ئەنجامان دەکاتەوە. ئەنجامی هۆی بیرکردنەوە، هەبوونمانە. هەڵبەتە وابەستەکردنی بیرکردنەوە و بوون ڕەگێکی دێرینتری لە کۆجێکتەکەی دێکارت هەیە، کە بەر لەو (هیراکلیتۆس) ڕووبەرووی ئەو دەرئەنجامەمان دەکاتەوە. لای هیراکلیتۆس بوون و بیرکردنەوە یەک شتن، بیرکردنەوە و بوونەوە و بوونیش بیرکردنەوە. بۆچوونەکەی (هیراکلیتۆس) پێداگیرانەترە لە کۆجێکتەکەی (دێکارت)، چونکە ئەگەر لای (دێکارت) لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە بوون دەسەلمێندرێت، کە هەیە، ئەوا لای (هیراکلیتۆس) هەردووکیان یەک شتن. لە دەرەوەی هزری ڕاشیۆنالیزم چۆن دەتوانین بیرکردنەوە بناسین؟ ئایا ئێمە بیر دەکەینەوە؟ ئەگەر بیر دەکەینەوە، کەواتە بیرکردنەوە چییە؟ ئەگەری بیریش ناکەینەوە، ئەی ئەوە چییە، کە بە ناوی بیرکردنەوە پێیەوە سەرقاڵین؟

(هایدیگەر) لە بابەتی (ڕەسەنیەتیی کاری هونەری)دا دەڵێت: ئەمڕۆ چ ترسێک لە ترسی بیرکردنەوە گەورەترە؟ ئایا ترس لە بیرکردنەوە چ هۆ و ئەنجامێکی لە پاڵە؟ هەر (هایدیگەر) خۆی دەڵێت: ئەو شتەی زۆرترین بیرکردنەوەی ئێمەی لە تەمەنی هزریماندا لە خۆ گرتووە، ئەوەیە، کە تاکو ئێستا ئێمە بیر ناکەینەوە. قسەکەی (هایدیگەر) دوو ئەنجام بە دەستەوە دەدات، یەکەمیان، ئەوەیە، ئێمە بیر دەکەینەوە، دووەمیان، بیر دەکەینەوە، تاکو ئێستا بیر ناکەینەوە. ئەگەر بیر بکەینەوە، ئایا تاکە شت، کە بیری لێ بکەینەوە، ئەوەیە، بیر ناکەینەوە؟ ئەگەریش بیر ناکەینەوە، چۆن دەزانین بیر ناکەینەوە؟ هەڵبەتە سەرەتا دەبێت خۆمان لە تێکەڵکردنی بوون و بیرکردنەوە بپارێزین، چونکە بوون هەمیشە لە خۆدەرخستندایە. بوونی ئێمە دیاردەیەکی هەستپێکراوە. لە (هیراکلیتۆس) ەوە تاکو (کیاکەگۆرد Kierkegaard) بوون و بیرکردنەوە پێوەندییەکی لێکدانەبڕاویان هەیە. )کیاکەگۆرد (یش نەیتوانیوە ئەو دوالیزمە تێپەڕێنێت، چونکە پێی وایە ئێمە هەین، تاکو بیر بکەینەوە.

ئەوەی جێگەی گومان و تێڕامانە، بیرکردنەوەیە. ئەگەر زانیمان بیرکردنەوە چییە، ئەوا دەتوانین دیاردەکانیشی بناسینەوە , بەڵام کاتێ بیرکردنەوە نەناسین، چۆن دەتوانین بوونی دیاردەکانی بیرکردنەوە بسەلمێنین؟ زۆرترین هەوڵدان بۆ ناسینی بیرکردنەوە، هەوڵدان بووە بۆ دۆزینەوەی دیاردەکانی. بەو هۆیەوە تاکو ئێستا بیرکردنەوە مەتەڵێکی هەڵنەهێندراوە. بەریەککەوتنی ئێمە لەگەڵ بیرکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوەیە، کەواتە زمان دەبێتە سێنتراڵی دۆزینەوەی پێناسی بیرکردنەوە. زمان، نەک تەنیا هێڵی بەستنەوەی بوونی ئێمەیە بە جیهان، بەڵکو خودی جیهانیشە بۆ ئێمە. هێماکان، کە پێکهاتەی گرنگی زمانن، هەمان ئەو دیاردانە دەخوڵقێنن، کە ڕۆژانە بەریان دەکەوین. بەڵام لە پێوەندیی زمان و بیرکردنەوەشدا ڕووبەڕووی کێشەیەکی فەلسەفی دەبینەوە. ئەگەر زمان ڕێگەی گەیاندنی بیرکردنەوە بێت (وەک ئەوەی دێکارت پێمان دەڵێت)، کەواتە چۆن زمان دەبێتە سێنتراڵ بۆ دۆزینەوەی پێناسی بیرکردنەوە؟ ئەگەر بیرکردنەوە چالاکییەکی ناو زمان بێت، ئایا بیرکردنەوە دەتوانێت بە بێ زمان خۆی دەربخات؟

## پێوەندیی نێوان بیرکردنەوە و بوونی دیاردەکان هەڵگری دەیان نهێنییە، کە لە چالاکییە هۆشییەکانی ئێمە لە نێو جیهاندا ڕووبەڕووی دەیان کێشەی هزریمان دەکاتەوە

ئەوەی تاکو ئێستا بۆ ئێمە ماوەتەوە دەرکەوتە و داهێنانەکانە، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین پەی بە هەندێک لە نهێنییە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ لە زەمەنە جیاوازەکاندا ببەین، بۆ ئەوەی نهێنیی بیرکردنەوە و وێناکردن لای مرۆڤ بخەینە بەر باس



باشلار

ئایا هیچ دیاردەیەک هەیە بکەوێتە دەرەوەی زمانەوە؟ ئەگەر بوون وەکو (هایدیگەر) دەڵێت پێویستە خۆی دەربخات، ئەوا دەبێت هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە چالاکییەکی زمان بێت بۆ خۆدەرخستن. (میگوال دی ئونامونۆ)ی فەیلەسووفی ئیسپانی لە شوێنێکدا ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییەمان دەکاتەوە، کە ئێمەی مرۆڤ هیچ ناکەین، جگە لە درۆ و خۆهەڵکێشان. بە مەبەستی گەورەکردنی هەست و شێوەکانمان، قسەکردنمان داهێناوە، تاکو لە ئەنجامدا باوەڕمان بۆ ئەو شتانە لا دروست ببێت. کەواتە لای (ئونامونۆ) بەکارهێنانی زمان بۆ دروستکردنی باوەڕ و یەقینە. لەژێر ئەو ڕۆشناییەدا زمان دەبێتە پرۆسێسی هەوڵدان بۆ دژەبیرکردنەوە. پێوەندیی نێوان بیرکردنەوە و بوونی دیاردەکان هەڵگری دەیان نهێنییە، کە لە چالاکییە هۆشییەکانی ئێمە لە نێو جیهاندا ڕووبەڕووی دەیان کێشەی هزریمان دەکاتەوە. هەموو ئەو کێشانە جۆرێک لە بەریەککەوتن لەگەڵ دیاردەکانی دەوروبەرمان دەخوڵقێنن. دەپرسین چ پاڵنەرێکە بووەتە هۆی خوڵقاندنی دیاردە جۆراوجۆرەکان؟ یان بوونی دیاردەکان بۆ ئێمە چ کاریگەرییەکی جێ هێشتووە؟ ئەوە دیاردەکانن، کە بوونەتە ئیلهامی بیرکردنەوە، یان ئەوە بیرکردنەوەیە بووەتە هۆی وێناکردن و داهێنانی دیاردەکان؟ لە کاتێکدا ئێمە ڕۆژانە بەر دیاردەکان دەکەوین و ڕووبەڕووی دەرکەوتەی جیاوازیش دەبینەوە. ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لە ساتەوەختی تێڕامان لە بوونمان هەم لەناو مێژوو، هەم لەناو کایە ئاڵۆزەکانی ژیاندا، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

ئەوەی تاکو ئێستا بۆ ئێمە ماوەتەوە دەرکەوتە و

# وتار

داهێنانەکانە، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین پەی بە هەندێک لە نهێنییە ئاڵۆزەکانی مرۆڤ لە زەمەنە جیاوازەکاندا ببەین، بۆ ئەوەی نهێنیی بیرکردنەوە و وێناکردن لای مرۆڤ بخەینە بەر باس.

دیاردەکان کاریگەریی گەورەیان لەسەر توانای وێناکردنی مرۆڤ جێ هێشتووە، بەڵام تێڕامان بۆ ئەو دیاردانە، چەندین شیکردنەوەی جیاوازیان لە خۆ گرتووە. لە سەرەتادا مرۆڤ لە ئەشکەوتەکاندا ژیاوە، ئاگری بۆ ڕووناککردنەوە و خۆگەرمکردنەوە بە کار هێناوە. بوونی هێزی گەرمی و ڕووناکی لە ئاگردا بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە بۆ شتی دیکە بە کاری بهێنێت. دیارە دەتوانین ئاگر وەکو دیاردەیەکی سرووشتی وێنا بکەین، ئەو دیاردەیە بووەتە هۆی ئافراندنی وێنەی جیاوازتر لە ئەندێشەی مرۆڤدا، تا وای لێ هاتووە ئاگر بووەتە پێویستییەکی ژیان. لەژێر ئەو ڕۆشناییەدا گریکییەکان ئاگریان بە یەکێک لە چوار ڕەگەزە سرووشتییەکە داناوە و خستوویانەتە پاڵ (خاک، هەوا و ئاو). دەتوانین نموونەیەکی دیکەش بهێنینەوە، ئەویش بیرکردنەوەیە لە خۆبەراوردکردن لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکەی سرووشتدا. کاتێ مرۆڤ سەرنجی داوە باڵندە دەفڕێت، ئەوا ئەو فڕینە بووەتە دیاردەیەک بۆ ئافراندنی وێنەی فڕین لە ئەندێشەیدا. ئەمەیش بووەتە هۆی بیرکردنەوە لە داهێنانی ئامرازی فڕین، چونکە سرووشتی جەستەی مرۆڤ توانای فڕینی نییە. جگە لەوە ئەوەی ڕەچاو کردووە بە هۆی فڕینەوە مەودا دوورەکان کەم دەبنەوە، بۆیە بیری لە داهێنانی ئامێری تایبەت بۆ ئەو مەبەستە کردووەتەوە، بەڵام سەیرکردنی ئەو کارە وەکو شتێکی نەگونجاو (impossible) وای کردووە ئەو وێناکردنە تا چەندین هەزار ساڵ نەبێتە دیاردە، کە دەتوانین فڕۆکەی ئێستا بە دەستکەوتی ئەو وێناکردنە بزانین. ئەمەیش مانای ئەوەیە مرۆڤ لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە توانای کێشکردنی پەرە دەستێنێت.

لێرەدا کێشەی وێناکردن دێتە ناو بابەتەکەوە، کە لە پرۆسێسی گەیاندندا لەگەڵ بیرکردنەوە جۆرێک لە تێکەڵی دروست دەکات. مەبەستمان لە پێوەندیی نێوان بیرکردنەوە و وێناکردنە لەناو زماندا. قسەکردنی ئێمەیش لەبارەی ئەو دووانەوە تەنیا گەمەیەکی زمانەوانییە، چونکە ئێمە لە ڕێگەی گریمانەوە بە دوای دۆزینەوەی پێناسی بیرکردنەوەوەین، کە ئەو چالاکییە خۆی لەناو زماندا دەنوێنێت. پرۆسێسی دانەوەی وێنە یان هێنانەبەرچاو چالاکییەکی هۆشییە و لە ڕێگەی بەریەککەوتنی بینینمان لەگەڵ دیاردەکان ڕوو دەدات. پێویستیمان بەوە دەبێت بۆ کۆمەڵێک



دیکارت

# دیاردەکان کاریگەریی گەورەیان لەسەر توانای وێناکردنی مرۆڤ جێ هێشتووە

دیاردەی ڕۆژانەیی بگەڕێینەوە، چونکە هەموو دیاردە دەرەکییەکان، ئەنجامی کارلێکی ناوەکین. وەک ئاماژەمان پێ دا بوونی فڕۆکە وەک دیاردەیەک، ئەنجامی وێنەی فڕینە، کە مرۆڤ بە هۆی فڕینی باڵندەوە لە لای خوڵقاوە. کەواتە ئەوەی وا دەکات (وێنەیەکی هۆشی)* ببێتە وێنەیەکی واقیعی، پرۆسێسی گەورەکردن و گۆڕانکاریی وێنە واقیعیەکانە لە هۆشدا بۆ شێوەیەکی جیاوازتر. ئایا دەتوانین بە پرۆسێسی بەدگۆڕانی وێنەی واقیعی بۆ وێنەی هۆشی و لەوێوە دووبارە بۆ بوون بە دیاردەیەکی واقیعی، بڵێین ئەوە کرداری بیرکردنەوەیە؟ ئەگەر بیرکردنەوە لەپاڵ ئەو پرۆسێسە نەبێت، کەواتە ئەو بەدگۆڕانە چۆن ڕوو دەدات؟ ئەگەر بیرکردنەوەیش ئامادەیی هەیە، ئایا بیرکردنەوە ناکەوێتە بەردەم هەڕەشەی پێوانەکردنەوە، بەوەی ئەو بیرکردنەوەیە سنووردارە و چالاکییەکانی تەنیا ئەوەن، کە خۆیان لە بە واقیعیکردنی وێنەی هۆشی ببیننەوە؟

بەردەوام دیاردەکان بوونەتە هۆی وێناکردنی جیاوازتر. ئەگەر لە ڕووی فینۆمێنۆلۆجیای مێژووییەوە هەوڵی دۆزینەوەی کۆمەڵێک دەرکەوتەی جیاواز بدەین، ئەوا ئەو بۆچوونەمان بۆ ڕۆشنتر دەبێت. لە شێوازی ژیانکردن و تێڕامانیشدا دیاردەکان ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بینیووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باوەڕی ئایینیی میسرییە کۆنەکان، کە لای ئەوان خوایەکی باڵادەست بوونی هەیە و پادشا یان فیرعەونیش کوڕی خوداوەندە، ئەوا پێوەندییەکی شاراوەی لەگەڵ ژینگە و بارودۆخی ئەو کاتی میسرەوە هەیە. میسرییە کۆنەکان نەک کێشەیان لەگەڵ خودادا نەبوو، بەڵکو خودا خاوەن فۆبیای تایبەت بە خۆی بووە. سەقامگیریی میسرییە کۆنەکان لەگەڵ خودادا پێوەندیی بە ژینگە و جیۆگرافیای میسرەوە هەیە. کاتێ دەبینین ڕووباری (نیل) سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ کشتوکاڵ، ڕاوەماسی و بژێویی ژیان، ئەوا ڕووبار وەک دیاردەیەک سەقامگیری ژیانی هێناوەتە کایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ ڕووباری نیل لە بەهاراندا هەڵدەستا، خەڵک ئاژەڵی دەکردە قوربانی بۆ خودا. بە هەمان شێوە کاتێ لە پاییزاندا ئاوی نیل کەم دەبووەوە، ئەوا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی ئەواندا جێ نەدەهێشت. جگە لەوەی جیۆگرافیای خاکی میسر لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە خاکێکی دەشتایی بەپیتە. بیابانیش کاریگەریی خۆی لەسەر شێوەژیان و بیرکردنەوەی میسرییەکاندا هەبووە. هەرچی لەبارەی میزۆپۆتامیایە، کە ناوەکە بە مانای نێوان دوو ڕووبار دێت، بەو پێیەی لەگەڵ ڕووباری (دیجلە) و (فورات)ە، ئەوا دیاردە سرووشتییەکان وێنەی جیاوازتر لە هۆشی مرۆڤدا دورست دەکەن. بە درێژایی وەرزەکانی پاییز و بەهار خەڵک لەژێر هەڕەشەی تۆفان و غەرقبووندا بوون، جگە لەوەی بەشێکی نێوان دوو ڕووبار دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی، ئەمەیش هەڕەشەیەکی دیکەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختیی سەرمای زستان، بۆیە فرەخوایی لە میزۆپۆتامیا گەشەی کرد. دەبینین خەڵکی نێوان دوو ڕووبار هەمیشە لەگەڵ خودادا لە ناکۆکیدان، چونکە خاوەنی ژیانێکی سەقامگیریانە نین. لە ئایینی سۆمەرییەکاندا ڕووبەڕووی چەندین خوداوەندی جیاواز دەبینەوە. (ئینلیل – Enlil)، کە خوای تۆفان، باوبۆران و زەوییە، بەڵام لە ئایینی ئەکەدییەکان کوڕی خوای ئاسمانە. باوکی (ئینلیل)، کە ناوی (ئەنشار – Anshar)ە، هاوسەرگیریی لەگەڵ خوشکی خۆی کردووە، کە ناوی (کیشار – Kishar)ە. خوای میسرییە کۆنەکان، کە ناوی

بوونی هێزی گەرمی و ڕووناکی لە ئاگردا بووەتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە بۆ شتی دیکە بە کاری بهێنێت. دیارە دەتوانین ئاگر وەکو دیاردەیەکی سرووشتی وێنا بکەین، ئەو دیاردەیە بووەتە هۆی ئافراندنی وێنەی جیاوازتر لە ئەندێشەی مرۆڤدا، تا وای لێ هاتووە ئاگر بووەتە پێویستییەکی ژیان

(ئامون - Amun)ە، ئەوا خاوەنی دەستەڵاتی ڕەها بووە. لە بەرانبەر خودای ئامونی میسرییە کۆنەکان، سۆمەرییەکان خودای (ئانو - Anu) یان هەیە، کە خودای خوداکان و باوکی ئاسمانە. ناوەکانی ئەو دوو خوایە لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام سیستەمی دەستەڵاتی خوا لای سۆمەرییەکان زۆر جیاوازە وەک ئەوەی لای میسرییە کۆنەکان هەیە، چونکە باوەڕی هەر یەک لەو دوو نەتەوەیە، بەندە بەو دیاردە سرووشتیانەی، کە لە ژینگە و شوێنی ژیانیان بەری کەوتوون. پێچەوانەی ئەوە، باوەڕی سۆمەرییەکان زیاتر لە ئەکەدییەکانەوە نزیکە، بەو پێیەی جیۆگرافیای ژیانیان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەیە. هەڵبەتە هەر تۆفان یان باوبۆرانێک ڕووی دابا، ئەوا خەڵک دەیانزانی، کە سەرچاوەکەی لای (ئینلیل)ە. لە بەرانبەر هەر مەترسییەک لە (ئای یا — ay ah) دەپاڕانەوە، چونکە خوای پارێزەری و مرۆڤایەتی بوو. ئایا ئەگەر هەستکردنی مرۆڤ نەبێت بە پێویستیی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەوڵی ئەوە دەدات خوداوەندێک بۆ ئەو مەبەستە دابهێنێت و لێی بپاڕێتەوە؟ کاتێ دەبینین ساڵ لای سۆمەرییەکان کراوەتە دوو بەش، بەشێکیان کاتی ژیانە و بەشێکی دیکەیان تێیدا ژیان دەمرێت، مەبەست لە کاتی ژیان ئەو ماوەیەیە، کە تێیدا کشتوکاڵ دەکرێت و گژوگیا سەوز دەبێت، ماوەی مردوویش ئەو کاتەیە، کە تێیدا سەوزایی نامێنێت و بە هۆی ساردییەوە زەوی بۆ کشتوکاڵ دەست نادات. ئەو دابەشکردنە پێوەندیی بە پرۆسێسی لێکدانەوە و وێناکردنی دیاردە سرووشتییەکانەوە هەیە لە هۆشی مرۆڤ خۆیدا. لەبەر هەستکردن بە گرنگیی ڕۆڵی ژن، خوداوەندی (ئەشتار - Ashtar) لە دایک دەبێت. بۆچوونی جیاواز هەیە لەوەی، کە (ئەشتار) بە مانای چی دێت، بەڵام بە ڕای زۆربەی لێکۆڵەرەوان مانای هەسارەی (زوهرە) دەدات، کە لای سۆمەرییەکان پڕشنگترین ئەستێرەی ئاسمانە. ئەو لێکچواندنەی، کە لەنێوان ئەستێرەی ڤینۆس یان زوهرە و ژندا کراوە، جێگەی بایەخپێدان و هەڵوێستە لەسەرکردنە. ڤینۆس لە بەیانیاندا دەردەکەوێت و شەبەنگی ڕووناکییەکەی باڵ بەسەر هەموو ئاسماندا دەکێشێت، هەر بەو هۆیەیە، کە خوشکی خوداوەندی ڕۆژە. کاتێ دەبینین سرووشتی ژن خستنەوەی منداڵی لە خۆ گرتووە، ئەوا لە دایکبوونی هەر منداڵێک ئاماژەیە بە دەستپێکردن و بەردەوامیی ژیان لەسەر زەویدا، هەر وەک چۆنیش ئەستێرەی ڤینۆس بەیانیان دەر دەکەوێت و مژدەی دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێ دەدات. گوتەکانی ئەشتاری خوداوەند ئاماژەن بە فرەڕەهەندیی ژن، چونکە لە شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو لە یەک کاتدا هەم ژنە و هەم خوشک، هەم پاکیزەیە و هەم سۆزانی.

دەکرێت لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە شاراوەکانی وێناکردن لە هۆشی مرۆڤدا بیرکردنەوە بناسین، چونکە دەشێت بیرکردنەوە پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوە و بونیادنانی وێناکردنەکان بێت، کە لە ڕێگەی بەریەککەوتن لەگەڵ دیاردەکاندا سەرچاوە دەگرێت. وێناکردن، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارلێک لەگەڵ هۆشی مرۆڤدا دەکات، لە هەمانکاتدا هۆیەکە بۆ تێڕامان. ئەگەر وای دابنێین لە پرۆسێسی وێناکردن و تێڕاماندا بیرکردنەوە ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت، ئەوا دەبێت لەبارەی ئەو دەرکەوتانەی، کە بیرکردنەوە دەیانخوڵقێنێت هەڵوێستە بکەین. لێرەدا ڕووبەڕووی کێشەی نێوان بیرکردنەوە و مەعریفە

# گۆڕان لە ڕوانینی ئێمەوە بۆ ڕاستییەکان پێوەندیی بە گەشەکردنەوە هەیە، گەشەکردن دیوێکی هەرە نهێنیی سرووشتە

دەبینەوە. ئەگەر مەعریفە ئەنجامی بیرکردنەوە بێت، ئەوا بیرکردنەوە تەنیا خولقاندنی گریمانەیە. دەتوانین بپرسین چۆن؟ هەموو کایە مەعریفییەکان کار لەسەر بونیاندان و ناسینی ڕاستی دەکەن، بەڵام هەمیشە ئەو راستییە لەژێر هەڕەشەی ڕەتدانەوەدایە، چونکە بە هۆی گەشەکردنەوە وێنەکان لە هۆشی مرۆڤدا گۆڕان بە خۆیانەوە دەبینین. ئەگەر تاکو سەدەکانی ناوەڕاست مرۆڤ باوەڕی بەوە بووە، کە زەوی تەختاییە، بەڵام لەو کاتە بەدواوە ئەو ڕاستییە ڕووبەڕووی ڕەتدانەوە دەبێتەوە. ئایا ئەگەر ڕوانینی ئێستامان پێوەر بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانی ڕابردوو، کەواتە ڕاستییەکانی ئێستاشمان لە بەردەم هەڕەشەی پێوەرەکانی ئایندەدا نین؟ گۆڕان لە ڕوانینی ئێمە بۆ ڕاستییەکان پێوەندیی بە گەشەکردنەوە هەیە، گەشەکردن دیوێکی هەرە نهێنیی سرووشتە. بە سەرنجدانمان لە مێژووی زەوی و مرۆڤ هەست بە بەرەوپێشچوونێکی بەردەوام لە شێوەژیانی مرۆڤ و ژینگەکەیدا دەکرێت. خودی ئەو گەشەکردنە پێوەندیی بە گۆڕان لە وێنەکان و پێوەرەکانی ژیانکردنەوە هەیە. هەموو ئەو پێوەرانەی بە ناوی ئایین، نەریت، ئایدۆلۆجیا، پاراستن و بەرگیرکردنەوە داندراون، هەمیشە لە بەردەم هەڵوەشاندنەوەدان، چونکە تاکو ئێستا هیچ ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بوونی نییە. هەڵبەتە ئەوانەیش هێزی خۆیان لەوە وەردەگرن، کە خۆیان وەکو تاکە هێزی ڕاستی نمایش بکەن. چاکە و خراپە، ویژدان و بێویژدانی، خۆشەویستی و ڕق، ژیان و مردن، دۆست و دوژمن، بوون و نەبوون و دەیان دوالیزمی دیکە، تەنیا لەسەر گریمانە وەستاون. هەر خوێندنەوەیەکی ئێمە تەنیا گریمانەیەکە. لە گفتوگۆیەکدا لە (گاستۆن باشلار Gaston Bachelard) دەپرسن فەلسەفە چییە؟ ئەو ئاماژە بەوە دەدات، کە بە دروستی نازانێت فەلسەفە چییە، بەڵام دەشێت هەوڵێک بێت بۆ بیرکردنەوە. لەو بۆچوونەی (باشلار)دا جەخت لەسەر گریمانەبوونی شتەکان کراوەتەوە.

هەرچی لەبارەی گەشەکردنی شێوازی ژیانەوە هەیە، ئەوا دەکەوینە بەردەم بەریەککەوتنی جیاواز. کاتێ تەکنیک دەبێت بە داهێنانی کەرەستەی نوێ، ئەوا وێنە هۆشەکییەکان بە خێراییەکی زۆرەوە ڕووبەڕووی بەدگۆڕان دەبنەوە، چونکە ئەوەی لە



**هایدیگەر**

هەموو ئەو پێوەرانەی بە ناوی ئایین، نەریت، ئایدۆلۆجیا، پاراستن و بەرگیرکردنەوە داندراون، هەمیشە لە بەردەم هەڵوەشاندنەوەدان، چونکە تاکو ئێستا هیچ ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بوونی نییە. هەڵبەتە ئەوانەیش هێزی خۆیان لەوە وەردەگرن، کە خۆیان وەکو تاکە هێزی ڕاستی نمایش بکەن

# وتار

ڕێگەی ئەندێشەوە وێنا کراوە، بە هەمان شێوە بووەتە دیاردەیەکی واقیعی. کاتێ بمانەوێت لەسەر کورسییەک دابنیشین، ئەوا ڕاستەوخۆ وێنەی کورسی یان فۆرمی کورسیمان بیر دێتەوە. لێرەدا تەکنیک هەوڵێکە بۆ خێراکردنی بە واقیعکردنی وێنە هۆشەکییەکان. تێڕامان کەمترین زەمینەی هەیە، چونکە هەموو شتێک بە خێرایی ڕاگوزەرانە دەڕواتە پێشەوە. لەگەڵ تەکنیکدا مرۆڤ تەنیا دەتوانێت سەیر بکات و هیچی دیکە. هەموو وزەکان ئاڕاستەی بەرهەمهێنان و بیر- کردنەوە لە داهێنانی ئامێری دیکە کراوە. هەموو ئەو تەکنیکانەش بە سیستەم کراون. لێرەدا سیستەم ڕۆڵێکی ترسناک دەبینێت، چونکە سیستەم بەر لە هەر شتێک ڕێکخراییەکی دژەدەرچوونە. لە سیستەمدا ڕووبەڕووی دەیان دەستەڵاتی لاوەکی دەبینەوە. مامۆستا لە پۆلدا خاوەنی دەستەڵاتی لاوەکییە، کە هەوڵ دەدات زۆرترین پانتایی لە ئەندێشەی فێرکاردا داگیر بکات، کە بە ناوی بەخشینی زانیاری و فێرکردنەوە مافی دەرچوون یان تێڕامان لە دەرەوەی ئەو سیستەمە داگیر دەکات. مامۆستا لێرەدا سیمبۆڵی جێبەجێکردن و بەرگریکردنە لە سیستەم. هەر کەسە و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرگری لە مانەوەی سیستەم و پەرەپێدانی دەکات. دەتوانین بڵێین مامۆستایەک لەناو سیستەمدا توانای ئەوەی هەیە بڕیاری خۆی بدات، بەڵام هەموو هەوڵەکانی ئەو بۆ گەشەپێدانی سیستەمە، نەک دەرچوون لێی. دەستەڵاتی لاوەکی لە سیستەمدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، چونکە سیستەم بە تەنیا بە دەستەڵاتی سەرەوە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە خۆی لە هەموو یەکە جیاواز و لاوەکییەکان بچەسپێنێت. تێڕامان و ژیان لە ئاست بیرکردنەوەدان، بۆیە ئەو لاوەکیبوونە لە ئاست دنیابینیی کەسە لاوەکییەکاندایە. چ کاتێک دەتوانین بڵێین بیرکردنەوە هەوڵێکە بۆ دژەبیرکردنەوە؟ ئەگەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لە سەدەکانی پێشووتر قورس بووبێت، ئەوا ئێستا ئاسانتر دەتوانین بۆ وەڵامەکەی بچین. کاتێ بیرکردنەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ داهێنان، ئەوا خودی داهێنان دەرکەوتەی دژەبیرکردنەوە لە خۆی دەگرێت. لە زمانی کوردیدا دەستەواژەیەکی گونجاو بۆ بیرکردنەوە داندراوە. دەستەواژەی (بیرکردنەوە) لە ناوی (بیر) و کرداری (کردنەوە) پێک هاتووە. (بیر) بە شوێنێک دەگوترێت، کە قووڵ بێت. (کردنەوە) کرداری ئەنجامدانی کارێکە. ئەگەر بەو شێوەیە بێت بیرکردنەوە واتە هەڵکەندنی شوێنێک تاکو دەگەینە قووڵاییەکەی. لەو هاوکێشەیەدا بیرکردنەوە بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی قووڵایی شتێک، چونکە لەو قووڵاییەدا نهێنیی دیکە دەردەکەون. کەواتە بیرکردنەوە پرۆسێسی ئافراندن یان داهێنان نییە، بەڵکو دۆزینەوەی نهێنی و قووڵایی دیاردەکانە. ئایا بیرکردنەوە تەنیا دۆزینەوەیە؟ ئەگەر وابێت، کەواتە شتێک نییە بە ناوی داهێنان، ئەوەی هەیە تەنیا دۆزینەوەیە.

بۆچی دەبێت بیر بکەینەوە؟ بۆ دەبێت شتێک ئەنجام بدەین، کە نەزانین چییە؟ بۆ دەبێت هەست بکەین، کە نازانین؟ ئەگەر هەستمان کرد، کە نازانین، دەبێت بزانین شتێک هەیە بە ناوی زانین. ئایا ئەو زانینە لە کوێوە هاتووە؟ دۆزینەوە دەبێتە کرداری دەرخستن. گرنگیی دەرخستنی نهێنی بۆ ئێمە لە چی دایە؟ ئەگەر پەییمان بە نهێنییەک برد، کەواتە چی لە بوونمان دەگۆڕێت؟ مرۆڤ توانیویەتی نهێنیی مانگ بدۆزێتەوە. توانیویەتی چەکی ئەتۆم دروست

## ئەگەر بڵێین بیرکردنەوە لە خۆیدا هەڵگری دژەکەیەتی، ئەوا دووبارە ئەو دژیەکییە هەوڵێکی دیکەیە بۆ پەرەپێدانی دژەکەی خۆی

بکات، کە دەستەڵاتی ئەوەی هەیە دنیا لە چەند دەقەیەکی کەم لە ناو ببات. لێرەدا داهێنانی چەکی ئەتۆم بە هۆی دۆزینەوەی دەرکەوتەی جیاوازەوە بووە. مرۆڤ توانیویەتی شتێک دابهێنێت، کە دەستەڵات و توانای ئەو شتە لە خۆی گەورەترە. کەواتە دۆزینەوە بە هۆی بیرکردنەوە گەورەترین ترسناکییە. دەتوانین پاکانە بۆ بیرکردنەوە بکەین و لەو گوناهبارییە ڕزگاری بکەین، بەڵام خودی ئەو پاکانەیە تەنیا گەڕانەوەیە بۆ دوالیزمی چاکە و خراپە، کە هەر لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە داهێندراون. بیرکردنەوە زۆر جار هەوڵێکە بۆ چەسپاندن. ئەگەر بڵێین بیرکردنەوە لە خۆیدا هەڵگری دژەکەیەتی، ئەوا دووبارە ئەو دژیەکییە هەوڵێکی دیکەیە بۆ پەرەپێدانی دژەکەی خۆی. با نموونەیەک بهێنینەوە. (مارکس) بە فێڵەکانی کەپیتاڵیزمان ئاشنا دەکات، لەو ڕاستییەدا خودی ئاشکراکردنی ئەو فێڵانە خولقاندنی فێڵی دیکەن. ئەگەر (مارکس) بخوێنمەوە و پەی بە فێلەکانی کەپیتاڵیزم ببەم، ڕەنگە ئاسان ببمە سەرمایەدار، چونکە فێڵەکانی بوون بە کەپیتاڵیستم لە بەردەستن. کەواتە دۆزینەوەکەی (مارکس) دەبێتە هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی کەپیتاڵیزم. دەشێت ئێمە باس لە ڕۆحێکی شەڕانگێز یان دێوێکی خەوتوو بکەین، کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە ژیان بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە ببات، بەڵام دووبارە هەموو ئاڕاستەکان گریمانەی دیکەی ئێمەن بۆ دنیا. ناکرێت بە دروستی باس لە جیهان بکرێت، نەک لەبەر ئەوەی ئاڵۆزە، بەڵکو باسکردنێکی دروست یان نادروستمان نییە. هیچ شتێک جێگیر نییە، زانستی فیزیایش پێمان دەڵێت گەردوون جێگیر نییە و هەمیشە لە ڕۆیشتندایە. لێرەدا دەتوانین بڵێین بۆشایی بوونی نییە، ئەوەی هەیە کۆتاییەکی نادیارە، خودی ئەو کۆتاییە جۆرێکە لە خولانەوەی بەردەوام، کە ئەگەری وەستانی هەیە. گریمان وەستا، ئایا هەست دەکەین، کە وەستاوە؟ پێوەری ئێمە چییە بۆ بەردەوامی و ڕۆیشتن بەرەو نادیار؟ ئەگەر گەردوون ئەنجامی تەقینەوە گەورەکە بێت، ئەوا مانای ئەوەیە گەردوون لە وێرانبوون و پارچەبوونی شتێکەوە خولقاوە. دەبێت گەردوون دیاردەیەکی هەر لە خۆوە بێت. زەوی لە خۆیدا هەڵگری دژەکانی خۆیەتی. ئەتۆم شتێک نییە لە دەرەوەی گەردوونەوە هاتبێت، بەڵکو بەرهەمی زەوی خۆیەتی. ئەتۆم دەتوانێت جیهان وێران بکات، کەواتە هەموو دروستبوونێک واتە وێرانبوون لە فۆرمێکی دیکە. ڕێککاریی مەزن، وێرانبوونێکی مەزنیشە. ئەگەر بونیادی ئەتۆم گۆڕانێکی بچووک بە خۆیەوە ببینێت، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خەسڵەتە ڕەسەنەکەی خۆی، کە وێرانبوونە. چیتر پێویست ناکات بڵێین ئاگایی سەرچاوەی هەستکردنمانە بە بوون، بەردێکیش لە خۆیدا هەستیارە، مادام هەموو شتەکان بونیادیان ئەتۆمە. هەموو شتەکان لە بۆشاییدا دەخولێنەوە، بۆشاییەک، کە ناوی گەردوونە. گەردوون بۆشاییەکی پڕە. لەو بۆشاییەدا شتەکان دژ بە یەکن، بەڵام مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە ئەو دژیەکانە پێکەوە دەبەستێتەوە و کار لە خەسڵەتە ڕەسەنەکانیان دەکات. مرۆڤ زیاتر لە خۆی هەیە. بیرکردنەوە پرۆسێسی لە-خۆ-زیاتربوونە. بەو مانایەی ئەو پرۆسێسە بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی مرۆڤە بۆ کەمتر یان زیاتر لە خۆی. هەموو ڕێگاکان دەمانبەنەوە سەر ئەوەی، کە بیرکردنەوە گەمەی هۆش (Mental) و زمانە. هەموو کایەکان بەشێکن لەو گەمەیە. چیتر ناکرێت

هەڵکشان
دیوی تاریکی
بوونە، چونکە
هەرچەند زیاتر
هەڵدەکشێین،
هێندە زیاتر
ژیان خێراتر
دەکەین. ئەم
هەموو خێراییە
بۆ؟ مرۆڤ
بوونەوەرێکی
ناسەقامگیرە،
چونکە ژیان بە
شایەنی خۆی
نازانێت، بۆیە
چەند دەستی
پێوە دەگرێت،
دوو ئەوەندە
ترسی لە
دەستدانی ژیان
پەرە پێ دەدات

ئەدەب و هونەریش بە دیاردەی پاک بزانین، لە کاتێکدا ئێمە دیاردەی پاکمان نییە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئێمە زیاتر گەشە دەکەین، بەڵام ئایا گەشە واتە چی؟ مرۆڤ فێری زۆر شت بووە، کە ئەو فێربوونە بەشێکە لە پرۆسێسی گەشەکردن. ئەمڕۆ مرۆڤ گاڵتە بە ژیانی پێش شارستانی دەکات. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی گەیشتوون، بریتییە لە گۆڕانی شێوازی ژیان. دروست نازاندرێت لە کوێوە بۆ کوێ دەڕۆین، بەڵام لە ئێستادا هەین بۆ ئەوەی نەبین. گۆڕان لە هەموو کایەکانی ژیانی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە جەوهەردا هیچ شتێک لە بونیادی ژیان نەگۆڕاوە. یەکەم مرۆڤ هەستی بە حەقیقەتی مردن نەکردووە، هەر لەبەر ئەوەشە تا چەندین هەزار ساڵ مرۆڤ پەنای بۆ ئەوە نەبردووە لە ترسی مردن ژیان خێراتر بکات. هونەر دیوە هەرە ڕووخێنەرەکەی ژیانە. ئایا تەکنەلۆجیا هونەر نییە؟ ئەگەر لە جەوهەردا لە تەکنەلۆجیا بڕوانین، ئەوا هەست بەو حەقیقەتە دەکەین تەکنەلۆجیا نەک هونەرە، بەڵکو هونەر تەکنەلۆجیای ئاراستە کردووە. بۆچی؟ چۆن دەتوانین بیروڕایەکی هێندە کوشندە بڵێین؟ بۆ ئەوە زیاتر لەو باسە قووڵ ببینەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کامە بەرهەمی تەکنەلۆجیا ڕەگێکی ناچێتەوە سەر هونەر؟ بەردەوام لە هەوڵی ئەوە داین پاکانە بۆ گشت ئەو بوارانە بکەین، کە بیرکردنەوە خوڵقاندوونی. پێناسەیەکی دیکەمان بۆ بیرکردنەوە نییە. ئەگەر بیرکردنەوە ئەوە نەبێت، کەواتە بیرکردنەوە بوونی نییە، یان پێی نەگەیشتووین. هەموو بەشەکانی جەستەی مرۆڤیش، یارمەتیدەری ئەوەن مرۆڤ ببێتە بوونەوەرێکی دۆزەرەوە. هێندەی بونیادی هۆش، جەستە لە دەرکەوتەکانی ژیانی مرۆڤ ئامادەیی هەیە. بەردەوام مرۆڤ لە هەوڵی ئەوە دایە ببێتە بوونەوەرێکی گەردوونی. هەموو بەهاکان لێرەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە هەستی بوون بە شت، خودی هەڵکشانە بۆ زیاتر لە خۆ بوون. هەڵکشان دیوی تاریکی بوونە، چونکە هەرچەند زیاتر هەڵدەکشێین، هێندە زیاتر ژیان خێراتر دەکەین. ئەم هەموو خێراییە بۆ؟ مرۆڤ بوونەوەرێکی ناسەقامگیرە، چونکە ژیان بە شایەنی خۆی نازانێت، بۆیە چەند دەستی پێوە دەگرێت، دوو ئەوەندە ترسی لە دەستدانی ژیان پەرە پێ دەدات.

تا ئێستا ئەنجامێکمان بە دەستەوە نەداوە، لە کاتێکدا لەوە ناچێت ئەنجام بوونی هەبێت. دووان لە بارەی ئەو بابەتەوە وەک ڕۆیشتنێکی بەردەوامی بێئەنجام وایە، بەڵام هەرچەند بەردەوام بین، هێندە زیاتر قووڵ دەبینەوە، لە قووڵاییشدا هەموو شتەکان یەک ئاراستەیان هەیە، ئەویش مردنە. مردن کۆتاییە بۆ فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی بوون. بوونی ئێمە یەکسانە بە کارلێکی ئەتۆمەکان، مردنیشمان بریتییە لە گۆڕانی دۆخی ئەتۆمەکان. بەو پێیە بێت نەبوون بوونی نییە، بەڵکو ئێمە هەمیشە لە دۆخی گۆڕانی بەردەوام داین.

• (وێنەی هۆشی)م لە بەرانبەر وشەگەلی ئینگلیزیی وەک (concept، Vista، Mental Image، Mental Vision) داناوە.



# بەراوردێکی نێوان «ژن و نیشتمان»

## لە دوو هۆنراوەی هێمن-دا

**ڕەوەند حەمەجەزا**

نووسین لە بارەی هەر شاعیر، یان نووسەر، یان هەر بەهرەمەندێکی دیکەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ئەو کەسە بناسین و چەند لایەنێکی ژیانیانمان بۆ ڕوون بێتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا هەر نووسینێک لە بارەی (هێمن)ی شاعیرەوە، ڕەنگە لایەنێکی ژیانی ئەو کەڵە شاعیرەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، یان زانیارییەکی تازە بخاتە سەر خەرمانی جوانی و بەهرەمەندیی ئەم شاعیرە گەورەیە. ئەم نووسینەیش هەوڵێکە بۆ بەراوردکردنی دوو لایەنی گرنگ لە شیعرەکانی (هێمن)دا، کە ئەویش سەنگ و قورسایی

# لێکۆڵینەوە

(ئافرەت و نیشتمانە) لە هۆنراوەکانی هێمندا، کە لێرەدا دەمانەوێت بە بەراوردێکی ورد و ئەکادیمییانە دەری بخەین، کە ئایا (نیشتمان یان ژن) کامیان لای هێمن گرنگ بووە؟ جا چ لە ژیانی ڕۆژانەدا واتا لە ئاستی واقیعدا، یان لە ئاستی خەیاڵدا و لە کاتی شیعروتندا و ڕوانینێکە لە لایەنی سایکۆلۆجیی شاعیر لە کاتی دانانی شیعرەکانیدا، تا بزانین ئەم دوو لایەنە کامیان زیاتر جێیان گرتووە لە دەروون و هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە پایەبەرزەی کورددا.

هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیش ئەوە بووە، کە بە هۆی ئەوەی تا ئێستە زۆربەی شیعرە ئەوینداریيەکانی هێمن کراون بە گۆرانی، بەم هۆیەیشەوە لای زۆربەی خەڵک و بەتایبەتی چینی گەنجان وا دەناسرێت، کە زیاتر شاعیر گرنگیی بە لایەنی سۆز و ئەوین داوە نەک نیشتمان، بەڵام ئەگەر بە وردی بە تێگەیشتنەوە گەشتێک بە ناو دیوانەکەی مامۆستا هێمندا بکەین، ئەوا پێچەوانەی ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت، لێرەشدا هەوڵم داوە بە نموونەی شیعری ئەم بۆچوونەی خۆم بسەلمێنم، جا تا چی ئاستێک توانیومە ئامانجی بابەتەکە بپێکم؟ ئەوە بڕیار لای خوێنەری ئەم بابەتەیە.

گومان لەوەدا نییە، ئەم دوو لایەنە وەک زۆربەی شاعیرانی دیکە، بوون بە کەرەستەی خاو و هەوێنی زۆربەی شیعرەکانی هێمنیش، بەڵام ئەوەی شیعرەکانی هێمن لە شیعری شاعیرانی پێش خۆی (کلاسیک) جیادەکاتەوە، ئەوەیە هێمن لە باسی «نیشتمان»دا لە پاڵ باسی لوتکەی شاخی بەفرین و گوڵ و گوڵزاری کوێستان و...هتددا. هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی گەلی کورد و هەوڵی چاندنی نەمامی خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵیاندا دەدات. لە باسی «ژن»یشدا «هێمن» بە مامۆستاییەکی تەواوەوە شیعری هۆنیوەتەوە و خۆی بە دوور گرتووە لە خۆ جوینەوە لە باسی ئافرەت، کە شاعیرانی کلاسیکی، خۆیان پێ تاقی دەکردەوە و توانای هونەریی خۆیان دەردەخست، جوانترین لایەنی ڕوونبێژییان لە باسی ئافرەتدا دەخستە ڕوو، لە کاتێکدا ڕووخساری ئافرەتیان دەکرد بە دیوەخانی ئاغا، هێندە تیروکەوان و خەنجەر و...هتدیان، پێدا هەڵدەواسی، بەڵام «هێمن»ی شاعیری جوانپەرست، لەگەڵ ئەو وەسفە جوانە ناسکە هەستبزوێنەی ئافرەتی کورد و کیژی لادێدا، هەر بەوە نەوەستاوە، کە وەسفێکی جوانیان بکات، بەڵکو وەک شاعیرێکی فێمێنیزم بەردەوام داوای مافی ئافرەتان و هەوڵی وشیارکردنەوەی داون، کە ڕەنگە لەم بوارەدا هیچی کەمتر نەبێت لە «بێکەس»ی شاعیر، کە ناوبانگی بە بەرگری لە ئافرەتان دەرکردووە. ئەم باسەش دەهێنێت لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە بارەوە بکرێت و لە ناو باسەکەی ئێمەدا جێی نابێتەوە.

بۆ مەستی بەراوردکردنی گرنگیی ئەم دوو لایەنە، واتا (ژن و نیشتمان) ڕەنگە هەر شیعرێک لە شیعرەکانی «هێمن» بگرین، ئەوا نائومێد نابین لە هەستکردن بە سەنگ و قورسایی ئەم دوو لایەنە، چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ! بەڵام بۆ زیاتر وردبوونەوە و بەراوردکردنی ئەم دوو لایەنە، بە پێویستی دەزانم سنوورێک دابنێم بۆ لێکۆڵینەوەکە و تەنها دوو شیعر لە شیعرەکانی سەرەتای دیوانی «تاریک و ڕوون» وەردەگرم، چونکە وەک کورد دەڵێت «مشتێک نموونەی خەرمانێکە».

# هێمنی شاعیر کوردبوون و وابەستەیی خۆی بە گەل و نیشتمانەکەیەوە، لە سەروو هەموو حەز و ئارەزووەکانییەوە داناوە

من نامەوێت لەوە زیاتر باس لە بەتوانایی و بەهرەمەندیی ئەو کەڵە شاعیرە بکەم، چونکە دڵنیام لەوە بێتواناترم بتوانم سەرجەم لایەنە پرشنگدارەکانی ئەو ئەستێرەگەشەی دونیای وێژەی کوردی بەدەر بخەم. لەبەر ئەوە لێی دەگەڕێم هۆنراوەکان خۆیان پێناسەی خۆیان بۆ خوێنەر بکەن، کە ڕەنگە لای هەر خوێنەرێک پێناسەیەک هەڵبگرن.

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێ کرد، تەنها بەراوردکاری لە نێوان دوو هۆنراوەدا دەکەین، کە ئەوانیش هۆنراوەکانی: (کوردم ئەمن، وتووێژی کچ و کوڕ)ە.

هۆنراوەی کوردم ئەمن: لەم هۆنراوەیەدا، هەر لە پێش خوێندنەوەی دەقەکە، خوێنەر، یان بیسەر هەست بەو حەماسییەتە دەکات، کە لە ناونیشانەکەدا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گیانی نیشتمانپەروەرییەی لە شاعیردا هەبووە، وەک ئەوەی زۆر بە شانازییەوە ڕای بگەیەنێت، کە ئەو کوردە.

ڕەنگە هیچ هۆنراوەیەکی هێمن هێندەی ئەم هۆنراوەیە لە نێو خەڵکیدا بڵاو نەبێت، بە هۆی ئەم هۆنراوەیەوە بە زۆربەی خەڵکی ئاشنا بووە. ئەم هۆنراوەیە کە یەکەم هۆنراوەیە لە دیوانی (تاریک و ڕوون)دا، تەنها لە چوار دێڕ پێکهاتووە، کەچی بۆ هەمیشە هێمنی بە جاویدانیتی هێشتووەتەوە.

هێمن خۆی لە وتەیەکیدا دەڵێت: «کورتی و درێژیی شیعر بە دەست شاعیر نییە، چونکە شاعیر دەیەوێت ئەو کوڵی هەست و سۆزەی لە ناخیدا هەیە دەری ببڕێت». بۆ ئەمەش نموونەیەک دەهێنێتەوە و دەڵێت «من (ناڵەی جودایی)م بەو هەموو درێژییەوە پێ کورت و ناتەواوە، وا هەست دەکەم ئەوەی ویستوومە دەری ببڕم، نەم توانیوە بە تەواوی دەری ببڕم، کەچی سەردەمی لاویەتی کچە کوردێکم لە زیندان بینی، کە لە دڵی خۆمدا خۆشم دەویست، بێدادی و ئەوی هانیان دام ئەو ڕووداوە بکەمە شیعر، بۆ خۆم لام وابوو بە هەزار دێڕ شیعر ناتوانم هەستی خۆم دەرببڕم، کەچی ئەم گرە بەتینەی دەروونم بە تاقە دێڕە شیعرێک دامرکا.»*

ئەگەر بێینە سەر بەراودکارییەکە، ئەوە وەک ئاماژەم پێدا، هەر لە ناونیشانەکەوە هەست بە زاڵبوونی هەستی نیشتمانپەروەری دەکەین. ئەگەر شیعرەکە بخوێنینەوە ئەوە هێمن بە ئاشکرا دەبێژێت:

**عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم**
**عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

دیوانی هێمن ل٨٩

کەواتە لێرەدا بە ڕوونی هەست بە قورسایی خۆشەویستیی نیشتمان دەکەین بە سەر خۆشەویستیی ئافرەتدا، بە شێوەیەک، کە شاعیر (کێو و بەرد و تەلانی) شاخەکانی کوردستان ناگۆڕێتەوە بە (چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ)، کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەوپەڕی خۆشەویستییە بۆ خاک و وەتەن. ئەمە لە کاتێکدا کە هێمن لە کاتی نووسینی ئەم هۆنراوەیەدا، لە هەڕەتی لاویەتیدا بووە، کە لە ساڵی (١٩٤٢) واتا تەمەنی (٢١) ساڵ بووە و لەوکاتەدا ڕەبەن بووە، کەچی لە هۆنراوەکەدا خۆشەویستیی نیشتمان سەرکەوتووە بەسەر هەوا و نەفسی گەنجانەیدا بەرانبەر بە ئافرەت. تەنانەت ئەم هەستە نەتەوایەتی و کوردپەروەرییەی دەگاتە ئاستێک نەک بەرانبەر بە ئافرەت، بەڵکو وەک دەڵێت:

هێمن لە باسی «نیشتمان»دا لە پاڵ باسی لوتکەی شاخی بەفرین و گوڵ و گوڵزاری کوێستاتان و... هتددا. هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی گەلی کورد و هەوڵی چاندنی نەمامی خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵیاندا دەدات. لە باسی «ژن»یشدا «هێمن» بە مامۆستاییەکی تەواوەوە شیعری هۆنیوەتەوە و خۆی بە دوور گرتووە لە خۆ جوینەوە لە باسی ئافرەت، کە شاعیرانی کلاسیکی، خۆیان پێ تاقی دەکردەوە و توانای هونەریی خۆیان دەردەخست

# لێکۆڵینەوە

«من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن
واتا هێمنی شاعیر کوردبوون و وابەستەیی خۆی بە گەل و نیشتمانەکەیەوە، لە سەروو هەموو حەز و ئارەزووەکانییەوە داناوە، ئەم حەز و ئارەزووەش ئەوە نەبێت تەنها لە نێو شیعرەکانیدا ڕەنگی دابێتەوە و خۆی لە گوێی ئاگردان دانیشتبێت! نەخێر، بەڵکو ئەم حەز و ئارەزووەی بۆ سەربەستیی نیشتمان و گەلەکەی لە ئاستی واقیعدا، واتا لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە وەکو شاعیر خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەو لە ناو بنەماڵە و خێزانێکی خانەدان و دەوڵەمەندا پەروەردە بووە، بەڵام بۆ سەلماندنی دڵسۆزیی خۆی بۆ نیشتمانەکەی، ئامادە بووە دەست لەم خۆشگوزەرانییە هەڵبگرێت، بەم هۆیەشەوە چەندین جار تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە، بەڵام ئەو هەروەک لە یەکەم دێڕیی ئەم هۆنراوەیەدا دەڵێت:
گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
واتا زۆر بێباکانە چەکی خەباتی لە شان کردووە و ئامادە بووە لە کۆڕی خەباتدا. تەنانەت لە پرۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا، لە وانەی (زمان و ئەدەبی کوردی)دا ئەم شیعرەی هێمن وەک نموونە بۆ بەرزی هەستی نیشتمانپەروەری لە لای شاعیرانی ئەو سەردەمەدا هێنراوەتەوە کە دەڵێت نموونەیەکی شیعری هێمن دەهێنینەوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەست و نەستی کوردایەتی بە تەواوی شیعری ئەو قۆناغەی داگیر کردووە (١).

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا، کە هۆنراوەی (وتووێژی کچ و کوڕ)ە، ئەگەر بمانەوێت بەراوردکارییەکەمان ئەنجام بدەین، ئەوە لەوانەیە هەر لە ناونیشانی هۆنراوەکەوە، کە شاعیر ناوی کچی پێش ناوی کوڕ خستووە، خێرا خەیاڵمان بۆ لای ئەوە بچێت، کە شاعیر بە مەبەست ناوی کچی پێش خستووە، کە بە دڵنیاییشەوە هەروا بووە، چونکە لە ڕاستیدا گۆڕکردنی ناوەکان وا خۆشتر دێتە سەر زمان، کە بگوترێت (وتووێژی کوڕ و کچ)، بەڵام دیارە شاعیر ئەمەی بە مەبەست کردووە، لەبەر ئەوەی وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، شاعیر خۆی کەسێکی فێمینیزم بووە، هەمیشە لە پاڵ بەرگری لە نیشتمان، داوای سەرجەم مافەکانی ئافرەتی کردووە، هەر لە چوونە قوتابخانەوە تا دەگاتە سەر پەچە و ڕووبەند، کە ئەم دیاردەیەش بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت لە شیعرەکانیدا.

لەم هۆنراوەیەدا کە لە (١٠) دێڕ پێکهاتووە، شاعیر وەک لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێت، کە لە شێوەی دیالۆگدا دایڕشتووە، (٥) دێڕی قسەی کچەکەیە و (٥) دێڕیش قسەی کوڕەکەیە، بۆ سەلماندنی فێمینیزمیی خۆی، سەرەتای هۆنراوەکەی بە کچەکە بەخشیوە، ئەمەش دژی کۆمەڵگەی کوردەواریی ئەو سەردەمە بووە، کە کۆمەڵگەیەکی نێرسالاری بووە، بەردەوام لە سەرەتاوە هەر کوڕ قسەی کردووە و کچ گوێی بۆ گرتووە. لەم هۆنراوەیەدا، شاعیر کچی هاوتای کوڕ، بگرە زیاتریش کردووە، چونکە ئەو ڕۆڵەی بە کچەکە بەخشیوە، کە ئەو داوا لە براکەی

دەکات و هانی دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو وڵاتەکەیدا وەک دەڵێت:

**تێفکرە خەڵکی هەموو ئازادە**
**هەر تۆ خەمناکی هەموو کەس شادە**
**وەرە مەیدانێ لە ڕێی نیشتمان**
**بکە قوربانی سەر و ماڵ و گیان**

**دیوانی هێمن/ ل٩٠**

لێرەدا وەک دەردەکەوێت شاعیر نەک هەستی نیشتمانپەروەری زاڵە بەسەر هەستی خۆشەویستیی بۆ ئافرەت، بەڵکو ئافرەتی کردووە بە ئامرازێک تا سەربەستیی نیشتمان بەدەست بهێنێت، بە هاوکاریی براکەی، واتا بە هاوکاریی ڕەگەزی بەرانبەری، کە ئەمەش واتای ئەوپەڕی بەرزڕاگرتنی ئافرەتی کورد بووە لە لای هێمن.

دواتر لە سەر زاری کوڕەکەوە شاعیر ئەو پەیامە بە گەلی کورد ڕادەگەیەنێت، کە تا ئافرەت ئازاد نەبێت، وڵات ئازاد ناکرێت، وەک دەڵێت:

**کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە**
**هەر هەقی کچی کوردە پێ بەستە**
**بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت**
**دێدە گیان بدە یاریی برای خۆت**
**لە گوێن ((ژاندارك)) هەستە وەك مەردان**
**دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان**

**دیوانی هێمن/ ل٩١**

کەواتە شاعیر چۆن بە ڕەوای دەبنێت، کە کوڕان خەبات بکەن لە پێناو ئازادیی وڵاتدا، ئاوەهاش بە کچانی ڕەوا دەبینێت خەبات لە پێناو سەربەستی خۆیان لە پێشدا و دواتریش ئازادیی وڵاتدا بکەن.

واتا لەم هۆنراوەیەشدا بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەین، کە شاعیر هەستی نیشتمانپەروەری زاڵبووە بە سەر لایەنی سۆزداری و خۆشەویستی بۆ ئافرەت.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی پایەی هەستی نیشتمانپەروەریی هێمن گەلێک بڵندتر بووە لە پایەی هەستی خۆشەویستی و ئەویندارى لای شاعیر. کە ئەمە تەنها لە هەڵبەستەکانیدا نییە، بەڵکو لە سەر ئاستی واقعیش هەروا بووە، چونکە هێمن خۆی لەو پێشەکییە بە پێزەیدا، کە بۆ دیوانی (تاریک و ڕوون)ی نووسیوە دەڵێت: دۆستێکم –کە باش لە شیعر بەتایبەتی لە سەبکی شاعیریی من دەگا- گوتی: تۆ بۆ گوتووتە :ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵی نیم؟!

گووتم کاکە من قەت درۆم لەگەڵ ئیحساسی دەروونی خۆم نەکردووە. ئەگەر تۆ دەتزانی من ئەو شیعرەم لە چ هەلومەرجێکدا گوتووە، بڕوات دەکرد هەستی دەروونی خۆم دەربڕیوە، بەڕاستی لەو کاتەدا من لە خەیاڵی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵیدا نەبووم(٢). ئەم دڵسۆزییەی هێمن بۆ نیشتمان لەلایەن (د.ڕەحیمی قازی)یەوە سەلمێندراوەتەوە و لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)دا، چەند پەرەگرافێکی بۆ تەرخان کردووە وە باس لە پایەی هێمن دەکات لای (پێشەوا قازی محەمەد) وەک دەڵێت: «کاک بینایی بە ڕێزی و خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرحەق بە هێمن هەبوو، شانازیی پێوە دەکرد، هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشینی خۆیدا وەک شاعیرێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بیروباوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، چونکە هەڵبەستەکانی لە ڕاستەقینەدا بووبوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان» (٣). لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەی بە پێویستی دەزانم بیڵێم

# لێکۆڵینەوە

ئەوەیە، کە ڕاستە هەستی نیشتمانپەروەری لای هێمن زیاتر بووە لە هەستی بەرانبەر بە ئافرەت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە پێگەی ئافرەت لە هۆنراوەکانی مامۆستا لاواز بێت، نەخێر بە پێچەوانەوە لە چەندین هەڵبەستدا بە شێوەیەکی هێندە سەرنجڕاکێش و ئەفسوناوی باس لە جوانیی ئافرەتی کورد و کیژی لادێ و شەنگەبێری و کیژی مەهابادی.... دەکات، کە مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە و تێڕامان لە وێنە و دیمەنی ناو ئەو هەڵبەستانە تێر نابێت. بۆ سەلماندنی دروستی بۆچوونەکەیشم چەند دێڕە شیعری دیکەی شاعیر دەهێنمەوە کە لە هۆنراوەی (شەنگەبێری)دا(٤) دەڵێت:

**وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ شیرینتر**

**نەمدەدا بە تەختی شایی دەنا بەردەبێری شوانی**

**ڕاستە تۆ جوانی، لەباری، نازداری شۆخی نەشمیلی**

**کوڵمت گەشترن لە گوڵ و خاڵت ڕەشترن لە زیلی**

**جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نییە**

**ژوان و شەوڕاو و دڵداری، ڕاز و نیازی بە دیلی**

**دیوانی هێمن/ ل٢١٦**

**سەرچاوە و پەراوێز:**

*هێمن کەف و کوڵی دڵی بەتەنیا دێڕێک دامرکاوەتەوە کە دەڵێت:

ئەسیری بسکی ئالۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکەن چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

١-زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، بەشی ئەدەب، ل١١٢.

٢- مامۆستا هێمن موکریانی، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم/بەهاری ٢٧٠٨ (٢٠٠٨)ز، پەخشانگای ئازادی، ل٤٧.

٣-د.ڕەحیمی قازی، ڕۆمانی پێشمەرگە، چاپی چوارەم ٢٠١٠، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل٩٤-٩٥.

٤-مامۆستا هێمن موکریانی، دیوانی هێمن، ل٢١٦.

rawandroman@ymail.com
rhamajaza@yahoo.com





# ماهییەتی پەیڤەکان

## نووسین لە پێناوی ڕەخنەدا



**غەمگین بۆڵی**

### ماهییەتی پەیڤەکان:

لاپەڕەی بڵاوکراوەکان گۆڕەپانی کۆی پەیڤەکانە. واتە ئەو وێستگەیەی خەیاڵ و پەیڤەکان خۆیان ئاوێتەی توخمەکانی مانداری دەکەن و لەوێوە چاوەڕێی ژووانی خوێنەر دەکەن. خوێنەر لەو وێستگەیە هەمیشە چاوەڕێیە! کە وێستگەی بڵاوکراوەکەیە. ئەم وێستگەیە هیچ پەیڤێکی زیاد بە خۆیەوە هەڵناگرێت، ناشێت پەیڤەکان لەوێدا هێزی جوانیناسی و توخمەکانی مانداری لە دەست بدەن. واتە لەوێدا پەیڤەکان دەبێت پەیڤی مانداری بن، نەوەک پەیڤی فڕێدراو و زێدەنووسی بن. ماهییەتی پەیڤەکان لە دەستی نووسیار خۆیدایە دایە، ماهییەتی پەیڤەکان لە چۆنایەتیی بیرکردنەوەی نووسیاردا نییە، بەڵکو ماهییەتی پەیڤەکانی

# وتار

لە چییەتی نووسیاردایە. ماهییەتی پەیڤەکان لە جوانیناسی گەیاندنی ماناکەدایە. کەواتە هەموو پەیڤێک دەبێت لە شوێنی شیاوی خۆیدا بێت، یاخود بە پرۆسەی بەشیاوبوونی نووسیارەکەدا تێپەڕی بێت، کە ئەویش بەو میکانیزمەی کە نووسیاری جوانبین کاری لەسەر دەکات، بۆیە ئەوەی بە ناوی ڕەخنەوە دەنووسرێت، مەرج نییە بۆچوونەکان — قسەکان ، پەیڤەکان-ی دروست بن، یاخود ئەو شێوازانەی، کە بوونێکی کلاسیکییان هەیە و ڕەگیان لە ناو ناخی کۆمەڵگەوە داکوتاوە، ناشێت هەر وەهایی بمێننەوە. هیچ شتێک شیاوی پیرۆزییەت نییە! هەڵبەتە لە کاتی خۆورووژاندند+ بەتایبەت خۆورووژاندنی نێو نووسین- هیچ شتێکی «خود»یم پێ پیرۆز نییە، تەنانەت خودی خۆشم! ئاخر بوون بە ڕەزامەندیی خۆی نەهاتووەتە دونیاوە! بوون بەبێ ویستی خۆی بووە! بۆیە بوون لە بەرامبەر کۆی مرۆڤەکانیشدا یەکسان نییە، دەشێت ئەوە گریمانەیەکی بەهێز بێت، کە مرۆڤەکان بە ئازادی ناتوانن لە دایک ببن. من هەرگیز باوەڕم بەوە نییە کە دەگوترێت: «مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن!. مرۆڤی هەر شوێنێک ئازاد نییە، هەم لە لەدایکبوون و هەمیش لە کۆی پرۆسەی ژیانگوزەراندندا. ئەم باسە بۆ پرۆسەی مردن زۆر جار جیاواز دەکەوێتەوە، بەو پێوەرەی، زۆر جار مرۆڤ بە ئازادیی خۆی خۆی لە ناو دەبات-خۆی دەکوژێت- . کەواتە مرۆڤ هەڵی ئازادیی مردنی لەبەر دەستە، وەلێ هەلی ئازادی لە دایکبوونی لەبەر دەستدا نییە، ئەگەر لەبەر دەستیدا بوایە، بۆچی مانگ و هەفتە و ڕۆژی لەدایکبوونەکەی خۆی دوا نەدەخست؟ یان نەیدەگۆڕی! ئاخر لەوێوە پرۆسەی گەیشتن بە ئازادی دەست پێ دەکات، لەو کاتەوە ململانێی بوون بۆ گەیشتن بە ئازادی دەست پێ دەکات. بۆیە بوون لە دەرکەوتەی هەر کایەیەکی ژیاندا ناشێت وەها هەڵسوکەوت و قسە بکات، کە زۆر ڕاستە و کۆی قسەکانی دروستن. ڕەنگە ئەوەی بە پێوەری تۆوە ڕاست بێت، بە پێوەری کەسێکی تر دروست نەبێت. یان ئەو ڕێچکە و قوتابخانەیەی، کە ڕەخنەگرێک کاری ڕەخنەیی لە سەر دەکات و بە لای ئەوەوە ڕێچکە و قوتابخانەیەکی زۆر دروستە، بە لای ڕەخنەگرێکی ترەوە تەواو جیاواز بێت، واتە ئەمە پەیوەندیی بە ڕێژییەوەش هەیە. (مێشل فۆکۆ) لای وایە: شێوازگەلی نووسین و کردەکانی بیرکردنەوە ڕێژەیین، تەنانەت (فۆکۆ) لاشی وایە شێوازە زانستییەکانیش، شێوازی سەرمەندی نین! چۆن دەشێت تەواوی شێوازەکانی زانستیش چاوەڕێ بن بپووکێنەوە، بە هۆی شێوازی تازەوە، بە هۆی کردەی نوێوە. بەشێکی زۆری ئەو نووسیارانەی کەوا خۆیان بە دۆگمایەکی دیاریکراو چەسپاندووە، هەمیشە لە چواردەوری ئەم دۆگمایەدا دەخولێنەوە. بە بۆچوونی من ئەو نووسیارانەی خۆیان بە زانست و بنەماکانەوە قەتیس دەکەن، هەمیشە نووسیارگەلی (ڕەخنەگر) خراپنووس دەردەچن. ئاخر بۆ هەڵەی مارکیسییەکان نالوێت بگەڕێنەوە دواوە، بەڵکو دەبێت ئەم هەڵەیە جێ بهێڵین، بەجێ نەهێشتنی هەڵە، خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی گەورەترە! جێ نەهێشتنی کردەی فیکری ئامادەکراو، خۆدانە دەست فیکری مردووە، فیکری مردوو لە کردە ئامادەکراوەکانەوە بوونی هەیە، لە ناو ڕێسا و چوارچێوە دیاریکراوەکاندا هەیە، دونیای ئەدەبیات هیچ شتێک بەناو پیرۆزییەت و جێگربوون قبووڵ ناکات، ئەگەر لایەنێکی ئەدەبیات، یان شێوازێکی ئەدەبیاتیش ئەمەی قبووڵ بێت، ئیتر بە بڕوای من هەر نامۆیە! ئەم پڕەنسیپە تەواو پەیوەستە بە

چەمکی سۆشیالیزم، لەم ڕەهەندە فیکرییەدا تەواو دژی پرەنسیپی مارکیسییەکانم. ئاخر سۆشیالیزم لە دیدی (نیچە)وە ئەگەرچی بە مانای هیچگەرایی – هیچبوونی شتەکان- دێت، وەلێ ئەوەی لە بەرئەنجامی باسەکاندا بەجێ دەمێنێت گرینگە، گرینگیی ئەمەیش لەوێدایە، کە هیچبوونی شتەکان بەلای (نیچە)وە ئەوە نییە باوەڕی بە هیچ نەبێت، یاخود هەموو شتێک ڕەت بکاتەوە، ئاخر بەشێک لە نووسیارانمان هەموو شتێک ڕەت دەکەنەوە، بە بێ ئەوەی بزانن بۆ؟ بە بێ بوونی پرەنسیپێکی مەعریفی، واتە تەنیا لەبەر ئەوە وەها خۆیان دەنوێنن، کە تەواو یاخین! یان هەموو شتێک بە لای ئەوانەوە هیچە، یان ئەوان (نیچە)یەکن بۆ خۆیان! یان دەنووسن تەنیا لە پێناوی ئەوەی نووسەربن، یان نووسین «بۆچوون» بە هەڵە دادەنێن، بە کردەی نووسین «بۆچوون»ەوە، یان (ڕەخنە) دەگرن لە پێناوی ئەوەی ڕەخنە بگرن. یان تەنیا بەرهەمی ئەوانەیان قبووڵە کە لێیانەوە نزیکن، باقی بەرهەمی نووسیارانی دیکە هیچن! کردەی نووسین وەک چۆن هیچ دۆگما و ئایدیۆلۆژیایەک لە خۆیدا قبووڵ ناکات، وەهاش و بگرە زیادتریش (سۆزداری) و (رقبەری) لە خۆیدا کۆناکاتەوە، ئەوانەی لە ژێر ئەم دوو سێبەرانەیشدا دەنووسن، تەنیا بۆ ئەوە دەنووسن، کە بنووسن! جیا لەوەی نووسینەکانیان جێگەی سەرنج نین، دواجار ئەوانەش لەم نووسینە بۆگەنانە تێدەگەن، کە بۆچی نووسراون؟ ئاخر (نیچە) ئەگەر بە بیریارێکی هیچگەراییەوە ناسرابێت، یان هیچبوونی شتەکانی بەرجەستەکردبێت، ئەو کە باوەڕی بە هیچ نەبووە، «بەهیچبوونی شتەکان» باوەڕی بەوانە نەبووە، کە هەن، باوەڕی بەو کردە فیکری و زانستییانە نەبووە کە هەبوونە، بەڵکو باوەڕی



فۆکۆ

بەوە هەبووە کە دەبێت، واتە دەبێت کردەیەکی فیکری و زانستیش هەبێت. (کافکا) گوتەنی: (من دژی رێسا و چوارچێوە دیاریکراوەکانم) . ئاخر هەموو رێسا و چوارچێوەیەک زیندانییەکە بۆ خۆی، ڕەخنەگرتن لە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی وەهادا، وەک گەنمەشامی ناو مەنجەڵی سەر ئاگرە و لە هەوڵی هاتنەدەرەوەدایە! (ڕەخنەگر) هەیە لە ناو مەنجەڵی چوارچێوە و فیکری ئامادەکراودا ناتوانێت بێتە دەرەوە، ناتوانێت خۆی چوارچێوەی هەبێت، چاوەڕێی چوارچێوەی ئامادەکراو دەکات. (مێشێل فۆکۆ) لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی (وشەکان و شتەکان)دا، زۆربەی نووسیاران کەوتنە دژایەتی کردن و ڕەخنەگرتنی، وەلێ هیچ نووسیارێک نەیتوانی لە ناو مەنجەڵەکە بێتە دەرەوەی کتێبی (وشەکان و شتەکان)ەوە. دواجار ڕەخنەکان لەناو مەنجەڵەکەی سەر ئاگردا سوتان. وەک چۆن مەرج نییە، بەرزیی نرخی کتێبێک نیشانەی باشیی کتێبەکە بێت، وەهاش مەرج نییە، ئەوەی بە ناوی ڕەخنەوە دەنووسرێت: ڕەخنە بێت! هەروەک ئەو شاعیرانیش کاتێک شیعر دەنووسن، شیعرەکە هێندە بەلایانەوە جوانە، بە لای ئەوەوە هەر پەیڤێکی شیعرەکە باڵی فرینی گرتووە، ئاخر ئەم شاعیرە باگراوندێکی خۆی، یادگارییەکی تایبەت، رابردوویەکی جوان، فەزایەکی جوانی لە رابردووی تایبەتی ئەودا دروست کردووە، کە لای ئەو جوانە! کە هەمان ئەو جوانییەیە لە

شیعرەکەدا بوونی هەیە. کۆی ئەم جوانیانەش بریتییە لە بەشێک لە رۆحی، بریتییە لە واقیعێکی بە جێماوی، بۆیە زۆر ئاساییە کەسی ڕەتکەرەوەیش بە هەڵە ئەم کردەیە ئەنجام بدات، هەر وەک ئەم شاعیرەی، کە شیعرەکە لای خۆی زۆر جوانە و بە لای خوێنەرەوە شتێکی ترە. واتە مەرج نییە ئەوەی تۆ پێت جوانە، بە لای کەسانی ترەوە جوان بێت، ئەگەرچی بەرهەمەکە هی خۆشت بێت. مەرج نییە رەخنەگر هەمیشە بۆچوونەکانی دروست دەرچن. زۆر جار وەها دەلوێت رەخنەگر خۆی رەخنەی لە خۆی گرتووەتەوە بە بێ ئاگامەندی خۆی! هەڵبەتە ئەمە بە بەراوردکردن لە نێوان هەردووک نووسینەکاندا دەردەکەوێت، واتە دەرئەنجامی بەراوردکارییەکە بە رەخنە دروستیەکە کۆتایی دێت، دەشێت کۆتاییشی نەیەت!. لێرەدا ئەم نموونەیە دەخەینە روو، دواتر لە سەر ڕەهەندگەلێکی تایبەت بەم باسەمانەوە هەڵوەستەیەک دەکەین.

## نووسین لە پێناوی ڕەخنەدا:

نووسین بەرپرسیارییەتییەکی تەواو هزرییە، ئەگەر نووسین بەرپرسیارییەتییەکی هزری بێت، رەخنە لە پێناوی رەخنەگرتندا دوو بەر پرسیاریەتییە! بۆیە رەخنەگرتن دەبێت لە کۆی ئەو نووسینە بێت، کە هەیە و نووسراوە! واتە ناشێت ژیانی تایبەتی نووسیار بکەینە پێوەری رەخنەگرتن، یان ئەو پەیڤانە و ئەو بۆچوونانەی نەهاتوونەتە بەرباسەوە، وەها لە بارەیانەوە بنووسین کە نووسراون! ئاخر ناشێت شێوازەکانی گێڕانەوە تێکەڵ بە رووداو بکرێت، کە لە دابەشکارییەکەدا+ شێوازەکانی گێڕانەوەدا+ رۆشنایی بەرباسەکە لە سەر ئەو نەبێت١. بۆیە ئەگەر تووخمی (ڕوودا) بە بێ ئەوەی رۆشنایی نووسینی خرابێتە سەر، ناشێت بە رۆشناییش وەریبگرین. لەکۆی نووسینێکدا ئەگەر (ڕووداو) بوونی نەبێت! بە هیچ شێوەیەک ناشێت بخرێتە بەرباسەوە، ئاخر ئەگەر باس، باسی رووداو نەبێت، رووداو بۆچی؟ تەنانەت رووداوی ئاواش بۆچی؟٣. دەشێت لە ناو واقیعدا رووداو هەبێت، وەلێ کە باس باسی رووداو نەبێت رووداو بۆچی؟ لەو دوو بازنە گشتگیرییەی، کە گێڕانەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر دەبینرێن و دەخوێنرێنەوە، بە بڕوای من دوو بازنەی گشتگیرن. لە بازنەی یەکەمدا، کە شێوازی گێڕانەوەکان زۆر واقیعین، ئەوە بۆ نەبوونی واقیعێکی تر دەگەڕێتەوە، کە چیرۆکنووس ناتوانێت لە بەرمبەر ئەم واقیعەدا واقیعێکی هونەریی جوان دروست بکات.

ئاخر ئەگەر واقیعێک هەبێت، واقیعێک بوونی هەبێت، پێویستی بوون بە واقیعی نییە. هەر وەک لە نووسینەکەش ئاماژەی پێکراوە، چیرۆکنووس لە جارێک خۆی لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوە و سەیری بەفر بارین دەکات، ئەو تەنیا دەبینێت بەفر دەبارێت و هەست بە سەرما و توخمەکەی ناکات. بۆیە لە سەروەختی نووسینیش تووشی ئەم لەنگییە دەبێتەوە، جارێکیش چیرۆکنووس خۆی لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا نییە و کەسێکی تر لە بەرامبەر پەنجەرەکەیە، لەم جارەدا چیرۆکنووس پشت بە قسەکانی کەسی بەردەم پەنجەرەکە دەبەستێت، بۆیە نە بەفرەکە دەبینێت چۆن دەبارێت، نە هەست بە ساردیی بەفرەکەیش دەکات. شێوازی گێڕانەوەکان لەوێوە سەرهەڵدەدەن، لە جاری یەکەمدا شێوازی گێڕانەوەکان زۆر واقیعین: واتە واقیعی دەرەوە، بەفربارینەکە وەک خۆی دێتە بەرباسەوە، بەس بە بێ هەستکردن بە توخمی ساردیی بەفرەکە. بە مانایەکی تر، ئەگەر نووسینی

چیرۆکنووسەکە وەرگرین، وەک تابلۆیەکی هونەری، هیچ جیاوازی نابێت لەگەڵ ئەوەی لە ژوورەوە سەیری دەرەوە بکەین، سەیری بەفربارینەکە بکەین. لە جاری دووەمیشدا شێوازی گێڕانەوەکان زۆر خەیاڵین: واتە چیرۆکنووس کاتێک هەست بە واقیع ناکات، واقیع لە چاوی کەسێکی ترەوە دەگوازێتەوە، نەبوونی ئەم هەستنەکردنە لەنگی بە کردەی گێڕانەوەکان دەبەخشێت. لە کۆی هەردووک گێڕانەوەکاندا واقیعێکی هونەری بوونی نییە. گومان لەوەدا نییە لە پشت گێڕانەوەی هەر چیرۆکێکدا کۆمەڵێک توخم هەن پەیوەست بە بنەماکانی چیرۆکەوە، دیارە یەکێکیش لەم توخمانە، توخمی ڕووداوە. بۆیە پێم وایە ئەم بەدحاڵیبوونە لە پشتی پەیڤی «گێڕانەوە»دا بەرجەستە بووە، نەوەک لە پێش گێڕانەوەدا. گومان لەوەدا نییە کە: «هەموو ناڕوونییەک و هەموو بەدحاڵیبوونێک، دەبێتە مایەی مەرگ، زمانی روون و وشەی سادە تاقە ڕێگەی رزگاربوونن لەو مەرگە»٤.

(جان پاتێست)ی پاڵەوانی ڕۆمانی (عەتر)ی ڕۆماننووس (پاتریک زوسکیند) دەیویست لە ڕێگەی جەستەی کچانی جوانەوە عەترێکی زۆر کاریگەر دروست بکات، دواجار دروستی کرد. ئاخر ئەگەر بۆ دروستکردنی عەتر گوڵ بە کار هاتبایە، ئەم ڕۆمانە هێندە کاریگەریی درووست نەدەکرد، چۆن واقیعی ڕۆمانەکە ئەوکات، هەمان ئەو واقیعە دەبوو کە بوونی هەیە. یان باوکی (کافکا) دەیویست تەواوی پشیلەکان بگرێت و دواتر بیانکوژێت، یان سەریان ببڕێت و سەرەکانیان کۆ بکاتەوە لە ناو بەفرگرەکەدا، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هەموو سەرە پشیلەکانەوە گوێبیستی کاریگەرترین دەنگی مۆسیقا بێت لە دونیادا.

## بوون وەک کردەیەکی کامڵ نەبوو:

هەر چەندە ئەم دەستەواژەیە سواوە: «هیچ بوونێک-مرۆڤێک- لە دونیادا تەواو کامڵ نییە». کەوابێت کۆی تێهزرینەکانی هیچ بیریارێکیش کامڵ نییە، چۆن دواجار بیریاریش مرۆڤێکە و بەس. لێرەدا مەبەست بوون نییە، وەک بوون! واتە هەموو مرۆڤێک خاوەن بوونە، بە شێوە گشتگیرییەکەی لە بەرامبەر بووندا-بوون وەک جەستە- مرۆڤەکانی سەر زەوی یەکسانن. وەلێ بوون وەک ناوەڕۆک (دەروون) یەکسان نین، ئەوە ناوەڕۆکی ئەم بوونەیە، کە کۆی بوونەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە. کەواتە لەم سەرەتایەوە دەگەینە دوو بەرئەنجامی باسەکەوە.

یەکەم: تەواوی مرۆڤەکانی سەر زەوی بە شێوە گشتگیرییەکەی لە بارەی جەستەوە یەکسانن. واتە مرۆڤەکان: (دوو قاچ و دوو چاو و دوو دەست و یەک جەرگ و دە پەنجەی دەست و... هتد)یان هەیە.

دووەم: بوون وەک بوون جەستە نییە، بەڵکو بوون ناوەڕۆکە (دەروونە).

ئێمە لەم نووسینەدا وەک دەستپێکێک، وەک سەرەتایەکی بچووک لە بارەی خاڵی دووەمەوە «بوون وەک بوون جەستە نییە، بەڵکو بوون ناوەڕۆکە دەروونە»، دەنووسین. هەڵبەتە لە بارەی خاڵی یەکەمیشەوە، کە بە شێوە گشتگیرییەکەی مرۆڤەکان یەکسانن لە رووی جەستەوە، بۆچوونی تر هەن: وەک ئەوەی کە مادامەکی ئەگەر هەر کردەیەک وەربگرین و ئەم کردەیەش ئازاد نەبێت- ئەگەر بە شێوە سروشتییەکەشی بێت — ناتەواوە! مادامەکی جەستە بە ئازادی نایەتە دونیاوە- مرۆڤ بە ئازادی لە دایک نابێت: ناتەواوە و پێویستی بە

کردەکانی بیرکردنەوە هەمیشە بەردەوامییان هەیە، چونکە بیرکردنەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئەوەی دەمێنێتەوە وەڵامی ئەم پرسیارە و پرسیارگەلی دیکەش دەداتەوە، کە چییەتی بیرکردنەوەیە! ئاخر ئەقڵیش چییەتی و چۆنایەتیی بیرکردنەوەی هەیە، ئەقڵ هەیە کارایە، ئەقڵیش هەیە کاراترە

## وتار

ئازادییە! بۆیە بەم پێوەرەش دەشێت ڕۆشنایی بخەینە سەر بوون. واتە دەشێت لە ڕوانگەی جەستەشەوە سەیری بوون بکەین، وەلێ ئەگەر لەم روانگەشەوە سەیرمان کرد بوون هەر ناوەڕۆکە و جەستە نییە.

ئەگەر لە دیدگەی سەدە کۆنەکانەوە لە مرۆڤ بنۆڕین، دەبینین مرۆڤ دابەشکراوە بەسەر دوو بەشەوە.

بەشی یەکەم: جەستە.

بەشی دووەم: ڕۆح.

ئەوەی کە کۆک نیم لە سەری ئەوەیە، کە ناوەڕۆکیش هەیە، هەر ئەم ناوەڕۆکەشە کە بوونە. بۆیە پێم وایە مرۆڤ بوونیشی هەبێت و بوونیش کاریگەرترین پێوەری مرۆڤە. ئەم پڕۆسەیەی مرۆڤبوونە تەواو پەیوەندیی بە یەکترەوە هەیە، بۆیە کردەی بیرکردنەوەش کرۆکی بوون نییە، بوون خۆی کرۆکی کردەی بیرکردنەوەیە. ئەگەر بوون (دەروون) نەبێت بێگومان کردەی بیرکردنەوەش بوونی نابێت. مرۆڤەکان خاوەن بوونن، وەلێ بوونێکی ناتەواو! واتە ئەگەر مرۆڤەکان لە سەرەتاشەوە بوونیان هەبێت بوونەکەیان ناتەواوە و بە درێژایی بوونی مرۆڤبوونیەوە هەوڵی تەواوکردنی بوونی دەدات. بە بۆچوونی من دواجاریش ناگات بە بوونێکی تەواو. دەرکەوتنی جیاوازیی مرۆڤەکان لەوێوە سەر هەڵدەدەن و مرۆڤێک لە مرۆڤێکی تر جیا دەکرێتەوە. پرۆسەی ئەم جیاکارییەی بوونەش پەیوەستە بە ناوەڕۆکی مرۆڤەوە، نەوەک جەستەی مرۆڤەوە. کردەکانی چییەتیی بیرکردنەوەش تەواو پەیوەستە بە ناوەڕۆکەوە، نەوەک جەستەوە. گرینگیی بیرکردنەوە لێرەدا خۆی نیشان دەدات و خۆشی دەسەلمێنێت. هەڵبەتە نیشاندان و سەلماندنیش بە چۆنایەتیی نییە، بەڵکو بە بڕوای من بە چییەتییە. دەشێت پرسیاری ئەوەش دروست ببێت، چۆن هەمووومان لە بەرمبەر مرۆڤبووندا یەکسانین، هەروەها لە بەرامبەر ئەقڵیش یەکسانین، وەک چۆن لە بەرامبەر جەستە یەکسانین، هەروەها لە بەرامبەر دەروونیشدا یەکسانین؟ چۆن لە ناو ئەم مرۆڤبوونە یەکسانەدا ئەقڵی یەکسانیش هەیە! تەنیا جەستە یەکسانەو دەروون ڕێژەییە. کردەکانی بیرکردنەوە هەمیشە بەردەوامییان هەیە، چونکە بیرکردنەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئەوەی دەمێنێتەوە وەڵامی ئەم پرسیارە و پرسیارگەلی



نیچە

دیکەش دەداتەوە، کە چییەتی بیرکردنەوەیە! ئاخر ئەقڵیش چییەتی و چۆنایەتیی بیرکردنەوەی هەیە، ئەقڵ هەیە کارایە، ئەقڵیش هەیە کاراترە. تەواو دژی ئەوانەم کە لایان وایە ئەقڵ بەسەر دوو خاڵی سەرەکیدا دابەش دەبێت.

خاڵی یەکەم: ئەقڵی کارا.

خاڵی دووەم: ئەقڵی ناکارا.

ئەقڵی ناکارا بوونی نییە، هەموو ئەقڵێک کارایە، وەلێ ئەقڵ هەیە کاراترە. ئاخر ئەقڵ وێستگەی بیرکردنەوەیە و هەموو ئەقڵێک توانستی بیرکردنەوە، خەیاڵاندنی هەیە. کەواتە ئەقڵێک نییە بەناوی ئەقڵی ناکاراوە، ئەقڵی ناکارا ئەقڵێکی مردووە، ئێمەش مەبەستمان ئەقڵی مردوو نییە! ئەقڵی مردوو توانای بەرجەستەکردنی هیچ کایەیەکی تری نییە، شتێکە ئامادەیە، وەک جەستە. کەواتە لێرەشەوە دەگەینە سەر ئەو رەهەندەی، کە بوون دیسان جەستە نییە، چۆن جەستە ئامادەکراوە و ناوەڕۆک ئامادە نییە و پێویستی بە ئامادەکردن هەیە. بۆیە هەموو ئەقڵیەتێکیش شیاوی ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلێگرتنە، وەلێ رەخنە لەو شوێنەی، کە شیاوی رەخنەیەو ئەقڵیەتەکەش پەی بەوە دەبات. چۆن لە دۆخی وەهادا رەخنە دواجار بریتییە لە بۆچوون! بۆچوونی من وەهایە، ئەم تیۆرانەی کە زۆرێک لە بیریارانیش لە سەری تەواو کۆکن، لە دەستپێکدا بۆچوونی تاکەکەسیی بوونە، تەنانەت قوتابخانەکانی ئەدەبیات و قوتابخانەکانی فیکری و فەلسەفیش. فەلسەفەی بوون هەمیشە کار بۆ تەواوکردنی بوونیەت دەکات، وەک چۆن کۆڵەکەی فەلسەفەیش پرسیارکردنی هەمیشەییە و هەرگیز فەلسەفە ناگات بە وەڵامەکانی کۆتایی. تەنانەت ئەوەی گرینگە چۆنیەتیی دروستکردنی پرسیارە و توانستی پرسیارکردنە، نەوەک گەیشتن بە وەڵام و وەڵامی یەکلایکەرەوە. «بەبێ پرسیارکردن، بوون جگە لە یارییەکی قێزەون شتێکی دیکە نییە، بەبێ پرسیارکردن، بوون جگە لە سەفەرکردنێکی زەبوونانە شتێکی دیکە ناکێشێ)»٥. دیارە تێهزرین لەم رەهەندەوە -بوون وەک کردەیەکی ناتەواو- باسی تر و بۆچوونی تری لێ دەبێتەوە، ئێمەش لێرەدا نامانەوێت کۆی باسەکەمان لەم رەهەندەوە کۆ بکەینەوە. ئومێد دەکەم لە داهاتوودا بواری ئەوە بڕەخسێت بە درێژی و جوانبینتر ئەم رەهەندە قووڵە و پڕ ڕەهەندە بخەینە بەرباسێکی فراوانترەوە.

## ڕەخنەی ڕێنمایی:

(ئەرستۆ) ئەگەرچی بە شێوەیەکی زانستییانە رەخنەی تیۆری ئەدەبی لە کتێبی (شیعر)دا، لە بارەی بابەتگەلێکەوە بۆچوونی خۆی بەیان کردووە، ئەگەر کتێبی (شیعر)ی (ئەرستۆ) ش سەرچاوەیەکی تیۆری رەخنەیی بێت، وەلێ لە دەستپێکدا بۆچوونی تاکەکەسێک بووە، بۆیە هەم بۆچوونەکان و فیکرەکان و رەخنەکان تەواو رێژەیین. لە ئەمڕۆی هزراندنی رەخنەدا، بوونی رەخنە ڕێسا و یاسایەکی جێگیری نییە، بەڵکو لە هزری تری رەخنەییدا دەگەڕێت -هزری باڵاتر- رەخنەی ڕێنمایی کاری رەخنەگری ئەدەبی نییە، تەنانەت کاری نووسیاری ئەدەبییش نییە، ئەوەندەی کاری یاساناسانە! ڕەخنەی ڕێنمایی بۆ پزیشکیش دەشێت و تەواو دروستە. پزیشک بۆ نەخۆشەکەی قسەی ڕێنمایی دەورووژێنێت، وەلێ بۆ بابەتی فیکری ناشێت و تەواو جیاوازە، رەخنەگری ئەدەبی کاری رێنمایی نییە و بنووسێت:

«ئەم تێکستە خراپە و وەهایە زۆر باش دەبوو، یان ئەم بۆچوونە تەواو هەڵەیە و ئەم بۆچوونە تەواو دروستە، یان ئەم دەقە دەبوایە وەها نووسرابایە و ئەمەیش وەها نەنووسرابایە»! لێرەدا بەر بۆچوونێکی (ڕۆلان بارت) دەکەوین، کاتێک نووسیویەتی: «ئەگەر بمەوێت دەقێک بە پێوەری چێژ هەڵسەنگێنم ، ئیدی ناتوانم بڵێم: ئەم دەقە باشە و ئەم دەقە خراپە. ئیدی نە حورمەتێک هەیە و نە ڕەخنەیەک»٦. دەشێت بنووسین: لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیمە! بۆچوون هەڵە نییە و کۆی بۆچوونەکان ڕێژەیین. تەنانەت کتێبی (شیعر)ی بیریارێکی وەک (ئەرستۆ)ش کۆی بۆچوونەکانی تەواو هاوڕاییان دروست نەکردووە لەگەڵ بەشێک لە نووسیار و بیریارانی دوای خۆی. واتە دەشێت پۆلێک خوێنەر و نووسیار هاوڕابن، لە بەرامبەردا کۆمەڵێک لە خوێنەر و نووسیارانی تر دژی بن.

## دیسان لەبارەی نووسینی ڕۆمانەوە:

بەر لە هەموو شتێک ڕۆمانیش نووسینە، کەواتە نووسین چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە بە ڕێژایی مێژووی ئەدەبیات دووپات دەبێتەوە. هەر بیریارە و نووسیارەش لە دیدگەی خۆیەوە پێناسەی نووسینی کردووە و بوونی نووسینی راڤە کردووە. بەبڕوای من نووسین هیچ پێناسەیەکی نییە! خودی نووسین بۆ خۆی گەڕانە بە دوای وەڵامی نووسین. نووسین چەمکێکی دیاریکراو نییە، چەمکێکی فرەلایەن و فرەمانایە، بۆیە هیچ پێناسەیەک لەخۆیدا کۆ ناکاتەوە. ئاخر خودی نووسین گەڕانە بۆ ڕووناکترکردنەوەی ئەقڵییەتی خوێنەران و زیاترکردنی توانستی تێهزرین و زانین، کەواتە نووسین بە بڕوای من پێناسە ناکرێت. ناشێت نووسیار بانگەشەی ئەوە بکات، کە بە دوای فیکر و بۆچوونەکانی ئەو بکەوین، تەنانەت من بە دوای ئەو ڕێسا و یاسایانەیش ناکەوم کە هەن! (نیچە) لە هیچ نووسینێکیدا ئاماژەی بەوە نەکردووە و بنووسێت: (بە داوی فیکری من و ڕێگەی نووسینی مندا وەرن)، بەڵکو ئەو نووسیویەتی: (ئەمە ڕێگەیەکە من بۆ خۆم هەڵم بژاردووە). ڕۆمانیش بە هەمان شێوە پێناسەیەکی جێگیری نییە، وەلێ زۆرترین بۆچوون لەوەدا کۆ دەبنەوە، کە ڕۆمان دونیایەکی تر، ڕۆماننووس بە توانستی تێهزرینی خوڵقاندوویەتی. لەوەوە دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە نە پێناسەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ شتەکان، نە تاکە دونیایەک هەیە لە ژیان، نە یەک هەقیقەت بوونی هەیە بۆ هەمیشە. (پالانت) لای وایە ئەگەر یەک تاقە حەقیقەتی سەرتاسەریی هەبێت لە کۆی دونیادا، ئەوا هیچ بیانوویەک نامێنێتەوە بۆ لیبڕاڵیەتی بوون. «ڕۆماننووسین بەدواداگەڕانێکی هەمیشەییە، ئەم بەدواداگەڕانەش هەوڵدەدات پەردە لەسەر واقیعێکی نادیار هەڵماڵێ و ئەم واقیعە نادیارە بدۆزێتەوە»٧. ڕۆمان ئەگەرچی بە دوای ئەم واقیعە نادیارەدا دەگەڕێت و لەوێوە دونیای دیکەمان پێ نیشان دەدات، وەلێ ئەمەش بەس نییە بۆ نووسینی ڕۆمان و دۆزینەوەی دونیایەکی دیکە، خوڵقاندنی دونیایەکی دیکە. ئاخر ڕۆماننووسیش هەر وەک نووسیار ئەرکی هەیە و نووسین لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا کۆمەڵێک ئەرکی هەیە. کەواتە ئەرکی ڕۆماننووس چییە؟ ئەرکی نووسین لەهەر ژانرێکی ئەدەبیدا بێت رازیکردنی دڵی هیچ کەسێک نییە، تەنانەت دڵشکاندنیشی. ماهییەتی وشە جوانەکان لێرەشەوە جارێکی دیکە خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە. ڕۆمان هەمیشە لە

## نووسین چەمکێکی دیاریکراو نییە، چەمکێکی فرەلایەن و فرەمانایە، بۆیە هیچ پێناسەیەك لە خۆیدا کۆ ناکاتەوە

رۆماننووس یاخییە، ئەوە هێزی خوێندنەوەی قووڵە ئاشتیان دەکاتەوە، ئەرکی بنەڕەتیی رۆماننووس دروستکردنی ئەم ڕایەڵی پەیوەندیی نێوان رۆمان و خوێنەرە. ئەگەر رۆماننووسێک بە چاوی گومانگەرییەوە لە نووسینی رۆمان نەڕوانێ، باشترە گومان لە خۆی بکات، گومان لە نووسینەکەی بکات. هەروەک ئەو (رەخنەگر)انەی کە پێوەری رەخنەگرتنیان لە سەر بنەمای سۆز و بنەمای رق داناوە. بنەمای سۆز بۆ نووسیارە هاوڕێکانی، بنەمای رق بۆ نووسیارە نەناسەکانی. ئەمڕۆ بە هۆی پرۆسەی نووسینی ساختەوە، بە شێکی زۆری رۆمانی جوان بەبێ راڤەلەسەرکردن و رەخنە ماونەتەوە، ئەوە ئەرکی رۆماننووس نییە بانگەشە و هەراوزەنا بۆ رۆمانەکەی بکات، بۆ راڤەلەسەرکردنی. مەرجی رۆمانی باش لە زۆریەتیی راڤەکارییەکانیدا نییە، رۆمانێک ئەگەر رۆمان بێت پێویستی بە هیچ یەکێک لەمانە نییە، هەمیشە خۆی نوێ دەکاتەوە. رۆمانیش هەیە لەگەڵ یەکەمین چاوهەڵێنانی دەمرێت و بە دەیان نووسینی ساختەش زیندوو نابێتەوە. ئاخر بەرهەمی ئەدەبی رەچاوی ئەو دوو بنەمایە ناکات، کە ئاماژەمان بۆیان کرد، بەڵکو چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە خۆی چاوەڕێی نەکردووە! ئەوە رۆمانە، ژیانی ناو رۆمانەکە چاوەڕێی گوزەرانێکی شیاوتر دەکات بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، هەرچەندە زۆر جار بە قوربانیی رۆماننووس رۆمانەکە کۆتایی هاتووە، ئاخر ئەوە ئەرکی رۆماننووسی بوێرە، کۆتایی بە هەندێک رەهەند بهێنێت، بۆ ئەوەی دەرگە لەسەر چەند بابەتگەلێکی تردا بکاتەوە، هەرگیز ناشێت کۆتری خەیاڵمان وەها بفڕێت، کە نووسینی راڤەگەری، یاخود میتۆدی رەخنەیی هەست بریندارکردنە، یانیش خاپوورکردنی بوونی دەقەکەیە لەبەر چاوی خوێنەر، رەخنە بەشی دووەمی ئەو نووسینەیە، بوونی راڤەگەریی بێ ئەم دوو بنەمایە، تەواوکاری لایەنەکانی دیکەی رۆمانەکەیە، وەلێ ستایشی پڕکوفر و چەپڵەی نێو نووسین کۆتایی هاتووە. ئەم سەردەمە زیاتر پێویستی بە ڕەخنەیە. رەخنە کارکردنە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو فەزایانەی، رۆماننووس خۆی لێ بێدەنگ کردووە، یانیش ئەو فەزا جوانکیلانەی کە رۆماننووس بە جوانترین شێواز و تەکنیکی نووسینەوە کاری بۆی کردووە، وەلێ ئەوەی شیاوی ورووژاندنە بۆ نووسین، نووسین لە سەر بنەمایەکی نائەخلاقی و پڕ لە بەرژەوەندییەکانی ئەم بنەمایانەی سەرەوە، دەرەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە! ئەوە بۆ رەخنەش درێژ دەبێتەوە، ئەمجۆرە رەخنەیەی، کە ئەمڕۆ بە ناوی رەخنە بڵاو دەکرێنەوە، رەخنەی (نان بە نان) کە بەرچاوترین رەخنەیە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا، بۆیە ئەوە هیچ ئەرکێکی کاریگەری نەبینیوە لەسەر نووسینی رۆمان، تەنانەت ئەرکی رۆماننووسیشی گرانتر کردووە، تەنانەت رۆماننووسیش ئەو ئەرکەی لەلای ئەمجۆرە رەخنەگرانەوە دروست نەکردووە. یاخود وەک زۆر جار ئاماژەم پێ کردووە، بوونی رەخنەگرتن وەک دیاردەی (ژن بە ژنی) یە بۆ ئەمجۆرە گرووپانە، ئاخر رەخنەی ئەمجۆرە گرووپانە ئەوەندەی خودی نووسەرەکەی بە لاوە گرینگە، ناشێت نیو ئەوەندە خودی نووسینەکەی بە لاوە گرینگ بێت. بۆیە زۆر جاران دەبینین ئەمجۆرە رەخنانە بە لای هەموو شتێکەوە دەچن تەنیا خودی نووسینەکە نەبێت.

ئەرکی رۆماننووسی جاویدان، بەر لە هەموو شتێک

رۆمان ئەگەرچی بە دوای ئەم واقیعە نادیارەدا دەگەڕێت و لەوێوە دونیای دیکەمان پێ نیشان دەدات، وەلێ ئەمەش بەس نییە بۆ نووسینی رۆمان و دۆزینەوەی دونیایەکی دیکە، خولْقاندنی دونیایەکی دیکە. ئاخر رۆماننووسیش هەر وەک نووسیار ئەرکی هەیە و نووسین لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا کۆمەڵێک ئەرکی هەیە

دووره‌په‌رێزییه له‌م گرووپانه، جیا له‌وه ته‌واو ئاگامه‌ند بێت له‌وه‌ی، که هیچ سیاسه‌تێک نه‌توانێت نووسینه‌کانی په‌لکێشی ناو سیسته‌می خۆی بکات، ئاخر ئه‌رکی رۆماننووس ئه‌وه‌یه سیاسه‌ت په‌لکێشی نووسینه‌کانی بکات، نه‌وه‌ک سیاسه‌ت نووسینه‌کانی په‌لکێش بکات. هه‌رگیز رۆماننووسی جواننووس کاتێک له‌گه‌ڵ بارودۆخی سیسته‌مێک راناوه‌ستێت و بیر له فڕین ناکاته‌وه، به‌ر له دانیشتن و تێهزرین و تێگه‌یشتن. بڕوا به‌و که‌سانه‌ش ناکات، که لایان وایه گوزه‌رانیان خراپه و قه‌ناعه‌تیان به‌و به‌شه نییه. ئه‌و رۆماننووسانه‌ی لایان وایه ره‌وشی ئه‌ده‌ب به تایبه‌ت رۆمان له مه‌ترسیدایه، ئه‌وه ده‌بێت گومان دایانبگرێت، ده‌شێت سیاسه‌ت په‌لکێشی کردبن. رۆماننووس نالوێت له باره‌ی سیاسه‌ته‌وه ڕاوبۆچوونێکی تایبه‌ت به خۆی نه‌بێت و هه‌میشه وه‌ها بیر بکاته‌وه، که سیاسه‌ت کاری ئه‌و نییه. سیاسه‌ت به مانای کارکردن و به‌شداربوون کاری ئه‌و نییه، وه‌لێ قسه‌له‌سه‌رکردن و هه‌ڵوێست و بۆچوون ئه‌رکی ئه‌ویشه، بۆیه رۆماننووس به‌رپرسیارییه‌تییه‌کی گه‌وره‌ی له سه‌ره، پێم وانییه بلوێت رۆماننووسی ترسنۆک قوربانی بدات له پێناو میلله‌ته‌که‌یدا، ترسنۆکه‌کان هه‌میشه ده‌مێننه‌وه و هه‌وڵی مانه‌وه ده‌ده‌ن، ئه‌وه‌یه، که مرۆڤی باش و راسته‌قینه ته‌مه‌نی کورتتره، له ته‌مه‌نی مرۆڤی ترسنۆک، وه‌لێ رۆماننووسی راسته‌قینه دوای مردنی به به‌رهه‌مه‌کانی زیندووتر ده‌بێته‌وه و سه‌رده‌مان ده‌بڕن، چۆن ئه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌و سه‌رده‌م و سیسته‌مه‌ی که تێیدا ژیاوه، هاودژ بووه! به به‌رهه‌مه‌کانی دژه پێکدادان و شۆڕشی جوداوازی دروست کردووه، بۆ سه‌رده‌مه‌کانی پاش خۆی. ئه‌وه‌نده‌ی له نووسین به گومانم، هێنده‌ش له نووسیارانی ئه‌مڕۆی ئه‌ده‌بیاتی کوردی، دوو ئه‌وه‌نده و بگره زێتریش له ته‌واوی ئه‌و نووسین و بڵاوکار و ده‌زگه‌یانه به گومانم، که بوونه‌ته دیلی چه‌ند نووسه‌رێکی دیایکراو.

**په‌راوێز و سه‌رچاوه‌کان:**

١- سۆفیا لۆرین به هه‌وێداری، غه‌مگین بۆڵی، گۆڤاری گه‌لاوێژی نوێ. ژماره (٥٦-٥٧) ساڵی ٢٠١٢، لاپه‌ڕه ٢٨٢.

٢- قاڵبی هونه‌ریی توخمی ڕووداو، حه‌مه مه‌نتک، گۆڤاری گه‌لاوێژی نوێ، ژماره (٥٨)ی ساڵی ٢٠١٢، لاپه‌ڕه ٥٨.

٣- بنۆڕه سه‌رچاوه‌ی ژماره یه‌ک.

٤- مرۆڤی یاخی، ئه‌لبێر کامۆ، وه‌رگێڕانی له فارسییه‌وه: ئازاد به‌رزنجی، له بڵاوکراوه‌کانی کتێبخانه‌ی ئه‌ندێشه. سلێمانی چاپی یه‌که‌م ٢٠١٢، لاپه‌ڕه ٤١١.

٥- پرسی جه‌سته «له یارییه‌کی بوونگه‌راییدا» عه‌بدولموته‌ڵیب عه‌بدوڵڵا. له بڵاوکراوه‌کانی به‌ڕێوه‌به‌رێتیی چاپ و بڵاوکردنه‌وه‌ی سلێمانی، زنجیره‌ی گشتیی کتێب: (٨٩٦). چاپخانه‌ی که‌مال، لاپه‌ڕه ٣٤.

٦- چێژی ده‌ق، رۆلان بارت. وه‌رگێڕانی له فارسییه‌وه: ئیسماعیل زارعی، له بڵاوکراوه‌کانی ده‌زگه‌ی وه‌رگێڕان، زنجیره (٤٦) چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٧ چاپخانه‌ی مناره، هه‌ولێر، لاپه‌ڕه ٣٤.

٧- رۆمان و واقیع، کۆمه‌ڵێک نووسه‌ر، وه‌رگێڕانی له عه‌ره‌بییه‌وه: سه‌لاح عومه‌ر، کتێبی گیرفان — ژماره (٩٩). چاپخانه‌ی ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م، چاپی یه‌که‌م ٢٠٠٨، سلێمانی لاپه‌ڕه ٩.



## دۆسیەی تایبەتی ئەم ژمارەیە...

# وەرگێڕان


*ئەوانی تر لە خۆماندا ........ کەریم پەڕەنگ ........ ٤١
*وەرگێڕان باشترین خوێندنەوەیە ........ د. موحسین ئەحمەد عومەر ........ ٥٤
*وەرگێڕان وەک پێویستییەکی ئەمڕۆ ........ ڕەووف بێگەرد ........ ٥٧
*پاچڤە و ڕاپەڕینی کولتووری ........ حەمەکەریم عارف ........ ٦٠
*وەرگێڕان داهێنانێکی دیکەیە ........ جەلیل کاکەوەیس ........ ٧٢
*وەرگێڕان دۆزینەوەی ئەوی تر ........ هیوا قادر ........ ٧٨
*دواکاری وەرگێڕانم ........ سەباح ئیسماعیل ........ ٨١
*پەیڤێک لەبارەی وەرگێڕانەوە ........ ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ ٨٨
*پرۆسەی وەرگێڕان ........ عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە ........ ٩٨
*کێشەکانی وەرگێڕان ........ شەهرام عەبدوڵڵا ........ ١٠٥
*وەرگێڕ، وەک مەیموونی نووسەرەکەی ........ شالاو حەبیبە ........ ١٠٩
*زمان، کولتوور، وەرگێڕان ........ و: شەهرام عەبدوڵڵا ........ ١١٧
*وەرگێڕان ئەمانەتێکە ........ و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ ١٢١
*بیبلیۆگرافیای وەرگێڕانەکانی گۆڤاری گەلاوێژ ........ نوخشە عەبدول ........ ١٢٨
*وەرگێڕان لە گفتوگۆدا ........ ڕانانی: ئیدریس عەلی ........ ١٥٣



## دۆسیەی ژمارەی داهاتوو

## ئەزموونی شیعریی
# کەریم دەشتی





# ئەوانی تر لە خۆماندا



کەریم پەڕەنگ

چیرۆکەکانی ١٠٠١ شەو ئەنجامی چەندان پرۆسێسی وەرگێڕانن. کرۆکی سەرەتای چیرۆکەکە لە زمانێکی هیندیستانی کۆنەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، ئەمجا لە سەرەتای چاخەکانی ناوەڕاستدا بۆ عەرەبی وەرگێڕدرا. لە ڕەوتی ئەم وەرگێڕانانەدا هەمیشە مەتەڵی نوێیان هاتە سەر، کە خرانە قاڵبێکەوە، گوایە شەهرەزادی ژنەحیکایتخوان بۆ شا شەهریاریان دەگێڕێتەوە و پاشان خەملاندنی ئیسلامی



چاخەکانی ناوەڕاستیشی هاتە سەر. چی وا دەکا کە ئەم کۆمەتەڵە ڕۆژهەڵاتییە لە ئەورووپا ئەوەندە بەناوبانگبێت، کە نەکو تەنیا وەکو ئەدەبی ئەورووپی بۆ منداڵان، بەڵکو لە فرە شێوەی تری وەکو فیلمی سینەما و تەلەفزیۆنیدا ئامادەیی هەیە؟ ئەمە لە سایەی ڕۆژهەڵاتناسێکی فەڕەنسییەوە هاتە ئاراوە. ئەنتوانگالانی ڕۆژهەڵاتناس، لە کۆتایی سەدەی ١٧دا لە سەر داوای شا لودڤیگی ١٤ سەفەرێکی بە ناو ڕۆژهەڵاتدا کرد و دەستنووسی مەتەڵەکانی هەزار و یەک شەوی بە زمانی عەرەبی بینی. لەم سەرچاوەیە و لە سەرچاوەی ترەوە دەقێکی فەڕەنسیی ئامادە کرد، کە زۆر پشتی بە دەقە ئەسڵییەکە نەبەستبوو و زۆر بیرۆکە و خەسڵەتی گێڕانەوەی خۆیشی خستبووە سەر، لە سەرەتای سەدەی ١٨دا بووە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێب لە زۆر وڵاتی ئەورووپیدا و بۆ زۆر زمان وەرگێڕدرا: بە وشەیەکی تر بڵێین: ئەورووپییەکان گەنجینەیەکی مەتەڵی هیندی-فارسی-عەرەبییان بە مۆرکی ئیسلامی لە شێواز و چەژێکی بە زمانی فەڕەنسیی کۆن خەملاویان ناسی. بەم نموونەیەی دەستپێک دەمەوێ بڵێم: وەرگێڕان دەستکەوتێکی کولتووریی گرنگە، کە پەیوەندیی کولتووری دەهێنێتە ئاراوە و هەمیشە بەرهەمهێنە، لە دەقێک لە زمانێکی ترەوە دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ.

تیۆری وەرگێڕان لە دیدی تیۆری کولتووری ئەمڕۆوە گرنگییەکی زۆری هەیە، بە جۆرێک خانمە زانای کەلتوور و ئەدەب، دۆریس باخمان مێدیک وەرگێڕان بە وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ و وەکو دەستکەوتێکی مەزنی مرۆڤایەتی ناوزەدی بکات، کە ئەو کولتوور خۆیشی وەکو پرۆسێسێکی هەمیشەیی وەرگێڕان تێدەگا، واتە وەکو «پرۆسێسێکی وەرگێڕان بە مانای پاردایمێکی نوێی گواستنەوە (١)» . هەرچی چۆنێک بێت، دەتوانین پەی بەوە ببەین، کە تیۆرییەکانی وەرگێڕان و تیۆری کولتوور، کە هەمیشە ڕەهەندی فرەیی و گواستنەوەیان لە خۆیان گرتووە، پێویستیان بە یەکترە: ئەنسەلمڤەر کامپ دەڵێ «وەرگێڕان زمانحاڵی جیاوازییە.» وای دەزانم پێویست بەوە نەکا لێرەدا جەغد لەوە بکەم، کە وەرگێڕان چالاکییەکی کولتووریی گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو شوێنێک ئەم ڕۆڵە گرنگە ناگێڕێ و هاوسەنگ نییە، بۆ نموونە لە کولتوورێکی بە دەق هەژاری وەکو کولتووری خۆماندا بایەخێکی هێندە زۆری پێنادرێ و نەبووەتە بوارێک بۆ تێڕامان و هەڵوەستەی جدی لە ئاستدا نەکراوە و لە بواری خوێندن و پلانڕێژیی زانکۆکاندا بە هەند وەرنەگیراوە.

لە سەرووی ئەمانەشەوە دیاردەی وەرگێڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەگەڵ هەموو بەرفراوانبوونێکی چەمکی کولتووریشدا، زمان بۆ شووناسنامە، جیاوازی و گواستنەوە ڕۆڵێکی ئەوەندە گەورە دەگێڕێ، کە ناتوانرێ فەرامۆش بکرێ، ئەگەر کولتوور بە وێنای جڤاتی زمانێکی هاوئاهەنگەوە وابەستە نەبێ، ئەوا ڕێ بە دۆخی تێکەڵیی ڕەمزی دەدا، وەکو چۆن لە کولتووری ڕۆژانەی پێش مۆدێرنەوە باو بووە. واتە لەم ڕوانگەیەوە، وەکو چۆن ڕۆلان بارت لە "میتۆلۆژیی"ەکەیدا پیشانمان دەدا، هەموو مانیڤێست و کارە هونەرییەکانی کولتوورێکی دیاریکراو مانایەکی لاوەکی ئاماژەکاری "ئەفسانەیی" هەیە (٢). لە بەر ئەوەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، پەیوەندیی بە وەرگێڕانی دەقەوە

**وەرگێڕان دەستکەوتێکی کولتووریی گرنگە، کە پەیوەندیی کولتووری دەهێنێتە ئاراوە و هەمیشە بەرهەمهێنە، لە دەقێك لە زمانێکی ترەوە دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ**

هەیە، بەوە دەچێ دەرگەی ئەگەر بۆ ڕشتەی زانستەکانی دەق بکرێتەوە، خۆی لە بوارێکدا بچەسپێنێ، کە لە سەرووی چەمکی دەقەوەیە. هاوبەشیی دەق لەگەڵ دیاردەی میدیایی و بەرهەم و کارە هونەرییە ماتیریالییە بەرچاوەکاندا ئەوەیە کە تەنیا بە هۆی "ڕاڤەکردنی سرووتی کولتووری نامۆ، چەمکی هەست و پێودانگی هەڵسوکەوتەوە" دەتوانرێ بخوێنرێنەوە (٣).

ئەگەر لە دیدی زانستی کولتوورییەوە لێی بڕوانین، وەرگێڕان بە مانای هاوپەیوەندیی دینامیکی، وەکو هاوئامێزیی وشەگەل، سیستەمی ڕەمزی تێبگەین، یەکەمجار ئەنالۆگ بۆ گواستنەوەیەی شمەکە مادییەکان، بۆ گواستنەوەی میدیایی یان کۆچی دەمکی و شوێنی مرۆڤ بە ناو کولتوورکاندا خۆی دەردەخا. ئەوەش گرنگە، ئایا ئەم کۆچانە شوێنێ بەجێدەهێڵن و چ شوێنپێیەک لە کولتووری ڕەسەن و پێکهاتەی داهاتوودا بەجێدەهڵن، تا چ ڕادەیەک کولتوورکان هەمەچەشنە دەکەن یان ئەگەر بە وشەیەکی قێزەون گوزارشتی لێ بکەین ناچیزەی دەکەن.

یەکێک لە تیۆرکارە گرنگەکانی وەرگێڕان ڤاڵتەر بێنیامینە. بێنیامین لە ساڵی ١٩٢٣دا بۆدلێری لە فەڕەنسییەوە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە و پێشەکییەکی بۆ ئەو وەرگێڕانە نووسیوە. ئەم نووسینە بۆیە گرنگە، چونکە بۆ یەکەمجار بنەمای وتاری وەرگێڕانی کولتووری دەخاتە بەردەست و دید و تێڕوانین و سەرنجی پێڕۆکارێک دەخاتە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێشەکییە لە چەن لاپەڕەیەک تێپەڕ ناکات، بەڵام لەم سەدساڵەی بە سەر نووسینی ئەو پێشەکییەکەدا تێپەڕیوە، کەم تیۆرکاری بواری وەرگێڕان هەیە ئەم نووسینە کورتەی وەکو سەرچاوە بەکارنەهێنابێ و بۆی نەگەڕابێتەوە. حەز دەکەم لەم نووسینەدا وتارەکەی ڤاڵتەر بێنیامین، "ئەرکی(٤) وەرگێڕ" کە لە بەرنامەڕێژیی ئەدەب و کولتووری شیتەڵکاری (هەڵوەشاندنەوە)دا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە تاوتوێ بکەم و لە هەنگاوی داهاتوودا، پرسیاری پێگەی وەرگێڕ لە ناوکۆیی بنەماگەی ڕاڤەی کولتووریدا بکەم، کە لە پاڵیدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر لاسەنگی کولتوور و بەناوکۆییکردندا.

بێنیامین (تابلۆی پاریس)ی بۆدلێری لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕا و پێشەکییەکی بە ناوی




وەرگێڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەگەڵ هەموو بەرفراوانبوونێکی چەمکی کولتووریشدا، زمان بۆ شووناسنامە، جیاوازی و گواستنەوە ڕۆڵێکی ئەوەندە گەورە دەگێڕێ، کە ناتوانرێ فەرامۆش بکرێ، ئەگەر کولتوور بە وێنای جڤاتی زمانێکی هاوئاهەنگەوە وابەستە نەبێ، ئەوا ڕێ بە دۆخی تێکەڵیی ڕەمزی دەدا، وەکو چۆن لە کولتووری ڕۆژانەی پێش مۆدێرنەوە باو بووە



"ئەرکی وەرگێڕ"ەوە نووسی. لەو کاتەوە زۆربەی تۆژەوەرانی ئەدەب و بە تایبەتی شیتەڵکارەکانی وەکو ژاک دریدا و پاول دێ مان ئەم نووسینە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانیان.

دەستپێکی بێنیامین لە ڕوانگەی تێگەیشتنی نوێ بۆ وەرگێڕان و گواستنەوەی فرە کولتوورییەوە مایەی دڵخۆشی نییە، چونکە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا پەسەندی ئیستاتیکی ئیدیالستی کاری هونەری داخراو دەکا. بێنیامین دەڵێ: "لە هیچ شوێنێک کاری هونەری یان شێوەی هونەر خۆی وەکو شتێکی بە بڕشت بۆ ڕەچاوکردنی مەعریفەی وەرگر ناسەلمێنی.(٥)" بەڵام وەرگێڕ، کە یەکەمجار "وەرگر"ە، وەکو بێنیامین پیشانی دەدا، "ئەسڵەکە" دەگۆڕێ. بەمەش وتارەکەی بێنیامین ئەو ڕوانگە تەقلیدییە بەراوەژوو دەکاتەوە، کە لە سەرەتای وتارەکەیدا هاتبوو. واتە هەر پاش چەند دێڕێک بێنیامین بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و ئەو گوتەیەی سەرەتا پێچەوانە دەکاتەوە.

بێنیامین وەکو ئەرک باسی وەرگێڕانی ئەدەبی دەکا، ئەو ئەم وەرگێڕانانە لەو وەرگێڕانانەی تر جیا دەکاتەوە، کە ئەرکیان تەنیا "گەیاندن"ە، کە بۆ مەبەستی کردەیی بەکاردێن، وەرگێڕانەکان هەمیشە لە ئەسڵەکان درەنگتر دەگەن، زۆر جار بە میانەیەکی کاتی درێژەوە لەگەڵ کاتی دەرچوونی ئەسڵەکەدا. واتە لە نێوان کاتی دەرچوونی دەقە ئەسڵییەکە و وەرگێڕاندا کاتێکی زۆر بەسەردەچێ. بۆ نموونە ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی لە ساڵی ١٨٦٦دا نووسراوە و لە ساڵی ٢٠٠٦دا (ڕەووف بێگەرد) وەری گێڕاوە. لەم نموونە زەقەوە دەبینین کە وەرگێڕان تەنیا لە نێوان زمانەکاندا ناکرێ، بەڵکو گواستنەوەی قۆناغەکانیشە. لە کاتێکدا ئەسڵی لە ڕەوتی کاتدا وەکو خۆی دەمێنیتەوە، وەرگێڕان هەرگیز شێوەی کۆتایی نییە. چونکە دەتوانرێ بە وەرگێڕانێکی نوێ جێی بکرێتەوە. واتە دەقە ئەسڵەکەی (تاوان و سزا) ئیتر دەستکاری ناکرێ، بەڵام هەموو کاتێک ئەگەری ئەوە هەیە وەرگێڕێکی تر بە نەفەسێکی تر و جیاواز لە وەرگێڕانەکەی (ڕەووف بێگەرد) وەری بگێڕێ. واتە دەقی ڕەسەن سنووردارە، بەڵام وەگێڕان بێسنوورە. "تێیاندا (واتە لە وەرگێڕانەکاندا و.ک) ژیانی ئەسڵەکە هەمیشە بە خەملاندنی سەرلەنوێی درەنگ و بەرفراوانی خۆی دەگا." مەبەستی سەرەکیی بێنیامین لێرەدا جەوهەری زمانە یان پەیوەندیی زمانەکانە بە یەکترەوە. بە ڕای بێنیامین، هەموو زمانێک لەوەدا کە دەیڵێ، ناتەواوە. بەڵام هەموو زمانەکان خزمی یەکن لەوەدا کە دەیانەوێ (گوزارشتی لێبکەن):

"خزمایەتی سەروو مێژوویی زمانەکان لەوەدایە، کە هەر یەکەیان بۆ خۆی وەکو سەرجەم شتێک و هەمان شت مەبەستە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێک لەوان بە تەنیا بە ئامانج ناگات، بەڵکو تەنیا لە یەکتر تەواوکردنێکی گشتیدا بە مراز دەگەن: ئەویش زمانی خاوێنە."

زمانی خاوێن ئەوەیە، ئەو واقیعەی گوزارشتی لێ دەکا، سەرومڕ شەفاف بێت: ئەمە یوتۆپیایە (بە زمانی بێنیامین: وێنایەکی مەسیحییانەیە — بێنیامین نەک هەر لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمدا بوو، بەڵکو لە ژێر کاریگەریی بیرکردنەوەی جوولەکەشدا بوو). وەرگێڕان بە تەواوی لێرەدا قەتیسە: کە زمانەکان بە شێوەی جیاواز ناتەواون،

## مەحاڵە وەرگێڕ دەستپاك بێت و لە هەمان كاتدا بە زمانێكی پاراو وەربگێڕێ

لە لایەکی ترەوە بە دوای پاکژیی خۆیاندا دەگەڕێن (ئەمەش شەفافیەتێکی تەواوی نیشانەی زمانە). هاوشێوەیی بە مانای دڵسۆزییەکی گەورەی ناواخن بۆ ئەسڵ مەبەستی سەرەکی نییە. بۆ ئەوەی دەقێک لەگەڵ زمانە نوێیەکەدا بگونجێنرێ، دەبێ مەودایەک لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا پەیدا بکات، چونکە مەحاڵە وەرگێڕ دەستپاک بێت و لە هەمان کاتدا بە زمانێکی پاراو وەربگێڕێ. ڕەنگبێ باشترین نموونەمان بۆ ئەم قسەیە وەرگێڕانەکانی شوکور مستەفا بێت بۆ ڕۆمانەکانی یەشار کەمال، کە لە زۆر شوێندا مەلا شوکور پابەند و وابەستەی دەقە ئەسڵییەکە نەبوو، بەڵام بە زمانێکی کوردیی ڕەوان دەری بڕیوون

بۆ بێنیامین شیعر، لە وتارەکەشیدا تەنیا باس لە شیعرە، خەسڵەتی ئەوەیە، کە هیچ ناڵێت. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە ئاگادارییەوە ئەمە گوزارشت لێ بکەم و دەڵێم، کە هونەر و ئەوەی میدیای پێ دەوترێ، لە ئەرکیاندا بەوە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، کە دووەمیان لە گەیاندندا چڕ دەبێتەوە، واتە پەیامێکی پێیە بیگەیەنێ، بە پێچەوانەی یەکەمیانەوە کە ئەرکی نووسینەوەی ڕەهەندی ئیستاتیکی- سیمیۆتیکی کردووەتە ئەرکی سەر شانی. دەقی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی شێوازگەرایی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەمیشەش خۆیان دەکەنە تێما، فرە مانان، بە بەرنامە سنووری ئەو شتەی دەوترێ دەسمن، ئەوەی، وەکو بنامین بە "درک پێ نەکرا" ناوزەدی کردووە؛ بێگومان لە نێوان شیعری "ڕەها"ی شاعیرێکی وەکو مالەرمێ و میدیای گەیاندندا میانەیەکی فراوان و ڕەنگاوڕەنگ هەیە. دەبێ لە بیرمان نەچێ شێوەی تێکەڵیش هەیە: ئەدەبی ڕۆژنامەگەریی هەیە، هەر وەکو چۆن ڕۆژنامەگەریی وتارئامێزی بە نەفەسێکی ئیستاتیکی داڕێژراو هەیە.

واتە هونەر هیچ پەیامێک ناگەیەنێ، بەڵکو تەنیا ئاماژە بۆ سنوورێک دەکات، کە لە سەرەتاوە زۆر سەروکاری لەگەڵ جیاوازیی ڕەگەزدا نییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ هەستیاریی ئامرازی دەربڕین و بوونگەراییدا هەیە: وتارەکەی بێنیامین ئەمە وەکو درک پێ نەکراو ناوزەد دەکا، وەکو ئەو شتەی کە بە شێوەی ڕەمزی (وێنە، نووسین، زمان) پەی پێ نابرێ، ئەوەی کە وەرگێڕانی شیعر، بە پێچەوانەی وەرگێڕانی دەقی گەیاندنی بەکارهێنانەوە





دەیگوازێتەوە، بۆ بوارێکی تری دەگوازێتەوە، ئەوە "گەیاندن" نییە، بەڵکو ئەوەیە، کە بێنیامێن وەکو "شیعرییانە" وەسفی دەکات و بێنیامین خۆی بە وەرگێڕانی شیعری بۆدلێر و پرۆستەوە سەرقاڵ کردووە. لە ڕوانگەی بێنیامینەوە پرسیاری ئەگەری وەرگێڕان دووفاقەیە، وەکو پرسیار لە تەنیا وەرگێڕ و پرسیار لە کارە هونەرییەکە. بەڵام کە تەنیا ئەرکی خوێنەر دێتە ئاراوە، ئەو بارودۆخە پیشان دەدا، ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە، ئایا "لە ناو سەرجەمی خوێنەراندا" تەنیا وەرگێڕێک هەیە بتوانێ کۆدی کولتوورێک بۆ کولتوورێکی تر بگوازێتەوە؟ وەرگێڕی تەقلیدی وەرگێڕی میدیالیشە، کە ئەسڵێک وەردەگێڕێتە سەر میدیۆمێکی تر (وەرگێڕانی دەقێکی داستانی یان درامایی بۆ شانۆنامەیەک، کۆرێک، بۆ فیلمێکی تەلەفزیۆنی یان فیلمێکی سینەمایی)، یەکەمجار وەکو خوێنەرێک و لەم پێگەیەدا بۆ بارودۆخێکی تر وەکو نووسەر دەردەکەوێ. کەواتە بە پێی ئەم دیاریکردنە "تەنیا وەرگێڕ" سنووربەزێنە، تەنیا وەرگێڕ پسپۆڕی سنووربەزاندنێکی مەحاڵە.

پرسیاری دووەم —ئایا دەکرێ دەقێک وەربگێڕدرێ؟- زۆر زیاتر بێنیامین سەرقاڵ دەکا. چونکە وەرگێڕان، وەکو بێنیامین دەنووسێت، تەنیا لاساییکردنەوە نییە، بەڵکو شێوەیەکی زۆر جیاوازە. ئەگەر وەرگێڕان شێوەیەک بێت، ئەوا دەبێ "توانای وەرگێڕان بۆ هەندێ کار جەوهەری بێت". واتە لە وەرگێڕاندا مانایەکی دیاریکراوی کارێک زیاتر دەردەکەوێ وەکو لە ئەسڵەکە. ئەمەش فرەمانایییەکەی نییە. لێرەدا نموونەیەکی خانمە تیۆریزانی ئەمەریکی باربارا جۆنسن دەهێنمەوە. جۆنسن یەکەم ڕستەی ڕۆمانی دادگایی فرانتس کافکا بە نموونە دەهێنێتەوە وەکو ستایشکردنی شێواندن. جۆنسن دەپرسێ مرۆڤ چۆن دەتوانێ وشەی "verleumden"ی ئەڵمانی لە دادگایی کافکادا لە نیوە ڕستەی "دەبێ کەسێک بوختانی بۆ یوسف (ک.) کردبێ(٦) "وەربگێڕێ؟ وەرگێڕی ئەمەریکی بڕیاری داوە وشەی traduce هەڵبژێرێ، کە پڕ بە پێستی وشەی "verleumden" نییە. خۆیشی ئەم پرسەی خستووەتە بەر باس و قوڕەکەی بۆ وەرگێڕ خەستتر کردووەتەوە، چونکە وشەی traduceی بردووەتەوە سەر ڕەگی لاتینی وشەکە traducere کە ئەمەش بە مانای گەیاندنە ئەو بەر یان پەڕاندنەوە دێت. لە ڕاستیدا وشەی بوختان لە ئینگلیزیدا caluminate"to یان toslande"ە.

ئەم وەرگێڕانە خراپەی ئەم وشەیە، کە دەبێتە هۆی بەدحاڵی بوون بە باشی دەری دەخا، بۆچی جۆنسن وەکو "شێواندنی زمانی دایک" ناوی دەبات. واتە شێواندنی زمانی دایک بە هەردوو ئاڕاستەکەدا. جارێکیان بەرامبەر بە ئەسڵەکە و جارێکیش بەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێ. بە بێ ویست ئەم ستایشە تیۆرییەی وەرگێڕانێکی خراپ شەڕەنگێزی قووتبونەوەی ئەو پرسیارە ڕەخنەگرانەیە دەکات، ئایا ئەم وەرگێڕانە "بوختان" بەرجەستە دەکات، هێرشکردنە سەر کولتوورێکی نامۆ، کە هیچ پێوەرێک بۆ وەرگێڕانی باشی و خراپی، شیاوی یان نەشیاوی، جوانی و ناشیرینی ناهێڵێتەوە. لە جیاتی ئەمە پەیوەندییەکی پڕ کێشە لە نێوان ڕەهەندی تیۆری کولتوور و ئەدەبی-زمانەوانی دێتە ئاراوە و زۆر بە زەحمەت بە یەکەوە دەبەسترێنەوە: لە کاتێکدا

لە حاڵەتی یەکەمدا گواستنەوەی یەکەم دێڕی ڕۆمانەکەی کافکا وەکو ناوکۆیی بە بێ بەها بۆ دانان وەسف دەکا، لە ڕوانگەیەکی تەقلیدیدا پرسیاری تێگەیشتنی گونجاو لە دەق و نرخاندنی وەرگێڕان بە بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەم خانمە دەیەوێ بڵێ: ناوبانگی وەرگێڕان لە دەستپاکیی کوێرانە نییە بۆ دەقە ئەسڵییەکە، بەڵکو لە شێواندنی زمانی دایکدایە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد جۆنسن ئەمەی لە بێنیامین وەرگرتووە و بە زمانی شیعر قووڵتری کردووە. مالارمیەی شاعیر، کە وەرگێڕیش بووە، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، شیعر شێواندنی زمانە. ئەمە بە بڕشتترین مەعریفەیە کە لە تیۆری "تیۆری زمانی دایک"ی جۆنسنەوە فێری دەبین. لەم نزیکبوونەوەیەی وەرگێڕان لە شیعرەوە بە هۆی نامۆییەوە گرفتەکەی بێنیامین ئەوە ئەزموون دەکا، کە تەنیا لە ڕێی گریمانەی "زمانێکی خاوێن"ەوە دەتوانرێ "بواری زمانێکی کۆتا" چارەسەر بکرێ. لە بەرامبەر بێنیامیندا، کە ئەرکی وەرگێڕ وەکو "فریادڕەسی" "زمانی خاوێن"ی بۆ زمانی بێگانە گوازراوە دەبینێ، جۆنسۆن بۆ وەرگێڕان جەغد لە شێواندنی بەردەوام دەکا بۆ ئەوەی دەقێکمان لە بەردەستدا بێت بتوانین بیخوێنینەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ دەقەکەی بێنیامین: واتە پەیوەندییەکی تەنک لە نێوان دەقی ئەسڵی و دەقی وەرگێڕاودا هەیە. وەکو بێنیامین گوازارشتی لێ دەکا، وەرگێڕانەکان لە ڕەوتی ژیانی کارێکدا سەرهەڵدەدەن. وەرگێڕان، وەکو ئاکتێکی خوێنەر، کە خۆی دەبێتە دانەری دەقی دووەم، درێژەپێدانێکی کارەکە وەگەڕ دەخا و لەگەڵ ئەوەشدا بێنیامین لە شوێنێکدا بە مانای تێگەیشتنی ئیدیالیستی لە کارێک جەغد لەوە دەکاتەوە، کە دەقی وەرگێڕدراو هەرچی چەندە باشیش بێت بۆ ئەسڵەکە بایەخی نییە، لە شوێنێکی تردا ئەم ڕوانگەیە ئاوەژوو دەکاتەوە، کاتێ باسی ئەوە دەکات، کە لە وەرگێڕاندا مانایەکی دیاریکراوی کارە هونەرییەکە لە پاشدا دەردەکەوێ، کە پێشووتر بە پەنهانی مابووەوە. مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، وەرگێڕان بەرهەم و بەرهەمهێنەری ئەو وەرچەرخانەی زمان و مانایە، کە بێنیامین لە شوێنێکی تردا دیاری دەکا، یان بە شێوەیەکی تر بیڵێین، زیاتر چەمکی زانستی کولتوور گوزارشت لێدەکا: وەرگێڕان هەمیشە مانای ناوکۆییکردن، گوێزانەوەی کولتوور لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، لە میدیەمێکەوە بۆ یەکێکی ترە.








وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر تەنیا حاڵەتێکی دیار و دەرخەری تایبەتە. وەرگێڕانی دەقیش حاڵەتێکی ناوازەی وەرگێڕانە، بەڵام من لە ڕاستیدا کە باسی وەرگێڕان دەکەم، مەبەستم وەرگێڕانی تێکستە.

ئەگەر—ئەمەش گریمانەیەکی بە هێزی هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکیی— وەرگێڕان بێ، کە لە ژیاندا مانەوەی دەقێک مەیسەر بکات، ئەوا پەیوەندیی نێوان ئەسڵ و وەرگێڕانەکە بەراوەژوو دەبێتەوە، ئەمجا لە دیدی خوێندنەوەیەکی شیتەڵکارانە تەنانەت دەتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ، کە وەرگێڕان تا ڕادەیەک پێش ئەسڵ دەکەوێ، بە جۆرێک کە ئەوە وەرگێڕانە، ئەسڵ دەکاتە ئەسڵ، ئەسڵ دەکاتە

کاری هونەری. لە بەر ئەوەیە بێنیامین باسی "دواییتر پێگەیین"ی کارێکی هونەری دەکات، بەڵام ئەمەش گۆڕانکاریی مانا و گۆڕانکاریی ڕەگەزی شیعرییانە لە خۆ دەگرێ.

بە پێی ئەم بۆچوونە بێت ئەسڵ و وەرگێڕدراو لە پەیوەندییەکی گۆڕاوی بە یەکتر وابەستەدان. ئەمە لە ڕەگەزی زمانیاندا بەرجەستە دەبێ. یان بێنامین خۆی بەمجۆرە گوزارشتی لێدەکا: "بەمجۆرە وەرگێڕان بە بایەخە بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندیی ناوەکیی زمانەکان لەگەڵ یەکتردا. بە مەحاڵی دەتوانرێ ئەم پەیوەندییە پەنهانە بەیان بکرێت، مەحاڵە ئەم پەیوەندییە دروست ببێت؛ بەڵام دەتوانێ پیشانی بدات، لە بەر ئەوەی ئەم پەیوەندییە چەکەرە دەکا یان بە واقیع دەکرێ."

بەڵام ئەو پەیوەندییەی ئەو دوو شیعرە (شیعری ئەسڵ و شیعری وەرگێڕدراو) نایەکسانە چ جۆرێکە. بنەبڕکەر بێنیامین نکۆڵی لەوە دەکات، کە ئەمە پەیوەندییەکی لاساییکردنەوە بێ، پەیوەندییەکی هاوشێوەیی بێ، کە ڕووکەش یان پێناسەنەکراو بێت. لە ئەنجامی تیۆرییە زمانەوانییەکانەوە لە سویسێر و دوای سویسێرەوە دەتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ، کە لە ئاستی دالدا هاوشێوەییەکی لەو بابەتە هەر لە ئارادا نییە، لە بەر ئەوەی زمان و نووسین سیستەمی نیشانەی هەوەسکارین. زمانەکان لە بنەمادا هاوشێوەن، لە بەر ئەوەی زمانن و وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خزمایەتییە قووڵ و چارەنووسسازە. لە زمانی پاکژ نزیک دەبێتەوە، ئەو وەرچەرخانەی کە بە پێی ئێدموند ژابەس "هیچی زمان دەبێتە زمانی هیچ" (٧). وەرگێڕان ئەو ڕەهەندەی ئەسڵ دەردەخا، کە تیایدا بۆ مەبەستی

# وەرگێڕان واتە، شتێك وەربگێڕدرێ، كە نایەتە وەرگێڕان و لە هەموو زمانەكاندا یوتۆپی دەردەكەوێ

ڕاستەقینەی شاعیرانە دەگەڕێتەوە، واتە بۆ بیرۆکەی زمانی پاک. لەمەشەوە دیاریکردنێکی تری بەدوادا دێت: "واتە وەرگێڕان هەرچی چۆنێک بێت تەنیا شێوازێکی کاتییە، خۆ بە نامۆیی زمانەکانەوە سەرقاڵ بکەی"، کە بۆ زمان وەکو سیستەمی نیشانە ئەوەندە تایبەتە و ئێرنست کاسیرەر لە "فەلسەفەی شێوازە ڕەمزییەکان"دا لێی کۆڵیوەتەوە، کە بیروڕا فەلسەفییەکانی زمان هاوتەریب بە سوسێر گوزارشت لێدەکا، کاتێ باسی "ڕەمزییەتی دەستکرد"ی نیشانە هەوەسبازەکان دەکا. کە تیایاندا "ناوەڕۆک خۆی بۆ ئاگایی" کارەکتەرێکی نوێ دەخوڵقێنێ، لە بەر ئەوەی دیاریکردنێکی نوێ" لە خۆ دەگرێ(٨).

ئەم مەتەڵئامێزیی و نامۆییەی زمان سنوورێکی بنەماگەیی بۆ "تێگەیشتن" دادەنێ. لە بەر ئەوەی هەموو وەرگێڕانێک شتێکی کاتییە، چونکە "چارەسەری ئەم نامۆییە، بە کاتی و هەمیشەیی" لە توانای مرۆڤدا نییە. ئەگەر ناکۆکانە قسە بکەین دەڵێین تێگەیشتن تەنیا لە بەردەم پشتینەی نامۆیی بنەماگەیی زمانەوە، ئاکتێکی تێنگەیەشتنەوە سەرچاوە دەگرێ.

خزمایەتی زمانەکان بە هاوشێوەییەکی نادیارەوە بە واقیع نابێ، بەڵکو لە بیرۆکەی زمانی "پاک" ونبوودا، لەوەش زیاتر: لە وەرگێڕاندا تاسە بۆ زمانێک بە مانای شیعری ڕەهای ماڵەرمێ خۆی بەیان دەکا. "بواری کۆتایی زمان" زمانی خاوێنە، "زمانی ڕاستییە".

ئەم زمانە خاوێنە هەیە و نییە. نموونەی لە هەموو زمانەکانی ئەم جیهانەدا هەیە. بە پێچەوانەوە فونکسیۆنی (وەزیفەی) لە هاوئامێزی هەموو زمانەکاندا هەیە. وەرگێڕان واتە، شتێک وەربگێڕدرێ کە نایەتە وەرگێڕان و لە هەموو زمانەکاندا یوتۆپی دەردەکەوێ.

لەم دیاریکردنە گرنگەوە جارێکی تر جیاوازیی بنەمایی ئەسڵ و وەرگێڕان دەردەکەوێ:

١. بە شێوەیەکی نادیار ئەسڵ مایەی گواستنەوەیە، مایەی وەرگێڕانە، لە بەر ئەوەی پاشماوەیەک هەیە وەرناگێڕدرێ: بەها و زمان یەکەیەکی لە هەڵوەشاندنەوە نەهاتوو پێکدەهێنن.

بە پێچەوانەوە وەگێڕدراو نایەتە گواستنەوە، بەهاکەی هەڵدەوەرێ، لە بەرامبەر "بەها"ی ئەسڵەکەدا هەمیشە نەگونجاو، هۆڤ و نامۆ دەمێنێتەوە، زمانێکی بەرزتر لە خۆی پێکدەهێنێ.

٢. ئەسڵ نزیکە لە ساکارییەوە، جدییە و دیارە، بە پێچەوانەوە وەرگێڕان سۆزدارییە، واتە هەڵهێنجراوە، کۆتا و پڕە لە بیرۆکە.

لە بەرامبەر وتاری فرەی فەلسەفەی زماندا کە هێشتا -بە مانای گێڕانەوەی بیناکردنی بورجی بابل(٩)- کە خاڵی دەسپێکی لە زمانێکی ونبووی هەرە کۆنەوەیە. ئەم چرکەساتەی تەنیا زمانێک بەرچاو گەڕاوەتەوە، بەڵام هێشتا هەر هەموو جۆرەکانی وەرگێڕان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دەگرێتەوە. تەنیا لەمدا نامۆیی زمان دەکرێتەوە، نامۆییەک، کە هیچ پەیوەندییەکی بە نامۆیی کولتورییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە پێکهاتەیەکی تایبەتی لە-جیهان-دا بوونەوە هەیە، کە هەمیشە لە ڕێی زمانەوە دەگەیەنرێ. ئەم سنوورە لەو سنوور و لەمپەرانەدا دەردەکەوێ، کە زمانەکانی مرۆڤ بە یەکەوە دەبەستنەوە و لە هەمان کاتدا لە یەکتریان جیا دەکەنەوە. لەم دیدگایەشەوە دەتوانین لە داواکارییەکەی زانای کولتووری پۆرتوگالی ئەنتۆنیۆ

خزمایەتی زمانەکان بە هاوشێوەییەکی نادیارەوە بە واقیع نابێ، بەڵکو لە بیرۆکەی زمانی "پاک" ونبوودا، لەوەش زیاتر: لە وەرگێڕاندا تاسە بۆ زمانێک بە مانای شیعری ڕەهای ماڵەرمێ خۆی بەیان دەکا. "بواری کۆتایی زمان" زمانی خاوێنە، "زمانی ڕاستییە"






سوسا ڕیبایرۆ تێبگەین، کە داوا دەکا زانستی ئەدەب و کولتوور لە سنوورەوە دیاری بکرێ(١٠). ئەم سنوورە لە سەرەتاوە بە مانای کولتووری کەنار دەردەکەوێ، بەڵام لە کۆتاییدا لە کەناری زمانەکاندایە. هێڵێکی جیاکەرەوەی ئێتنیکی نییە، بەڵکو ئاماژە بۆ سنووری هەموو زمانەکان دەکا.
بە پێچەوانەی سەردەمی بێنیامینەوە، دەتوانرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ، دەقێکی فرە هەیە، هی ئەدەبیش، لە جیهانێکی بەگڵۆباڵبوودا، کە بۆ وەرگێڕان دەنووسرێن و ڕێ بۆ خوێندنەوە و ناوکۆیی فرە شیاو دەکەن. چەندان نووسەری زمانی بچووک هەن کە هەر لە سەرەتاوە خوێنەری ئەڵمانیزمان یان ئینگلیزیزمانیان کردووەتە ئامانج، بێگومان دەتوانرێ لە بارەی دەقە دوورەگەکانی وەکو سەلمان ڕوشدی یان دیمیتری دینێڤ(١١) و فەرەیدون زایمئۆگڵووەوە بگوترێ کە لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەکانیان لە زمانێکی تردایە، بەڵام نووسینەکانیان ڕووی لە خوێنەری زمانی ترە.
ئەوەی جێی پرسیارە، ئایا تیۆرییەکی گواستنەوەی زانستی کولتوور، تەنیا لە ڕوانگەی وەرگێڕەوە، گواسترەوە، ڕوونکرێتەوە و ئەو وەزیفانەی کە وەرگێڕان بۆ ئەو کولتوورەی هەیە، ئافەرۆز بکرێ. دەقەکەی بێنیامین لە دیاردەگەرایی وەرگێڕانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ڕوودانەکەی دژی ئەو گریمانەیەی سەرەتا —وەکو ئاکتێکی ناکۆکی هەڵسەنگاندن دەکاتەوە، کە وەکو کاری هونەری دووەم، دەقی دووەم لە زمانێکی تردا یان میدیۆمییەکی ترەوە سەرهەڵدەدا: وەکو دەبڵێک کە دەبڵ نییە. لە شوێنێکی تریشدا بێنیامین هەمان شت دەڵێ، وەرگێڕان هەمیشە ناوکۆییکردنە، گواستنەوەی کولتوورێکە بۆ یەکێکی تر، چ لە شوێندا (واتە شوینێ جوگرافی) بێت یان لە کاتدا (واتە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغیکی تر). بەمەش ئەگەر هەرگیزیش بە کۆتاییەکی سەرومڕ و تەواو نەگەین، کە کەلتووره نامۆکە تاڕادەیەک هاوئامێز بکا، دەستی بەسەردا بگرێ، بیکاتە هی خۆی و ئەوەندە ڕێ بە کولتووره نامۆکە دەدات، کە کولتووره نامۆکە -وەکو کلێشە، وەکو گێڕانەوە، وەکو گوژمەی زانست- لەو کولتوورەدا بوونی هەیە، کە ئەمڕۆ بە ئەندازەیەکی بەرزتر لە ئارادیە، وەکو سەردەمە پێش مۆدێرنەکان. پانتایی سێیەم، ئەمەش بەم نموونەیەی خوارەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ، کاتی، ناسک، لە بەیەکگەیشتنی

کولتوور و لەو حاڵەتانەدا، ئەگەر ئاکتی گەیەنراوی وەرگێڕان بە تەواوی دیاری بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ناوکۆییکردن ئەوە دەگەیەنێ: کارە بێگانەکە وەکو هی خۆ لە ئارادایە، لە ناوکۆیی هێشتا نامۆ، نەگونجاودا هاوئامێزانە. لەوانەیە ڕێکەوت نەبێ، کە وەرگێڕانەکەی بێنیامین بۆ پرۆست، کە هێندە شێلگیرانە داکۆکی لە ئامادەیی نامۆیی دەکات، لە پانتایی زمانی ئەڵمانیدا ئەوەندە بە فراوانی جێی خۆی نەگرتووە و باوەشی بۆ نەکراوەتەوە.

بەمەش دەگەینە گرفتێک، کە تۆژینەوەی زانستیی گواستنەوەی ئەدەب، بە لای کەمەوە لە سەرەتایدا ئافەرۆزی کردووە: ئەویش پرسی دەسەڵاتە. بەوە دەچێ دەسەڵات کاتەگۆری زانستی دەق نەبێت. بەڵام من بۆ هەموو ئەو پرۆسێسانەی گواستنەوە بە بایەخیان دەزانم، کە تیایاندا پەیوەندیی نایەکسانی جیۆسیاسی دەسەڵات، دانپێدانان و پێزانین بەیان دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دۆریس باخمان-مێدیک لە دەروازە پڕ زانیارییەکەیدا لە بارەی وتاری زانستیی کولتووری وەرگێڕان لە تیۆرییە پۆستکۆلۆنییەکاندا بەرز دەنرخێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەیدا ئەو هەستە لە لای مرۆڤ دروست دەبێ، وەکو ئەم نایەکسانییە، کە ئەم تیۆرییانەیان لێوە هەڵقوڵاوە ڕێزپەڕی ڕێساکە بن. بە ڕای من ئەو هەڵسەنگاندنە بێباکانە و بێپەروایانەیە، چونکە دەتوانین ببینین، کە لە پێوەری سیاسی و ئابوورییەوە —پێگەی دەسەڵاتی ئەو کولتوورە، چەقگەرایی یان کەنارگیریی کولتووری، سیاسی، ئابووری یان گەورەیی ئەو کولتوورە— نایەکسانیی گەورە لە ئارادایە. جیاوازیی کولتوورەکان کە لە وەرگێڕاندا بە باشی دەردەکەوێ، ئاماژەیە بۆ نایەکسانیی سەرسوورهێنەر و ترسێنەر لە پرۆسیسی گواستنەوەدا. کێ وەردەگێڕێ؟ کێ وەردەگێڕدرێ؟ چی وەردەگێڕدرێ؟ چی دەتوانرێ وەربگێڕدرێ؟ پێش هەموو شتێکیش: چی وەرناگێڕدرێ؟ پێگەی زمانی ئینگلیزی وەکو گرنگترین زمانی جیهان دەبێتە هۆی ئەوەی -چ لە بواری زانستدا، چ لە بواری ئەدەبدا- زۆر زیاتر لە زمانی ئینگلزییەوە وەردەگێڕدرێ وەکو بە پێچەوانەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا داخرانە بە ڕووی کولتوورەکانی تردا و ئەمە ناڕاستەوخۆ بێبایەخکردنی کولتوورە بچووک و کەنارەکانە، کە زۆرجار دەقی دانسقە و نایاب سەرهەڵدەدەن.

بە شێوەیەکی گشتیی ئەوروپای فرە زمان کولتووری وەرگێڕانە و تەنانەت یەکێتی ئەوروپا پشتگیریی وەرگێڕان دەکا. ئەم حەقیقەتە لە کتێبخانەیەکی ئەڵمانی یان نەمساویدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە بە خەمڵاندن نزیکەی ٤٠٪ لە کتێبی وەرگێڕدراو پێکدێ.

لە کاتێکدا وڵاتە بچووکەکان (زمانە بچووکەکان) بە جۆشوخرۆشەوە خەریکی وەرگێڕانن، وڵاتگەل هەن، بەوە خۆیان لە کولتووری تر دوور دەخەوە، کە یان وەگێڕان ناکەن یان زۆر کەم وەردەگێڕن: بۆ نموونە ژنە نووسەری ئەلفریدە یەلینەک نە لە ڕیاز بڵاو دەکرێتەوە نە لە قاهیرە. بۆیە کاتێک یەلینەک نۆبڵی وەرگرت، ڕۆشنبیرە عەرەبەکان دەمیان داپچڕا و چاویان زەق بووەوە کە نووسەرێکی وەکو یەلینەک نۆبڵ وەردەگرێ و ئەوان تاقە دەقێکی ئەو ژنە نووسەرەیان لە بەردەستدا نییە.

بێگومان ئەگەر زمانێک (وەکو زمانی کوردی) توانای بەرهەمهێنانی دەقێکی زۆری داهێنانی

وڵاتگەل هەن، بەوە خۆیان لە کولتووری تر دوور دەخەوە، کە یان وەگێڕان ناکەن یان زۆر کەم وەردەگێڕن: بۆ نموونە ژنە نووسەری ئەلفریدە یەلینەک نە لە ڕیاز بڵاو دەکرێتەوە نە لە قاهیرە. بۆیە کاتێک یەلینەک نۆبڵی وەرگرت، ڕۆشنبیرە عەرەبەکان دەمیان داپچڕا و چاویان زەق بووەوە کە نووسەرێکی وەکو یەلینەک نۆبڵ وەردەگرێ و ئەوان تاقە دەقێکی ئەو ژنە نووسەرەیان لە بەردەستدا نییە



جوانی نەبێ، ئەوا دەبێ دەقێکی زۆری وەرگێڕدراو بخرێتە بەردەستی خوێنەران بۆ ئەوەی تینوێتییان بۆ دەقی ئیستاتیکی دانسقە بشکێ. ئێمە هیچ ئامارێکمان لە بەر دەستدا نییە، بەڵام بە پێی ئەو لیستانەی لە بەردەستمدان دەزگای سەردەم لە ساڵی ٢٠٠٨دا نزیکەی ٧٠٪ ئەو کتێبانەی بڵاوی کردوونەتەوە وەرگێڕان بوون و یانەی قەڵەم لە کۆی ئەو ١٠١ کتێبەی هەتا نووسینی ئەم وتارە بڵاوی کردووەتەوە نزیکەی ٤٥٪ کتێبی وەرگێڕانە.

زمانی سێیەم، بە هارمۆنی بۆ هاوپەیوەندیی دەستەڵاتی گلۆباڵ دەگەڕێتەوە، لە ژێر دراوەکانی ژیارێکی گلۆباڵی کولتووری ماسەدا زمانی ئەفسانەیی و خاوێنی مالەرمێ و بێنیامین نییە، بەڵکو ئینگلیزیی ئەمەریکایە، کە بە پێی سەرجەمی پێکهاتەی خۆی بەرهەمی چەندان کولتووری کۆچبەرییە، واتە دووڕەگە و لە هەمان کاتدا بەرەو دەرەوە داخراوە و ئەوەی لەم زمانەدا ئامادەیی نەبێ، گەردوونگەرا دەرفەتی نمانایی نییە. ئەم گۆڕینەوەیە لە بواری ڕەمزی کولتووردا لە ناوکۆیی گەردوونگەراییدا بە تۆپزی دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زۆربەی زمانە بە ناو بەرزەکان بۆ زمانی گلۆبالی ناوچەیی بچووک دەبنەوە، زمانگەلێکی، کە تەنیا لە ناوکۆییەکی ڕۆژانەی دیایکراو بەکاردەهێنرێن و نەوەک سەرجەمی جیهانی ژیانیش، لە بواری وەکو زانست، تەکنیک، ئابووری یان یاسادا، بە ڕەمزی توانای پێکهاتنیان هەیە. بە جۆرێکی تر وەکو یوتۆپیای سیاسەتی گەردوونگەرایی ئەدەبی جیهانی بە شێوازی گوێتە، زۆربەی ئەدەبی ئەم جیهانە دەبێتە ئەدەبی ناوچە، لە کاتێکدا ئەگەر زۆر بڕ بکا، بێگانەیی لەو کارانەدا دەردەکەوێ، کە تێمای وەرگێڕان، ئاوێتەی ڕەمزی، هاوجۆری و دیالەکتیکی جیهانە نائینگلزییەکان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. من دڵنیام ئەگەر خالید حوسەینی ڕۆمانەکانی نە یەکێک لە زمانەکانی ئەفگانستان بنووسیبایە نەک بە ئینگلیزی ئەوا نە بۆ ئەو زمانەی دنیا وەردەرگێڕدرا و نەیش ئەو ناوبانگەی بە نسیب دەبوو، هەرچی چەندە هەمان دەقە، ڕەنگ بوو ئێمەی کوردیش هەرگیز ڕۆمانەکانیمان بە کوردی نەخوێندایەتەوە.

بەمەش دەگەمە خاڵی کۆتایی. پێودانگی بێنامین ئەوە بوو: بواری سێیەمی مەزوعی بوونی نییە، کە بتوانێ بڕیاری ئەوە بدات، بەڵام ڕەهەندی مێتا-زمان لە ئارادیە، کە لەگەڵ ئەوەشدا نامۆ و داخراوە و هەموو شیعرێک پشتی پێ دەبەستێ و لە وەرگێڕاندا بەرجەستە بووە. ئەگەر مرۆڤ واز لە گریمانەی ئەفسانەیی زمانی ونبوو بهێنێ، ئەمجا ناوکۆییکردن، واتە شێوەیەکی توانەوەی کولتووری ئەسڵی، لە ئاکتێکی بێدەنگی مامەڵەی ڕەمزیدا لە هەمان کاتدا کولتووری خۆیش دەگۆڕێ. ئەمە وەکو نموونییەکردن ڕەفتار دەکا: تێگەیشتن و بەدحاڵیبوون لە ناو نابرێن. بەدحاڵیبوون لە کولتوورێکی نامۆ لە ناو مەرجە شیاوەکانی ناهاوسەنگیدا پێشمەرجی ئەوە پێکدەهێنێ، کە ئێمە لە ناوکۆیی کولتووری خۆماندا دەتوانین لێی تێبگەین. ئەو جیاوازییەی لە ئاکتی وەرگێڕانی ئەدەبیدا دەردەکەوێ، هەرگیز درێژخایەن نییە. کولتوورەکان خۆیان دادەخەن و بەمەش جیاوازی دەخوڵقێنن، داخرانێک کە لەوانەیە خەیاڵی بێت، بەڵام زۆر کاریگەرە. ئەو وێنایەی، کە کولتوور تەنیا دەتوانێ خوڕ، پەرەپێدراو و هەمەچەشن بێت، ئەم یوتۆپیایەی کولتوورگەرای جیاوازیی چێکراوەی شۆڕشێکی بەردەوامی کولتووری، کە لە زانستە

# کولتوورەکان خۆیان دادەخەن و بەمەش جیاوازی دەخوڵقێنن، داخرانێك کە لەوانەیە خەیاڵی بێت، بەڵام زۆر کاریگەرە

کولتوورییەکانی ئەمڕۆدا لە ئارادایە، ناتوانێ بە بەردەوامی خۆی ڕاگرێ. جیاوازییەکی بنەڕەتیی گەورە لە نێوان ئەوەدا هەیە، ئایا مرۆڤ وەرگێڕان لە ڕوانگەی وەرگێڕەوە یان ئەو زۆرینەیەی خوێنەرانەوە ڕاڤە دەکات، کە تەنیا دەقی وەرگێڕدراو، واتە لە لایەنی کولتوورییەوە ئاساییکراو دەخوێننەوە، کە نامۆیی کولتووری بێلایەن کراوە، بەوەی، کە لە کولتوورێکی نامۆدا نماماگەر دەبێ. بێگومان دەتوانین لە وەرگێڕان وەکو ئاکتی کرانەوە بۆ بێگانە تێبگەین، بەڵام مژینی ئەم کولتوورە بێگانەیە ئەنجامگیریی نەخوازراویشی هەیە.

دیدی بێنیامین، کە لە کاری وەرگێڕانەوە وەدەستی دەهێنێ: ڕوانین بە سەر نامۆیی بنەماگەیی مانادا، کە تەنیا لە ڕێی فرەزمانیی خەڵکەوە دەردەکەوێ. لە نێوان ئەمە و توانایی یان بێتوانایی زمانمانەوە پەیوەیدییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. لەو شوێنەدا کە ناتوانین وەربگێڕین پێویستمان بە وەرگێڕێکی لێزان هەیە، کە بۆمان وەربگێڕێ. تەنیا: ئەزموونی وەرگێڕانیان زۆربەی جار بە بێ دانپێدانان دەمێنێتەوە. زۆر جار دەبینین بایەخ بە شاعیرێک، چیرۆکنووسێک، ڕۆماننووسێک کە ڕێزمانی زمانی کوردی بە باشی نازانێت زیاتر دەدرێت و پێگەی بەرزترە وەکو لە وەرگێڕگەلێکی بە سەلیقە و بە توانای وەکو ئازاد بەرنجی، حەمەکەریم عارف، عەزیز گەردی، هتد.

لە دواییشدا وەکو دیاردەگەرایی هوسەرل و دەروونشیکاریی فرۆید فێرمان دەکەن، نامۆیی ڕاستەقینە لە دەرەوەی ئەو شتەوە دەمێنێتەوە، کە بە دوایدا دەگەڕێین: لە دەرەوی جیاوازیی زمان، ئێتنیک، ئایین یان ڕەگەز. ئێمە دەبێ ئەم پەردەیە بدرین، بۆ ئەوەی بەو نامۆییە بگەین، کە زمانی شیعر دەیکاتە تێما: ئەو شتە پەی پێ نەبراوەی، تەنیا لەوێدا بەر نیگا دەکەوێ، کە زمان دەگاتە سنوورەکانی: لە شیعردا.

## پەراوێزەکان:

١ Doris Bachmann – Medick, Cultural Turns. Neuorientierung in den Kulturwissenschaften, Reinbek, ٢٠٠٦. Rowohlt, S. ٢٤٧

٢ Roland Barthes, Mythen des Alltags, Frankfurt/ Main, ١٩٦٤

٣ Doris Bachmann – Medick, Cultural Turns. Neuorientierung in den Kulturwissenschaften, Reinbek, ٢٠٠٦ Rowohlt, S. ٢٤٣

٥ Die Aufgabe des bersetzers ٤ لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی دوو مانای هەیە، یەکێکیان بە مانای ئەرک دێت و دووەمیان بە مانای دەستبەردان دێت، واتە ئەم ناونیشانە دەتوانرێ بە "ئەرکی وەرگێڕ" یان "دەستبەردانی وەرگێڕ" بەرچڤە بکرێ
Walter Benjamin, Gesammelte Schriften, Band IV/I, Suhrkamp, Frankfurt/ Main, ١٩٧٢, S.٩

٦ Franz Kafka, der Proze, Suhrkamp, Frankfurt/ Main, ٢٠٠٥. S.٧, (Jemand musste Josef K. verleumdet haben, denn ohne dass er Bses getan hatte, wurde er eines Morgens verhaftet.")
(Someone must have traduced Joseph K., for without having done anything wrong he was arrested one fine morning.")

عەتا نەهایی ئەم ڕستەیەی لە فارسییەکەوە بەمجۆرە کردووەتە کوردی: "حەتمەن کەسێک بوختانی بۆ یوزف (ک) کردبوو، چونکە بێتەوەی تاوانێکی کردبێت، بەیانییەک هاتن و دەستبەسەریان کرد"، بڕوانە فرانتس کافکا، دادگایی، و: عەتا نەهایی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١

٧ Edmond Jabes, Vom Buch zum Buch, Hanser, Mnchen, ١٩٩٨

٨ Ernst Cassirer, Philosophie der symbolischen Formen, Darmstadt, ٢٠١٠, Bd. ١. S.٤٣

٩. بیناکردنی بورجی بابل لەگەڵ پشێویی زمانی بابلیدا، لەگەڵ کەمیشیدا،کە تەنیا لە نۆ کۆپلە پێکهاتووە یەکێکە لە چیرۆکە بەناوبانگەکانی ئینجیلی کۆن. لەوێدا باسی هەوڵی مرۆڤ دەکا بە بیناکردنی بورجی بابل خۆیان بگەیەننە ئاستی خوا. لەبەر ئەم بەرزەفڕییە خوا سزای گەلان دەدا، کە پێشووتر زمانێکی هاوبەشیان هەیە، زمانەکەیان دەشێوێنێ و بە هەموو جیهاندا بڵاودەبنەوە و دەبنە ئاردی بن دڕکان.

١٠. دیمیتری دێنەڤ نووسەرێکی بولگارییە و ئێستا لە نەمسا دەژی و بە ئەڵمانی دەنووسێ

١١. فەرەیدون زایمئۆگلو نووسەرێکی تورکە، لە ئەڵمانیا دەژی و بە ئەڵمانی دەنووسێ.



# وەرگێڕان

## باشترین خوێندنەوەیە



**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

...لەو بڕوایەدام لەو ڕۆژەوەی وەرگێڕان هەیە، هەر ئەم مێژووە بۆ خۆی بریتییە لە سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون، چونکە وەرگێڕان بوارێکە کولتوورەکان و ئەدەبەکان و زمانەکان تێکەڵی یەکتر دەبن و کاریگەری لەسەر یەکتر دەکەن، بێجگە لەمە هەر ئەم دیاردەیەی کاریگەریی گواستنەوە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری، پاشان هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک بواری تر وەک بەراورد و تێکەڵبوونی شارستانییەکان و بە یەک گەیشتنیان، کە وەرگێڕان بە یەکێ لە هۆیەکانی گواستنەوەی ئایدیا و ڕوانینەکان دادەنرێ. لەم ڕووەوە دەتوانم وێنەیەکی جوانتان بۆ بهێنمەوە، کە هەڵکەوتێکی دەگمەنی هەیە لە مێژووی وەرگێڕان

## من وەرگێڕان دەکەم، بۆ ئەوەی ئەم ئەدەب و ڕوانینە مەزنانە بهێنمە ناو ئەدەبی کوردی، کە پرسیار لە تەواوی بوونی ئینسان دەکەن

و گەشەسەندنی وەرگێڕان لە ئەدەبی جیهانی و نزیککردنەوەی کولتوورەکان لە یەکتری، هەر ئەم نموونەیەش بۆ خۆی بە یەکێ لە دیاردە بێهاوتاکەی ئەدەبی بەراوردکاری لە قەڵەم دەدرێ (هەڵبەت ئەدەبی بەراوردکاری وەک پراکتیک نەک وەک تیۆریا)، چونکە ئەمەی دوایی مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، بە تایبەتی بۆ ڕوانین و ئایدیاکان و تێزەکانی نووسەری فەڕەنسی «ڤان تییگەم» و نووسەری ئینگلیز «ماتیۆ ئارنۆلد»، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم بوارە دەکەوێتە ناو نوێبوونەوە و بەرکەوتنی بە مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتێ.

بۆ نموونە لە سەردەمی ساسانییەکاندا، بە تایبەتی لە سەردەمی خوسرەوی ئەنوشیروان (سەدەی شەشەمی زایینی) پزیشکی تایبەتی خۆی «بەرزەوییە» کتێبی (پنج تانترا) هیندی، کە گوایە لە لایەن «بەیدەبا» نووسراوە، بۆ زمانی پەهلەوی وەردەگێڕێ. پاڵەوانەکانی ئەم داستانە هەمووی گیانەوەر بوون، ئەمانەش لە هیندی ئەو سەردەمە بە (کاراتاکا) و (دامانا‌کا) ناسراو بوون. هەمان کتێب لە لایەن نووسەری فارسی «عبدالله بن المقفع» لە پەهلەوییەوە دەکرێتە عەرەبی بە ناوی (کلیله و دمنه)، ئەم کتێبە بێگومان بە خراپی کراوەتە کوردی، لەو بڕوایەدام دەبێ جارێکی تر یەکێکی تری عەرەبیزان و کوردیزانێکی نایاب بیکاتەوە کوردی. پاشان دەیان وەرگێڕانی تر و ئامادەکردنی تر لەم داستانە دەرهاتوون، هەر لە سەدەی پانزە جارێکی تر هەمان داستان لە لایەن (حسین واعظ کاشفی)یەوە دەکرێتەوە فارسی، دەبینین دوای ئەوەی لە ڕێگەی ئەم وەرگێڕانە نوێیە کۆنەی فارسی دەکەوێتە ناو ئەدەبی ئەورووپی، بە تایبەتی ئەدەبی فەڕەنسی، لێرەوە کاریگەرییەکی مەزن دروست دەکا، داستانەکانی لافۆنتێن کە بە «ڕازەکانی لافۆنتێن Les Fables de La Fontaine) ناسراون بە کاریگەریی «کلیله و دمنه» نووسراون، لە لای ئەویش پاڵەوانەکان گیانەوەرن. ئەمە تەنیا نموونەیەکی سادەیە بۆ کتێبێک لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا، کە چ کاریگەری و ڕوانینێکی لە جیهاندا دروست کردووە، کە بێگومان قوڵایی کێشەی وەرگێڕان پیشان دەدا وەک دیاردەی کولتووری و ئەدەبی و هەتا تەکنیکییش.

ئەمڕۆ، وەرگێڕان وەک کولتوور و ترادیسیۆنال (نەریت)ێکی لێ هاتووە و بووەتە هۆکارێکی مەزنی نوێبوونەوە و وەرچەرخانی ڕۆشنبیری بە گشتی و دەرچوون لە لۆکالیزم و چوونە ناو بەجیهانیبوون و مۆدێرنیتێ، بەڵکو وەک نەریتێکی مۆدێرنیتێ چاوی لێ دەکەن. بۆ نموونە کارەکانی بۆرخێس کە دەشێ بە ڕای من بە نموونەیەکی جوان دابنرێ بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی، کە تەواوی ئەدەبیاتی وەرگێڕاوی جیهان کاریگەرییان لەسەری هەبووە. بێگومان نموونە زۆرە و لێرەوە بواری ئەوە نییە زیاتر لێی بدوێین، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە گرینگ و پڕ بایەخە ڕوانینی خۆمە بۆ وەرگێڕان: من بۆ وەرگێڕان دەکەم؟ چی وەردەگێڕم؟

پێش هەموو شتێک من بابەتێک وەرناگێڕم پەیوەندیی بە فیکر و ڕوانین و فەلسەفەی خۆمەوە نەبێ، دەتوانم بڵێم ئەمە ئەو بنچینەیەیە، کە لە سەری دەڕۆم. من باوەڕم بەوە نییە وەک دەگوترێ کەلێنەکانی ئەدەبی کوردی و کتێبخانەی کوردی پڕ

ئەمڕۆ، وەرگێڕان وەک کولتوور و ترادیسیۆنال (نەریت)ێکی لێ هاتووە و بووەتە هۆکارێکی مەزنی نوێبوونەوە و وەرچەرخانی ڕۆشنبیری بە گشتی و دەرچوون لە لۆکالیزم و چوونە ناو بەجیهانیبوون و مۆدێرنیتێ، بەڵکو وەک نەریتێکی مۆدێرنیتێ چاوی لێ دەکەن. بۆ نموونە کارەکانی بۆرخێس کە دەشێ بە ڕای من بە نموونەیەکی جوان دابنرێ بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی، کە تەواوی ئەدەبیاتی وەرگێڕاوی جیهان کاریگەرییان لە سەری هەبووە




بکەمەوە، بەڵکو من دەمەوێ کەلێنی تری لێ دروست بکەم. پاشان ئەم کەلێنانە ئەوەندە زۆرن بە من پڕ ناکرێنەوە، بەڵکو ئەوەی بە لامەوە گونجاوە ئەو کولتوور و فەلسەفەیە بهێنمە ناو کورد، کە خۆم باوەڕم پێیەتی، ئەمەش لە دەوری تەواوی ئەو ڕوانین و فەلسەفە نوێیەی پەیوەندییان بە مەسەلەی بوون و زەمەن و ژیانی مرۆڤەوە هەیە، وەک چارەنووس و بوونێکی ڕووت و وەک شارستانی، ئەمانەش هەمووی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ فەلسەفەی بوونگەرایی نوێ و بێهوودەیی نوێ. لە وەرگێڕاندا ئەوانەی زیاتر لە ڕوانینی منەوە نزیکن بەرهەمەکانی کافکا و ئەلبێر کامو و سارتەر و پاسترناک و دینۆ بوتزاتی، هارۆلد پینتەر و یۆژین یۆنێسکۆ و دەیانی ترن... من وەرگێڕان دەکەم بۆ ئەوەی ئەم ئەدەب و ڕوانینە مەزنانە بهێنمە ناو ئەدەبی کوردی، کە پرسیار لە تەواوی بوونی ئینسان دەکەن، کە لە ناو چ پێکهاتەیەکی فیزیکی و دەروونی دەژین، ئینسان یانی چی، ژیان یانی چی، ژیانمان بە یەکەوە یانی چی، لە وەرگێڕانەکانی ئەم دواییەش، کە ئەوەندە نین بڵاو بوونەتەوە، لە لایەن (ڕەخنەی چاودێر)ەوە، وەک ڕۆمانی «سەحرای تەتەران» و «هەڵبژاردەیەک لە شیعری فەڕەنسی»، ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە.

سەرەنجام من وەرگێڕان ناکەم وەک کارێکی میللی ئەدەبیانە، وەرگێڕانەکانم هەموویان بۆ دروستکردنی کولتوورێکە کە پەیوەندیی بە ڕوانین و فەلسەفەی خۆمەوە هەیە و باوەڕیشم بەوە نییە وەک پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی، خوێندنەوە بۆ خوێنەرانی کورد دابین بکەم. ئەمە کاری ئەوانەیە، کە وەرگێڕانی ئەدەبی وەک پیشە دەکەن، بێگومان ئەمانەش لە ناو کورددا ئێستا زۆر بوونە.

بەڵام وەرگێڕان چۆن دەکەم، ئەمەیان کارێکی هەتا بڵێی تاقەتپڕووکێن و وەختبکوژە. پرۆسەی وەرگێڕان لە لای من زۆر بە شێنەیی دەچێتە پێشەوە، هەوڵ دەدەم زمانیش تا ئەوپەڕی توانای خۆی ببەم، هەوڵ دەدەم ڕۆحی بابەتەکە بە هەموو جوانی و شێواز و جیهانبینیی ناوەوە و کاری فۆرمالیزمی تایبەت بە بابەتەکە، واتە لە مەسەلەی نووسین و لایەنی شێوازەوە وەرگرم، لە ناو کوردیدا وەک خۆی دایبرێژمەوە، بەڵام بە زمانێکی کوردی و کوردییانە، لە هەمان کات تازە و نوێ، کەسایەتی و خەسڵەتە دەوڵەمەندەکانی زمانی کوردی دەرکەون و زمانی کوردی لەگەڵ مەزنیی تێکستەکە بگونجێندرێ و بچێتە سەرەوەی ئەمەش، ئەمەش لە وەرگێڕانەکانمدا هەستی پێدەکرێ. سەرەنجام لەو بڕوایەدام هەروەکو نووسەری ئەمریکی «پۆل ئۆستر» دەڵێ: وەرگێڕان باشترین خوێندنەوەیە.

زۆر باوەڕم بەم قسەیە هەیە، ئەم باشترین خوێندنەوەیە قەت ناشێ ببێتە حاڵەتێکی میللی و سەرتاپاگیری، بەڵکو هەردەم لە سەر ئاستی تاکەکەس دەمێنێتەوە.



# وەرگێڕان

## وەك پێویستییەكی ئەمڕۆ



ڕەووف بێگەرد

*ئەگەر زمان تاقە هۆی سەرەكیی پەیوەندییە جۆراوجۆرەكانی مرۆڤ بێت لەگەڵ یەكتردا و بەستنەوەی ڕابردوویان بێت بە ئێستاوە، ئەوا وەرگێڕان، دنیای پێک گەیاندنی ڕۆحی ئەو مرۆڤانەیە بە یەكتری. بەو مانایەی كە تەنیا وەرگێڕانە، نهێنییەكانی مرۆڤ، بە هەموو سیحر و ختوورە و مەترسییەكانییەوە دەكاتە ئەزموونێكی ئامادە بۆ سەرنجدان و دۆزینەوە و كەڵك لێ وەرگرتن. ئەمە بێجگە لە گوێزانەوەی ئەو زانست و بەهرە و توانایانە، كە وەک ئەنجام دەبنە كولتووری مرۆڤایەتی بە گشتی و نزیكبوونەوەیان لە یەكدی بە تایبەتی.




ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە زۆربەی میللەتان بێ کتێبخانە دەبوون. گەلە دواکەوتووەکانی ئەم سەرزەمینە بەتایبەتی ئەوانەی نە پرشنگی شارستانییەتیان بەرکەوتووە و نە هۆکارە بابەتی و تایبەتییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە بۆ بەرەوپێش بردنیان، لە سەر زەوییەکی ڕەقوتەقی ڕۆشنبیری دەژین، کە هیچ داهێنانێک بەرهەم ناهێنێت. ئەو زەمینەیە لەلایەک بێهێز و توانایە و لەلایەکی ترەوە بێ خاوەنە، چونکە خاوەنەکانی لەوە دەستەپاچەترن فریای هیچی تر بکەون، یان ئەسڵەن هەست بەو قەیرانە ناکەن و لەوانەیە لەبەر ئەوەی دەرگەکانیان لێ داخراوە، یان خۆیان دایان خستووە و چ هەوایەکی پاکژیان بۆ نایەت، وا بزانن ژوورە داخراوەکەیان جوانترین ژوورە و هەواکەیشیان پاکژترین هەوای دنیایە، ئیتر ئەمە کارەساتی لێکدابڕان و تەریکی و خۆنەناسینە!

وەرگێڕان ئەو پردە هەرە ناوازەیەیە، کە هەموو کولتوور و ئەزموونەکان پێک دەگەیەنێت و لە دواجاریشدا خۆتت پێ دەناسێنێت. وەرگێڕانە پێت دەڵێت تۆ چ پنتێکیت لەناو مێژووی هەزاران ساڵەی فەرهەنگ و شارستانی و زانست و ڕووداوە هەرە گەورەکانی سەر ئەم ئەستێرەیەدا! تۆ تا ئێستا چیت کردووە؟ چیت بەرهەم هێناوە؟ بۆ کوێ دەچیت؟ ئایا ئەوەی ئێستا لەبەر دەستدایە ڕووی خۆنمایشکردنی هەیە؟ ئایا لەنێو ئەم کاروانە گەورەیەی ڕەوتی مرۆڤایەتیدا تۆ چ پنتێکیت؟ دەتوانیت بڕۆیت یان دەوەستیت، یان خەونی ڕۆیشتنت هەیە؟ بەڵام ئەوە بزانە نهێنیی مانەوەی تۆ لەنێو ئەم ڕەوتەدا بەندە بە خۆگونجاندن و کونپشکنی و هەوڵێکی ماندوونەناسانە و پاشانیش خۆڕزگارکردنە لەو قاوغەی دەیان و سەدان ساڵە دابونەریتێکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی تا دێت ئەستوورتری دەکات و ڕێگەی خۆگۆڕین و بەزاندنیت لێ دەبەستێت.

هەموو ئەم قسانەم بەتایبەتی لەگەڵ فەرهەنگ و ڕووناکبیری و شارستانییەتی کورد و بزاڤی وەرگێڕانە لە کۆن و ئێستایدا. ئێمەی کورد لە بواری زانست و فەرهەنگی پێشکەوتووی دنیا و بە گشتی مەعریفەدا سفری دوای فاریزەین (ناگەڕێمەوە سەر هۆکارەکان)، بەڵام ئەوەندە دەڵێم با خۆمان بناسین! خۆناسین نیوەی بڕیاردان و بەرئەنجامەکەیە. کە خۆمان ناسی واتا شارەزای کون و دەلاقە و بۆشاییە هەرە گەورەکانی ناوەوەی خۆمان دەبین، کە ناچارین بۆ چارەسەرکردنیان بگەڕێین. باشە دەشێت میللەتێک چەند فەرهەنگێکی زمانی خۆی نەبێت، کە جێی بڕوا و پشت پێ بەستنی وەرگێڕبێت؟

من کە لە ناچاریدا دەست بۆ فەرهەنگ دەبەم،

هیچی کوردیم نایەتە بەردەست. ڕاستە هەیە بە کوردی نووسراوە، بەڵام من چی لە وەرگێڕانی مونجیدی عەرەبی و عەمیدی فارسی بکەم؟ ئاخر خۆ ئەمانە فەرهەنگی زمانی کوردی نین! ئەوەیش کە کراوە بێجگە لە مانای کۆمەڵێک زاراوە و ناوی سەردەمی شوانکاریەتی و کشتوکاڵکردن هیچی تر نین. ئاخر بەم فەرهەنگانە تەرجەمەی تەکنەلۆجیا هەرەفراوان و جۆربەجۆرەکانی ئەم سەردەمە دەکرێت؟ تەنانەت وەرگێڕانی ئەدەب و هونەر و رووناکبیریی ئاساییش بێ خەم و ئازار چەشتنی زۆر بەسەر وەرگێڕدا تێناپەڕێت.

لێرەدا هەقمە ئەوەیش بپرسم، کە تا ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری بۆ بواری وەرگێڕان چیی کردووە؟ لە کاتێکدا دەبێت بزانێت بایەخی وەرگێڕان چییە و چۆن دەبێت وەک پرۆژە دەستی پێ بکرێت، راستە بزاوتێکی وەرگێڕان ئێستا لە کوردستاندا هەیە، بەڵام بێ بەرنامە و بە شێوەی رەمەکی و هەرکەسە بۆ خۆیەتی. کۆڕی زانیاریی کورد دەڵێن هەیە و مووچەی لەسەر وەردەگیرێت، ئەگەر وایە کام پرۆژەی بۆ جوڵاندنی ئەم پرۆسەیە لەبەر گرتووە؟ ئاخر کە بزاوتەکە تاقەکەس و بۆ هەر مەبەستێکی تایبەتیی خۆی بێت بکرێت، زۆر و بۆر دەردەچێت. بەم شێوازە بزاوتی وەرگێڕان زیانی زۆرتر دەبێت لە قازانجی. من بەو سیفەتەی لە دەزگای سەردەم و بە تایبەتی لە گۆڤارێکدا کار دەکەم کە تایبەتە بە وەرگێڕانەوە، باش ئاگام لە وێرانەی دنیای وەرگێڕانە. وێرانەیەک کەس خۆی بە بەرپرس نازانێت و فلتەرێک نییە کارەکانی پیادا تێپەڕێت. کێشەکە لەوەدایە ئەو بەرهەمەی تۆ پەسەند ناکەیت و ڕەتی دەکەیتەوە، دوای چەند رۆژێک




لە چاپەمەنییەکانی تردا بڵاو دەبێتەوە، ئەو کتێبەی وەرگێڕەکە لە زمانێکی ترەوە کردوویەتی بە کوردی، بێ ئەوەی ئاگاداری خەسڵەتی فەزا و شێوازی نووسینی نووسەرەکە و ئاهەنگ و تەنانەت مانا و مەبەستی تەواوی کارەکە بێت و تۆ ڕەتی دەکەیتەوە، لەپڕێکدا لە دەزگە و کانوونێکی تری رۆشنبیرییەوە سەردەردەهێنێت و ڕەنگە خوێنەری بێئاگا و کۆڵەواریش زۆری لا پەسەند بێت! ئەو ناهەقی نییە، چونکە نە زمانەکەی تر دەزانێت و ئەگەر بیشی زانێت ناچار نییە ئەم هەموو بەرهەمانە بەراورد بکات. وەرگێڕان لە ڕووی عەمەلییەوە زۆر ئاسانە، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە گەلێک سەختە. بە قەولی (بندوکروچە) وەرگێڕان خیانەتە، چونکە زۆر لەلایەنە جوانییەکانی دەق وەک مۆسیقا و فەزا و کاریگەرییەتیی تێکستەکە لەناو دەچێت، بەڵام خیانەتێکە ئەگەر وەرگێڕ بتوانێت بە ئەمانەتەوە بیکات و بە ڕاستی خۆی لەگەڵدا ماندوو بکات و عاشقی بێت، وەک ماچێکی حەرامی کچێکی زۆر جوان وایە، کە بە حەز و ئارەزووی خۆیەوە بتداتێ و خوا دەتگرێت ئەگەر نەیکەیت.

وەرگێڕان لە ڕووی عەمەلییەوە زۆر ئاسانە، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە گەلێک سەختە. بە قەولی (بندوکروچە) وەرگێڕان خیانەتە، چونکە زۆر لەلایەنە جوانییەکانی دەق وەک مۆسیقا و فەزا و کاریگەرییەتیی تێکستەکە لەناو دەچێت، بەڵام خیانەتێکە ئەگەر وەرگێڕ بتوانێت بە ئەمانەتەوە بیکات و بە ڕاستی خۆی لەگەڵدا ماندوو بکات و عاشقی بێت، وەک ماچێکی حەرامی کچێکی زۆر جوان وایە، کە بە حەز و ئارەزووی خۆیەوە بتداتێ و خوا دەتگرێت ئەگەر نەیکەیت



# پاچڤە و
# راپەڕینی کولتووری

حەمەکەریم عارف

«١»

به درێژایی مێژوو ئەوە ساغ بووەتەوە، کە وەرگێڕان و پاچڤە نەک هەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە تازەبوونەوە و تازەگەرییەوە هەیە، بەڵکو یەکێکە لە فاکتەر و کۆڵەکە گرینگەکانی ڕێنیسانسی هەمەلایەنەی میللەتان، واتە تازەبوونەوە و ڕێنیسانس لە هەموو سەردەمێکدا قەرزاربارى وەرگێڕان و پاچڤە بووە. خۆ ئەگەر کەموکووڕییەک لە یەکێک لە کایە و مەیدانەکانی نوێگەری و مۆدێرنیتەدا بەدی بکرێت و هەبێت، یەکێک لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی و کیماسیی بواری پاچڤە، کە بیروبۆچوونی گەلانی دیکەی بە دروستی نەگواستووەتەوە، یان ئەگەر گواستبیەتییەوە، بە نیوەچڵی گواستوویەتییەوە.. کە ئەمەیان کارێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر ویستت میللەتێک کۆڵەوار و داماو بکەیت، بیکەی بە گەپجاڕ و عاجباتی، ئەوا حەقیقەتی لێ بشارەوە، یان بە نیوەچڵی بیخە بەردەستی، هەنگێ خۆبەخۆ و بەرەبەرە دەپووکێتەوە و لێدەبێتەوە.

# وەرگێڕان یەکێکە لە فاکتەرە گرینگ و بەهادارەکانی زەنگینکردن و ڕەنگینکردنی زمان

هەڵبەتە بابەتی ئەم نووسینە زیاتر باسی ئەدەبیات و رۆشنبیری و زمان و شێوازی پاچڤە و وەرگێڕانی باش و خراپ و توانایی پەرەسەندن و گەشەکردن و پێشڤەچوونی زمانی کوردییە، لە بوارە کولتووری و رۆشنبیرییە جیاواز و هەمەجۆرەکاندا، کە خۆی لە خۆیدا لایەنێکە لە لایەنە زۆر و زەبەند و هەمەجۆرەکانی تازەگەری و نوێگەری و رێنیسانس.. هەڵبەتە هەر گرووپ و میللەتێک بیەوێ بگاتە قۆناغی تازەگەری و رێنیسانس، دەبێت لە خەم و بیری ئەوەدا بێت، کە ببێت بە خودانی ژێرخانێکی هزری و کولتووری و ئەبستمۆلۆجی، چونکە چەند لە مەیدان و زەمینەی مادیدا پێشکەوتووش بێت، بە بێ ژێرخانێکی هزری و ئەبستمۆلۆجی بتەو، بە مەرام و ئاوات ناگات. یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم ژێرخانسازییە، پرۆسەی بەرنامەداری وەرگێڕانە. دیارە وەرگێڕان دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو جیهانی هزرینی مۆدێرن و دنیای شارستانییەتیی میللەتانی دیکە و ئاشنابوون بە شێوەی نۆڕین و دیدی بێگانان، دەربارەی دیاردە و ڕووداوە مەتریالی و میتافیزیکییەکانی دنیا.. دیارە ئەگەر ئەم پرۆسەیە، واتە وەرگێڕان، پرۆسەیەکی بەرنامەداری سیستەماتیک بێت، بۆ خۆی بزاڤ و بزوتنەوەیەکی ئەبستمۆلۆجی چێ دەکات و لە هەموو بوارێن جڤاکی، رۆشنبیری، رامیاری، هزری، هونەری و فەلسەفیدا، رەنگ دەداتەوە و کەموزۆر دەیانجووڵێنێت. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا، سەرباری ئەو پاشاگەردانییەی کە راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ زۆربەی بوارە مادی و مەعنەوییەکانی ژیانی کوردەواری گرتووەتەوە -کە پێم وایە پاشاگەردانی و ئەنارشیزم زادەو دەرهاویشتەی هەموو گۆڕانکارییەکی گەورەیە-




کۆمەڵێک جموجوڵ و دیاردە دەبینین، کە پێشتر لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە و رەنگە ئەگەر بگوترێ، یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەم جموجوڵ و دیاردەیە، وەرگێڕان و پرۆسەی وەرگێڕانە -کە ئەویش لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەییدا دەژی، کە رەنگە بۆ ئەم قۆناغە و تا دەکەوێتە سەر ڕاستەڕێگەی خۆی ئاسایی بێت- نەبێت بە زێدەرۆیی.. کە خواستی مافی مرۆڤ و ئازادیی تاک و دیموکراتییەتخوازی لە سەرلەبەری کایەکانی ژیاندا، یەکێکە لەو دیاردانە و خەڵکانێک خۆی لێ بەخاوەن دەکەن. دیارە ئەم دیاردەیە زادەی زەرووڕەتی مێژوویی قۆناغەکە و دەرهاویشتەی تەماسی رۆشنبیری و ئەبستمۆلۆجییە لە رێگەی وەرگێڕانەوە تەنیا لە مەیدانی هزرینی سیاسی و جڤاکیدا قەتیس نەماوە، بەڵکو پەلوپۆی

هەر گرووپ و میللەتێک بیەوێ بگاتە قۆناغی تازەگەری و رێنیسانس، دەبێت لە خەم و بیری ئەوەدا بێت، کە ببێت بە خودانی ژێرخانێکی هزری و کولتووری و ئەبستمۆلۆجی، چونکە چەند لە مەیدان و زەمینەی مادیدا پێشکەوتووش بێت، بە بێ ژێرخانێکی هزری و ئەبستمۆلۆجی بتەو، بە مەرام و ئاوات ناگات. یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم ژێرخانسازییە، پرۆسەی بەرنامەداری وەرگێڕانە



بۆ زۆر مەیدانی دیکەش هاویشتووە، لەوانە ڕۆمان و چیرۆک، کە ڕەنگە کاری وەرگێڕان لەم مەیدانەدا بە ڕمێنتر و بەرچاوتر بێت، کە نەک هەر زمانەکەمانی دەوڵەمەند کردووە، بەڵکو شێوە و فۆڕمی تازە و شێوازی نووسینی هەمەجۆری ئەوتۆی هێناوەتە ناو دنیای ئەدەبیاتنووسیی کوردییەوە، کە لەگەڵ دنیای نووسینی کوردیی بیست ساڵ لەمەپێشدا ئەرز و ئاسمانیان فەرقە و بەراورد ناکرێن.

بەهەرحاڵ، پرۆسەی وەرگێڕان، ئەگەرچی لە لای ئێمە تەمەنی زۆر کورتە، بە تەواوەتی نەکەوتووەتە سەر ڕاستەڕێگەی خۆی، لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەداری بەدەر نییە، لە هەڵبژاردنی بابەتدا زۆر سەرکەوتوو نییە، بەڵام وەکو نیمچە بزووتنەوەیەک لە زۆربەی بوارە کولتووری و ئەبستمۆلۆجییەکاندا هەستی پێدەکرێت و بمانەوێ و نەمانەوێ، لە زۆر بواری بیرو بیرکردنەوەی ئەمڕۆماندا، لە بانگەواز و گازی دیموکراتییەتخوازیدا، لە مرۆڤدۆستی و داکۆکی لە مافی تاک و ئازادیی دەربڕیندا، لە کێشماکێش و هەوڵی بێ وچانماندا بۆ مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگە و گەیشتن بە کاروانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، تا ڕادەیەک قەرزارباری وەرگێڕانین، بە تایبەتی وەرگێڕانە ئەمین و دروست و کارا و کاریگەرەکان.

هەڵبەتە وەرگێڕان یەکێکە لە فاکتەرە گرینگ و بەهادارەکانی زەنگینکردن و ڕەنگینکردنی زمان. هەر زمانێک پێی نەنووسرێت و نەخوێنرێتەوە و نەبێت بە زمانی بەرهەمهێنانی فیکری و هونەری و فەلسەفی و تێکڕای کایە ئەبستمۆلۆجییەکان، دەپووکێتەوە و پاشەکشە دەکات و بەرەبەرە دەفەوتێ و دەبێ فاتیحای بخوێنرێ. جا مەرگی زمان، بەحوکمی ئەوەی زمان کۆڵەکەی کولتوور و شارستانییەتی میللەتە، دەکاتە مەرگی میللەت.. جا لێرەدا گرینگیی ئەو دەور و ڕۆڵە بە دیار دەکەوێت، کە وەرگێڕی شارەزا و پڕئەزموون و بە توانا و کارامە، لە بواری کولتوور و ڕۆشنگەریی میللەتی خۆیدا، دەیبینێت، بە تایبەتی ئەگەر میللەتێکی پاشکەوتوو و پاشخراو بێت، زمان و ئەدەبیاتی هێشتا لە قۆناغی گڕوگاڵ و لاساییکرنەوەدا بێت و لە ئاستێکی باڵای ڕۆشنبیریی گەشەکردووی پەرەسەندووی ئەوتۆدا نەبێت، کە بتوانێت پێداویستییە ئەبستمۆلۆجییەکانی خۆی بەرهەم بێنێت.. بۆیە لەم جۆرە قۆناغ و سەردەمانەدا، وەرگێڕی داهێنەر و ئەمین و بە توانا، بۆشاییە ئەبستمۆلۆجییەکان پڕدەکاتەوە و پێشانگەیەتی کاروانی تازەگەری و نوێخوازی و مۆدێرنەوانی ڕۆشنبیریی میللەتی خۆی دەکات و زۆرجار جێدەستی لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی وڵاتدا، لە خودی نووسەرەکانیش دیارتر و ئەکتیفترە، بۆیە هەندێجار ناوی ئەو جۆرە وەرگێڕە، لە مێژووی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی میللەتدا، لە ناوی نووسەرەکانیش مەنشوورتر و پڕشنگدارترە..

«٢»

هەڵبەتە زمان وەکو دیاردە و پێداویستییەکی جڤاکی و حەیاتی زندوو، لە یاسا و ڕێسای گۆڕان بەدەر نەبووە و نییە و نابێت. سەرنجی هەر زمانێکی زندوو بدەیت، دەبینی هەر ماوە نا ماوەیەک گۆڕانی بەسەر دێت، وشە و زاراوە و تەنانەت چۆنیەتی داڕشتنی تازەی دێتە ناو و بە پێچەوانەوە، وشە و زاراوەی باوی لە برەو دەکەوێت و بە کار نایەت، یان چەمک و ماناکانیان دەگۆڕێت و بە مەبەست و مانای تر بە کار دەبرێن. بۆ نموونە، زمانی کوردیی

**له ڕێگەی پاچڤەوە بە هەزاران مانا و چەمکی تازە ئاشنا دەبین، کە ناچارمان دەکات لە قاڵبی وشەیان بدەین، وشەیان بۆ دابهێنین**

ئەمرۆکە، لە چاو بیست، بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش زۆر گۆڕاوە.. دیارە ئەو گۆڕانانە پەسند و بەجێن، کە زادە و بەرەنجام و دەرهاویشتەی پێداویستییە جڤاکییە حەیاتییەکان بن، بە هەموو بوارە فەلسەفی، فیکری، هونەری، زانستی و تێکڕای لایەنە ژیاریی و شارستانییەکانەوە. هەڵبەتە یەکێک لە فاکتەرو هۆکارەکانی ئەم دیاردەی گۆڕانکارییە، تەماسی جڤاکی و حەیاتی، ژیاریی و شارستانی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە کە پرۆسەی وەرگێڕان و پاچڤەوانی کەناڵێکی گرینگی تەماسی ناڤبرییە لە هەموو لایەنە ئەبستمۆلۆجیەکانەوە، کە ئەمە، واتە پرۆسەی پاچڤەوانی، کردوویەتییە کارێک، زمانی نووسین و ئاخافتن تەواو لێکدی نزیک ببنەوە و زمانی نووسین، لە زۆر وار و مەیداندا، خۆی لە گەمە و فەنبازییە ئاڵۆزە زمانەوانییەکان دوور بگرێت و ڕاستەوخۆ وەرگر بدوێنێت، چونکە زمان خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، زمان لە پێناوی زمانی ڕووتدا نییە.. دیارە وەرگێڕ هەرچییەک بێت، ئەدیب بێ، یان نووسەر، یان هەر وەرگێڕ بێت، بیەوێ و نەیەوێ، چ لە ڕووی فەرهەنگی پەیڤ و وشەوە، چ لە ڕووی بونیادی ڕستە و ڕستەبەندییەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رۆحیی زمانی ئەو دەقەوە، کە وەری دەگێڕێت، واتە دەبێت وەفاداری دەقەکە بێت و تا دەکرێت خۆی لە خۆنوێنیی ئەدەبی و گەمە زمانەوانییەکان بپارێزێت و دوور بگرێت. بەم پێودانگە، زمان، لە زمانی ئاخافتنی ئاسایی نزیک دەبێتەوە، دەبێت بە ئەوزاری گوزارشت و داهێنان، ئەوزاری بەرهەمهێنانی کایە زۆر و زەبەندەکانی ئەبستمۆلۆجیا.. ئەمە زمانی دەوڵەمەند و پوختە و گەشاوەی دەوێ، زمانێک کە لە زاوزێی بەردەوامدا بێت، لە حاڵی تازەبوونەوە و خۆتازەکردنەوەو کاژگۆڕکێ و کاژفڕێداندا بێت، کە وەرگێڕان زەمینەیەکی یەجگار لەبار و بە پیتە، بۆ خێرایی بەخشین بەو حاڵی تازەبوونەوەیە. لە ڕێگەی پاچڤەوە بە هەزاران مانا و چەمکی تازە ئاشنا دەبین، کە ناچارمان دەکات لە قاڵبی وشەیان بدەین، وشەیان بۆ دابهێنین، زاراوەی تازە دابهێنین و بکەوینە پشکنینی زمانەکەمان و توانا گوزارشتی و ئەفراندنەوانییەکانی کەشف بکەین و مانا و چەمکی تازە بە زاراوە کۆنەکان ببەخشین و بەمەش زمان لە ڕووی فەرهەنگی وشەوە دەوڵەمەند دەبێت و دەگەشێتەوە و نەشونما دەکات. دیارە دەوڵەمەندیی زمان لە ڕووی وشەوە، کار لە بونیادی زمان و شێوەی دەربڕینیش دەکات و زمان، لە ئاڵۆزنووسی دەپارێزێت و بەرەو ڕستە و دەستەواژەی ڕوون و ڕەوانتر و زووفامتری دەبات.. کە بە بۆچوونی من، زەمینە بۆ زمانی ستاندارد، بۆ زمانێک کە لە تێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی میللەتەوە نزیک بێت، خۆش دەکات. دیارە زمانی ستاندارد بۆ میللەتێکی پارچە پارچە کراوی، فرەدیالێکتی، ڕێنووس جیاوازی وەکو کورد، یەجگار پێویستە، کە نەک هەر ژمارەی خوێنەرانمان زیاد دەکات، کە قەدری نووسین و دەقی جدی بە خوێنەری جدی و ئەکتیڤەوەیە، بەڵکو فاکتەرێکی گرینگی یەکخستن و یەکگرتنەوەی نەتەوەییشە، بۆیە مایەی دڵخۆشییە، کە ئەمرۆکە لە هەرێمی کوردستاندا، هەست بە نیمچە بزاڤێکی پاچڤەوانی دەکرێت و خۆشبەختانە خەریکە بەرەبەرە لە ئەدەبیات و مێژوو و ژانرە گێڕانەوەییەکانەوە پەل بۆ مەیدانە فیکری و فەلسەفی و زانستییەکان داوێت، هەرچەندە لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەیی بەدەر نییە، لێ وەکو سەرەتایەک

وەرگێڕ هەرچییەک بێت، ئەدیب بێ، یان نووسەر، یان هەر وەرگێڕ بێت، بیەوێ و نەیەوێ، چ لە ڕووی فەرهەنگی پەیڤ و وشەوە، چ لە ڕووی بونیادی ڕستە و ڕستەبەندییەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رۆحیی زمانی ئەو دەقەوە، کە وەری دەگێڕێت، واتە دەبێت وەفاداری دەقەکە بێت و تا دەکرێت خۆی لە خۆنوێنیی ئەدەبی و گەمە زمانەوانییەکان بپارێزێت و دوور بگرێت



خراپ نییە و مێژوو و ڕۆژگار تەتەڵەی دەکات و لە سەرەند و بێژنگی دەدات.. کورد گوتەنی، کردە پەشیمان نەک نەکردە پەشیمان.

هەڵبەتە ئەم نیمچە بزووتنەوەیە پێویستە بەخێو بکرێت و بە پێی میتۆدی زانستییانە بەرنامەی بۆ دابنرێت و وەکو خەمێکی نەتەوەیی بایەخی پێ بدرێت و مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. دیارە ئەم نیمچە بزووتنەوەیە، زادەی هەستکردنی خەڵکانێکە بە مەسئولییەتی نەتەوەیی، هەستکردن بەوەی کورد قرەی کاروانی شارستانییەتی تیرەی بەشەرە و لە بۆشاییەکی شارستانی و ژیاریی یەجگار ترسناکدا دەژی و دەبێت هەموو ڕێگەیەکی حەڵاڵ بگیرێتە بەر، بۆ بەزاندنی ئەو بۆشاییە، کە یەکێک لە ڕێگەکان سوودوەرگرتنە لە ژیار و شارستانییەتی میللەتانی پێشکەوتووی دنیا، کە ئەمە زیاتر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دێتە دی. بۆ نموونە، کاتێ کە عەباسییەکان لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا هەستیان کرد، بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆیان پێویستیان بەوەیە سوود لە ئەزموون و شارستانییەت و ژیاری میللەتانی دی وەربگرن، هەستان دەزگایەکی کارای پاچڤەیان دامەزراند و ناویان نا (خانەی حیکمەت). پاچڤەوانی زۆر چاک و کارامەیان لە هەر چوار نکالی قەڵەمڕەوی خۆیانەوە هێنا، مووچە و بەراتی چاکیان بۆ بڕینەوە. نەخشە و بەرنامەیەکی ورد و سیستەماتیکیان دانا و لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵ، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە گرینگەکانی سەردەمانی کۆنیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا.. جا بۆ ئەوەی ئەم نیمچە بزووتنەوەیە لە بار نەچێت، هەقە لە هەرێمی کوردستاندا بە چاولێکەری عەباسییەکان و بە نەفەسی ئەمڕۆوە، دەزگەیەکی ستراتیژیی نەتەوەییمان بۆ وەرگێڕان هەبێت، بۆ نموونە، سەد وەرگێڕی زۆر بە توانای لە زمانە زندووە جیاوازەکانی دنیای تێدا دابمەزرێنن، هیچ کارێک نەکەن جگە لە تەرجەمە و مانگانە یەکی ٣-٤ ملیۆن دینارێکیان بۆ ببڕنەوە، بە مەرجێ دوور بێت لە هەر نەفەس و دەستتێوەردانێکی حیزبی و حیزبایەتی، بزانە هەنگێ چۆن دەکەوینە سەر سکە و لە ماوەیەکی پێوانەییدا ڕێگەکان قەدبڕ دەکەین و بە لای کەمەوە بۆشاییە ئەبستمۆلۆجی و شارستانییەکان پڕ دەکەینەوە و ڕووی ناو مەجلیسی میللەتانی پێشکەوتوومان دەبێت. دەشێت میللەت حکوومەت و پەرلەمانی نەبێت، بەڵام میللەتی بێ کتێب نابێت و قەپانی مێژوو میللەتی بێ کتێب ناخوێنێتەوە. میللەتی بێ کتێب وەکو نابینایەک وایە بە ناو مینجاڕێکی کوشندەدا ڕێ بکات..هەڵبەتە کاری ئیستامان تا ڕادەیەکی زۆر بێ بەرنامەیە، کتێبان بە ڕێکەوتەکی و خوابەختەکی هەڵدەبژێردێن و زۆر بە کەمی ئاوڕ لە زانست و فەلسەفە و فیکر دەدرێتەوە و زیاتر ڕوو لە مێژوو و ڕۆمان دەکرێت..

کاتی خۆی یونسکۆ، لیستێکی چوارسەد پێنجسەد کتێبی -هەڵبەتە ئەو لیستە بۆ ئەمڕۆ زۆر کەمە- ئامادە کرد و وەکو کەلەپووری نووسراوی جیهانی و مرۆڤایەتی لە قەڵەمی دان و پێشنیازی بۆ هەموو وڵاتانی دنیا کرد، کە هەقە پاچڤە بکرێن.. یەکێک لەو وڵاتانەی ئەم پێشنیازەی یۆنسکۆی بە هەند وەرگرت و شانی دایە بەر پاچڤە، ژاپۆن بوو، کە لە پێشکەوتنەکانی خۆیدا بێگومان تا ڕادەیەکی زۆر قەرزاربارى پاچڤەیە، پاچڤە بوو بە هەوێن و ئامیانی پێشکەوتنەکانی، جا ئێمەش دەتوانین بە چاولێکەری یۆنسکۆ و زۆر وڵاتی دیکەی دنیا،

# له وەگێڕاندا، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، جۆرە داهێنان و ئەفراندنێك هەیە و زمان بڕبڕەی پشتی دەق و تێكستی ئەدەبییە

لیستێکی هەزار و پێنجسەد کتێبیی هەڵبژاردە، لە کەلەپووری نووسراوی جیهانی، ئامادە بکەین و بیخەینە بەرنامەی کاری وەرگێڕانەوە.. هەر پارەیەکیش لەم پرۆژەیەدا خەرج بکرێت، بە خەسار ناچێت -بە مەرجێ حیزب دەستی تێوەرنەدات- هەڵبەتە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە، ئیدی ئەم نیمچە بزووتنەوە پاچڤەوانیە، تەواو گوڕی بەستووەتەوە و لە رووی چەندایەتییەوە بە رادەیەک زۆر بووە، کە ئەو کتێبانەی لەم ماوەیەدا پاچڤە کراون، دەکاتە چەندین بەرانبەری ئەو کتێبانەی لە سەرانسەری مێژووی بزووتنەوەی کوردیدا، پاچڤە کراون. هەروەها بزوتنەوەی پاچڤەوانی، لە چاو خۆیدا و لە رووی هەمەجۆری بابەتییشەوە، یەجگار زۆر بوو، ژمارەی وەرگێڕەکانیش یەجگار زۆر بوون، واتە دیاردەی وەرگێڕان لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا، لە رووی چەندیەتی و چلۆنایەتیی وەرگێڕان و ژمارەی وەرگێڕەکانەوە، هەڵکشانی بەرچاوی بە خۆوە دیتووە، ئەم هەڵکشانە کوتوپڕەش لە لایەکەوە زادە و دەرهاویشتەی پێداویستییە ئەبستمۆلۆجییەکانە و لە لایەکی ترەوە، جۆرە زۆری و بۆرییەکی لێکەوتووەتەوە، کە بە قەناعەتی من، زادەی خودی دیاردەکەیە و بمانەوێ و نەمانەوێ تا ماوەیەک بەردەوام دەبێت، بەڵام هەر کە بە فیلتەری رەخنەی جددیدا تێپەڕی، ئیدی دەنیشێتەوە و راستەڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر و کاریگەرییە ئەرێنییەکەی بە سەر نەخشەی رۆشنبیریی کوردییەوە، زیاتر دەردەکەوێت.

«٣»

یەکێک لەو مەسەلانەی لە واری پاچڤەدا مشتومڕ و گەنگەشەی زۆر هەڵدەگرێت، زمان و دۆزینەوەی زمانی تایبەتیی ئەو بەرهەمەیە، کە دێتە وەرگێڕن. ڕاستە زمان زۆر گرینە، لێ من پێم وایە تێگەیشتنی بابەت و تێمەی بەرهەمەکە لە زمانیش لە پێشترە، چونکە هەر بابەتێک زمانی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێت. واتە تێگەیشتنی بەرهەمەکە کۆدی کردنەوەو دۆزینەوەی زمان و تۆنی زمانی تێکستەکەیە. بەهەرحاڵ، زمان و زانینی زمان لە مەرجە هەرە گرینەکانی پاچڤە و پاچڤەوانییە و هیچ شتێک بە بێ زمان و لە دەرێی زماندا ناکرێت، بە تایبەتی لە ئەدەبیات و دەقی ئەدەبیدا.. بەهەرحاڵ، یەکێک لە گرفتەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە نک مە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری وەرگێڕەکان لە بواری زماندا، چ لە رووی فەرهەنگی وشەوە و چ لە رووی بەکاربردنی زمانەوە، وەکو ئەوزارێکی گوزارشتی و ئەفراندنەوانی، دەستکورت و کەمدەست و بێدەسەڵاتن. هەڵبەتە ئەمە دیاردەیەکی زۆر نەرێنییە و خوێنەر، بە تایبەتی خوێنەری ئاسایی و پشووکورت، لە خوێندنەوە دەتۆرێنێت و تەوەلای دەکات... بەهەرحاڵ، لە وەگێڕاندا، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، جۆرە داهێنان و ئەفراندنێک هەیە و زمان بڕبڕەی پشتی دەق و تێکستی ئەدەبییە، بۆیە ئەو خەڵکانەی کاری پاچڤە دەکەن، دەبێت بە خۆیان توانای نووسینیان هەبێت و ئەهلی قەڵەم بن و لە قەڵەمڕانیدا زەبەردەست و لێزان و کارامە بن، چونکە وەرگێڕانی ئەدەبی هەر ئەوە نییە وشەکان بێنە وەرگێڕان، بەڵکو مامەڵەیەکی هونەریانەی داهێنەرانەیە دەگەڵ سەرانسەری ئەو زمانەی، دەقەکەی وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری، لە هەمێزگرتووە و وەکو گیان و جەستە بە جۆرێ

دیاردەی وەرگێڕان لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا، لە رووی چەندیەتی و چلۆنایەتیی وەرگێڕان و ژمارەی وەرگێڕەکانەوە، هەڵکشانی بەرچاوی بە خۆوە دیتووە، ئەم هەڵکشانە کوتوپڕەش لە لایەکەوە زادە و دەرهاویشتەی پێداویستییە ئەبستمۆلۆجییەکانە و لە لایەکی ترەوە، جۆرە زۆری و بۆرییەکی لێکەوتووەتەوە، کە بە قەناعەتی من، زادەی خودی دیاردەکەیە و بمانەوێ و نەمانەوێ تا ماوەیەک بەردەوام دەبێت









ئاوێتە بوون، کە لێکجیاکردنەوەیان مەرگی دەقەکەی لێ دەکەوێتەوە.. واتە پاچڤەوان لە سەریەتی هەمان دەق جارێکی دیکە و لە کەشوهەوای زمانێکی دیکەدا، بەوپەڕی ئەمانەتداری و وەفادارییەوە، بە جۆرێ بنووسێتەوە و دابڕێژێتەوە، کە هاوزمانەکانی نەک هەر جوان لێی تێبگەن، بەڵکو بە ڕۆح و گیان هەستی پێبکەن.ئەگەر خاوەنی دەقەکە، بە ڕێکەوت دەقەکەی خۆی لە زمانی دووەمدا بینی، شایەدی و گەواهی ئەوە بدات، دەقەکەی لە زمانی دووەمدا نەک لە ڕەونەق نەکەوتووە، بەڵکو لە ئەسڵەکە باشترە.. ئەمەش لە سەر دەستی کەسێک دێتە دی، کە ئاشق و شەیدای کارەکەی بێت. بەر لە هەموو کەسێک هەستی بە زەروورەتی پاچڤەی دەقەکە کردبێت، چونکە مرۆڤ لە ئەدەبیاتدا بەر لە هەر شتێک بۆ کەیفی دڵی خۆی کار دەکات. سەرباری هەموو ئەمەش دەبێ ئەو کەسە لە مەیدانی زماندا کارکردە و کارامە و پڕئەزموون و داهێنەر و خودان بەهرە و سەلیقە بێت. بە تایبەتی لە زمانی دووەمدا، واتە ئەو زمانەی تێکستەکەی بۆ وەردەگێڕێت. هەندێ کەس بە ڕادەیەک جەخت لە سەر زمان، بە تایبەتی زمانی دووەم دەکەنەوە، کە پێیان وایە زمانی دووەم دوو سێیەکی پرۆسەی وەرگێڕانی دەق پێک دەهێنێت،







چونکە وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا داهێنانی خۆی دەکات. هەڵبەتە ئەم جەختکردنە خۆی لە خۆیدا نیشانەی گرینگیی زمانە لە کاری پاچڤەوانیدا، لێ مخابن لە نک مە، مەسەلەی زمانی کوردی، نە لە زانکۆکاندا بە شێوەیەکی ئەکادیمیی پەسند دەخوێندرێ و نە لە قۆناغەکانی خوارتری خوێندندا ئەو بایەخەی پێدراوە، بۆیە وەرگێڕ لە سەریەتی بە خۆی و لە رووی ئەدەبیات دۆستییەوە، دووی ئەم مەسەلەیە بکەوێت، ئەمە جگە لەوەی ئێمەی کورد تا ئێستا زمانی ستانداردی خوێندن و نووسینمان نییە.. بەم پێودانگە، سەلیقەی ئەدەبی و ئەدەبدۆستی و شارەزایی لە زمان و چۆنیەتیی بەکاربردنی زمان، لە مەرجە بنەڕەتییەکانی کاری پاچڤەی ئەدەبییە. واتە وەرگێڕ دەبێت وەکو هەر نووسەرێکی باش، لەگەڵ زماندا و لە ناو زماندا بژی، زمان ببێت بە بەشێک لە ژیانی.. زمان ئەوزاری بیرکردنەوە و گوزارشت و داهێنانە، واتە بەبێ شارەزایی ورد لە زماندا، تەڵیسمی دەق ناکرێتەوە و لە زمانی دووەمدا خۆی بە دەستەوە نادات. جا ئەگەر نووسەر لە زمان و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زماندا دەستکراوە و ئازاد بێت، ئەوا وەرگێڕ ئەو ئازادییەی ئەوی نییە و ناچارە پابەندی جەوهەر و کرۆکی دەقەکە بێت و لەو



چوارچێوەیە دەرنەچێت، کە نووسەر کێشاویەتی، واتە لێرەدا ئەرکی زمانەوانیی وەرگێڕ، لە هیی خودی نووسەرەکە قورسترو دژوارترە...

«٤»

وشە، زمان، ئەوزاری بیرکردنەوەیە، بۆیە ئەگەر کەسێک لە زماندا کۆڵەوار بێت، وشە نەزانێت، شارەزای زمان نەبێت، نە دەتوانێت بیری خۆی بگەیەنێت و نە بیری خەڵکی دی بگوازێتەوە.. دیارە وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، هەر بابەتێک بە زمانێکی تایبەتی دێتە گوزارشتکردن و نیشاندان، واتە هەر بابەتە و بە دەم نەشونما و پوختەبوونەوە زمانی تایبەتیی خۆی بەرهەم دێنێت، بۆیە وەرگێڕ لە سەریەتی کە دەست دەداتە هەر کارێک، زمانی تایبەتیی ئەو کارە بدۆزێتەوە و بە جۆرێ دایڕێژێتەوە، کە پڕ بە پێستی خودی کارەکە بێت و جێگەی زمانی یەکەم بگرێتەوە، هەڵبەتە ئەمە نەفەس و توانا و بەهرەیەکی فلیڤانی (ابداعی) دەوێت و هەر ئەمەش جۆرە شەقڵێکی ئەفراندنەوانی بە کاری پاچڤە دەبەخشێت، بۆیە خەڵکانێک هەن پێیان وایە کاری پاچڤە دووبارە خوڵقاندنەوەی تێکستە وەرگێڕدراوەکەیە و هەر کارێکی وەرگێڕان گەییە ئەم ئاستە، لە زمانی دووەمدا جێی دەبێتەوە و دەمێنێت و دەبێت بە بەشێک لە کەلەپووری بەرهەمی ئەو زمانە. واتە لە وەرگێڕانی هەر بەرهەمێکدا، بە تایبەتی بەرهەمی ئەدەبی، وێڕای وردی و ئەمانەتداری لە گواستنەوەی مانا و چەمکی بەرهەمەکە، دەبێ تۆنی تایبەتیی خۆیشی پێ ببەخشرێت. ئەگەر ئەو زمان و تۆنە تایبەتییە بە دەست هات، ئەوا ئەو بەرهەمە دەژی و هەواداریی خۆی پەیدا دەکات، ئەگینا وەکو زۆر کاری دی لە بیر دەکرێت و لە بیر دەچێتەوە.. ئیدی لێرەوە مەسەلەی وەرگێڕانی باش و خراپ سەر هەڵدەدات..یەکێک لە ئەرکەکانی کاری ئەدەبی ئەوەیە، بە لای کەمەوە لەزەتێکی ئیستاتیکی ببەخشێت.. بۆیە وەرگێڕانی باش دەبێت ئەم لایەنە بە هەند وەربگرێت و ئەو لەزەتبەخشییە لە یەک بە یەکی ڕستە و پەرەگرافەکانیدا، لە سەرانسەری دەقەکەدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بپارێزێت، کە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی وەرگێڕانی باش، هەڵبەتە، خوێنەری جددی و کارامەو شارەزا، بە سەلیقە پەی بە باشی، یان خراپیی دەقێکی وەرگێڕدراو دەبات، تێدەگات کە ئاخۆ تەکنیک و تۆن و هونەرکاری و وردەکارییەکانی دەقە ئەسڵییەکە، لە زمانی دووەمدا پارێزراوە یان نا، خوڵقێنراوەتەوە، یان نا. ئەگەر وەرگێڕ پابەندی ئەو خاڵ و مەرجانە بووبێت و دەرەقەتی هاتبێت، ئەوا کارەکەی دەچێتە خانەی داهێنانەوە، چونکە تا قەریحە و بەهرەی خودی و خۆڕسکی پاچڤەوان لە سەر بێ و بەهێزتر بێت، چلۆنایەتیی زمانی وەرگێڕان دڵگیرتر و پەسندتر دەبێت و لە داهێنان نزیکتر دەبێتەوە و پتر فلیڤانییەت پەیدا دەکات. بە پێچەوانەشەوە، چەند وەرگێڕ کەم بەهرە بێت و کەمتر خۆی ماندوو بکات و پەنا وەبەر وەرگێڕانی میکانیکی ببات و تەنیا چەمکە گشتییەکانی دەقەکە پاچڤە بکات و لە کۆڵی بکاتەوە، کارەکەی وشک و بێ گیان دەردەچێت، یانی دەشێت بگوترێت کاری پاچڤە، لە کاری نووسین دەچێت، هەردووکیان پێویستیان بە بەهرە و بەهرەداریی خودی هەیە، بگرە هەندێ جار کاری وەرگێڕ دژوارتریشە، چونکە نووسەر، کە بینی ناتوانێت لە سەر بابەتێک بڕوات، دەتوانێت بیگۆڕێت،

# وەرگێڕ سەروکاری دەگەڵ دەقێکی نووسراودا هەیە، ناتوانێت لێی لابدات، یان دەستکاریی بکات

یان وازی لێبێنێت، بەڵام وەرگێڕ سەروکاری دەگەڵ دەقێکی نووسراودا هەیە، ناتوانێت لێی لابدات، یان دەستکاریی بکات، هیچ چارێکی نییە تەنیا ئەوە نەبێت هەموو توانایەکی داهێنەرانەی خۆی بخاتە کار و ڕێگەیەک بۆ پاچڤەی تەکنیک و تۆن و هونەرکارییەکانی نووسەر بدۆزێتەوە و هەمیشە ئەوەشی لە بیر و خەیاڵ بێت، کە بە پلەی یەکەم موقەلیدی نووسەرەو نابێت لە خەت دەربچێت، چونکە مەرجی پاچڤەی باش، وەفاداری و پابەندییە بە خودی دەقەکە و زمانی یەکەم و دووەمەوە، ئەگەر زمانی یەکەمی باش نەبوو، یانی لە دەقەکە تێناگات و ئەگەر زمانی دووەمی باش نەبوو، یانی دەقەکە وێران و کۆڵەوار دەکات. وەرگێڕ لە سەریەتی بە دەم کاری پاچڤەوە، هەموو نهێنییەکانی زمانی یەکەم کەشف بکات و بدۆزێتەوە و گشت توانا گوزارشتییە ئەدەبی و ئەبستمۆلۆجییەکانی زمانی دووەمیش بخاتە گەڕ و بیتەقێنێتەوە، کە مخابن یەکێک لە گرفتەکانی پرۆسەی وەرگێڕان لە نک مە، بێ توانایی زمانەوانیی وەرگێڕەکانە، کە زۆرجار بە ناهەق و بۆ خۆپەڕاندنەوە، بە ملی خودی زمانەکەدا دەدرێت. هەڵبەتە هەر زمانێک بگریت، توانا و ئیمکاناتی خۆی هەیە، بەڵام دۆزینەوە و تەقاندنەوە و زەنگینکردن و ڕەنگینکردن و بەکارهێنانی داهێنەرانەی، ئەرکی یەکەمی ئەهلی قەڵەمە..

«٥»

وتمان وەرگێڕ سەروکاری دەگەڵ دەقێکی دیاریکراودا هەیە، دەقی دیاریکراویش بە زمان دەقایەتیی پێ بەخشراوە و لە ناو زماندا بەرجەستەکراوە و بە زمانێکی دیکە دووبارە دەکرێتەوە.. یانی بەم پێودانگە وەفاداری و پابەندی بە خودی دەقەکە و زمانی یەکەم و دووەمەوە، لە مەرجەکانی پاچڤەی باشن. ئەگەر وەرگێڕ لە زمانی یەکەمدا زەبەردەست نەبوو، یانی لە دەقەکە تێناگات و ئەگەر زمانی دووەمی باش نەبوو، یانی دەقەکە وێران دەکات.. جا لێرەوە مەرجێکی دیکەی گرینگی پاچڤەی باش دێتە گۆڕێ، کە پەیوەندیی بە تۆنی دەقەوە هەیە. تۆن لە دەقدا، بە تایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا، دەکاتە چۆنیەتیی مامەڵەی نووسەر دەگەڵ بابەتدا. وەکو چۆن تۆنی هەندێ دەنگبەرزە، یان نزمە، خۆشە، یان ناخۆشە، بەو ئاوایەش تۆنی نووسەر لە نووسیندا دەشێت خەمناک، تراجیدی، پێکەنیناوی، کۆمیدی، بە تەوس و توانج...هتد، بێت، کە هەر یەکێک لەو تۆنانە نیشانەی جۆری مامەڵەی نووسەرە دەگەڵ بابەتدا. جا وەرگێڕ کە مەرجە پابەندی دەق بێت، مەرجە پابەندی گشت تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی دەقیش بێت، کە تۆن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی دەق، دەقیش گووراوی دەستی کەسێکی ترە نەک وەگێڕ، بۆیە وەرگێڕ نابێت لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا ببینرێت، یان خۆنوێنی بکات و حوزووری هونەریی ئاشکرا، یان پەنامەکیی نووسەرەکە بشارێتەوە و بخاتە ژێرەوە. دیارە تۆنی نووسین جگە لەوەی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگۆڕێت، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکەش لە لای هەمان نووسەر دەگۆڕێت، هەڵبەتە دەبێ ئەم دیاردەی تۆنگۆڕکێیە لە کاری وەرگێڕانیشدا ڕەنگ بداتەوە، بۆیە ئەو وەرگێڕەی کاری نووسەرانی جیاواز، یان نووسینی جیاوازی یەک نووسەر وەردەگێڕێت و یەک تۆن و ریتم و نەفەس بە کار دێنێت، نیشانەی ئەوەیە، یان زیاد

تۆن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی دەق، دەقیش گووراوی دەستی کەسێکی ترە نەک وەگێڕ، بۆیە وەرگێڕ نابێت لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا ببینرێت، یان خۆنوێنی بکات و حوزووری هونەریی ئاشکرا، یان پەنامەکیی نووسەرەکە بشارێتەوە و بخاتە ژێرەوە. دیارە تۆنی نووسین جگە لەوەی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگۆڕێت، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکەش لە لای هەمان نووسەر دەگۆڕێت، هەڵبەتە دەبێ ئەم دیاردەی تۆنگۆڕکێیە لە کاری وەرگێڕانیشدا ڕەنگ بداتەوە



له پێویست بایەخی بە حوزووری خۆی داوە و خۆنوێنیی کردووە، یان نەیتوانیوە تۆنی نووسەرەکە و دەقەکە بدۆزێتەوە و بپارێزێت، کە ئەمە مەرجێکی گرینگی پاچڤەی باشە..

هەڵبەتە پاچڤە، وێڕای گشت مەرجە گرینگ و بنەڕەتییەکانی، مەسئولییەتێکی گەورەشە، مەسئولییەتە هەم بەرانبەر بە خوێنەر و هەم بەرانبەر بە نووسەری بەرهەمەکە، بۆیە وەرگێڕ لە سەریەتی خاوەنی ویژدانێکی پاکی زانستی بێت، نەک خۆی لە مەسئولییەت بدزێتەوە و کێماسی و ناپوختەیی کارەکەی بە ملی خوێنەر، یان خودی دەقەکەدا بێنێ. بە زۆری ئەو وەرگێڕانە خۆ لەم مەسئولییەتە دەدزنەوە، کە وەکو پێویست نە بە سەر زمانی یەکەم و نە بە سەر زمانی دووەمدا زاڵن و نە لە خودی بابەتەکە و نە لە فەلسەفەی بابەتەکە وەکو پێویست حاڵی دەبن.. ڕاستە ئەمڕۆ ژمارەی پاچڤەوانان و مەیدان و کایەکانی پاچڤە، لە چاو جاراندا زۆر بووە، لێ مخابن ژمارەی پاچڤەی باش، لە چاو ئەو زۆربوونەدا کەمە، مەگەر پیاو بەوە دڵ خۆش بکات، کە چلۆنایەتی تا ڕادەیەک هەڤبەندیی چەندایەتییە.. بۆ نموونە، ئەگەر دە وەرگێڕ هەبن، لەگینە پێنجیان باش بن، خۆ ئەگەر ئەم ڕێژەیە زیاد بکات بۆ پەنجا وەرگێڕ، هەنگێ لەوەیە بیست و پێنجیان باش بن. ئەمە جگە لەوەی دەکرێت ئومێدی ئەوەش بکرێ، پاچڤەوانەکان لە میانەی پرۆسەی وەرگێڕانەوە ئەزموونی زیاتر بە دەست بێنن و کەموکووڕییەکانیان ببەزێنن.. بەهەرحاڵ، وەرگێڕی کورد چەند بە خەمی فێربوون و شارەزابوونی زیاتری زمانی بیانییەوە بێت، دەبێ ئەوەندە و پتریش لە خەمی زمانی زکماکیی خۆیدا بێت و کەلەپووری زمانی کوردی بە جددی بخوێنێتەوە، چونکە بۆی دەبێت بە زەخیرەیەکی زمانەوانی و لە بەرەکەی دەخوات. هەڵبەتە سەرەتای هەر ئەقلانیەتێک ئەوەیە، مرۆڤدان بە نەزانیی خۆیدا بنێت و بکەوێتە خەمی زانین و فێربوون، کە لە کۆتایی نایەت و توێشووی ڕێگەکەشی گومان و کۆڵنەدانە و قەدەری مرۆڤیش ئەوەیە هەمیشە بە ڕێگەوە بێت و بە وەڵامی سادە دڵی دانەکەوێت..

کەواتە مەرجی وەرگێڕانی چاک ئەوەیە، بە سەر هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا زاڵ بێت، بە سەر بابەتەکەدا زۆر زاڵ بێت و پەی بە گشت ڕەمز و ڕازێکی ببەیت و هەستیارییەکی زمانەوانی ئەوتۆت هەبێت، کە تۆنی نووسەرەکە بدۆزیتەوە و لە زمانی دووەمدا بینوێنیتەوە.. جا ئەمە ڕەنگە کارێکی زۆر دژوار بێت و هەموو کەسێک لە عۆیەی نەیەت. چونکە وێڕای ئەوەی هەر نووسەرە و تۆنی تایبەتیی خۆی هەیە، تۆنی هەمان نووسەریش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تری دەگۆڕێت.

لێرەدا پاچڤەوان هیچ چارێکی نییە دەبێ هەمان ڕۆڵی ئەکتەری شانۆیی بدینێت. ئەکتەر کە دەچێتە سەر شانۆ بە تەواوەتی کەسایەتی و مجێز و ڕەفتار و خوو خدەی خۆی وەلاوە دەنێت. ئەکتەری چاک ئەوەیە بە تەواوەتی بچێتە پێستی کەسایەتییە دراماتیکییەکەوە و خودی خۆی بە تەواوەتی لە تەمەشاڤانان وەشێرێت. ئەکتەری گەورە ئەوەیە لەو کاتانەدا، کە نقوومی دەورەکەی خۆیەتی، دەتوانێت لە دەرێی خۆیدا بوەستێت و تەماشای خۆی بکات، کە چۆن دەور دەبینێت. سەبارەت بە پاچڤەوانیش دەبێ وابێت، هەم بچێتە قالبی نووسەری بەرهەمەکەوە و هەم بەردەوام بە چاوی ڕەخنەوە تەمەشای خۆی

بکات. بەڵام دەبێ دووبارە ئەوە بڵێینەوە، دۆزینەوەی تۆنی نووسەر و پەیبردن بە نهێنگەکانی کارەکەی گەلەک دژوارەو زۆربەی پاچڤەوانەکانی ئێمە لە ئاستیدا کۆڵەوار و دەستەوەستانن.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ، پاچڤەی دەقی ئەدەبی، ئەگەر لە پاچڤەی بەرهەمی فەلسەفی دژوارتر نەبێت، ئەوا هیچی کەمتر نییە، بە تایبەتی کە دۆزینەوەی زمان و گوزارشت و دەربڕین و تۆن و هاوتادۆزی، خوازە، خواستن، درکە، تیلنیشان و جوانیی بایس و تێکڕای وردەکاری و هونەرکارییەکانی خۆشخوانی، لە ڕۆمان و دنیای چیرۆکڤانیدا، لە هەر شتێکی دی گرینگترە، کە ڕەنگە ئەمە لە فەلسەفەدا و بۆ فەلسەفە ئەو گرینگی و بایەخەی نەبێت، بەڵام ئەدەبیات، کە یەکپارچە زەوق و هەست و سۆز و گوداز و خەون و بەرزەخەیاڵییە، ئەگەر پاچڤەوان نەتوانێت ئەو تۆن و دەربڕینە هونەرییە بگوازێتەوە، وەرگێڕانەکەی چەند لە رووی وەرگێڕانی وشە بە وشەوە ئەمین و دروستیش بێت، مەبەست ناپێکێت..

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم، لە ڕۆژگار و سەردەمی ئەمرۆدا، پرۆسەی وەرگێڕان ڕێژە و لایەنێکی زۆر بەرز و گرینگی چالاکی و چەلەنگیی ڕۆشنبیری و ئەبستمۆلۆجیی هەر میللەت و نەتەوەیەک پێک دێنێت، بە تایبەتی بۆ میللەتێکی پاشکەوتووی پاشخراوی وەکو ئێمەی کورد، کە لەو ئاستە زانستی و کولتووری و زمانەوانییەدا نین، کە بە خۆمان کایە جیاواز و بوارە هەمەجۆرەکانی ئەبستمۆلۆجیا بەرهەم بێنین و لە مەیدانی داهێنان و دانان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا، گوتاری نوێ و تازەمان هەبێت و گوتاری خەڵکی بە نیوەچڵی و نەبەکامی، دووبارە و کاوێژ نەکەینەوە و بە بابەتی سواوەوە نەفشین و خۆمان با نەدەین.. بۆیە بمانەوێ و نەمانەوی، ناتوانین بەم زووانە دەسبەرداری پرۆسەی پاچڤە ببین، بە تایبەتی کە دەبینین لێشاوی بیر و هزرێن جوان و داهێنەرانە، لە دنیادا، لە چ هەستان و هەڵکشانێکی بێ پایاندایە و ئێمەش هێشتا لە دەستپێکی تەواوەتییشدا نین.. جا بۆ ئەوەی لە تاکدەنگی و لە جیهانبینیی داخراو و تاکروانگەیی رزگار ببین، پێویستە بە شێوەیەکی زانستییانە و بەرنامەدار بیر لە دروستکردنی ژێرخانێکی فیکری و کولتووری و شارستانی بکەینەوە، تا هەم وردە دەسکەوتە ئەبستمۆلۆجییەکانمان- ئەگەر هەمان بێت- بپارێزین و هەم لێرە بە دواوە هەنگاوی دروست بنێین و بێهوودە بە دەوری خۆماندا نەخولێینەوە و لەوەی پتر لە کاروانی بیر و شارستانییەتی دنیا، لە کاروانی مێژووی تیرەی بەشەر دوا نەکەوین و لە کۆتاییدا رەنج بە خەسار دەرنەچین. پێم وایە ئەمە گرینگترین ئەرکی چالاکیی کەلتووری و ئەبستمۆلۆجی و شارستانیی ئێمەیە و بەبێ پرۆسەیەکی پاچڤەوانیی بەرنامەداری درێژخایەن و ستراتیژیی نەتەوەیی، نایەتە دی...

**بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:**


*گفتوگو با مترجمان/سیروس علی نژاد/ تهران/اگاه ١٣٨٨
*کریم امامی/ از پست و بلند ترجمه/هفت مقاله/ چاپ دوم/ ١٣٧٥/ انتشارات نیلوفر.
*ترجمه کاوی/ بها الدین خرمشاهی/ انتشارات ناهید/ چاپ اول/ ١٣٩٠.
*خیانەتی حەڵاڵ/ حەمەکەریم عارف/ چ١/٢٠١٠/ لقی کەرکوکی نووسەرانی کورد/ زنجیرە (١٠٦).



# وەرگێڕان

## داهێنانێکی دیکەیە



جەلیل کاکەوەیس

وەرگێڕان یەکێکە لەو کارە هونەری و وردانەی، کە پشوودرێژی و ئارامیی دەوێ، تا بتوانرێ هاوسەنگییەک لە نێوان دەقە بنچینەییەکە و کارە نوێیەکە بکرێ، کە دەقی وەرگێڕاوە. گەر ئەو هاوسەنگییە دروست بوو، ئەوسا دەتوانین بەو کارە بڵێین ئاڵوگۆڕکردنی کولتوور و چالاکییە هزرییەکانی نێوان گەلان و میللەتان، هەر بە هۆی وەرگێڕانەوە مرۆڤایەتی توانیویەتی ئاشنای کردە و کۆشەی ئەوانی تر بێت و دیارە هەر لەم رێگەیەوە بەریەککەوتنی شارستانییەتەکانیش دروست بووە و بە جۆرێ مرۆڤی ئەم سەردەمە پەی بە شتە نهێنییەکانی یەکتر دەبەن و لە رێگەی وەرگێڕانەوە گەشتی سەرانسەر زەوی و میللەتان دەکات. ئەوەش پتر پردی پەیوەندیی نێوان گەلان و میللەتانی پتەو کردووە.

# نهێنیی وەرگێڕان ئالێرەدایە، کە وەرگێڕ بتوانێت بە لای کەمەوە زۆربەی ڕەونەقەکانی دەق بۆ زمانەکەی خۆی بگوێزێتەوە

ڕەنگە ئێمەی کورد لەم بوارەدا بە چاو میللەتانی دیکەی دنیاوە، لە دواوەی دواوە بین و تازە وا خەریکە دارەدار دەکەین و درزێکی بچکۆلەمان لەو دەرگەیە کردووەتەوە و لە پاڵ نووسینی خۆمانەوە، چەند ڕەفەیەکی بچووکمان لە کتێبخانەی کوردیدا بۆ وەرگێڕان تەرخان کردووە. ئاخۆ ئەو وەرگێڕاوانە توانیویانە ئاهی دڵ بشکێنن و هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە؟

یان ئەم کارەش وەک هەموو کارەکانی دیکەی میللەتەکەمان لە یەک ئاستدا چەقی بەستووە و لایەنەکانی دیکەی فەرامۆش کردووە؟ ئایا کاری وەرگێڕان پێویستبوونی ژیانی کولتووری و ڕۆشنبیریی میللەتەکەمانە، یان تەنها حەز و ئارەزووی ئەو کەسانەیە، کە شوێن دەستێکیان لە بوارەکەدا دیارە؟

یان ئەو وەرگێڕانانەی لەمەوبەر کراون و ئێستا دەکرێن، مەرجە تایبەتەکانی وەرگێڕانیان تێدایە و لە ئاست ئەرکەکەدان؟

گەر ئەم پرسیارانە ڕەوا بن و بە هەند وەربگیرێن ئەوا زات دەکەم بڵێم، ئەوەی من لێی حاڵی بووم، کاری وەرگێڕان، بە زۆری لە یەک کەناڵی ڕۆشنبیریدا قەتیس بووە، ئەویش ئەدەبیاتە، لە ئەدەبیاتەکەش پشکی هەرەزۆری بەر دەقی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان کەوتووە، ئیدی بوارەکانی دیکەی وەک ئابووری و مێژوو، فەلسەفە، پەروەردە، کشتوکاڵ و ئاسماننناسی تا دەگاتە زانستە هەرە هەستیارەکانی ئەم سەردەمە، مەگەر چۆنها سەرچاوەی ئەو زانستانە بە وەرگێڕدراوی لە کتێبخانەی کوردیدا ببینرێن. من وای بۆ دەچم، ئەو بۆشاییە سستییەکی ئاشکرای لە ئاوەزو هزری میللەتەکەماندا دروست کردووە و تاکڕەهەندانە دەڕوانێتە چالاکیی هزری. گەر بپرسین ئاخۆ لاسەنگییەکە پێی کێ دەگرێتەوە؟ ڕەنگە یەکەم بەرپرسی ئەم کەمتەرخەمییە ئاکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و هاوچەشنەکانیان بگرێتەوە! دەبوو وەک خەمخۆرێک چەندین لیژنەی پسپۆڕ و کارامەیان لە هەر بوارێکدا دروست بکردایە و هەریەکە و لە بوارەکەی خۆیدا، با بەشێکی بۆ وەرگێڕان و پێ بسپێردرایە و هەر هەمان ئەو لیژنانە ئاگایان لە تازەترین داهێنراوی دنیا هەبێت و یەکسەر وەری بگێڕن. لە لایەکی دیکەوە، کوا ئەو فەرهەنگە کوردییە گشتگیر و فراوانەی، لە شێوەی (ئەلمونجید)ی عەرەبی و (ئۆکسفۆرد)ی ئینگلیزی، کە هەموو شێوەزارەکان لەخۆ بگرێت و وەرگێڕ بۆ وشە و ڕستە دانەمێنێت و ئۆباڵی نادروستیی کارەکەی خۆی بخاتە ئەستۆی هەژاری و کەمبڕستی زمانی کوردی. پێم وایە گەر ئەو فەرهەنگە کوردییە فراوانە فەراهەم بکرێ، ئیدی گوناهەکە لە کۆڵ زمانەکەمان دەبێتەوە و دەکەوێتە ئەستۆی وەرگێڕەکە خۆی.

ئێستا دەگەڕێمەوە سەر کاری وەرگێڕان، وەک داهێنانێک، لە هەمان دەقی وەرگێڕاودا. بەر لەم نووسینەی من، خەڵکێکی زۆر باسی جۆر و چۆنیەتیی ئەم کارەیان کردووە و ئەوەش زانراوە، کە دەبێت وەرگێڕ شارەزای تایبەتمەندییەکانی دایکەزمانی خۆی و ئەو زمانەش بێت، کە دەقەکەی لێ وەردەگێڕێت، وەک ڕێزمان، ڕستەسازی، ئیدیۆمەکان و وشە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە. خۆ ئەگەر ئەو باڵادەستییەی نەبوو، ئەوا هەم دەقی یەکەم لە بار یەک هەڵدەوەشێنێتەوە

دەبێت وەرگێڕ شارەزای تایبەتمەندییەکانی دایکەزمانی خۆی و ئەو زمانەش بێت، کە دەقەکەی لێ وەردەگێڕێت، وەک ڕێزمان، ڕستەسازی، ئیدیۆمەکان و وشە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانەکە. خۆ ئەگەر ئەو باڵادەستییەی نەبوو، ئەوا هەم دەقی یەکەم لە بار یەک هەڵدەوەشێنێتەوە و هەم کاری وەرگێڕانەکەش نابێت بە داهێنانی دووەم



و هەم کاری وەرگێڕانەکەش نابێت بە داهێنانی دووەم. تۆ ئەوە بێنە بەر چاوت، کاتێ نووسەرێکی داهێنەر دەقێک دەنووسێت چی رەنجێ دەکێشێت و چ کاتێکی بە نرخی خۆی لەو کارەدا خەرج دەکات، بەخشندانە ئەزموونی کەڵەکەبووی خۆی، ئەفسوون و خەیاڵکاری و رامانەکانی لە جەستەی دەقێکدا کۆ دەکاتەوە، کە بێگومان ئەمانە هەموو بەشێک لە بوون و رۆحی هەڵدەمژن، تا دەقێکی شیعر، چیرۆک، رۆمان، یان شانۆیی بەرهەم دێت و دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر، جا دووبارە لەو رەنجە ورد بەرەوە، کە چۆن وەرگێڕێک بە چاونوقاوی و بە دەستەپاچەیی و بە خەیاڵ و نەفەسێکی دوور لە ڤالایی و تەون و رایەڵی خاوەن دەقەوە، دێت و دەی شیوێنێت و نووسەر رەنج بە خەسار دەکات.
بە ئاوەژووی ئەمەیان، وەرگێڕی کارامە و شارەزا و سەردەرکردوو لە هەردوو زمانەکەدا، کە دەقێک وەردەگێڕێت، بە هەمان خولیا و نەفەسی خاوەن دەقەکەوە، بە هەمان بەخشندەیی ئەزموونەوە، وەک شەیدایەک، تەواو وەک ئەوەی خۆی خاوەن دەقەکە بێت، تێکەڵی رایەڵ و چنین و بیرۆکە ئاشکرا و شاراوەکانی دەبێت، دەست پێدەکات.
لێرەدا پێم وایە ئەمەش پەیوەندییەکی توندی بە جۆرە پسپۆڕی و لێزانینێکی تایبەتمەندەوە هەیە، واتا دەمهەوێ بڵێم، رەنگە باشتر وا بێت رۆماننووسێک، یان چیرۆکنووسێکی شارەزا لە هەردوو زماندا، رۆمانێک، یان چیرۆکێک وەرگێڕێت کارەکەی لە کەسێکی تر سەرکەوتووتر بێت، یان باشتر وایە، شاعیرێک، کە خۆی ئاشنای رستە و دەربڕینی شیعرییە، دەست بۆ ئەو کارە ببات، ئیدی بۆ توخمەکانی تریش بە هەمان شێوە، چونکە ئەم جۆرە وەرگێڕانە، خۆیان لە بنچینەدا خاوەن خولیان و قرچۆکی و کەمتەرخەمی لە ئەزموونی کەڵەکەبووی خۆیان ناکەن و زۆر بەخشندانە ئەو شێواز و دەربرین و ئەفسوونی زمانەی بە درێژایی ژیانی نووسین بەدەستیان هێناوە، بۆ نێو دەقی وەرگێڕراو دەی گوێزنەوە و جارێکی دی بە دەق و خاوەن دەقەکەی دەبەخشنەوە. پێم وایە ئا لێرەدا وەرگێڕان دەبێتە داهێنان، چونکە لە لایکەوە وەرگێڕ توانیویەتی دەست بە هەموو نهێنی و ئەفسوون و تێمەی دەقە بنچینەییەکەوە بگرێت و لە لایەکی تریشەوە ئەزموونی خۆی بە شێواز و سیحری دەربڕین و کڵپەسەندنی وشە و رستە، بۆ دەقە وەرگێڕاوەکە بگوێزێتەوە. لە کۆتاییدا، کە خوێنەر دەقە وەرگێڕاوەکە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات دەقێک دەخوێنێتەوە، لە بنچینەدا بە زمانەکەی خۆی نووسراوە و لە زمانێکی دیکەوە وەرنەگێڕراوە.
پێم وایە نهێنیی وەرگێڕان ئالێرەدایە، کە وەرگێڕ بتوانێت بە لای کەمەوە زۆربەی رەونەقەکانی دەق بۆ زمانەکەی خۆی بگوێزێتەوە، بگرە توانیبیەتی داهێنانێکی دیکە لەو دەقەکەدا بکات.
پێم وایە نموونەی ئەو داهێنانەی لە وەرگێڕاندا، لای خۆمان هاتووەتە دی، رەنگە کارەکانی شوکور مستەفا و عەزیز گەردی باشترین نموونە بن، چونکە کاتێ ئەودیوی چیا و کاریتە و ئەوانی دی دەخوێنینەوە، جگە لە شکور مستەفا، هەست ناکەین یەشار کەمالێک لە پشت ئەو هەموو ئەفسوونەوە هەیە، یان کە بە دڵ و داو داغستانی من دەخوێنینەوە، عەزیز گەردی بە خۆی و رستە بە ئاووتاوە کوردییەکانییەوە، لە بەر چاومان ئامادە دەبێت و رەسول هەمزاتۆف لە

یاد دەکەین، کە چۆن بە وردی رووەچووەتە نێو کولتوور و دابونەریتی گەلێکی بچکۆلەی لەبیرکراوی ئەم سەرزەوییە! بەڵام لە دوالاپەڕەکانی داغستانی مندا، نووسەر و وەرگێڕ هەردووکیان بە جووتە لە بەرانبەرماندا ئامادە دەبن.

وەک لە سەرەتادا لە بواری وەرگێڕاندا ئاماژەم بە کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، بەڵام لە ئاستی تاکەکەسیدا، لێشاوێک لە وەرگێڕان رووی کردووەتە نێوەندەکەو رەنگە زۆربەیان ئاهی دڵ نەشکێنن. لێرەدا مەبەستم هونەرکاری و وردە نهێنییەکانی نێو ئەو دەقە وەرگێڕدراونە نییە، وەک پێشتر باسم کرد، بەڵکو خەمی من خەمی ئەو زمانەیە، کە دەیان ساڵە نەوەکانی پێش ئێمە بژاری دەکەن و پەروەردەی دەکەن، کەچی ئێستا بەو دەردە دەبرێ. بە بەرچاوی هەمووانەوە، لەم دە پانزە ساڵەی دواییدا، لافاوێکی ترسناک لە وشەی بیانی و نامۆ، چ لە وەرگێڕان و چ لە نووسین و لقەکانی رۆژنامەوانیدا، روویان کردووەتە ماڵی بەپێوەوەستاوی زمانی کوردی و خەریکە بە لایدا دێنێت، ئاخر لە کاتێکدا وشەی جێگرەوە هەبێت، ئیدی لە پای چی، ئەم وشە رەزاگرانانە بێنە ناو زمانەکەمانەوە.

دە تۆ دیقەتی وشەی وەک: ئەکتیڤ، پرۆسە، پرۆسێس، پێرفێکت، کۆنتاکت، ئۆکەی، پرۆفیشناڵ، کۆمێنت، بایکۆت، ئەلتەرناتیڤ، فۆرمەلە، ناسیۆنالیزم، لایک، کاریزما، گلۆبالیزم، چالاکوان و زۆری تریش وەک گژمرک هاتوونەتە نێو زمانەکەمانەوە، لە کاتێکدا لای هەر زمانزانێکی کورد جێگرەوەی ئەو وشانە هەن! ئاخۆ ئەمە وەک هەندێ دەڵێن، دەرەنجامی بەریکەوتنی نووسەری کوردە لەگەڵ زمان و کولتووری نەتەوە دراوسێکان و دنیادا؟ یان جۆرە لافلێدانێکە بۆ خۆهەڵنان، کە گوایا لە دەرێی زمانەکەی خۆیانیش ئەو مەلەوانە کارامەیەن؟ یان بێبرسێتی و بێوەجیی زمانەکەمان وای کردووە، ئەو جۆرە کەسانە بە زمانەکەی خۆمان دانەکەون و هەڵپەی پەلاماردانی ئەو وشە نامۆیانە بکەن؟ پێم وایە بە کردار لای نووسەر و وەرگێڕە بە هۆڵەوەبووەکان ئەوە سەلمێنراوە و ساغ بووەتەوە، کە زمانی کوردی ئەسپێکە سواری خۆی دەوێ، ئەگینا بیانووی ترپانی جۆیە و زمانەکەمان هیچ پێویستی بەو گەرز و گوڵێتکە نامۆیانە نییە.

وەک ئاشکرایە هەر زمانێک بە پێی ژینگەی خۆی، لە کاتێکدا گەر بندەست نەبێت، دیاردەکانی دەوروبەر هەڵدەمژێت و وردە وردە بۆ هەر تاقیکردنەوەیەکی ئاخێوەرەکانی، زاراوەیەک دروست دەبێت و دەبێتە بەشێک لە زمانەکە، ئاوهاش هەر زمانێک پڕە لەو جۆرە زاراوانەی زادەی ژینگەکەی خۆیانن، لێ کاتێ بۆ زمانێکی دیکە وەریان دەگێڕین، تەواو ئەو مەبەستە نابەخشن، چونکە لە تاموبۆی ژینگەکەی خۆیان و ئەو مەبەستەی بۆی وتراون، دوور دەکەونەوە. دە تۆ دیقەتی ئەم زاراوە عارەبییە بدە (ایاک واسمعی یا جارە) گەر بۆ کوردی وەری بگێڕین، دەبێتە (لەگەڵ تۆمە، دراوسێ تۆ گوێت لێ بێت).

ئەم زاراوەیە لە ژینگەیەکی دیکە دروست بووە و پەیوەندیی بە ژینگەی کوردەوە نییە، بۆ لای کورد بە رەوانی ناکەوێتە بەر گوێ.

جا لەم بارەدا، وەرگێڕی شارەزای هەردوو زمانەکە، هەوڵی گونجاندن دەدات و زاراوەیەکی کوردی کە نزیک بێت لەو زاراوەیەوە، بە کار دێنێت. ئەو

بە بەرچاوی هەمووانەوە، لەم دە پانزە ساڵەی دواییدا، لافاوێکی ترسناک لە وشەی بیانی و نامۆ، چ لە وەرگێڕان و چ لە نووسین و لقەکانی رۆژنامەوانیدا، روویان کردووەتە ماڵی بەپێوەوەستاوی زمانی کوردی و خەریکە بە لایدا دێنێت، ئاخر لە کاتێکدا وشەی جێگرەوە هەبێت، ئیدی لە پای چی، ئەم وشە رەزاگرانانە بێنە ناو زمانەکەمانەوە



وەرگێڕەی من مەبەستمە، دڵنیام بێ دوودڵی ئەم زاراوە کوردییە بەکار دێنێت (بووکە لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێت). ئینجا هەر زمانێک بگریت، دەیان و سەدان زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە و جاری وا هەیە سیما و شێوەی پەند و قسەی نەستەقیش وەردەگرن و دەبنە کۆسپێک لە بەردەم وەرگێڕدا، بەڵام وەرگێڕی بە ئەزموون، لە ڕێگەی گونجاندن و وەرگرتنی هاوشێوەکانیان لە زمانەکەی خۆیدا، دەتوانێت چارەسەریان بکات.

جگە لە زاراوەکان، هەندێ وەرگێڕ تووشی وشەی داتاشراو دەبن، کە ئەمەیان دەستکردی نووسەری دەقەکە خۆیەتی و پێشتر ئاخێوەرانی زمانەکەی خۆیان بە کاریان نەهێناوە، دیسان ئەمیش جۆرە کێشەیەک دروست دەکات، بەڵام بە هۆی لێزانی و هەڵێنجانی واتای رستەی پێش و دوای وشە داتاشراوەکە، یان لە مەبەستی گشتیی نێوەڕۆکی بابەتەکەوە، وەرگێڕ دەتوانێت بگاتە واتای راستەقینەی وشەکە. من بۆ خۆم لە بواری وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی وەرم گێڕاون، تووشی ئەو جۆرە دۆخە بووم. کاتی خۆی کە ڕۆمانی «مسخ»ی فرانتی کافکام وەرگێڕا، ماوەیەکی زۆر بە دەست ناونیشانەکەیەوە دامام و چەندین فەرهەنگم پشکنی، وشەیەکی پڕاوپڕم بەرانبەر «مسخ» دەست نەکەوت، بۆیە تێکرای نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە ئەوەی پێ وتم، کە گۆڕانێک بەرەو خراپبوون، لە بوونی کەسیەتیی ڕۆمانەکە «گریگۆر سامسا» دروست بووە، ئیدی ناونیشانەکەم کرد بە «بەدگۆڕان» و پێم وایە جێی خۆیشی کردەوە و لە زمانەکەشدا هاوشێوەی هەیە، وەک: بەدخۆراکی و بەدحاڵیبوون و بەدکردار و زۆری تریش.

هەر لە بارەی وشەی داتاشراوەوە، کە زۆرجار وەک کۆسپێک دێتە پێش وەرگێڕ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی بکەم. لەم ساڵانەدا چیرۆکێکم بەناوی «مرۆسە»وە بڵاو کردەوە.

لە راستیدا وشەکە داتاشراوی خۆم بوو. بە واتا «مرۆڤی بەسەگ بوو». زۆری نەبرد وەرگێڕی شارەزا، محەمەد سابیر مەحمود، ئەم چیرۆکەی بۆ عەرەبی وەرگێڕاو بڵاوی کردەوە. بینیم ناونیشانی «مرۆسە»ی بە عەرەبایی کردبوو بە «الانسان المسعور»، یەکسەر زانیم لە وەرگێڕانی ناونیشانەکەدا پشتی بە نێوەڕۆکی چیرۆکەکە و ڕەوتاری کەسیەتییەکە بەستووە و منیش لای خۆمەوە هیچ لارییەکم نەبوو، کە بڵێم، گەر ئەم ناونیشانە جارێکی تر بکەینەوە بە کوردی، دەبێتە «مرۆڤی هاربوو» و لەگەڵ «مرۆسە»دا یەک ناگرنەوە.

چونکە کەسیەتییەکە «دەوڵەتیار» بۆ ڕێبزری، هەمان ڕەوتاری سەگانە دەکات و منیش لە چیرۆکەکەدا خاسیەتی هاربوونی سەگم داوەتێ. پێم وایە ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی کاری وەرگێڕان.

هەر دەربارەی زاراوە و وشەی داتاشراوی نێو هەر دەقێک، کە وەرگێڕ تووشی دەبێت، دەبینین لە نێو دەقی کوردیدا، لای هەندێ لە نووسەر و شاعیرانی بە ئەزموون، کە هەستیان بە نەبوونی ئەو جۆرە وشانە کردووە، پەنایان بردووەتە بەر وشەداتاشین، ئەوەی ئێستا لە خەیاڵم دایە، عەباس عەبدوڵڵا یوسفی شاعیرە، بەتایبەتی لە شیعرە تاکدێڕییەکانیدا ئەم کاری داتاشینە دەبینین، وەک: (چۆشینە) بەرانبەر (مفاتن)ی عەرەبی و (دڵوەستە) بەرانبەر (السکتە القلبیە) و (ناسا) بەرانبەر (شاژ) و (گرێخوو)

بەرانبەر (العقده النفسیه) و (تیفگە) بەرانبەر (المقصله)ی عەرەبی. پێم وایە گەر ئەم جۆرە وشانە بچنە نێو ئەو فەرهەنگە گشتییەی پێشتر باسم کرد، ئەوا ئاسانکارییەک بۆ وەرگیرەکانیشمان دروست دەبێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم، هەر وەرگێڕێک، کە دەقێک لە زمانێکی دیکەوە بۆ زمانی کوردی وەردەگیڕێت پێم وایە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی لە کارەکەیدا پەیوەستە بە شارەزابوون و نەشارەزابوون لە رستەسازیی کوردیدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەو زمانەی لێوەی وەردەگێڕدرێ، سەر بە گرووپێکی دیکەی زمانی کوردی بێت، بە تایبەتی زمانی عەرەبی.

دەبینین شێوەی داڕشتنی رستە لە هەردوو زمانەکەدا، یەکجار لە یەکەوە دوورن، بۆیە پێم وایە وەرگێڕ لە گونجاندن بەولاوە، هیچ چارێکی دیکەی نییە، بە مەرجێ توخنی شێواندنی نێوەڕۆک نەکەوێت.

بە هەلی دەزانم لێرەدا ئاشکرای بکەم، کە ئێستا خەریکی وەرگێڕانی رۆمانی (ئاهەنگی تەگەکە)ی ماریۆ ڤارگاس یۆسام و لە زۆر شوێندا تووشی ئەو کێشانە هاتووم و پێم وایە چارەسەرم کردوون.





# وەرگێڕان

## دۆزینەوەی ئەوی تر و پیشاندانی خۆتە بە ئەوی تر



هیوا قادر

منداڵبووم، کە یەکەمجار پێش چوونم بۆ قوتابخانە، ڕووبەڕووی زمانی عەرەبی بوومەوە، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەم بەراورد بە ساتی گەورەییم، لەگەڵ زمانەکانی تردا، هێندە قورس نەبوو، چونکە منداڵبووم و پڕ بووم لە فزوڵ و حەزی تاقیکردنەوە؛ ئەم یەکەم ڕێکەوتەم لەگەڵ ئەو زمانەدا لەو ڕۆژەوە دروستبوو، کە دەستم کرد بە کڕینی گۆڤارێکی منداڵان، بە زمانی عەرەبی، بە ناوی «المجلتی»، بەڵام ئەوەی یارمەتیدام لە سێبەری ماناکانی ئەو وشانە تێبگەم، کە بە حونجە ئەمخوێندەوە، وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناو گۆڤارەکە بوو. لەو ڕۆژەوە من تێگەیشتم، کە زمانێکی تر هەیە لە زمانەکەی من

# بەر لە هەر شت، هونەری وەرگێڕان نەترسانە لە ئاشنابوون بە بیرکردنەوەکانی تر

ناچێت، زمانێک کە ئەتوانێت چیرۆک بگێڕێتەوە و جیاواز بێت لە چیرۆکەکانی دایکم؛ ئەمە ئەو سەرەتا سادەیەی من بوو لەبەردەم بەریەککەوتنم لەگەڵ زمانێکی تردا. هەوڵدانی من لە تێگەیشتنی ئەو چیرۆکە عەرەبییانە لە ڕێگەی وێنەکانەوە، یەکەم پرۆسەی سادەی من بوو لەبەردەم وەرگێڕانی زمانێکی تر بۆ خەیاڵی زمانی خۆم. ئەم فزوڵی چی وتنەی زمانی تر و خستنە سەر ئەلفوبێی زمانی خۆم و ماناکانی، یەکێک بوو لە خۆشترین ئەو یارییانەی کە ئەمکردن، دواتریش گەورەتر بووم، بە هەمان شێوە تێگەیشتم یەکێک لە هەرە خۆشترین ئەو هونەرانەی کە ئینسان زۆر دەمێکە کاری لەسەر کردووە، کاری وەرگێڕان بووە.

فزوڵی وتنی ئەوی تر، پەیپێبردن بە بیرکردنەوەکانیان و دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوەکانی خۆت، زوو گەیشتن بەوی تر پێش هەمووان، پیشاندانی وێنەی ئەوان لە ڕێگەی نووسراوی خۆیانەوە و کردنیان بە نووسراوی خۆت، پێموایە دۆزینەوەی هەموو ئەم لەزەت و هەستکردنانە لە مومارەسەکردنی وەرگێڕاندا، لە ئاستێکی بچکۆلانەتردا هیچیان کەمتر نییە لە دۆزینەوەی یەکەمی ئینسان لە ئاستێکی گەورەتردا، بۆ کیشوەرێکی وەکو ئەمەریکا.

وەرگێڕان پێش هەرشت دۆزینەوەی ئەوی ترە، کە پێشتر وێنەیەکی ڕوونی لەلات نەبووە، یان تەسەورت بۆ بوونی نەبووە، بەو چەشنەی خۆی ئەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات. وەرگێڕان واتا دۆزینەوەی ئەوی تر، یان پیشاندانی خۆت بە ئەوی تر، وەرگێڕان لە هەردوو باردا یەکخستنەوەی هەموو ئەزموون و خەیاڵ و فکری ئینسانەکانە بە یەکتری و بیرخستنەوەیانە بەوەی ئینسان هاوبەشییەکانی لەگەڵ یەکتریدا زۆرترە وەک لە جیاوازییەکانی.

من هەرگیز هەستم نەکردووە وەرگێڕم، بەڵام هەموو لەزەتەکانی وەرگێڕێک ژیاوم لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیدا، وەرگێڕان بۆ من هەمیشە ویستگەی پشوودان و خۆڕزگارکردنە بووە لە بۆشاییە ئازاربەخشەکانی ژیان، هەروەها وەستانێکی کاتیش بووە لە نووسین؛ هەمیشە کە بەرهەمێک، یان کتێبێکی جوانم خوێندبێتەوە حەزم کردووە خوێنەری کوردیش هەمان شانسی لەزەتبردن و خەیاڵبردنەوە و تێگەیشتنی منی هەبێت لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە جوانەدا، بەڵام کتێبە جوانەکان هێندە زۆرن و پرۆسەی وەرگێڕانی کوردییش هێندە شەخسی و سستە جگە لە خەمخواردنێکی بەردەوام هیچی ترت لە دەست نایەت بیکەیت. بەش بە حاڵی خۆم جگە لە تەمەنایەکی سادە بۆ وەرگێڕانی ئەو چەند کتێبە کەمە، بۆ کوردی، هیچ ئیدیعایەکی ترم نییە و خۆم بە وەرگێڕ نازانم.

من پێم وایە بەر لە هەر شت هونەری وەرگێڕان نەترسانە لە ئاشنابوون بە بیرکردنەوەکانی تر، هەرچ کاتێک لە قۆناغە جیاوازەکانی هەر نەتەوەیەکدا ئەوی تر جێگەی قبووڵکردن بووبێت و هیچ ترسێک لە دۆزینەوە و سوودوەرگرتن لەوی تر لە ئارادا نەبووبێت، هونەری وەرگێڕانیش برەوی سەندووە. گەر فزوڵ یەکەم پاڵنەری وەرگێڕان بێت ئەوا ترسیش یەکەم پاڵنەری نەکردنی وەرگێڕانە.

وەرگێڕان هەمیشە ئەو بەریەکەوتنەیە لەگەڵ زمانێکی تردا، کە وەک بوونەوەرێکی زیندوو خۆیت پیشان ئەدات، قبوڵکردنی ئەو وەک خۆت و ڕێگاپێدانی بە پیشاندانی وێنەی خۆی، بەر لە هەر

وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیدا، وەرگێڕان بۆ من هەمیشە ویستگەی پشوودان و خۆڕزگارکردنە بووە لە بۆشاییە ئازاربەخشەکانی ژیان، هەروەها وەستانێکی کاتیش بووە لە نووسین؛ هەمیشە کە بەرهەمێک، یان کتێبێکی جوانم خوێندبێتەوە حەزم کردووە خوێنەری کوردیش هەمان شانسی لەزەتبردن و خەیاڵبردنەوە و تێگەیشتنی منی هەبێت لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە جوانەدا



شت تێکەڵاوکردنی دوو ئەزموون و دوو سیستەمی بیرکردنەوەی زمانەوانییە بە یەکتری، سەرەتا توانا شاراوەکانی تێگەیشتنی هاوبەش لەو دوو سیستەمە زمانەوانییەدا ئەبینیت و دواترش ئەو قورسی و ناچاربوونە بۆ یەکخستنی ئەو گوزارشتکردنانەی دێنە پێشەوە، کە ناحاڵیبوونی لێ ئەکەوێتەوە.
ڕاستە وەرگێڕان نووسینەوەیەکی تری ئەوی ترە وەک تێکست، بەڵام هەرگیزیش ئەوێکی تری سەد دەرسەد نییە، ڕەنگە قودرەت و خۆشیی یارییەکەش لەوەدابێت، کە تۆ چەند توانای ئەوەت هەیە نزیکتر بیتەوە لە هەرە بەرزترین ڕێژەی تێکستە ئەسڵییەکە. ئەم نزیکبوونەوە و بەماناکردنەوە و گەیاندنی جوانی و ڕیتم و تەکنیکەکانە، لە تێکستی یەکەمەوە بۆ تێکستی دووهەم، بەپێی جۆری ژانری نووسینەکە ئەگۆڕێت. بۆ نموونە هیچ کات لە زمانی سویدیدا لە وەرگێرانی شیعردا نانووسرێت وەرگێڕان، بەڵکە ئەنووسرێت «خوێندنەوە»، چونکە وەرگێڕانی شیعر وەک خۆی لەهەرە کارە مەحاڵەکانی ناو هونەری وەرگێڕانە، ئەکرێت وەرگێڕانەکەت لە خودی شیعرەکە جوانتر بێت، کە وەرتگێڕاوە، بەڵام هەرگیز وەرگێڕانەکەت خودی شیعرەکە خۆی نییە، بەڵام ئەم ڕێژەی بەیەکترگەیشتنە لە چیرۆک و ڕۆمان و وتاری سیاسی و بابەتەکانی تردا وەها نییە و زۆر ڕێژەییە. وەرگێڕی باشیش ئەو وەرگێڕەیە هەم لە خەیاڵی ناو زمانی تێکستی بەرامبەر تێبگات و هەم زمانەکەی خۆیشی زمانێک بێت خەیاڵی تیادابێت، بۆ ئەوەی لەو شوێنانەشدا کە دوچاری تێنەگەیشتن و هەڵەی بەسەرداتێپەڕبوون ئەبێتەوە، خەیاڵی زمانەکەی خۆی هێندە جوان بێت، کە دواتر




هەست بە نوقسانیی وەرگێڕانەکە نەکەیت. هەر ئەم هەستپێکردنەشە وائەکات بوترێت، وەرگێران نووسینەوەی دووهەمی تێکستە.
هەمیشە بۆ ئەوەی دوو زمان لە یەکتری بگەن، ئەبێت ئەم دوو بوونەوەرە لە بەردەمی یەکتریدا دابنێیت و ڕێ بدەیت هەردووکیان خۆیان ڕێک بکەون نەک تۆ، نابێت بهێڵیت خەیاڵەکانت و شووناس و کولتوور و ئەتنییە زاڵەکەت بەهاکانی ئەو بکوژێت، لە پێناوی ئەوەی ئەتەوێت ئەو وەک خۆت پیشان بدەیت. گەیشتن بەم وردبوونەوەیە لای وەرگێڕ، تەنها لە ڕێگەی ئەزموونەوە پێی ئەگات، بەبێ ئەم ئەزموونە کە پڕە لە هەستکردن بە لەزەت و ترس، ناتوانیت دەقێکی زیندوو بە زیندوویەتی بهێڵیتەوە لە کاتی وەرگێڕان و خستنی بۆ سەر ئەلفوبێی زمانی خۆت. بۆیە وەرگێڕی ڕاستەقینە پێش پیشاندانی جوانییەکانی تێکستی یەکەم، ئینسانێکە باوەڕی بەوی تر وەک خۆی هەیە، بە هەموو جیاوازییەکانییەوە.



# «عێراقییەك لە پاریسدا»ی سەمۆئێل شەمعوون

## دواکاری وەرگێڕانم

**سەباح ئیسماعیل**

دوای ماندووبوونێکی زۆر و شەونخوونییەکی وەڕسکەر و لە هەمان کاتدا چێژبەخش، توانیم لە وەرگێڕانی ڕۆمانی «عێراقییەک لە پاریسدا» ببمەوە، کە ئێستاکێ لە دەزگای ئاراسە و بە هیوام بەم زووانە لە چاپ دەرچێت. ڕەنگە یەکێک لە خاڵە جوانەکانی کتێبەکە پێشەکییەکەی نووسەر «سەمۆئێل شەمعوون» بێت بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە و سۆراخ پرسینی بەردەوامیەتی بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی بۆ سەر زمانی کوردی، وەک ئەوەی یەکەمین زمان بێت کتێبەکەی بۆ سەر وەرگێڕابێت، ئەو لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی:

«باشم لە بیرە ئەودەمی پێت ڕاگەیاندم، بە نیازی کتێبەکەم «عێراقییەک لە پاریسدا» بکەیتە کوردی، من دەمودەست خۆشحاڵی و شانازیی خۆم بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی زۆر ئازیزی کوردی لە دڵمدا، دەربڕی. وەکو دایکم بۆی دەگێڕامەوە، من هێشتا زارۆکی بەرمەمکان بووم زمانی کوردیم بیستبوو، ئەودەمی دراوسێ کوردەکانمان لە حەبانییە لە ئامێزیان دەکردم.




له سالانی گەنجیمدا، نەک هەر لە هاوەڵەکانمەوە زمانی کوردیم دەبیست، بگرە بەو وشانەی دەمزانین قسانیشم دەکرد. گوێم لێ بوو دایکم لەگەڵ دراوسێ کوردەکانماندا، ئەوانەی زمانی ئاشووری و عەرەبییان دەزانی، بە کوردی دەئاخاوت. زێدەگۆیی ناکەم گەر بڵێم زۆرێک لە دانیشتووانی شاری حەبانییەی منی تێدا هاتمە دنیاوە، لە نێوان خۆیاندا بە عەرەبی، کوردی، تورکمانی، فارسی و ئاشووری دەدوان.

مایەی خۆشبەختییە، ئێستا دوای نیو سەدە لەو منالییە، کتێبێکم بە زمانی کوردی دەبێت، خودایە، چەندە خۆشبەختم.

هەرگیز لە بیری ناکەم، کاتێک ئیمەیڵەکەتم پێ گەیشت، کە تێیدا ئارەزووی وەرگێڕانی ڕۆمانی «عێراقییەک لە پاریسدا»ت بۆ زمانی کوردی پێ ڕاگەیاندم، بڕوام پێ بکە، لەو ئێوارەیەدا، خۆم بە یەکێک لە باڕەکاندا کرد و تاڕادەی مەستبوون خواردمەوە. بەڵێ، هەر کاتێک هەواڵێکی خۆشم پێ بگات وادەکەم، هەروەها لە یادمە ئیمەیڵم بۆ زۆرێک لە برادەران نارد و پێم گوتن، ئێمە چەند گەمژە و گەلۆرین، دەکۆشین کتێبەکانمان بکرێنە ئینگلیزی، ئەڵمانی و زمانانی تر، کەچی ئەو زمانانەی لەوانە جوانتر و لە دڵ نزیکترن، وەکو فارسی، کوردی، تورکی، ئەرمەنی، عیبری، هیندی و یۆنانی لە بیر دەکەین.

زێدەگۆیی نییە گەر بڵێم، وەرگێڕانی کتێبەکەم بۆ زمانی کوردی، بەلای منەوە گرینگتر و بەبایەخترە لە وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی، یاخۆ هەر زمانێکی تری ئەورووپی. ئەمەش لەبەر گەلێک هۆ، لە نێویاندا، من سەر بە خانەوادەیەکی ئاشووریم، لە بەرایییەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەو دەڤەرەی ئەمڕۆ پێی دەبێژین کوردستانی عێراق، وەدەرنرا. ئیدی بۆ ماوەی حەوت دەیە لە ڕۆژئاوای وڵات نیشتەجێ بوو. ئەمڕۆ، کاتێک ئەم پێشەکییە دەنووسم، جگە لە گۆڕەکەی باوکم هیچ کەسوکارێکم لە عێراقدا نەماون. دوای هاتنەژوورەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق (ساڵی ٢٠٠٣) و دەسبەکاربوونی چەتە ئیسلامییە دەمامکدارەکان، بە دەستدرێژی کردنە سەر کرستیانیانی عێراق، خوشک و براکانم بە دایکە تووشبووەکەشمەوە، بە نەخۆشیی زهایمەر، بەرەو سوریا، کەنەدا، ئەمریکا و سوێد کۆچیان کرد. ئیدی کەسم لە عێراقدا نەما.

ئێستاش، بۆ یەکەمین جار لە خۆم دەپرسم، هەر بەڕاست وڵاتێکمان هەبوو بە ناوی عێراق؟!

هەینێ سەرنجی ئەوە دەدەم ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێ، ئەوا وەڵامەکەم، نەخێر، نەخێرە. عێراق جگە لە درۆیەک زیاتر لەودەمی ئینگلیز پاشایەکی لە حیجازەوە بۆ هێناین و باوەڕمان پێ کرد، شتێکی تر نییە.

لێت پرسیوم داخۆ «عێراقییەک لە پاریسدا» ژیننامەیە، یاخۆ زادەی خەیاڵە؟ دەخوازم پێت بڵێم، بەڵێ، ژیننامەیەکی ڕووتە. من تێیدا ویستوومە وەسفی ئەو ئەشکەنجەیەی بەدەست پیاوانی پۆلیسی عەرەبەوە، بەتایبەت لە سوریا، ئەردەن، لوبنان و شوێنانی تر، کە ناوم نەهێناون،

چەشتوومە، سووک بکەمەوە. هەروەها لە پەسنی ئەو ژیانە قورسەی کاراکتەر، لە ئاوارەیی، لە شەقامەکانی پاریسدا، لەو زستانە ساردانەدا، تێیدا ژیاوە، سووک بکەمەوە.

کاتێک کتێبەکەم دەنووسییەوە بە خۆم دەگوت، خوێنەری عەرەب، کە ژیانێکی سەخت لە ژێر چنگی ڕێژیمە فاشیستە عەرەبییەکاندا دەژێت، چاوەڕوانی شتێکی ترم لێ دەکات، شتێک ئازارەکانی لە بیر بباتەوە، شتێک لە ئەشکەنجە، ڕق، تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوە دووری بخاتەوە؟

مرۆڤی عەرەب پێویستی بە ڕۆحی لێبوردەییە، نەک گیانی تۆڵەسەندنەوە. لێبوردەیی چارەسەری ڕاستەقینەی گشت گرفتەکانمانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بگرە لە جیهاندا.

وەرگێرانی «عێراقییەک لە پاریسدا» بۆ زمانی کوردی، لاپەڕەیەکی نوێی پرشنگدارە لە ژیانی مندا. سڵاو لە تۆ و خوێنەری کورد، کە ئاواتمە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم ڕووبەڕوو بیانبینم.

**سەمۆئێل شەمعوون**

ئەندرسۆن سەنتەر، مینیسوتا ١٧ی سپتەمبەری ٢٠١٢»

* * *

ئەمڕۆ ئەدەبی عەرەبیی عێراق، بەتایبەت ڕۆمان، پێگەیەکی دیار و بەرچاوی لە پانتایی ڕۆمانی عەرەبیدا گرتووەتەوە و ناوێلێکی تازە هاتوونەتە کایەوە و وەرچەرخانێکی گەورەیان بە ڕۆمان کردووە.

هەڵبەت ئەدەبی عەرەبیی عێراق، بەتایبەت ژانری ڕۆمان لە تاراوگەدا، پتر ڕۆڵی خۆی بینی و گەشەی سەند، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی زۆرێک







لە نووسەران لە دەست ڕێژیمی سەرکوتکار هەڵاتبوون، بە ئازادییەکی زیاترەوە دەیانووسی، لەوانە «غائیب توعمە فەرمان، فازڵ عەزاوی، عەلی بەدر، نەجم والی، عەبدولستار ناسر، هەدیە حوسێن، شاکر ئەلئەنباری، جینان جاسم حیللاوی و سەمۆئێل شەمعوون و.... هتد».

گەلێک لە ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە کار لە سەر یادەوەری دەکەن و کاراکتەرەکانیان ڕاستەقینەن و هەندێکی تریشیان زادەی خەیاڵن، ڕووداوەکانیش برێکیان بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و برێکی تریشیان بەری درەختی فەنتازیای نووسەرن. ئەمانە و جگە لەوەی شانۆی ڕووداوەکان، تەنانەت بە خەونەکانی کاراکتەرەکانیشەوە، بەگشتی عێراق بووە، تا ئەو



ڕادەیەی هەندێک لەو ڕۆمانانە بە شێوەیەک بە کات و شوێنی ڕابردووەوە پێوەست بوونە، ئەدەبەکەیان چووەتە قاڵبی ژینامەوە.

لە ڕۆمانی «عێراقییەک لە پاریسدا» شتێکی لەو بابەتە کراوە، لێ نووسەر نەهاتووە وەک فەرمانبەرێکی بەساڵاچوو دوای خانەنشینکردنی بێت یادەوەرییەکانی بگێڕێتەوە، ئەو چونکە خۆی بە کەسێک دادەنێت ژیانێکی سروشتی ژیاوە و دەژێت، هاتووە بۆ گەشتی ڕۆمانەکەی پەنای بۆ توێشووی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بردووە، ئیدی پێویستی بەوە نەبووە ڕووداوی ڕۆمانسی، یاخۆ تراژیدی بە فەنتازیا بکا و بیترنجێنێتە ڕۆمانەکەیەوە، چونکە ئەوی لە ژیانیدا تووشی هاتووە، لە ستەم، ئەشکەنجە، ئاوارەیی، برسییەتی، پێوەندیی مرۆیی سەیروسەمەرە و سەرسووڕهێنەر، لە سەرووی خەیاڵەوەن و بەشی چەندین ڕۆمان دەکەن. وێڕای هەموو ئەو دەردیسەرییانەش، ئامانجی ئەوەیە کولتوورێک، کە هێند لە ئەدەبی عەرەبیدا باو نییە و ئاتاجیەتی، پەرە پێ بدات، ئەویش کولتووری لێبوردەییە، چونکە سەرەڕای ئەو هەموو ڕق و تۆڵەیەی لە بەرابەر کاراکتەرەکەدا کراون، چ بە دەست کەسەکان و چ بە دەست ڕۆژگارەوە «وێڕای تاوانبارکردنی کورد لە کوشتاری ئاشوورییەکان لە ساڵی ١٩٣٣دا لە گوندی سمێل» ئینجاش لێبوردەیی لە یاد ناکات.

لە ڕۆمانەکەدا لەم بارەیەوە لە زمانی قریاقۆسەوە دەبێژێت:

«لە تاوسانی ساڵی ١٩٣٣دا من تەمەنم دوازدە ساڵان بوو، کات شەو بوو، لەبەر چرا خوێندنمان دەکرد. گوێمان لە تەقەی دەرگە بوو، جویی تەواو وەکو فیلمەکان. هەستام دەرگە بکەمەوە، وەلێ باوکم پێشم کەوت، هەر هێندەی دەرگەکەی کردەوە، پێنج شەش زەلامی دەموچاو پێچراو خۆیان بە ژووردا کرد. یەکیان خەنجەرەکەی بە ملی باوکمدا هێنا و خستییە سەر زەوییەکە، ئەوانی تریش خەنجەرەکانیان بە سینگی دایکمدا کرد. بە پرتاو ڕامکردە ژوورەوە، بۆ ئەو شوێنەی ڤێرجینیای لێ دانیشتبوو، ویستم لە پەنجەرەکەی لای دواوە ئەوی دەیڕوانییە شەقامەکە دەری بکەم، کەچی ڕەتی کردەوە و ویستی بزانێ دایک و باوکم چییان بەسەردا هاتووە. من لە ترساندا دەلەرزیم،



سەمۆئێل شەمعوون

کاتێک بینیم دووان لەو دەموچاو پێچراوانە بە خەنجەرەکانیانەوە لێمان نزیک دەبنەوە، چۆن دیتم خەنجەریان بە سینگی دایکمدا کردووە، بە هەمان شێوە بینیم ڤێرجینیاش وای لێ هاتووە. نازانم چۆن بوو تەکانم بۆ پەنجەرەکە دا و لەوێوە خۆم هاویشتە دەرەوە، بە ڕێگە تەنگ و لێژەکاندا هەڵدەهاتم. شەوێکی ترسناک بوو، بە دەیان زەلامی دەموچاو هەڵپێچراو خۆیان بە ماڵە ئاشوورییەکاندا دەکرد و خەڵکەکەیان سەردەبڕی. تەرمی ژن و مناڵ و پیرەمێرد و گەنجم بینین، لەبەر دەرکی ماڵان و لەسەر جادەکاندا تووڕ دراون. بەدەیان سەری براو تۆپئاسا لە گۆشەی شەقامەکاندا فڕێ درابوون. ئافرەتەکان واوەیلێیان بوو، پیاوکوژەکانیش بە خەنجەر و تەور و تێڵاوە بەدوایانەوە بوون. بەردەوام ڕامدەکرد، تاکو ئۆتۆمبیلێکی جێبی سەربازیم بینی بەدوامەوە بوو، دواییش بە تەنیشتمدا دەڕۆیی. هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو و لەرز گرتبوومی، گوێم لێ بوو لێخوڕی جێبەکە بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵدا دەکردم، لە ئاماژەکانی دەستی تێگەیشتم دەیەوێت سوار بم. بەدرێژایی دوو ڕۆژان زمانم لە گۆ کەوت.....».

پاشان دەڵێت: «ئینگلیزەکان دەیانزانی چەکدارانی کورد لە هەر کاتێکدا بێت دەست بە کوشتاری ئاشوورییەکان دەکەن. لێ نەیانتوانی هیچ بکەن».

من سەبارەت بەم قسەو باسەی نێوان ئەم دوو کاراکتەرە نامەیەکم ئاراستەی نووسەر کرد و نووسیبووم:

«لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا بە زمانی قریاقۆسەوە باس لە قەسابخانەکەی سمێڵ دەکەیت، گوایا بە دەستی کورد ئەنجام دراوە، بەڵام ئەمە ڕاست



نییە و تکام وایە پەراوێزێک سەبارەت بەمە بنووسیت، ئەوە بەشێک لە کتێبەکەی کۆمەڵناسی ناوداری عێراقی د. باقر یاسین (ڕیشەکێشکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا)ت بۆ دەنێرم بە ڕاشکاوی باس لەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەکات، کە بە پیلانی حکوومەت کراوە و بە دەستی سوپای ئەوسای عێراق ئەنجام دراوە، تکام وایە بیخوێنیتەوە و وڵامم بدەیتەوە، چونکە ئەمە تەنیا خزمەتی ڕەگەزپەرستی و شۆفێنیزم دەکات و گەشە بە ڕۆحی ڕق و کینە دەدات.»

ئەویش بەم نامەیە بەرسڤی دامەوە:

«بمبەخشە لەوەی داوات کردبوو، چونکە بە دەستی من نییە، ئەمە گفتوگۆیەکە بەر لە ٥٠ ساڵ لە نێوان قریاقۆس و کوڕیژگەکەدا کراوە و پێوەندیی بە بەڵگەنامەکانی باقر یاسین، یا هەر بەڵگەنامەیەکی ترەوە نییە. هیچ ڕق و کینەیەک لە گۆڕێدا نییە، قریاقۆس وەڵامی ئەو دەداتەوە.... پاشان دەڵێت، ئەوە ڕابردووە. بە پێچەوانەوە، گفتوگۆکە بانگەشەی لێبوردەیی دەکات..... هتد».

هەڵبەت وێڕای ئەو قسانەش، هیچ بانگەشەیەکی تۆڵەسەندنەوە و ڕق و کینە لە ڕۆمانەکەدا بەدی ناکرێت. بۆیە دەکرێت ئەم ڕۆمانە وەک مانیفێستی






لێبوردەیی تەماشا بکەین.

ئەو لە سەرلەبەری ڕۆمانەکەدا باس لە بایەخی سینەما لە ژیانی عێراقییەکاندا دەکات، بە هەمان شێوەی منداڵیی هەر یەکێکمان چۆن خەونمان بە پاڵەوانی فیلمە سینەماییەکانی وەک: داراسینگ، هەرقل، ماشستی، ترانتی، جۆلیانۆ جیما، کلاوس کنسکی، ڕینگۆ، سانتۆ و سوپەرمانەوە دەبینی و ئاواتی ئەوەمان دەخواست لە شوێن ئەوان بووینایە، ئەویش ئەوە دەردەخات چەند خەونی بە سینەماوە بینیوە و چەندێک حەزی کردووە وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی، یا هەر پیشەیەک تایبەت بە سینەماوە بێت کار بکات. ئیدی پاش ئەوەی خەونەکەی بەدی نەهات، پەنای بۆ نووسین بردووە. لای ئەو نووسین سەرنەکەوتنی لە فیلمسازی بیر دەباتەوە.

ئەم ڕۆمانە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم «عێراقییەک لە پاریسدا» لە ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٣ نووسیویەتی. هەرچی بەشی دووەمە «فرۆشیارە گەڕۆکەکە و سینەما» ساڵی ١٩٨٥ وەکو سیناریۆیەک بۆ فیلمی «تاسە بۆ ڕۆژگاری ئینگلیزەکان» نووسیویەتی، تاکو ساڵی ١٩٨٩ سیناریۆکەی کردووە بە ڕۆمان.

* * *

سەمۆئێل شەمعوون لە خێزانێکی دەسکورتی ئاشووریی ساڵی ١٩٥٦ لە شاری حەبانییەدا هاتووەتە دنیاوە. قۆناخی سەرەتایی لە حەبانییە و ڕومادی تەواو کردووە. ناوەندییش لە بەغدا، ئیدی لە پۆلی دووی ناوەندییەوە وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی ١٩٧٩ عێراقی بە نیازی هۆلیوود و بە مەبەستی دەرهێنانی سینەمایی جێهێشتووە. کەچی لە دیمەشق، عەممان، بەیرووت، قاهیرە، نیقۆسیا، عەدەن و توونسدا ئاوارە کەوت، تاکو ساڵی ١٩٨٥ لە پاریسدا گیرسایەوە. تا ناوەڕاستی نەوەتەکان لەوێدا مایەوە و لەو ماوەیەدا خانەی گلگامشی بۆ بلاوکردنەوە دامەزراند. لە کۆتایی حەفتاکاندا دەستی بە شیعر و چیرۆکنووسی کرد و چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامە ئەردەنییەکان و هۆنراوەکانیشی لە گۆڤاری (الکرمل)دا بلاو دەکردەوە. ساڵی ١٩٨٧ یەکەمین دیوانی بە زمانی عەرەبی لە پاریسدا بە چاپ گەیاند.

ساڵی ١٩٩٦ گواستییەوە بۆ لەندەن، لەوێ توێژەری ئینگلیزی خاتوو مارگرێت ئۆبانکی ناسی و پێکەوە ساڵی ١٩٨٨ گۆڤاری پانیپاڵیان دەرکرد،

که تایبەته به وەرگێڕانی ئەدەبی عەرەبی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. هەروەها دەزگەی پانیپاڵیشیان بۆ برەودان بەئەدەبی عەرەبی و به جیهان ناساندنی، دامەزراند. ئەم دەزگەیه ساڵانه خەڵات به باشترین کتێبی وەرگێڕاو بۆ زمانی ئینگلیزی دەبەخشێت.
ساڵی ٢٠٠٣ سەمۆئێل شەمعوون پێگەی ڕۆشنبیریی کیکای دامەزراند، پێشتریش لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و خاوەنکاری سعوودی، عوسمان ئەلعەمیر، پێگەی ئیلافیان دامەزراند و له ١٩٩٩ تا ٢٠٠٢ سەرپەرشتیی کرد.
ساڵی ٢٠٠١ سەمۆئێل به هاوکاریی مارگرێت ئۆبانکی هاوسەری، ئەنتۆلۆژیای شیعری عەرەبییان به زمانی ئینگلیزی دەرکرد.
ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆمانی «عێراقییەک له پاریسدا»ی له بەیرووت چاپ کرد و دوای ناوبانگی زۆر، چەند دەزگەیەک چاپیان کردەوە. پاشان وەرگێڕرایه سەر زمانەکانی «فڕەنسی، ئینگلیزی، سوێدی و تورکی».
ساڵی ٢٠٠٧ سەمۆئێل وەکو سەرۆکی لیژنەی پۆکەری عەرەبی هەڵبژێررا. ڕۆژنامەی بەناوبانگی فرانکفۆرتەری ئەڵمانی، له ژمارەیەکیدا سەمۆئێل به «دەستپێشخەر» وەسف دەکات، چونکه بێ ماندووبوون خەریکی وەرگێڕانی ئەدەبی عەرەبییه بۆ زمانی ئینگلیزی. ئێستا سەرقاڵی دووەمین ڕۆمانیەتی بەناوی «فیدائییه ئاشوورییەکە»، که دەکرێت به تەواوکەری ڕۆمانی «عێراقییەک له پاریسدا» دابنرێت. ڕووداوەکانی باس لەو ڕۆژگاره دەکەن، له دوادواییەکانی ساڵانی حەفتاکاندا لەگەڵ بەرگریی فەلەستینیدا گوزەراندوویەتی.








# پەیڤێك لە بارەی وەرگێڕانەوە



**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

وەرگێڕان یەکێکە لە ژانرە گرینگ و پڕ بایەخەکانی دونیای ئەدەب. دەتوانم بڵێم، گەر گرینگترین نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە یەکێک لە هەرە گرینگەکانی دونیای ئەدەب دێتە ژماردن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین بۆچی؟ دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش پیویستیمان بە کات و لاپەڕەی زۆر دەبێت، لێ من هەوڵ دەدەم بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

# وەرگێڕان سەرەتا پێویستییەکی گرینگی کایەی سیاسی و بازرگانی بووە، پاشان بازی داوە بۆ ناو کایەی ئەدەب

بەدڵنیاییەوە هەموو نووسەرێک یان فەیلەسووفێک، پێش ئەوەی خۆی هەوڵی داهێنان بدات، ئەوا یەکەمجار دەچێت سەیری داهێنانی خەڵکی تر دەکات، بۆ ئەوەی لە ئەزموونی ئەوانەوە فێر بێت و سوود لە هەڵە و خەوشەکانی ئەوان وەربگرێت، پاش ئەوە ئینجا دەتوانێت خۆی داهێنان بکات.

## مێژووی وەرگێڕان:

هەر لە دێرزەمانەوە وەرگێڕان لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە گرینگ بووە، دەتوانم بڵێم وەرگێڕان سەرەتا پێویستییەکی گرینگی کایەی سیاسی و بازرگانی بووە، پاشان بازی داوە بۆ ناو کایەی ئەدەب. بازاڕ مەیدانێکی گەورە بووە، بۆ ناسین و ئاڵوگۆڕکردنی شمەک و کاڵا و هزر و بۆچوونەکان. هەر لە ڕێگەی بازاڕیشەوە، نەتەوە جیاوازەکان و کولتووره بێگانەکان، یەکتریان ناسیوە.

گەر سەیری شارستانییەتە کۆنەکانی «بابل و ئاشوری و میسری کۆن» بکەین، دەبینین هەموو کاتێک لەناو کۆشکی پادشا و ئیمپراتۆرەکاندا، کەسێک یان چەند کەسانێک هەبوون، کە جگە لە زمانەکەی خۆیان، زمانێکی تریان زانیوە، بەتایبەتی زمانی دوژمنەکانیان.

لەگەڵ پەیدابوونی شارستانیی یۆنانی و فارسیش، هەمیشە لە نێوان ئەم دوو شارستانییە دوژمنەدا، خەڵکانێک هەبوون، کە هەم زمانی فارسی و هەم یۆنانیشیان زانیوە.

شارستانیی یۆنانی، کە زۆرێک لە مێژووناسان بە شارستانیی «هیلینیستی» ناوی دەبەن، کە لە مردنی سەرکردەی مەزن و نێوداری یۆنانی (ئەسکەندەر مەکدۆنی)یەوە دەست پێ دەکات، واتە ساڵی ٣٢٣ پێش زایین، هەتاوەکو سەدەی حەوتی زاینی. لەگەڵ هەڵمەتەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ڕۆژهەڵات و میسر و ئاسیای ناڤین، لەگەڵ ئەوەی لەم هەڵمەتەدا، رووبارێکی گەورە لە خوێن ڕژا، چەندین گوند و شار و شارۆچکە خاپوور کران، بەڵام لێرەوە شارستانییەکان و گەلە نامۆکانی رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەکتریان ناسی. جێگەی گووتنە لەو کاتەدا چەندین سەنتەری شارستانیی گەورە لە یۆنانی کۆندا هەبوون وەکو (ئەسکەندەرییە، ئەنتاکیا، نسیبین، جندیسابور). لەم شارانەدا پرۆسەیەکی گەورەی وەرگێڕان لەلایەن زانا (ئاشوری و کلدانی و یۆنانییەکان) دەستی پێ کرد. ئاشووری و کلدانییەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان بینیوە لە وەرگێڕانی شارستانی یۆنانی بۆ سەر زمانی سریانی و لە هەمان کاتیشدا پارێزگاریکردنی ئەم شارستانییە، کە پاشتر لە ڕێگەی ئەمانەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، لە ڕێگەی عەرەبییشەوە جارێکی تر، ڕۆژئاوا بە شارستانیی کۆنی یۆنانی ئاشنا بووەوە، هەرچەندە عەرەبەکان هیچ کاتێک باس لە مەزنیی ڕۆڵی ئاشوورییەکان ناکەن لەم بوارەدا.

ئاشوورییەکان و کلدانییەکان لەگەڵ کۆمەڵێک زانای یۆنانیدا، کە لە دەستی حوکمی یۆنان ڕایان کردبوو، لە سەدەی پێنچی زاییندا، لە شاری (رۆحا) کۆبوونەوە و ئێرە بوو بە سەنتەرێکی گەورەی فکر و ئەدەب و وەرگێران..

«زینوون» ئیمپراتۆریی قوستەنتینییە (٤٧٤ تا ٤٩١)، لە ساڵی (٤٨٩ ز)دا، ئەم قوتابخانەیەی لە رۆحا داخست. ناچار هەموو زانا و بیرمەندەکان، ئێرەیان جێهێشت و روویانکردە شاری (نسیبین).

گەر سەیری شارستانییەتە کۆنەکانی «بابل و ئاشوری و میسری کۆن» بکەین، دەبینین هەموو کاتێک لەناو کۆشکی پادشا و ئیمپراتۆرەکاندا، کەسێک یان چەند کەسانێک هەبوون، کە جگە لە زمانەکەی خۆیان، زمانێکی تریان زانیوە، بەتایبەتی زمانی دوژمنەکانیان



لێرە لە شاری نسیبین، قوتابخانەیەکی باشیان دروست کرد، کە تێیدا (فەلسەفە و زانستی پزیشکیی یۆنانی) تێدا دەخوێنرا.
کاتێک ئیمپراتۆری یۆنانی جستنیانی یەکەم (٥٢٧ – ٥٧٥ز)، بڕیاری داخستنی قوتابخانەی ئەسیانی لاهوتی دا، بەشێکی زۆری ئەو زانا و مامۆستایانەی ئەو قوتابخانەیە، ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات، لە وڵاتی فارس نیشتەجێ بوون. لەو کاتەدا ئیمپراتۆریی فارسی (کیسرا نەوشیروان ٥٣١ – ٥٧٩ز)، بیمارستانێکی پزیشکی لە ناوچەی (جندیسابور) بۆ دروستکردن، تێیدا پزیشک و فکری یۆنانی تێدا دەخوێنرا و پزیشکی پێدەگەیاند. ئەم شوێنە دەکەوێتە هەرێمی (خوزستان) ئێستاوە.
لەم سەنتەرەدا کۆمەڵێک زانا و بلیمەت و پزیشکی سریانی و یۆنانی تێدا مامۆستا بوون. جێگەی گوتنە خەلیفە ئەبو جەعفەر مەنسور (١٣٦ – ١٥٨ز) سەرۆکی ئەم قوتابخانەیە (جرجیس کوڕی بختیشوع)ی هێنا بۆ بەغدا و پاشتر بوو بە دکتۆری تایبەتی ئەو.
ساڵی ٣٣١ پێش زایین لە ئەسکەندەرییە (ئەفلاتونی میسری، یان ئەسکەندەری) قوتابخانەیەکی گەورەی بۆ فکر و زانستی سروشتیی یۆنانی کردەوە، کە تێیدا کۆمەڵێک وەرگێر کاریان دەکرد و کتێبخانەیەکی مەزنیشیان هەبوو، کە بە یەکێک لە کۆنترین کتێبخانەی جیهان دێتە ژماردن. ئەم سەنتەرەش ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پێشکەوتن و پارێزگاریکردنی شارستانی یۆنانیدا.
لە ساڵی ٣٠٠ پێش زاییندا، لە شاری ئەنتاکیا، قوتابخانەیەکی مەزن دروستبوو، کە تێیدا کۆمەڵێک زانای یۆنانی و سریانی تێیدا وانەی دەگوتەوە، کە تێیدا فکر و زانستی یۆنانی دەخوێنرا. لێرەش کۆمەڵێک وەرگێر کاریان دەکرد.
دەتوانم بڵێم ئاشووری و کلدانییەکان، یەکەمین نەتەوە بوون، کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە بواری وەرگێڕاندا. ئەمان لەلایەک توانییان شارستانی یۆنانی بۆ سەر زمانەکەی خۆیان وەربگێڕن، لەلایەکی تریشەوە وەکو قەڵایەکی پتە و وابوون، بۆ پارێزگاریکردنی ئەم شارستانییە کۆنە لە فەوتاندن و نەمان. هەر ئەمانیش بوون عەرەبەکانیان بە شارستانیی کۆنی یۆنانی و ئاشووری و هیندی و فارسی ناساند. دیارە زمانی سریانی لە ڕووی فۆنەتیک و وشە و دەستەواژەوە، زۆر لە زمانی عەرەبی نزیکە، ئەمەش یارمەتیدەریکی باش بوو، بۆ نزیکبوونەوەی ئەم دوو شارستانییە.
لەگەڵ پەیدابوونی ئیسلامیشدا، دیسانەوە وەرگێڕەکان ڕۆڵی گرینگیان هەبووە لە بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی ئایینی ئیسلامیدا. یەکێک لەو وەرگێڕە ناودار و مەزنانەی قۆناغی سەرەتایی ئیسلام، «سەلمانی فارسی» بووە. ئەم پیاوە جگە لەوەی سەحابەیەکی نزیک و خۆشەویستی پێغەمبەر بووە، لە هەمان کاتیشدا، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی لە گەشەپێدان و پێشکەوتنی ئایینی ئیسلام بینیوە.
سەلمان فارسی جگە لە زمانی عەرەبی «زمانی فارسی و یۆنانی و سریانی» زانیوە. هەر لە ڕێگەی ئەم پیاوەشەوە بووە، کە پێغەمبەر و موسڵمانەکان، ئاگاداری و زانیارییان لە بارەی ئایینی «زەردەشتی»یەوە زانیوە. هەروەها لە ڕەوشی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی ئێران و یۆنان و وڵاتی عێراق ئاگادار بوون.

پێغەمبەریش خۆی زۆر گرینگیی بە زمانی بێگانە دەدا، لەم بارەیەشەوە فەرموودەیەکی هەیە دەڵێت: (من عرف لغة قوم امن شرهم).

## عەرەب و شارستانیی یۆنانی کۆن:

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام و داگیرکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و یۆنانی کۆن و باکووری ئەفریکا، ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی عەرەبی دروست بوو، کە زیاتر لەناو مێژووی عەرەبیدا بە (خەلافەتی ڕاشدی و ئەمەوی و عەباسی) وەسف دەکرێت. لەکاتی داگیرکردنی ئەم وڵاتانەدا، عەرەب لە سەحرای عەرەبییەوە بازیان دا بۆ ناو شارستانییە کۆنەکانی جیهان (ئاشووری، یۆنانی، فارسی، میسری). لەگەڵ داگیرکردنی ئەم وڵاتەدا، عەرەب ئاشنایی لەگەڵ کۆمەڵێک کولتووری نامۆ بەخۆی بوو، کە لە ڕووی کولتوورییەوە زۆر لە عەرەبەکان پێشکەوتووتر بوون.

یەکێک لەو شارستانییە مەزن و کۆنانەی ناوچەکە، شارستانیی یۆنانی بوو. عەرەبەکان بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو شارستانییە کۆنە بن، پشتیان بە کۆمەڵێک وەرگێڕ بەست، هەتاوەکو ئاگاداری ئەم شارستانییەتە بن. دیارە لەم نێوەندەشدا، ئاشووری و کلدانییەکان، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان گێڕا لە وەرگێڕانی بەشێکی زۆری کولتووری یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

بەپێی کۆمەڵێک سەرچاوەی عەرەبی، یەکەمین هەنگاوی بواری وەرگێڕان، کە وەکو سیاسەتی دەوڵەت دانرابێت، لەلایەن خەلیفە (خالید بن زید بن معاوية ابي سفيان) خەلیفەی ئەمەوییەوە بووە، کە هەوڵی داوە لە ڕێگەی کۆمەڵێک زانای یۆنانی و سریانی، قوتابخانەیەکی زانستی دروست بکات. وەکو دەگوترێت خالید، بانگهێشتی کۆمەڵێک زانای قوتابخانەی ئەسکەندەرییەی کردووە و پارەی پێداون کە کۆمەڵێک کتێبی (پزیشکی و زانستی و فکری) لەگەڵ خۆیان بۆ شام بهێنن. هەروەک ابن الندیم لە کتێبە ناسراوەکەیدا (الفهرست)دا دەڵێت: (خالید کە بە حکیم ال مروان دەناسرێت، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پێشکەوتنی زانستدا، ئەو فەرمانی دەرکرد کە کۆمەڵێک زانای یۆنانی بهێنن، بۆ ئەوەی عەرەب زانستیان لێوە فێر بێت. ئەو یەکەم کەس بوو، کە کتێبی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەرگێڕاوە). هەروەها جاحظ و ابن خلکان-یش هەمان شت دووبارە دەکەنەوە، کە ئەو یەکەم کەس بووە، کە گرینگیی بە وەرگێڕانی فکر و زانستیی یۆنانی داوە.

خۆی لە خۆیدا وەرگێڕانی دەستنووس و کارە هزرییەکانی یۆنان بۆسەر زمانی عەرەبی، کاریگەریی گەورەی هەبوو بەسەر هزر و تێگەشتنی عەرەب بۆ دونیای سیاسەت و ئەدەب و ئابووری. لەلایەکی تریشەوە ئەم پرۆسەی وەرگێرانە، سوودێکی گەورەی بە شارستانی ئەورووپایی گەیاندا، چونکە ئەوە عەرەبەکان بوون، توانییان شارستانیی کۆنی یۆنانی بپارێزن.

جارێکی تر ئەورووپییەکان لە پاش چەندین سەدە، توانییان لە ڕێگەی عەرەبەکانەوە، ئاشنایی لەگەڵ کۆنترین شارستانیی مەزنی خۆیان بکەن و لە کولتووری مەزنی یۆنانی ئاگادار بن. دیارە ئەمەش تاکە خاڵی پۆزەتیڤە، کە عەرەبەکان لەکاتی حوکمڕانییان لەو سەردەمەدا کردبێتیان. لێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، لە کاتی

یەکێک لەو شارستانییە مەزن و کۆنانەی ناوچەکە، شارستانیی یۆنانی بوو. عەرەبەکان بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو شارستانییە کۆنە بن، پشتیان بە کۆمەڵێک وەرگێڕ بەست، هەتاوەکو ئاگاداری ئەم شارستانییەتە بن. دیارە لەم نێوەندەشدا، ئاشووری و کلدانییەکان، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنیان گێڕا لە وەرگێڕانی بەشێکی زۆری کولتووری یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی



داگیرکردنی ئەم وڵاتانەدا، عەرەبەکان دەستیان بە تاڵانکردن و سووتاندن و وێرانکردنی، بەشێکی زۆری شارستانییە ناعەرەبییەکان (یۆنانی و فارسی و ئاشووری و میسری) کرد. کە ئەمەش زللەیەکی گەورە بوو لە شارستانی کەوت.

## کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی و وەرگێڕان:

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەشازی لە ئینگلتەرا و ئەورووپا، دروستبوونی بۆرجوازیی ئەورووپی و داگیرکردنی کیشوەری ئەمریکا و ئۆسترالیا، بازرگانییەکی گەورە ئەورووپای گرتەوە. خۆی لەخۆیدا داگیرکردن و تالانکردانی نەتەوە و دەوڵەتە لاوازەکان، بوو بە سیاسەتی سەرەکی و بەردی بناغەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوکاتی ئەورووپا. لەوکاتەدا دەوڵەتە زلهێزەکانی وەکو (بەریتانیا و فەڕەنسا و رووسیا) هەروەها کۆلۆنیالیستە گەورەکانی وەکو (بەلجیکا و هۆڵەندا و پۆرتوگال)، هەرچەندە ئەمانە دەوڵەتی بچووکیش بوون، لێ ڕووبەرێکی زۆری جیهانیان کردبووە کۆلۆنیای خۆیان.

لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی، پرۆسەی وەرگێڕان، هێزوتینێکی ئێجگار گەورەی بەخۆوە بینی. لەو کاتەدا، ئەو دەوڵەتانە پێش ئەوەی پەلاماری دەوڵەتێک بدەن، دەستیان دەکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەو دەوڵەتەی کە دەیانەوێت داگیری بکەن. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی سیخوورەکانیانەوە جێبەجێ دەکرا.

هەر لەو سەردەمەدا، دەست کرا بە خوێندنی زمانی بێگانە لە زانکۆکانی ئەورووپادا، بەتایبەتی زمانە ئاسیاوییەکان وەکو (عەرەبی و فارسی و تورکی و هیندی و چینی...هتد). هەر لەم سەردەمەشەوە شتێکی نوێ لە ئەورووپادا پەیدا بوو، کە ناویان لێنا (ڕۆژهەڵاتناسی). ئەمانەش زیاتر لەو کەسانە پێک دەهات، کە خەڵکی ئەورووپابوون، پاشان دەهاتنە رۆژهەڵات و لێکۆڵینەوەیان لە بارەی ئەم گەلانەوە دەکرد و پاشان لە کتێبێکدا ئەو زانیارییەی کە دەستیان کەوتووە بڵاویان دەکردەوە و بە چاپیان دەگەیاند.

# لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپی، پرۆسەی وەرگێڕان، هێزوتینێکی ئێجگار گەورەی بەخۆوە بینی

هەروەها جگە لە بوونی سیاسەتێکی داگیرکەرانە، هۆکاری ئابوورییش هاتنە کایەوە، بۆ ئەوەی وزەیەکی نوێ ببەخشێتە پرۆسەی وەرگێران. لەو کاتەدا بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها چین و هیندستان، گەشەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی. گەشەکردنی بازرگانی و ئاڵۆگۆرکردنی شمەک لەنێو بازاڕەکان و دروستبوونی کۆمپانیای مەزنی وەکو (کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات)، هەموو ئەمانە بوونە چرایەک بۆ داگیرساندنی مۆمی وەرگێڕان.

دیارە لە پەنا پێویستیی سیاسی و ئابووری، ئینجا دەست کرا بە وەرگێڕانی چامەی شیعری و داستانە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات و دەقە پیرۆزەکانی وەکو (قورئان) بۆ سەر زمانە ئەورووپاییەکان. دەتوانم بڵێم لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمدا، ئینجا گەلانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، توانییان لە ڕووی کولتوورییەوە یەکتری بناسن و کولتووری رۆژهەڵات وەرگێرا بۆ سەر زمانی ئەورووپی.

هەر لەم سەردەمەدا بوو کە (قورئان، حکایەتی هەزارویەک شەوە، چوارینەکانی خەیام و فیردەوسی) بۆ سەر زمانە ئەورووپاییەکان وەرگێڕا. بەڵام لەگەڵ داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپلیۆنەوە، ئینجا رۆژهەڵات دەستی کرد بە وەرگێڕانی کولتووری ئەورووپی بۆ سەر زمانی عەرەبی و زمانەکانی تر. لەو کاتەوە لە وڵاتی میسر دەست کرا بە وەرگێڕانی کۆمەڵێک کتێب، لە بارەی شۆڕشی فەڕەنسی و ڕۆشنگەریی ئەورووپاییەوە.

دەتوانم بڵێم، (منفلوطي) لە میسر، پێشەنگی ئەم بزاوتە نوێیەی وەرگێڕان بوو. هەرچەندە پاشتر دەرکەوت، کە ئەم پیاوە هیچ شارەزاییەکی وای لە بارەی زمانی فەڕەنسییەوە نەبووە.

## پرۆسەی وەرگێڕان لە سەردەمی مۆدێرندا

لە سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی پاش ئەوەی کۆمەڵێک زلهێزی مەزنی نوێ هاتنە ئاراوە، وەکو (ئەڵمانیا، ژاپۆن، ئەمریکا، چین)، هەروەها بە حوکمی زۆربوونی کادیری بواری وەرگێڕان و دروستبوونی چەندین دەزگەی تایبەت بە وەرگێڕان، هەموو ئەمانە گڕوتینێکی گەورەیان بە وەرگێڕان بەخشی.

بەتایبەتی لە ئەورووپا و ئەمریکا و رووسیادا.

هەروەها لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییشەوە بە حوکمی رزگاربوونی گەلانی ئاسیاوی و ئەفریکی و ئەمریکای لاتین لە دەستی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپی، دیسانەوە هەناسەیەکی بەخشی بەم گەلانە، کە جارێکی تر ئاوڕ لە پرۆسەی ڕۆشنبیریی خۆیان بدەنەوە و چرای زانست و ئەدەبی خۆیان دابگیرسێننەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، لەلایەن هێزە کۆڵۆنیالیستەکانەوە کوژابووەوە.

گەلانی جیهانی سێهەم بۆ ئەوەی پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەپێدانی دەوڵەتی خۆیان پەرە پێ بدەن، ناچار بوون پشت بە ئەزموونی زانستی و فکری و ئەدەبی رۆژئاوا ببەستن، لەم بوارەشدا وەرگێڕان بوو بە کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە.

گەلانی جیهانی سێهەم بۆ ئەوەی پرۆسەی پێشکەوتن و گەشەپێدانی دەوڵەتی خۆیان پەرە پێ بدەن، ناچار بوون پشت بە ئەزموونی زانستی و فکری و ئەدەبی رۆژئاوا ببەستن، لەم بوارەشدا وەرگێڕان بوو بە کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە. لە گێتیی عەرەبیدا

لە گێتیی عەرەبیدا، لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە چەند وڵاتێکی عەرەبی بەتایبەتی (میسر و لوبنان)، کۆمەڵێک دەزگەی وەرگێڕان دروست بوون، کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی هزر و ئەدەبی رۆژئاوایی و ناساندنی ئەزموونی فەلسەفی و ئەدەبی ئەورووپایی بە رۆژهەڵات.

دیارە کوردیش لە باشووری کوردستان، سوودی



زۆری لەم پرۆسەی وەرگێڕانە کردووە. هەروەها لە وڵاتانی ئێران و تورکیاش، پرۆسەی وەرگێڕان وزەو تینێکی گەورەی بینی، هەرچەندە ئەم دوو دەوڵەتە پێش عەرەبەکان دەستیان بەم پرۆسەیە کردبوو، هەروەها چەندین دەزگەی تایبەتیان لەم بوارەشدا دانابوو. لەلایەکی تریشەوە، لە رۆژئاوا پرۆسەی ناساندنی کولتووری رۆژهەڵاتی دەستی پێ کرد، بەتایبەتی لە ئەمریکادا، کە وەکو زلهێزێکی نوێی جیهان، پێویستی بە زانیاریی زۆر هەبوو، لە بارەی گەلانی رۆژهەڵاتەوە، لەبەر ئەوە چەند دەزگەیەکی تایبەتییان دامەزراند، بە وەرگێران لە زمانە رۆژهەڵاتییەکانەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. دیارە بەشێکی زۆریش لەم دەزگەیانە، مەرامی سیاسی و ئابووری و سیخوریيان لە پشت بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە رووی کولتوورییەوە، سوودێکی باشی هەبوو لە ناساندنی رۆژهەڵات بە رۆژئاوا.

لە رووسیاش لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کاتێک یەکێتیی سۆڤێت وەکو زلهێزێکی مەزن هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، پرۆسەی وەرگێڕان گەشەی سەند. بۆ نموونە لەو کاتەدا دەزگەی (دار التقدم)، هەڵمەتێکی گەورەیان دەستی پێ کرد، بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی مارکسی لینینی و سۆڤێتی، بۆ سەر زمانە رۆژهەڵاتییەکان (عەرەبی، فارسی، تورکی). دیارە لەپەنا سیاسەتیشدا، ئەدەبیاتی رووسییشیان وەرگێڕا، کە دەتوانم بڵێم سوودێکی زۆر باشی بە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی گەیاند.

## وەرگێڕان لە سەردەمی ئینتەرنێت و گلۆبالیزمدا:

لەگەڵ قۆناغی گلۆبالیزم (جیهانیبوون- عولمة) دا، وەرگێڕان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی ئامرازەکانی گەیاندن و ئینتەرنێت، وەرگێڕانی کۆمپیوتەری پەیدا بوو. ئەمرۆ لە ناو ئینتەرنێتدا، چەندین سایتی ئەلکترۆنی هەیە، کە وەکو قامووس وان، خوێنەری سایتەکان سوودی لێوەردەگرن، بۆ نموونە (گوگل) سایتێکی زۆر باشی لە بواری وەرگێڕاندا هەیە.

ئەمرۆ تەنانەت هەندێک ئامێریان داهێناوە، کە دەتوانێت تێکستێک، یان تەنانەت لە کاتی قسەکردنی دوو کەسیشدا کاری وەرگێڕان بکات، ئەم ئامێرەش بەتایبەتی لە بواری توریست (گەشتوگوزار)دا بەکاردێت. تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، بەشێکی زۆری ئامێرەکانی سەرجادە وەکو (ئامێری پارە دەرهێنان، پارکی سەیارە، ئامێری کرینی جگەرە، یان بلیتی پاس و شەمەندەفەر) زۆرجار بە چەندین زمان لەسەر ئەم ئامێرانە دەنووسرێت.

لە هەمان کاتیشدا لەم سەردەمەدا، ئاڵۆگۆڕی بازرگانی و پیشەیی و کولتووری و سیاسی، لە گەشەیەکی خێرادایە، لەبەر ئەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بواری وەرگێڕان گەشەی زیاتر و هەنگاوی گرینگتر دەنێت.

## کورد و پرۆسەی وەرگێڕان:

دیارە گەلی کورد بە حوکمی ئەوەی دەوڵەتی نەبووە، لە بواری پرۆسەی وەرگێڕاندا زۆر پاشکەوتوو بووە. دەتوانم بڵێم ئێمە لە پاش هەمووو گەلانی رۆژهەڵاتەوە دێین. دیارە ئەویش زیاتر پەیوەندیی بە ڕەوشی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری کوردەوە هەیە.

## لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی لە پاش پەیدابوونی گۆڤاری ژینەوە، هەنگاوی یەکەم لە بواری وەرگێڕان نراوە

دەتوانم بڵێم زیاتر ڕەوشە سیاسییەکە هۆکاری سەرەکی بووە، چونکە ڕاستە لە باشووری کوردستاندا هەندێک دەرفەتی کتێب و گۆڤار بڵاوکردنەوە هەبووە، بەڵام لە پارچەکانی تردا ئەم دەرفەتەیان نەبووە.

دەتوانم بڵێم لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی لە پاش پەیدابوونی گۆڤاری ژینەوە، هەنگاوی یەکەم لە بواری وەرگێڕان نراوە. پاشتر لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، بەردی بناغەی پرۆسەی وەرگێڕان لە باشووری کوردستان دانراوە. لەو کاتانەدا چەند وەرگێڕێکی باش دەرکەوتوون لەوانە (شوکور موستەفا، محەمەدی مەلا کەریم، هەژار موکریانی، عەبدوڵڵای حەسەن زادە...هتد).

دیارە لەو کاتەدا زیاتر کتێبی ئەدەبی بەتایبەتی (چیرۆک و ڕۆمان و شیعر) وەرگێڕاون، بەڵام لە پاش ڕاپەڕین قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکات. ڕاستە لەسەرەتادا کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و ئابووری، وای کرد کە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی گەشە نەکات، لێ پاشان بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتایی سەدەی پێشوودا، بواری کتێب و چاپکردن لە کوردستاندا، گەشەیەکی باشی بەخۆوە بینی.

چەندین دەزگەی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا دروست بوون. تەنانەت چەند دەزگایەکیش تایبەت بە وەرگێڕان دروست بوون، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش چالاکن.

### کێشەکانی بواری وەرگێڕان لە کوردستاندا:

دیارە بواری وەرگێران لە کوردستاندا خۆی لە بەردەم کۆمەڵێک کێشەدا دەبینێتەوە، کە من لێرە هەوڵ دەدەم بە کورتی باسیان بکەم:

**١. وەرگێڕان لە زمانی دووەم و زۆر جاریش سێهەمەوە دەکرێت**

یەکێک لە کێشە گەورەکانی وەرگێڕان لە کوردستاندا، بەشی زۆری ئەو کتێبانە، کە تاوەکو ئێستا کراون بە کوردی، لە زمانی یەکەمەوە (واتە زمانی نووسەرەکە) نەکراون بەکوردی، بەڵکە زیاتر لە زمانی دووەمەوە کراوان بە کوردی. ئێمە هەتاوەکو ئەمڕۆش زیاتر کتێب لە زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) وەردەگێڕین، واتە لە زمانە زیندووەکانی وەکو (ئینگلزی، فەرەنسی، ئیسپانی)، کەمتر وەرگێڕانمان هەیە. دیارە راستە خۆی لە خۆیدا وەرگێڕانی بەشێک لەو کتێبانەی بەتایبەتیی ئەوانەی پەیوەندییان بە فکر و فەلسەفەی جیهانییەوە هەیە، زۆر گرینگ و باش بوون، لێ نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، وەرگێڕان وەکو جامێک ئاو وایە، لە کاتی ڕۆکردنی ئەم جامەدا بۆ جامێکی تر، هەندێک لە ئاوەکە بە فیرۆ دەڕوات، چەندە ئەم کردارەش بەردەوام بێت، هێندە تۆ لە سەرچاوە سەرەکییەکەوە ئاوەکە بە فیرۆ دەڕوات. کتێبیش وایە، کاتێک نووسەرێک دەقێک وەردەگێڕێت، هەندێک وشە، یان ڕستە، بگرە لاپەڕەش لادەبات، پێدەچێت نەتوانێت، یان تاقەتی نەبێت، یان بە گرینگی نەزانێت وەریبگێڕێت، یان زۆر جار هەندێک دەق، یان کتێب هەن، لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەوڵەتەدا نایەتەوە، لەبەر ئەوە بەر سانسۆرکردن دەوەستێتەوە.

**٢. نەبوونی کادیری باش لە بواری وەرگێڕاندا**

یەکێک لە کێشەکانی تری بواری وەرگێڕان لە کوردستاندا، هێشتا ئێمە کادیری وا باشمان لەم

یەکێک لە کێشە گەورەکانی وەرگێڕان لە کوردستاندا، بەشی زۆری ئەو کتێبانە، کە تاوەکو ئێستا کراون بە کوردی، لە زمانی یەکەمەوە (واتە زمانی نووسەرەکە) نەکراون بەکوردی، بەڵکە زیاتر لە زمانی دووەمەوە کراوان بە کوردی. ئێمە هەتاوەکو ئەمڕۆش زیاتر کتێب لە زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) وەردەگێڕین، واتە لە زمانە زیندووەکانی وەکو (ئینگلزی، فەرەنسی، ئیسپانی)، کەمتر وەرگێڕانمان هەیە



بوارەدا نییە. دیارە کادیر، یان بە ئەزموونی تایبەتی، یان لە ڕێگەی خوێندنی ئەکادیمییەوە پەیدا دەبێت. بەداخەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش لە زانکۆکانی کوردستاندا، کۆلیژێکمان نییە تایبەت بە پێگەیاندنی بواری وەرگێڕان بێت. ئەمڕۆ لە تەواوی زانکۆکانی جیهاندا، وەرگێڕان بەشی تایبەت بە خۆی هەیە. ڕاستە ئێمە کۆلیژی زمانمان هەیە، کە خوێندکارانی لە پاشەڕۆژدا دەتوانن ببنە وەرگێڕی باش، لێ وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا زانستێکی تایبەتە و پێویستە بە جیا لە کۆلیژی زمان دابنرێت.
هەروەها هەتاوەکو ئێستاش ئەو کەسانەی، کە لە زمانە ئەورووپاییەکانەوە کتێب وەردەگێڕن، زۆر کەمن، زیاتر گرینگی دراوە بە زمانی (فارسی و عەرەبی). نەبوونی کەسانی شارەزا لە بواری زمانە ئەورووپاییەکان، خاڵێکی تری کێشەی بواری وەرگێرانە لە کوردستان.

**۳. نەبوونی سیاسەتێکی حکومی بۆ بواری وەرگێڕان**

هەتاوەکو ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ سیاسەتێکی دیاریکراوی بۆ بواری وەرگێڕان نییە، بگرە ئەم کارەی بۆ دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بەجێ هێشتووە. پێویستە حکومەت بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی جددی و تۆکمەی لەم بوارەدا هەبێت. هەروەها پێویستە دەزگەیەکی تایبەت سەر بە وەزارەت هەبێت، کە هەم ئاگاداری ئەو کتێبانە بێت کە وەرگێڕاون، هەم خەڵکی پسپۆری لەم بوارەدا هەبێت، تاوەکو لەو کتێبانە بکۆڵنەوە، کە دەکرێنە کوردی، بۆ ئەوەی لە ڕووی زمانەوانی و ئەمانەتی وەرگێڕانەوە، یارمەتیی وەرگێڕەکان بدەن.

ئێمە لە کوردستاندا سەیر دەکەین، لە یەک کاتدا کتێبێک لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکرێتە کوردی، ئەگەر دەزگایەک هەبێت ناوی هەموو ئەو کتێبانەی لابێت، کە کراون بە کوردی، ئەوا ئەم حاڵەتە ڕوو نادات، لە هەمان کاتیشدا باشترە، کە وەرگێڕێک دەقێک، یان کتێبێک بکاتە کوردی، کە ئەو کتێبە پێشتر نەکرابێتە کوردی، بۆ ئەوەی کتێبخانەی کوردی سوود لە بەهرەی ئەو کەسە وەربگرێت، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.
دیارە من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، کە دەڵێت ئاساییە گەر کتێبێک لە لایەن دوو کەسەوە بکرێتە کوردی، من پێم وایە باشترە وەرگێڕێک خەریکی کتێبێک بێت، کە پێشتر نەکرابێتە کوردی، چونکە تۆ کتێبێکی نوێ دەخەیەتە کتێبخانەی کوردییەوە. تەنها ئەو کتێبانە نەبێت، کە پێشتر ئەو کتێبانە کراون بە کوردی، لێ وەرگێڕانەکە لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە زۆر خراپە، لەبەر ئەوە دووبارە وەرگێڕانی ئەو جۆرە کتێبانە شتێکی ئاساییە، بەڵام نەک لە یەک کاتدا دوو کەس کتێبێک بکەنە کوردی، کە بەداخەوە ئەم حاڵەتە زۆرجار ڕوو دەدات.

**دوا قسە:**

دیارە لە جیهانی ئەمڕۆماندا، هیچ بوارێک بەبێ بوونی وەرگێڕان ناتوانێت پێش بکەوێت و گەشە بکات. ئەمڕۆ وەرگێڕان زۆر لە جاران زیاتر گرینگی و بایەخی زۆرتری پێدەدرێت، چونکە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بووە، کە بۆ ئەوەی پردی پەیوەندیی نێوان دوو کەس، یان دوو گەل، یان دوو کۆمپانیا، بەردەوام بێت، ئەوا دەبێت ئەم پردە لەلایەن کەسانی وەرگێڕەوە دروست بکرێت، دەنا هیچ

کارێکیان بۆ ناکرێت. بە دڵنیاییەوە ڕاستە بواری وەرگێڕان ئەمڕۆ لەبەردەم کۆمەڵێک کێشەدایە، لێ بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە، دەتوانێت بە ڕۆژگار چارەسەری نوێ بۆ کێشەکانی خۆی بدۆزێتەوە. لەلایەکی تریشەوە، بوونی ئەم هەموو دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕۆژنامەو گۆڤار و سایت و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیە، وا لە بواری وەرگێرانی کوردی دەکات، کە ڕۆژ، لە دوای ڕۆژ هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت و ڕوو لە ئاسۆ بکات.




**سەرچاوە:**

١.الترجمه و نشاتها في التراث العربي. منتدى ستوب
٢.الترجمة امانة نقل المـعنى والأسلوب. ڕۆژنامەی البیان/ مسارات. ٢٠١٢, ١١, ٠٩.



# پرۆسەی وەرگێڕان

## لە یەکەم بڕیارەوە بۆ کێشەکانی چاپکردن

عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

بەدەر لە ئەرک و ئاستەنگەکانی تری، پرۆسەی وەرگێڕان، لایکەمی لەم هەرێمی کوردستانەی ئێمەدا، لە یەکەم هەڵوێستەوە بۆ بڕیاردان لە وەرگێڕانی کتێبێک، لە هەر بوارێکدا بێت، تا دوایین ساتی بەکتێبوونی، پرسێکە و دەبێ زۆر بە وریایی لە لایەن وەرگێڕەوە حیسابی بۆ بکرێت، گەر بویسترێت کارەکە و رەنجی وەرگێڕانەکە بەرهەمی خۆی هەبێت، کە ئەمیشیان یەکێکە لەو خەمانەی هەمیشە لە ناخی وەرگێڕدا گینگڵ دەدات و هیچ گومانێک نییە، کە وەرگێڕ دەیەوێت ئەو بەرهەمە ببینێت.. ئەو وەرگێڕانە کەمن کە کاری وەرگێڕان دەکەن و هێندە پشوودرێژن، گەر دوای دەیان ساڵیش دوای کۆچی دواییان بەرهەمەکانیان چاپ

بکرێت، ڕۆحیان سەرفراز دەبێت، بەڵکو زۆرینەیان لە سەرەتای دەستبەکاربوونەوە لە وەرگێڕانی نەک کتێب، بەڵکو هەر بابەتێک بێت، خەمی بڵاوکردنەوە و چاپکردن یەکێکە لە خەمە گەورەکانیان. لەم سۆنگەیەوە دەخوازم لە ئەزموونی چەند ساڵەی خۆمەوە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو باس لە هەندێ لە هەنگاوەکانی وەرگێڕان و پرۆسەی چاپکردن بکەم.

## بڕیاردان لە وەرگێڕان:

دیارە مەبەست لە بڕیاردان لە وەرگێڕان ئەو بڕیارە نییە کەسێک دوای دەستنیشانکردنی بوونی بنچینەکانی وەرگێڕان لە خۆیدا ئیتر بڕیار لەوە بدات بچێتە مەیدانی پرۆسەی وەرگێڕانەوە، بەڵکو مەبەست لێی بڕیاردانە لە وەرگێڕانی کتێبێکی دیاریکراو لە بوارێکی دیاریکراودا.. کە ئەم بڕیارە بەلای هەندێ کەسەوە بڕیارێکی سەختە، هۆکاری سەختییەکەی لە زۆری و بەرفراوانیی ئەو سەرچاوانەدا نین، کە وەرگێڕ لە کتێبخانەی خۆیدا بێت، یان کتێبخانەی دۆست و هاوڕێ و کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەکانی بازاڕدا هەن، هەرچەند ئەمەیشیان لە نەبوونی پرۆسەی بە دامودەزگەیی نەبوونی وەرگێڕاندا، جۆرێک لە کێشە بۆ پرۆسەی بڕیاردانەکە دەنێتەوە، بەڵکو بەشێکی گرنگ و دیاری سەختییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجی دەزگەکانی چاپکردن لە چاپکردنی ئەوجۆرە کتێبانەدا، کە ئەوان گرنگیی زیاتری پێدەدەن و دەشێت لە هەندێ باردا لەگەڵ خواستی وەرگێڕدا نەگونجێت، دواتریش بۆ دیاریکردنی گرنگیی بابەتی وەرگێڕانەکە بەلایەنی خوێنەرەوە، بە تایبەتی لە دۆخێکدا کە بە جدی قسە لە قەیرانی خوێندنەوە و کەمبوونی خوێنەر دەکرێت، بۆیە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، بە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەوە بۆ وەرگێڕان، دەتوانم بڵێم بە گشتی بایەخ بە هەندێ بوار دراوە لەسەر حیسابی بواری تر و لەو سەروبەندەدا جۆرێک لە ستەم لە بوارە زانستییەکان کراوە، چونکە وەک تێبینی دەکرێت کەمترین سەرچاوەی زانستیی بەهادار وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، لەمەیشدا بە پلەی یەکەم دەزگەکانی چاپکردن و بە دامەزراوە نەبوونی وەرگێڕان و دووهەم وەرگێڕەکان بە ڕێژەییش بێت خۆیان بەشێکی ئەو بەرپرسیاریەتییە هەڵدەگرن.

## چۆن کتێبێک بۆ وەرگێڕان دیاری دەکرێت:

تا ئێستا لە بەدواداچوونمدا بۆ وەرگێڕان و کردەی وەرگێڕان، بەرچاوم نەکەوتووە وەک پرنسیپێکی زانستی بنچینە بۆ چۆیەتیی دەستنیشانکردنی بابەتی وەرگێڕان دانرابێت، کە وەرگێڕ ناچار بێت لە بڕیارداندا، لە وەرگێڕان، ڕەچاوی بکات، بەڵکو بە پێی ئەزموونی کەسێتی دەرکەوتووە، کە واقیعی کولتووری بە گشتی، واقیعی ڕۆشنبیری بە تایبەتی، واقیعی پرۆسەی چاپکردن و دەزگەکانی چاپ و دامەزراوەیی بوون و نەبوونیان، دواتر سەلیقەی وەرگێڕ بە ڕەچاوکردنی ئەو واقیعانە ڕۆڵ دەبینن، لە بڕیاردان لە وەرگێڕانی کتێبێکدا، بۆیە بە حوکمی ئەو واقیعانە دەبینین زۆربەی ئەو کتێبانەی چاپ دەکرێن، زیاتر بواری:

ئەدەبی (ڕۆمان، چیرۆک، شیعر، سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ڕۆشنبیریی گشتی، زانستین). وەک تێبینییش دەکرێت. بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، کە لە زۆر گفتوگۆی ئەدەبیی ئاسایی نێوان نووسەران و ڕۆشنبیران و تەنانەت لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیشدا پرسی چاپکردنی دیوانە شیعر بە

پرۆسەی وەرگێڕاندا، بە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەوە بۆ وەرگێڕان، دەتوانم بڵێم بە گشتی بایەخ بە هەندێ بوار دراوە لەسەر حیسابی بواری تر و لەو سەروبەندەدا جۆرێک لە ستەم لە بوارە زانستییەکان کراوە، چونکە وەک تێبینی دەکرێت کەمترین سەرچاوەی زانستیی بەهادار وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، لەمەیشدا بە پلەی یەکەم دەزگەکانی چاپکردن و بە دامەزراوە نەبوونی وەرگێڕان و دووهەم وەرگێڕەکان بە ڕێژەییش بێت خۆیان بەشێکی ئەو بەرپرسیاریەتییە هەڵدەگرن



خۆماڵی و وەرگێڕدراویشەوە بێبایەخ بووە و رەنگە بەرپرسی دەزگەیەکی چاپ هەر زوو پێت بڵێت هەر شیعر نەبێت ئیتر ئاساییە!

ئەوانەی لە کتێبخانە گشتییەکاندا کار دەکەن، زۆر روونتر ئاگادارن کە خوێندکارانی بوارە زانستییەکان، بە تایبەتی (کارگێڕی، ژمێریاری، ئابووری، جوگرافیا، بوارەکانی نەوت و کانزاکان، وەرزش..هتد) چەندە تووشی نائومێدی دەبن، کە لەو بوارانەدا چەندین کتێبخانە دەگەڕێن و دوو سەرچاوەی متمانەداری ئەکادیمییان دەست ناکەوێت، بۆیە لەم پۆلێنەدا لای من بواری زانستی لە دوایین پلەی بایەخداندایە بە وەرگێڕان، کە پێم وایە واقیعی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا بەوجۆرەیە. بۆیە دەکرێت بە رەچاوکردنی ئەو دۆخە، وەرگێڕ ناچار بێت لە زۆر باردا لە خواستی خۆی و واقیعەکانیش لابدات و وەک ئەرکێکی مێژوویی دەست بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێبانە ببات، کە لە بوارەکەدا کەموکورتیی زۆر هەیە، مەبەست لە بواری زانستییە، گەرچی ئەمەیان ئەرکی سەرەکیی وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی حکوومی و ئەهلییشە، پێش ئەوەی ئەرکی وەرگێڕ بێت، چونکە ئەوان تا رادەیەکی باش دەتوانن وەرگێڕ ئاراستە بکەن.

لە زۆر قسەکردندا لە بارەی وەرگێڕانەوە، پێم وابووە وەرگێڕ لە کتێبخانەیەکی ئەو زمانەدا دەیەوێت بابەتی لێ وەربگێڕێت، چاوی بنووقێنێت و کتێبێک دەربێنێت، بێگومانە کە کارێکی هەڵەی نەکردووە و دەتوانێت کەلەبەرێکی کایەی رۆشنبیری پێ پڕ بکاتەوە، بەڵام بڕیاری وردەکارانەتر بەپێی ئەو واقیعانەی باس کران، بێگومان بەرهەم و کاریگەریی باشتری دەبێت، بۆیە:

١/ باشترین بڕیار بۆ دیاریکردنی کتێبێک بۆ وەرگێڕان، باشترە کەسی وەرگێڕ خۆی نەیدات، ئیتر ئەزموونی لە کایەی رۆشنبیری و وەرگێڕاندا هەرچییەک بێت، بەڵکو پرس و راوێژکردن بە دەزگەکانی چاپ، زانکۆکان، کەسانی بە ئەزموونی دیار، خوێنەرانی جدی باشترین رێگەیە بۆ بڕیاردان لە وەرگێڕانێک جێی خۆی بگرێت.

٢/ دیارە دەشێت لەو پرس و راوێژکردنەدا کۆمەڵێک رای جیاواز، کۆمەڵێک سەرچاوە و کتێب بۆ وەرگێڕ دیاری بکرێن، کە دەبێ وەرگێڕ لای خۆی تۆماریان بکات، بەڵام دەبێ تەئکید بکاتەوە کە بەپێی ئەولەویات، کام لەو کتێبانە لە هەموویان گرنگترە و ئەو دەتوانێت بە کەمترین کێشەوە وەریبگێڕێت، چونکە ئەمیش بۆ خۆی یەکێکە لە کێشەکانی وەرگێڕان، کە بە داخەوە زۆر وەرگێڕ بەو هۆیەی حیسابیان بۆ تواناکانی خۆیان نەکردووە، لەو بابەتەدا، کە بۆ وەرگێڕان دەستیان داوەتێ، لەم بڕیارەدا تێکەوتوون و وەرگێڕانێکی کرچ و کاڵیان خستووەتە بەردەستی خوێنەر، کە ئەوە دواجار بۆ ناوبانگی وەک وەرگێڕێک زیانی دەبێت.

٣/ دوای دیاریکردنی کۆمەڵێک کتێبی گرنگ بەپێی ئەولەویات و دیاریکردنی توانای وەرگێڕانی دەق لە رووی ناوەڕۆکەوە، بە تایبەتی ئەو ناوەرۆکانەی بێشوومار چەمک و زاراوەیان تێدایە، بە تایبەتی بابەتە زانستییەکان و دواتریش زانستە مرۆییەکان، ئەوکات بە لایەنی وەرگێڕەوە هەنگاوی یەکەمی بڕیاردان لە وەرگێڕان دەست پێ دەکاتە، کە خوێندنەوەی کتێبەکەیە.

٤/ دەکرێت وەرگێڕ لە یەکەم خوێندنەوەدا بڕیاری تەواو بدات لەوەی کە دوای خوێندنەوەکە دەتوانێت لە وەرگێڕانیدا دەستبەکار بێت، بەڵام باشتر وایە خوێندنەوەی دووهەمی بۆ بکات و لەم خوێندنەوەی

# باشترین بڕیار بۆ دیاریکردنی کتێبێك بۆ وەرگێڕان، باشترە کەسی وەرگێڕ خۆی نەیدات

دووهەمەدا هەموو ئاستەنگەکانی وەرگێڕانەکەی دیاری بکات، واتە دیاریکردنی هەموو ئەو وشە، زاراوە، چەمک، ئیدیۆم، پەندی پێشینانەی خۆی نایانزانێت و دەبێ پشت بە فەرهەنگ، کەسانی شارەزای زمان، لە هەندێ باردا پشت بە خەڵکانی ئاساییش ببەستێت بۆ یەکلاکردنەوەیان (دەکرێت بۆ کاروباری ژنان پشت بە خێزان و بۆ ئیش و کاری پیشەیی پشت بە پیشەوەران و... هتد ببەسترێت..). چونکە وەرگێڕ زۆرجار لە نایابترین فەرهەنگدا، بە تایبەتی فەرهەنگی کوردی مانای تەواوی ئەو وشە و زاراوە و چەمکانەی دەست ناکەوێت، بەڵکو لە هەندێ فەرهەنگدا فەرهەنگساز وشەی وەرگێڕاوە و نەگەڕاوە بە دوای وشەی تەواوی خۆیدا. (بۆ نموونە لە زۆرینەی فەرهەنگەکاندا بۆ وشەی لغزی عەرەبی، وشەی مەتەڵ و نهێنی دانراوە، لە کاتێکدا مەتەڵ هەرگیز مانای بەرانبەری لغز نییە و تەنانەت نهێنییش زیاتر مانای «سر»ە نەک لغز)، بەڵام لە ناچاریدا دەتوانرێت نهێنیەکە بەکار بهێنرێت، بەڵام لای پیرێژنێک، لای جووتیارێک، پیشەوەرێک رەنگە مانای زۆر وشەی دەست بکەوێت.

٥/ دواهەنگاوی وەرگێڕان دەکەوێتە سەر شارەزایی تەواوی وەرگێڕ لە هونەری وەرگێڕاندا لەڕووی زمانەوانی، شارەزایی لە کولتووری هەردوو زمانەکە (زمانی وەرگێڕدراو، بۆ وەرگێڕدراو).. سەلیقە و ئەزموونی وەرگێڕ و کەشوهەوای وەرگێڕان و دواتر پێداچوونەوەی دەق و دروستبوونی قەناعەت لای وەرگێڕ، کە ئیتر کتێبەکەی وەرگێڕاوە و پێویستی بە چاپکردن هەیە. دیارە پرسی وەرگێڕان وردەکاریی تری هەیە، کە دەکەونە نێو ئەو خاڵانەی باس کران و دەتوانین بە وردەکاریی لاوەکییان ناو بەرین، کە هەندێجار وەرگێڕ لە میانەی رەوتی وەرگێڕانەوە چارەسەریان دەکات و هەندێجاریش کەسانی شارەزای دەزگەکانی چاپکردن چارەسەری دەکەن.

## پرۆسەی چاپکردن و ئاستەنگەکانی چاپکردن:

وەک وتمان وەرگێڕ هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونەوە لە وەرگێڕان، بە تایبەتی کتێب، لە چاپدانی کتێبەکەی یەکێکە لە خەمە سەرەکییەکانی.. بۆیە دەبێ هەموو وەرگێڕێک بزانێت لەم وڵاتەی ئێمەدا تەنها سێ رێگەی سەرەکی هەیە بۆ کتێب چاپکردن:

١/ ئەو دەزگا حکوومیانەی لە بەرانبەر ئەرکی وەرگێڕاندا بڕێک پاداشت و ژمارەیەک کتێب بە وەرگێڕ دەدەن، بە تایبەتی بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری.

٢/ ئەو دەزگەیانەی چاپ و راگەیاندن و بڵاوکردنەوە (بە تایبەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و هەندێ دەزگەی تری چاپ و بڵاوکردنەوە، کە هەندێکیان حیزبی و هەندێکی تریان ئەهلین)، کە هەندێکیان پاداشتی داراییان هەیە و هەندێکیشیان پاداشتی دارایی بە وەرگێڕ نادەن، تەنها ژمارەیەک کتێب نەبێت.

٣/ لەسەر ئەرکی وەرگێڕ خۆی، یان لەسەر ئەرکی کەسێکی تر.

بەڵام وەرگێڕ دەتوانێت بە هەندێ ئیعتیباراتی دۆستایەتی و ناسراوییەوە، لە هەندێ لەو دەزگەیانەی جۆری دووهەمیاندا زۆرترین بڕی کتێب وەربگرێت و بۆ خۆی بیفرۆشێت، کە بێگومان لەمیشیاندا هەروا سووک و ئاسان بڕێک دارایی نایەتە گیرفانی، چونکە وەک وتمان ئێمە قەیرانی خوێندنەوەمان هەیە و رەنگە بڕێک کتێب (بۆ نموونە ٤٠٠ کتێب بە



ناونیشانی باش و نووسەر و وەرگێڕی ناسراویشەوە) چەند مانگێک لە کتێبخانەدا بمێنێتەوە.

## ئاستەنگەکانی چاپکردن لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا:

زۆرینەی ئەو دەزگەیانەی چاپکردن( بە هەر سێ جۆرەکەیەوە)، بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ بە چاپ گەیاندنی کتێب، کە لە هەندێ باردا بۆ وەرگێڕ دەتوانم بڵێم دەبنە ئاستەنگ و بگرە رەتکردنەوەی چاپکردنی ئەو کتێبەی ماندوویەتیی زۆری پێوە کێشراوە و لە هەندێ باریشدا دەبنە فاکتەری بەهێزکردنی کردەی وەرگێڕان لای وەرگێڕ و بە ئەزموونکردنی.. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت ئاماژە بە هەندێک لە هەنگاوەکانی کتێب چاپکردن بدەین، هەر لە داواکارییەوە لەلایەن وەرگێڕەوە تا ئەو ساتەی کتێبەکەی رەت دەکرێتەوە، یان لە چاپ دەدرێت و ماندوویەتیی وەرگێڕ لەوێدا نامێنێت و دەحەسێتەوە:

١/ دوای داواکاری لەلایەن وەرگێڕەوە لە دەزگەیەکی حکوومیدا (بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە و رۆژنامەوانی، خانەی وەرگێڕان، خانەی سمۆرە، کە تایبەتە بە منداڵان و هەموویشیان سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانن)، ئەگەر لە لایەن بەڕێوەبەرەوە بە پێی رێنماییەکان قبوڵ کرا، لە هەنگاوی دووهەمدا دەدرێت بە کەسێک، کە بە ناوی شارەزاوە لەو دەزگەیەدا ئەرکی هەڵسەنگاندن دواجار بڕیاردان لە چاپکردن و نەکردنی کتێبەکە دەدرێت. زۆربەی دەزگەکانی تریش هەمان بەرنامەیان بۆ کتێب چاپکردن هەیە.

٢/ دوای بڕیاردان لە چاپکردنی، کتێبەکە بە رەوتی ئاسایی تەکنیکی و هونەریدا تێدەپەڕێت، لە نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە و چاپکردن، کە ماوەیەکی دیاریکراو دەخایەنێت، دوای ئەو ماوەیە وەرگێڕ لەو دەزگایەدا پاداشت و بڕە کتێبی خۆی، یان هەر بڕە کتێبی دیاریکراو وەردەگرێت، ماندوویەتی دەحەسێتەوە و دەگەڕێتەوە مەیدانی دەستکردن بە وەرگێڕانی کتێبێکی تر.

٢/ خاڵی دووهەم و گرنگ رەتکردنەوەی کتێبە لەلایەن کەسی شارەزاوە، کە پێموایە لێرەدا لە هەندێ باردا ستەمی گەورە لە وەرگێڕ دەکرێت و ئەو ستەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ کەسی شارەزا. بۆیە دەکرێت بپرسین: ئایا کەسی شارەزا کامەیە؟ لەسەر کام بنەما دەتوانێت بابەتی وەرگێڕدراو رەت بکاتەوە؟

بێگومان بۆ قسەکردن لەسەر کەسی شارەزا پێویستە بڵێین:

هەرکەس زمانی وەرگێڕدراو و زمانی بۆ وەرگێڕدراوی زانی، مەرج نییە بکرێتە شارەزا و لەو کارەیدا سەرکەوتوو بێت، وەک چۆن هەرکەس دوو زمان بزانێت مەرج نییە بتوانێت ببێتە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، بەڵکو مەرجی سەرەکیی پێویست پێش زانین و شارەزایی تەواو لەو دوو زمانەدا، ئەوەیە کەسی شارەزا:

ا- خوێنەرێکی بە سەلیقە و بە ئەزموونی بواری خوێندنەوە و رۆشنبیری هەردوو زمانەکە بێت و تەمەن و تەندرووستیشی رێگەی بدات بێ وەڕسبوون کاری هەڵسەنگاندن وەک پێویست بەڕێوە ببات و بە ئەمانەتەوە بڕیاری خۆی بدات.

ب- بە وردی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بخوێنێتەوە، بە مەبەستی جوان تێگەیشتن لە بابەتەکە و ئاستی وەرگێڕانەکە و دواجار بە سەرکەوتوویی بڕیاردان لە هۆکارەکانی چاپکردن، یان نەکردنی کتێبەکە،



که دەبێ لە حاڵەتی دووهەمدا ئەو هۆکارانە بخرێتەوە بەردەستی وەرگێڕ، تا ئەگەر چارەسەریان دەکرێت ڕاست بکرێنەوە و جارێکی تر بخرێتەوە بەردەستی کەسی شارەزا، چونکە بە ڕاستی هەڵە و کەموکورتیی وەرگێڕان لە ڕووی زمانەوە بە تایبەتی نابێ ببێتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی چاپکردنی کتێب، دیارە ئەو کتێبانەی کە وەرگێڕانیان پێویستە و هیچ کێشەیەکیان لێناکەوێتەوە، یان لە وەرگێڕانەکەدا مەودایەک مابێت بۆ چارەسەر.

بێگومان شێوازی وەرگێڕان تا ڕادەیەک ئەرکی شارەزا لە هەڵسەنگاندندا لەلایەک ئاسان و لەلایەکی تریشەوە گران دەکات.. دەبیستین لێرە و لەوێ پرسیار لە وەرگێڕ دەکرێت ئاخۆ وشە بە وشە بابەتەکەی وەرگێڕاوە، یان ڕستە بە ڕستە؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکی سەیرە، چونکە لەوبڕوایەدام، وەرگێڕان، نە وشە بە وشە و نە ڕستە بە ڕستە، وەک پێویست دەکرێت، بەڵکو وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەوەیە وەرگێڕ پەرەگراف بە پەرەگراف بە جوانی لە مەبەستی نووسەر تێبگات، دواتر بزانێت خوێنەرانی بە زمانی میللەتەکەی چۆن دەتوانن لەو مەبەستەی نووسەر تێبگەن ئەویش بەوجۆرە دایبڕێژێت، واتە دەبێ لەخۆی بپرسێت: ئەگەر خۆی وەک نووسەرێکی کورد بیەوێت ئەم بیروبۆچوونەی نووسەری دەقەکە بنووسێت چۆنی دەنووسێت، ئایا خوێنەر بەوجۆرە داڕشتنەی ئەو لە دەقەکە تێدەگات و دەتوانێت ببێتە نووسەری دووهەمی؟ بۆیە دەبێ وەرگێڕ باشترین گوزارشت لە بۆچوونەکانی نووسەری دەقەکەی بکات.

گرانبوونی کردەی هەڵسەنگاندنی دەقی وەرگێڕدراو لەم شێوازەی وەرگێڕانەدایە، کە هەندێجار شارەزای کەمسەلیقە، کە وشە بە وشە، یان ڕستە بە ڕستە بۆ بەراوردکردنی دەق دەڕوانێت، پێی چەواشە دەبێت و هەندێجاریش وەرگێڕی کەمسەلیقە شارەزای بە سەلیقەی پێ چەواشە دەکات. کەواتە دەبێ شارەزا لەوەیش تێبگات وەرگێڕ کام شێوازی وەرگێڕانی ڕەچاو کردووە.

ج- یەکێک لە کێشەکانی بڕیاردان لە چاپکردن و نەکردنی کتێب بە لای شارەزاوە، کاتە، کە بێگومان هیچ بە ڕەوا نابینرێت ماوەیەکی زۆر زیاد لە پێویست کتێب لای شارەزا بمێنێتەوە و دواجار هەروا سووک و ئاسان بنووسێت: ئەم کتێبە بەکەڵکی ئەمڕۆی کایەی ڕۆشنبیریی کوردی نایەت، بێئەوەی باس لە هۆکاری ڕەوا کرابێت! بە دڵنیاییشەوە کتێبی وەها ڕەت کراوەتەوە، کە ڕەتکردنەوەی ڕەنگە جۆرێک بێت لە جۆرەکانی کوفر دەرهەق بە نووسەری کتێبەکە، نەک وەرگێڕ، چونکە ئەوەی هەڵە و کەموکورتیی وەرگێڕە دەبێ چارەسەر بکرێن، نەک ببێتە هۆکاری ڕەتکردنەوە، مەگەر لە بارێکدا وەرگێڕ نەیتوانیبێت مەبەستەکانی نووسەر بگەیەنێت و سەرلەبەری کتێبەکەی شێواندبێت.

د- یەکێک لە پرسە هەرە گرنگەکان بۆ کەسی شارەزا، دەبێ حیساب نەکردن بێت بۆ هەرجۆرە پەیوەندییەکی باش، یان خراپی نێوان خۆی و ئەو کەسەی داوای لە چاپدانی کتێبێک دەکات، بەڵکو هەڵسەنگاندنی کتێب ئەرکێکی مێژووییە و نابێت کەمتەرخەمیی تێدا بنوێنرێت و جگە لە بەپێزیی بابەتی کتێبەکە و وەرگێڕانەکە، نابێت هیچ شتێکی تر بە هەند وەربگیرێت. بۆیە ئەگەر هەڵسەنگاندن بەم پێوەرە بکرێت، بێگومان دەزگەکە کاراتر دەبێت، وەرگێڕەکان بە ئەزموونتر دەبن و ئیتر پرسی بەدگومانیی وەرگێڕ لەوەی بە هۆکاری شەخسییەوە کتێبەکەی ڕەت کراوەتەوە، دەبێتە پرسێکی ڕێژەیی.. دیارە هەموو دەزگەکانی چاپ

دەبیستین لێرە و لەوێ پرسیار لە وەرگێڕ دەکرێت ئاخۆ وشە بە وشە بابەتەکەی وەرگێڕاوە، یان ڕستە بە ڕستە؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکی سەیرە، چونکە لەوبڕوایەدام، وەرگێڕان، نە وشە بە وشە و نە ڕستە بە ڕستە، وەک پێویست دەکرێت، بەڵکو وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەوەیە وەرگێڕ پەرەگراف بە پەرەگراف بە جوانی لە مەبەستی نووسەر تێبگات



و بڵاوکردنەوە بەو ڕۆحیەتەوە ئیش ناکەن، بۆیە لە هەندێکیاندا پەراوێزێک ماوە بۆ ئیشکردن لەسەر ئیعتیباراتی شەخسی کە هیوادارم نەمێنێت. بەڵام لەمەدا بەڕێوەبەر ڕۆڵی گرنگی دەبینێت، چونکە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایانە نابێت هەروا سووک و ئاسان هاوڕای دوا بڕیاری شارەزاکانیان بن، بە تایبەتی ئەوانەی بە بێ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان کتێب ڕەتدەکەنەوە.

هـ- ئەگەر وەرگێڕ هەر لە سەرەتاوە و لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی کتێبەکەیشیدا مافی ئەوەی نەبێت بزانێ کێ هەڵسەنگێنەری کتێبەکەی بووە، بێگومان مافی ئەوەی هەیە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی کتێبەکەی بە خاڵ بخرێتە بەر دەست، بۆ ئەوەی بتوانێت وەک پێوەرێک ئاستی وەرگێڕانی خۆی پێ هەڵبسەنگێنێت، هەڵە و کەموکورتییەکانی خۆی دەستنیشان بکات، گەر بشکرێت جارێکی تر بە پێی ڕێنماییەکانی شارەزاکە پێداچوونەوە بە دەقەکەدا بکاتەوە، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، گۆڕینی دەستەواژە و تەعبیرەکان و چاککردنەوەیان، یان وەرگێڕانەکە دووبارە بکاتەوە و بیخاتەوە هەمان پرۆسەی داوای چاپکردنی.

## ئەنجام:

بوونی دەزگەی تایبەت بە وەرگێڕان، بەمشێوەیەی کە لە ئێستادا هەیە، ڕاستە خزمەت بەو بوارە گرنگە دەکات، بەڵام دەکرێت بە هەمان ئەو کەسانەی ئەم بوارە بەڕێوە دەبەن کارێکی فراوانتر و زانستیتر بکرێت، مەبەست لەم بۆچوونە بە دامەزراوەیی کردنی وەرگێڕانە، وەک لە وڵاتانی دەووروبەر و جیهاندا هەیە.

ئەو دەزگەیانەی لە ئێستادا و ساڵانێکە لە کایەی وەرگێڕاندا خزمەت بە خوێنەری کورد و وەرگێڕەکان و دواجار کایەی ڕۆشنبیریی دەکەن، لەبەر سنووردارىی مەوداکانی، کاریان لە ڕووی پسپۆڕی و داراییشەوە، بەرهەمەکانیشیان سنووردار و ڕەنگە تا ڕادەیەکیش بەلای چەندێتیدا بشکێتەوە، نەک جۆرێتی، کە بێگومان یەکێک لە خەسڵەتەکانی بە دامەزراوەیی کردنی وەرگێڕان، بەرهەمی جۆرێتی و دواتریش چەندێتی دەبێت لەیەک ئاستدا، بگرە ئەگەر جۆرێتی بە ڕێژەییش بەدەست هێنرا، ئیتر چەندێتی نابێتە خەوشی کارکردن.

دیارە قسەوباسی زۆر لەنێو ڕۆشنبیران و نووسەر و وەرگێڕەکاندا کراوە لەبارەی بە دامەزراوەییکردنی وەرگێڕانەوە، بەڵام هەموو قسەوباسەکان سنوورێکی تایبەتیان تێنەپەڕاندووە، تا ئەم ساتەیش پرۆژەیەکی فراوان و جدی بۆ ئەم پرسە نەخراوەتە ڕوو، بۆیە داوا دەکەم نووسەران، وەرگێڕەکان، ڕۆشنبیران، پەیوەندیداران، ئەو سنوورە تایبەتە بگوزەرێنن، چونکە دواخستنی ئەم پرۆژەیە ئەرکەکان قورستر دەکات، کە دواجار هەر دەبێ بکرێت، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆرتر و خەرجێکی داراییی زۆرترەوە.

بێگومان ناسەقامگیریی باری سیاسیی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا، کاریگەرییان هەبووە لەم پرسەدا، بەڵام بەشێکی کەمتەرخەمییش لە خۆمانەوە بووە، کە وەک پێویست بەدەم کارەکەوە نەبووین و بەوە قایل بووین پرۆسەی وەرگێڕان بەمشێوە بەرتەسکییە بەڕێوەبچێت. بۆیە لە ئێستا بە دواوە دەکرێت بە جدی بەرنامەڕێژی بکرێت بۆ بە دامەزراوەیی کردنی کاری وەرگێڕان.



# کێشەکانی وەرگێڕان



شەهرام عەبدوڵڵا

وەرگێڕێکی لێهاتوو، کە شارەزایی تەواوی لە زمانی یەکەم و دووەم و لەو بابەتەدا هەیە، کە وا وەری دەگێڕێت، هەروەها خاوەن بەهرەیە لە رەخنە و نووسینیشدا و زانیاریی پێویستی لە بواری زماننناسییش هەیە و بە هۆی ئەوە دەستی نەداوەتە وەرگێڕان، کە لە نووسیندا سەرکەوتوو نەبووە و خوێندنی ئەکادیمی و تێگەیشتنی پێویستی بۆ وەرگێڕان هەیە و زۆر هۆگری وەرگێڕان و ئەو بابەتەیە وا وەری دەگێڕێت، کە ئەستەمە هەموو ئەم تایبەتمەندییانە پێکەوە و لە کەسێکدا کۆ ببنەوە، ئەوا لەودا کۆ بووەتەوە و بەم پێیە تاوانی نەخوێندەواریی خۆی ناخاتە ئەستۆی کەموکورتییەکانی زمانی کوردی.



وای دادەنێن ئەم وەرگێڕە بە حەماسەوە دەست دەداتە وەرگێڕان و بە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی دەقی سەرەکی، تا ئەو شوێنەی زمانەکەی خۆی ڕێگەی پێ دەدات و لای خوێنەر سەیر و نەشاز ناکەوێتەوە، درێژە بە وەرگێڕان دەدات و لە کاتی وەرگێڕاندا ئاگای لەوەیە کە بە زمانێکی ڕەوان چۆنایەتییەکانی دەقی سەرەکی بگوازێتەوە بۆ زمانی دووەم و ناوەڕۆک بە تەواوەتی وەربگێڕێت و بە ئەمانەتەوە پەیامی سەرەکی و شێوازی نووسین و دەربڕین بپارێزێت، وشەی دروست دابنێت و ورد بێت لە داڕشتنی وشەکاندا و ڕەچاوی خاڵبەندی بکات، بۆ ئەوەی واتا بە دروستی بگوازێتەوە و هەوڵ بدات وەرگێڕانەکەی هەمان فۆرم و شێوازی دەقی سەرەکی بگەیەنێت، هەمان بۆن و بەرامەی هەبێت و بە واتایەک ڕستەکانی نەشاز نەبن و خوێنەر هەست نەکات وەرگێڕان دەخوێنێتەوە، بەڵکو پێوەندیی سروشتی لەگەڵ دەقەکە بگرێت و بە جۆرێک بێت، بەکارهێنانی زمانی یەکەم دروستبونی، بەکارهێنانی زمانی دووەم ڕەوانبوونی، پشتڕاست بکاتەوە.

هەروەها بەردەوام ئەوەی لە بیرە، کەسێک، کە نەتوانێ بابەتێکی باش بنووسێت، ئەستەمە بتوانێت بابەتێک بە باشی وەربگێڕێت و پێویستە وەرگێڕێکی باش وەک ئەکتەرێکی باش ڕۆح بکات بە بەر وشەکاندا، لەگەڵ ئەمانەشدا دڵنیایە لەوەی، بە باشی لە ناوەڕۆکی دەقەکە و مەبەستی نووسەرەکەی تێگەیشتووە و جیاوازییەکانی زمانی یەکەم و زمانی دووەمی بیر ناچێتەوە و خۆی دوور دەگرێت لە وەرگێڕانی وشە بە وشە، کە بە تەواوەتی جوانیی زمان لە ناو دەبات، گرنگتر لەمانەش دەزانێت، ئەو دەقەی وەری دەگێڕێت پێویستە بە چ شێوازێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات، واتە ئایا وەرگێڕانی واتا و پەیام بکات، یاخود شێواز و پێکهاتەی دەق بە هەموو وردەکاری و تایبەتمەندییەکانییەوە بگوازێتەوە. ئەمە لە حاڵێکدا ئامانجی خۆی لە دەستنیشانکردنی بابەتەکە، بۆ وەرگێڕان، لە لا ڕوونە و دەزانێت لە کام ئاستدا و بۆ چ خوێنەرێکی وەردەگێڕێت، هەروەها بەئاگابوون لە مێژووی وەرگێڕان و ئەو قۆناغ و بوارانەی پێیاندا تێپەڕیوە و تێگەیشتن لە گرنگییەکانی وەرگێڕان، تا ئەو ڕادەیەی سەدەیەک، واتە سەدەی بیستەم، بە سەدەی وەرگێڕان ناوزەد کراوە و لەوێوە بە فامکردنی گرنگییەکانی وەرگێڕان لە قۆناغی ئێستادا، بەوەی کە؛ لە ڕێگەیەوە دوایین دەستکەوت و پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکان دەگوزاررێنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاریی کولتووری و هونەری و ئەدەبی ئەنجام دەدرێ و بارودۆخی سیاسی و ئابووری جیهان بە هەموان دەگەیەنرێ و دانوستانی ئابووری و بازرگانی باشتر لە ڕابردوو درێژەی پێ دەدرێ و ئاگایی لە بیر و بۆچوونی پێشینان بە دەست دێت، ئەم وەرگێڕە هەوڵی داوە بە تێگەیشتن لە وردەکاری و ڕەهەندی پێناسەکان بۆ وەرگێڕان، کە لە لایەک بەو هونەرە پێناسە دەکرێت کە وا پەیامێکی نووسراو لە زمانێکدا، دەخاتە شوێنی هەمان پەیام لە زمانێکی دیکەدا، لە لایەکی دیکە وا پێناسە دەکرێت، کە وەرگێڕان وەکو دیوی ژێرەوەی فەرش، تەنیا نەخشەکەی پێشان دەدات، یا دەربارەی وەرگێڕانی وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ دەوترێت، وەک ئەوە وایە شێتێک قسەی شێتێکی دیکە بگێڕێتەوە، زۆرترین وردبینی

و هەستیاری و قووڵبوونەوە بە کار بێنێت لە وەرگێڕاندا و دوای تەواوکردنیشی بەم پرسیارانەوە پیایدا بچێتەوە: ئایا چەمک و بابەتی دەقی سەرەکی گواستووەتەوە؟ ئایا زمانی نووسەری پاراستووە؟ ئایا لە وەرگێڕانەکەیدا گەیشتووە بە زمانی تایبەت و گونجاو لەگەڵ دەقەکەدا؟ ئایا وەکو پێویست وشەی راست و ورد و جوانی بۆ شوێنی وشەکانی دەقی سەرەکی دەستنیشان کردووە؟ ئایا رێنووس و رێزمانی پاراستووە؟ ئایا کورتی و درێژیی وتە و نەفەسی نووسین و هونەری نووسەری پاراستووە؟ ئایا وەکو پێویست گرنگیی بە خاڵبەندی داوە؟ ئایا...؟ و ئایا...؟ و ئایا ...، ئینجا بە تێڕامان لە کێشەکانی پرۆسەی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەرگێڕان، لە هەرێمی کوردستاندا، کە بریتین لە: نزمبوونی ئاستی رۆشنبیریی زۆربەی بەڕێوەبەرانی پێوەندیدار، بە جۆرێک کە ئەستەم دەتوانی بەڕێوەبەرێک پەیدا بکەیت، حەز و بۆچوونی خۆی نەسەپێنێ و لە بری ئەمە بیر لە ئاستی ئەو خزمەتە بکاتەوە، کە وەرگێڕانی باش و دروست دەتوانێ بە کۆمەڵگەی بکات، یا چاپخانەکانی لاکۆڵان، کە تەنیا و تەنیا بۆ فرۆش، هەر کۆمەڵە کاغەزێک رەش کرابێتەوە و بۆ ئەوان هەرزان بکەوێت. بە لێشاو هەڵیدەرێژنە بازاڕەکانەوە، تەنانەت بێ ئەوەی بزانن لە چ زمانێکەوە وەرگێڕدراوە و کێ نووسیویەتی و کێ وەری گێڕاوە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر سۆراخی وردبینێکی باش بکەیت، کە بێگومان بۆ بەرهەمهێنانی وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو، وردبین رۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت، ئەوا لەو دەزگەیانەدا تووشی کەسانێک دەبیت کە ناوی شارەزایان لێ نراوە و هەر لە رووی ئەو وەرگێڕانانەی دوای پێداچوونەی ئەوان بڵاو کراونەتەوە، دەبینی جگە لەوەی کەمترین پابەندبونیان بە دەقی سەرەکی تیادا نییە، بەڵکو وێرانکارییەکی بێ ئامان لە زمانی کوردیدا دەکەن و بازاڕی کتێبی وەرگێڕدراو ئاخنراوە بەو وەرگێڕانانە و چەند کتێبێکی باش، کە ناوی وەرگێڕی باشی لە سەر بێت، ئەستەم لە رەفەی کتێبفرۆشەکاندا دەبینرێت، ئەمەش بەشێکی بەرچاوی لە نەبوونی وردبین و لە سایەی ئەو شارەزایانەدایە.

بەم پێیە وەرگێڕەکەمان دەزانێت هێشتا رێگەیەکی دوور و درێژ و دژواری لە بەرە و لەگەڵ ئەوەشدا دەبینێت ئەو کتێبانەی لە زمانی دووەم و تەنانەت سێیەم و چوارەمەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، لە زۆر رووەوە بەراورد بە دەقی سەرەکی، لە زمانی یەکەمدا کەمترین لێکچوونیان تێدایە و بە هۆی ئەوەی وەرگێڕ، نە لە زمانی یەکەمدا شارەزایی هەیە و بەو پێیەش نە هیچ ناسیاوییەکی هەیە لەگەڵ ئەو دۆخ و کۆمەڵگە و کولتوورەی بابەتەکەی تێدا نووسراوە، ئەوەی وەک وەرگێڕان بڵاوی دەکاتەوە بە مەودایەکی زۆر، دوورە لە دەقی سەرەکییەوە. ئیدی لەگەڵ ئەمانەشدا دەزانێت، وەرگێڕەکان، کە چاوی بینینی یەکتریان نییە، بەڵام ئەگەر شوێنێک هەبێت بە بەرنامە و بە رێکخراوی یەکتری تێدا ببینن و گفتوگۆ بکەن و هاوکاریی یەکتر بکەن، زۆرێک لە کێشەکان چارەسەر دەبن و کتێبەکان لە زمانی یەکەمەوە وەردەگێڕدرێن، یا ئەگەر لە زمانی دووەمیشەوە بێت، لە رێگەی هاوکارییەوە بە باشی وەردەگێڕدرێن و ئەمە دەتوانێ هۆکارێکی کاریگەر بێت بۆ بەرگرتن لە دیاردەی کۆپیکردن، کە لە ژێر ناوی وەرگێڕانی دووەم و سێیەمدا ئەنجام دەدرێت

لای ئێمە ئەوە ناوی رەخنەی لێ نراوە، جگە لە دۆستایەتی و دوژمنایەتی و جگە لە دۆزینەوەی چەند وشەیەکی هەڵە، شتێکی دیکەی نەکردووە، لە حاڵێکدا رەخنەی وەرگێڕان، لە سەر بنەمای تیۆرەکان ئەنجام دەدرێت، کە بە جۆرێک دەکرێت وەک لقێکی زانستی لە قەڵەم بدرێت و لای ئێمە سۆراخی نییە



و لە بنەڕەتدا کۆپیکردنی وەرگێڕانێکی دیکەیە بە هەڵەکانییەوە، کە بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە چەند دەستکارییەکەی ناشیانەی تێدا دەکرێت و جیاوازی لەگەڵ وەرگێڕانی پێش خۆیدا، تەنیا لە بەرگ و دیزاین و ناوی وەرگێڕ و هەندێکجاریش بە جیاوازیی چەند لاپەڕەیەک، لە ژمارەی لاپەڕەکاندایە.

بێگومان ئەگەر شوێنێک هەبێت وەرگێڕەکان تیایدا کۆ ببنەوە، نەک هەر چارەسەری ئەم کێشانەی تیادا دەکرێت، بەڵکو ئاگایان لە هەوڵ و ئەزموونی یەکتریش دەبێ و لە زۆر ڕووەوە گەلێک سوود بە یەکتر دەگەیەنن، کە سەرەڕای ئەمەش، نەبوونی ڕەخنە و ڕەخنەگری وەرگێڕان، وەک پێویستترین هۆکار بۆ پێشخستنی، دەرفەتێکی فراوانی ڕەخساندووە، بۆ پەرەسەندنی بێسەروبەری لە وەرگێڕاندا. ئاشکرایە ئەوەشی ناوی ڕەخنەی لێ نراوە، جگە لە دۆستایەتی و دوژمنایەتی و جگە لە دۆزینەوەی چەند وشەیەکی هەڵە، شتێکی دیکەی نەکردووە، لە حاڵێکدا ڕەخنەی وەرگێڕان، لە سەر بنەمای تیۆرەکان ئەنجام دەدرێت، کە بە جۆرێک دەکرێت وەک لقێکی زانستی لە قەڵەم بدرێت و لای ئێمە سۆراخی نییە. لە ئەگەری بوونی ڕەخنەی زانستییشدا، بێگومان ڕێژەیەکی زۆر لەو وەرگێڕانانەی ئێستا دەکرێن، چیتر ڕووی مەجلیسیان نامێنێت، بەم پێیە وەرگێڕە لێهاتووەکەی ئێمە، بە ژیانی پڕئازار لەگەڵ هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی باسمان کردن و بە تێپەڕکردنی قۆناغەکان، لە دروستبوونی بیرۆکەوە، تا بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانەکەی و بێبەشبوونی لە وردبین و ڕەخنەگر و...، دەبێ لەگەڵ خوێنەردا حاڵی چۆن بێت، کە حەکایەتی ئەو گەلێک لەمانە تراژیدیترە.

**تێبینی:**
پێوەرەکان لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون.





# وەرگێڕ

## وەك مەیموونی نووسەرەکەی



شالاو حەبیبە

### یادنووسێک، سەبارەت بە ئیکۆ و کەسانی دیکە

گابۆ، لە «یادنووسەکانی پێنجساڵە»دا، باس لە نووسەرێک دەکات، ئەو نووسەرە، کە من، نەک گابۆ، ناوەکەیم بیر چووەتەوە؛ دەڵێت: «وەرگێڕ، مەیموونی نووسەرەکەیەتی.» ئەمە بەو واتایەی، نووسەر هەر کارێکی لە کتێبەکەیدا کردبێت، بە کەموکورتییەکانیشەوە؛ وەرگێڕ دەبێت وەک خۆیان، وەریان بگێڕێت. بەر لەوەی «شەڕ و ئاشتی» بۆ هەر زمانێک وەربگێڕدریت، لەوانەیە کەمورزۆر خوێنەرانی ئەدەبیات



ئاگەداری ئەوە هەبن، کە «شەڕ و ئاشتی» چەند هەڵەی ناوداری تێدان، یەک لەو هەڵانە بریتییە لەوەی، کارەکتەرێک، لە شوێنێکدا دەمانچەی پێیە و کەچی لە شوێنێکی دیکەدا، هەمان کارەکتەر، بە خەنجەر کەسێک دەکوژێت. جا وەرگێڕەکان دەستەڵاتی ئەوەیان نییە ڕاستی بکەنەوە و ناچارن وەک خۆی (هەر وەک چۆن فەرموویانە مەیموونن؛) وەری بگێڕن.

ئەمە سەبارەت بە «دۆنکیشۆت»یش ڕاستە. لەو ڕۆمانەیشدا، سانچۆ- مەیتەری دۆنکیشۆت، لە شوێنێکدا کەرەکەی لێ ون دەبێت و کەچی لە شوێنێکی دیکەدا، بە سواری کەرەکەیەوە دەیبینینەوە، تا لە شوێنێکی دیکەدا سێرڤانتس بیری دەکەوێتەوە و دیسان ونی دەکاتەوە. ئەم هەڵانە بە جۆرێک ناوبانگیان ڕۆیشتووە، کە هەر چاککردنەوەیەک لەو ڕۆمانانەدا، هەڵەیەکی دیکە- ئەمیان لە وەرگێڕاندا- دروست دەکات، چونکە دواجار خوێنەرانی ئەدەبیات ئاگەداری ئەم هەڵانە هەن و گەڕان بە دوای ئەم هەڵانەیشدا، دەبێتە بەشێک لە ڕەوتی خوێندنەوەوەی ئەدەبیات.

هەڵبەت مەیموونبوونی وەرگێڕ هەمیشەیی نییە، ئەمەیان ئەمبێرتۆ ئیکۆمان بیر دەخاتەوە، ئەو پێی وایە، نووسەر وا باشە هاوکاریی وەرگێڕەکەی بکات و وەرگێڕیش مافی ئەوەی هەبێت، دەست بخاتە کتێبەکەوە، لێرەدا وا باشە ئەحمەد شاملوو بێنینە بەر باس، کە بڕوای بە «وەرگێڕانی ئازاد» هەبوو، هەڵبەت زیاتر بۆ شیعر. شاملوو زۆر جار، لە پێناو ڕیتم و دەنگدا و لە پێناو ئەوەدا، کە تێکستەکە لە زمانی دووەمدا، وەک شیعر بەرهەم بێتەوە، ناچار دەستێکی دەبردە شیعرەکەوە. تێکستگەل، کە ئەحمەد شاملوو وەری گێڕاون، ئەمانەتپارێز نین- خۆی وەها دەڵێت و زمانزانانیش- بەڵام شیعرن. بە پێچەوانەی شاملووەوە، پاچڤەکارانێکی دیکە، هەمان ئەو تێکستانەیان وەرگێڕاوە، بەڵام هیی ئەوان ئەگەرچی ئەمانەتپارێزیی تێدا ڕەچاو کراوە، وەلێ نەبوونەتە شیعر. بۆ نموونە، زەهرا ڕۆهبانی، کۆشیعری لۆرکای بە فارسی کردووە، کەچی تەنیا ئەو چەند شیعرەی لۆرکا چێژدارن، کە شاملوو وەریانی گێڕاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، ڕۆهبانی، ئەمانەتپارێزیی لەبەر چاو گرتووە.

هەر شاملوو خۆی بۆچوونێکی وای هەیە: (شیعرێک، کە لە وەرگێڕاندا جوان دەرچووە، وەرگێڕەکەی ئەمانەتپارێز نەبووە.)

بگەڕێینەوە لای ئیکۆ، لە ڕۆمانی «ناوی گوڵەباخ»دا، لە شوێنێک ئۆتۆمبیلێک بە گردێکدا هەڵدەگەڕێت و ڕێک لەوێدا ڕاوییەکە دەڵێت، (ئەو سروشتەمان بینی، وەک چۆن «فلانکەس»ی شاعیر بینیبووی.) لێرەدا ئەم فلانکەسە شاعیرێکی سروشتگەرای ئیتاڵیاییە. خوێنەری ئیتاڵیایی، ناوی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە، یەکسەر لە جوانیی سروشتەکە تێ دەگات، بەڵام بۆ نموونە، ئیکۆ دەڵێت: (مەرج نییە خوێنەرانی زمانانی دیکە، ئەم شاعیرە بناسن.) لێرەدا گرفتێک دێتە پێشەوە: چۆن خوێنەرانی زمانانی دیکە، لە جوانیی ئەو سروشتە ئاگەدار بکرێنەوە؟ ئیکۆ دەڵێت: (ئەگەر ئەم کتێبە بۆ زمانی فەڕەنسی وەربگێڕدرێت، وا باشە وەرگێڕی فەڕەنسی، ناوی شاعیرە ئیتاڵیاییەکە لا بدات و لەبری ئەو، شاعیرێکی سروشتگەرای فەڕەنسی دابنێت، دەیجا خوێنەری فەڕەنسی یەکسەر تێ دەگات، کە وەرگێڕ بە ئەنقەست ئەم کارەی کردووە

## وەرگێڕ، بەڵێ، مەیموونی نووسەرەکەیەتی، بەڵام هێندێك جار پێویستە پەتەکەی ڕاکێشت و نەختێك کاروباری نووسەر ڕاتەکێنێت

و مەبەست لێی نیشاندانی جوانیی سروشتەکەیە؛ بەبێ پەسندان.)

ئەم کتێبە ئەگەر بۆ زمانی فارسی وەربگێڕدرێت، دەشێت لەبری ئەو شاعیرە، ناوی «سۆهراب سپێهری» و لە زمانی کوردیدا، ناوی «عەبدوڵڵا گۆران» بنووسرێت، هەڵبەت ئەمە شتێکە ئیکۆ وەها دەخوازێت و منیش بڕوام پێیەتی.

ئیکۆ پێی وایە، وەرگێڕانی سەد لاپەڕەی یەکەمی «شەڕ و ئاشتی،» هێند کارێکی ئاڵۆزە، خۆی زۆر بە بەختەوەر دەزانێت، کە ئەو «شەڕ و ئاشتی»ی نەنووسیوە. لە سەرەتای ئەم ڕۆمانەدا، دیالۆگەکان بە زمانی ڕووسی و فەڕەنسین، کە هەردووکیان زمانی فەرمیی ئەو سەردەمە بوون، جا وەرگێڕەکان کاتێک ئەم ڕۆمانە وەردەگێڕن، دەبێت، لە زمانەکەی خۆیاندا، دووزمانەیی دیالۆگەکان دەربخەن، کە ئەمەیش هەروا کارێکی ئاسان نییە.

ئیکۆ، کە شایەنی خۆیەتی، لە بواری پەیڤین لە بارەی وەرگێڕانەوە، ناوی بنێین: «خاوەنی بیرۆکە نوێیەکان؛» دەڵێت: (قورسیی وەرگێڕانی «شەڕ و ئاشتی» ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە دەتەوێت بۆ زمانی فەڕەنسیی وەربگێڕیت؛ سەرەتا ڕووسییەکە دەکەیت بە فەڕەنسی، بەڵام ئەدی خودی دیالۆگە فەڕەنسییەکان چی لێ دەکەیت؟ ئایا هەر وەک خۆیان دایاندەنێیتەوە؟ کە هەڵبەت لێرەدا دووزمانەیی دایەلۆگەکانت نەپاراستووە، جا ئەسڵەن وەرگێڕانیشت نەکردووە. ئیکۆ پێشنیار دەکات، دایەلۆگە فەڕەنسییەکان بە ئینگلیزی وەربگێڕدرێن، ئەگەریش پێویستی کرد، لە پەراوێزدا دیالۆگەکان بە فەڕەنسی دابنرێنەوە، هەروەتر، ئەگەر بۆ هەر زمانێکی دیکە وەربگێڕدرێت، دەبێت بە هەمان شێوە کار بکرێت، واتا ڕووسییەکە بۆ ئەو زمانە وەربگێڕدرێت و فەڕەنسییەکان بە زمانێکی دیکەی نزیک لەو زمانەوە کار بکرێت، تا خوێنەر بزانێت، کە ئەم ڕۆمانە لە زمانە ڕەسەنەکەیدا دووزمانەیی دیالۆگی تێدا ڕەچاو کراوە.

«دووپشک...»ی ئابکەناریش، شتێکە لەم چەشنە، لە دووپشکدا و لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا و لەناو سەنگەرێکدا، چەند سەربازێک دانیشتوون و هەریەکە و سەر بە شارێکن و بە چەند شێوەزاری وڵاتی ئێران قسان دەکەن، جا تارانی، ئیسفەهانی، لوڕی و هەر زارێکی دیکە. وەرگێڕ، کە (بەڕۆژ ئاکرەیی)یە، بۆ ئەوەی ئەم فرەشێوەزارییە دەربخات، لە کارەکەیدا، کەڵکی لە شێوەزارگەلی وەک: بەهدینانی، هەورامانی، هەولێری و گەرمیانی وەرگرتووە. خوێنەرانی ئەدەبیات، بەبێ ئەوەی پەراوێزیان بۆ بنووسرێت، ئەوە دەزانن، کە ئەم فرەشێوەزارییە دەرخەری فرەشێوەزارییە لە زمانە ڕەسەنەکەیدا، بەڵام بۆ نموونە لەم کارەی ئابکەناردا، نەدەکرا، زمانی جیاواز بەکار ببردرێت، وەک چۆن لەوەی شەڕ و ئاشتیدا ناکرێت شێوەزار بەکار ببردرێت.

ئەمین گەردیگلانی، کە «ئانا کارنینا»ی وەرگێڕاوە، هەر بە خوێندنەوەی سەرەتای ڕۆمانەکە، ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆمان دەکەین: داخۆ تۆلستۆی، بە شێوەزارێکی ڕووسی ڕۆمانەکەی نووسیوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە زمانی ڕووسی و فەڕەنسی، زمانی فەرمیی ئەو سەردەم بوون و سەبارەت بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکەیش، ناکرێت، ڕۆمانێک بە زمانێکی تەواو ستاندارد نووسرابێت و لە زمانی دووەمدا، بە شێوەزار وەری بگێڕین.



کەواتە با بپرسین، «قورئان» چما بە موکریانی وەرگێڕدراوە؟ ئایا زمانی قورئان زمانی کوێرەدێیەکی عەرەبستانە؟ ئایا هەژار چما زمانێکی ستانداردی بۆ وەرگێڕانی ئەم تێکستە هەڵنەبژاردووە؟ قورئان تیکستێکی کۆنە و پیرۆز، بۆیە دەبوو تێکستی وەرگەڕاوی قورئان، هەم بە زمانێکی کۆن با، هەم پیرۆز، هەڵبەت مەبەستم لە پیرۆز، پیرۆزییە لە دەربڕینەکانی نێو ئەم تێکستەدا، کە بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا پارێزراوە. فارسەکان، بە پلەی یەکەم، تەنێ لەبەر ئەوە تێکستە کۆنەکان وەردەگێڕن، تا کار بە زمانی کۆنی فارسی بکەن. جا با ئەم ڕستەیەیشی بخەمە سەر: تێکستی وەرگەڕاوی قورئان، وەک تێکستێکی کوردی، نووسراوێکی باڵایە و لاریی لەوە نییە، لێ وەک کاری وەرگێڕان، پێویستە ڕەخنە بکرێت.

هەر لەو باسەدا، کە دەبێت نەختێک خۆ لەو مەیموونبوونە بپارێزیت، سروژ ئێسباتییان هەیە، کە «ژیانی من»ـی برانیسلاف نۆشیجی بۆ فارسی وەرگێڕاوە. نۆشیج، نووسەرێکی سڕبستانییە و لە شوێنێکی ژیننامە خۆنووسەکەیدا، باس لەوە دەکات، کە چۆن مامۆستاکەیان، لە قوتابخانەدا، پیتە سڕبییەکانی فێر کردوون، بەڵام لە سەروەختی خوێندنەوەی کتێبەکەدا، دەبینیت، وەرگێڕ، کەڵکی لە پیتە ئەبجەدییەکان وەرگرتووە و چوواندنەکانیش پێوەستن بە کولتووری ناوچەکەی دەوروبەری خۆمانەوە، نەک سڕبستان.

بۆ نموونە، بەمجۆرە کاری کردووە: «ت» وەک تەشت و «ل» وەگ گۆچانی لینگەوقووچ و «و» وەک کلکی نازانم چی. ئینجا ئەگەر بتەوێت بنووسیت: (لووت؛) مامۆستا دەڵێت: منداڵینە! گۆچانێکی لینگەوقووچ بێنن و دوو کلکی نازانم چیی بخەنە پاڵ و یەک تەشتیشی پێوە بنووسێنن. بێگومان، هەم پیتەکان لە پیتەکانی زمانە ڕەسەنەکە جیاوازن، هەمیش چوواندنەکان، هەڵبەت ئەمە شتێکە، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد، خوێنەر خۆی دەبێت بزانیت کاری وەرگێڕە، چونکە هیچ پەراوێزێک بۆم وردەکارییانە نەنووسراوە و پێویستیش ناکات.

ئەوەی پێویستە بیڵێم ئەوەیە، کە وەرگێڕ، بەڵێ، مەیموونی نووسەرەکەیەتی، بەڵام هێندێک جار پێویستە پەتەکەی ڕاکێشت و نەختێک کاروباری نووسەر ڕاتەکێنێت.

## وەرگێڕان و دیالۆگ

لە بەرهەمێکی جەی. دی. سالنجەرد+ تا شوێنێک چیرۆکەکەم بیر مابێت÷ کابرایەکی لادێیی، لەگەڵ کابرایەکی شاری و ڕۆشنبیردا قسە دەکات و بەردەوام لە هەوڵودەوڵی ئەوەدایە، بە جۆرێک قسە بکات، قسەکانی ڕۆشنبیرانە و مۆدێرنانە دەربکەون، بەڵام لەم هەوڵودەوڵەیدا سەرکەوتوو نابێت و خوێنەر چاک هەست بەوە دەکات، کە کابرا خەریکی نقەنقە و زۆر لە خۆی دەکات.

جا وەرگێڕی ئەم بەرهەمی سالنجەر، بۆ زمانی فارسی، عەلی شیعە عەلی، دەڵێت:»ئەم بەرهەمە بۆ هەر زمانێک وەربگێڕدرێت، دەبێت بۆ دیالۆگەکانی ئەم کابرا لادێییە، زمانێک هەڵبژێرین، کە ئەوە دەربخات؛ ئەمە پیاوێکی لادێییە و دەیەوێت ڕۆشنبیرانە قسە بکات و ناتوانێت.»ئەم هەوڵودەوڵی ڕۆشنبیرانە قسەکردن و سەرنەکەوتن و لە بنەڕەتدا لادێییبوونە، شتێک نییە ڕاوی باسی

بکات، بەڵکو شتێکە تەنیا لە زماندا ئامادەیە و خوێنەر خۆی دەیزانێت و هەر دەبێت لە زمانیشدا ئامادە بکرێتەوە.

## کەڵکی وەرگێڕان بۆ زمان

ئاغای دەریابەندەری- یەک لە ڕووخسارە گەشاوەکانی وەرگێڕان، لە زمانی فارسیدا، زیاد لە جارێک، ئەوەی بەر باس داوە (بە تایبەت سەبارەت بە: پیرەمێرد و زەریا/ و سەربووردەی هاکلبری فین) کە ئەو، لە کاروباری وەرگێڕاندا، هێندێک جار، سوود لە شێوەزاری «جنوب» وەردەگرێت. ئەم سوودوەرگرتنە، خۆی لە هێندێک وشە و یەک- دوو دەربڕیندا دەبینێتەوە، کە هەموویان لە دەقە وەرگێڕدراوەکاندا جێی خۆیان گرتووە و لە شوێنی خۆیاندا بە کار هاتوون. هەڵبەت دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەمە نابێتە بیانووی ئەوەی، وەرگێڕەکانی ئێمەیش خراپ کەڵکی لێ وەربگرن و شێوەزارێک لە وەرگێڕاندا هێند بەرجەستە بکەن، کە زمانی ستاندارد ون ببێت. ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و ئاگایانە، سوود لە شێوەزارەکان وەربگرین، واتا تەنیا لە شوێنی پێویستدا، ئەوا ئەمەیش دەبێتە هەوڵێک بۆ خزمەتکردن و بەرفراونکردنی زمانمان.

هەر لەو پێوەندییەدا، کە لە ڕێی وەرگێڕانەوە، دەشێت خزمەت بە زمانی خۆمان بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوێکی نەختێک سەمەرە، ئەویش ئەو کاتەی، دەریابەندەری دوای تەمەنێک وەرگێڕانی کاری ئەدەبی، لە ناکاو، کتێبێکی چەند هەزار لاپەڕەیی لە چاپ دا، لە ژێر ناونیشانی «هونەری چێشتلێنان- لە سیرەوە تا پیاز.» ئاساییە، کە خوێنەران بە بینینی وەها کارێکی وەرگێڕان، تووشی سەرسووڕمان بوون، بەڵام ئەگەر کتێبەکە بخوێنیتەوە، ئەوکات لە مەبەستی دەریابەندەری تێ دەگەیت و دەزانیت، وەرگێڕ، هەوڵی داوە لە ڕێی وشە و دەستەواژە و دەبڕینەکانی هونەری چێشتلێنانەوە، خزمەتێکی دیکە بە زمانی فارسی بکات و دەوڵەمەندی بکات. هەروەتر، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ ئەوەدا داوە، تا ئەو ئامێر و کەرەستانەی لە چێشتلێناندا بە کار دەهێندرێن و لە فارسیدا ناوێکیان نییە؛ ناوێکیان بۆ دابتاشێت.

هەڵبەت کتێبەکە، بەدەر لەوەی، یاسای دروستکردنی خواردنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەخاتە بەر دەستی خوێنەر، لە تەنز خاڵی نییە. هەر بۆ



دەریابەندەری دوای تەمەنێک وەرگێڕانی کاری ئەدەبی، لە ناکاو، کتێبێکی چەند هەزار لاپەڕەیی لە چاپ دا، لە ژێر ناونیشانی «هونەری چێشتلێنان- لە سیرەوە تا پیاز.» ئاساییە، کە خوێنەران بە بینینی وەها کارێکی وەرگێڕان، تووشی سەرسووڕمان بوون، بەڵام ئەگەر کتێبەکە بخوێنیتەوە، ئەوکات لە مەبەستی دەریابەندەری تێ دەگەیت و دەزانیت، وەرگێڕ، هەوڵی داوە لە ڕێی وشە و دەستەواژە و دەبڕینەکانی هونەری چێشتلێنانەوە، خزمەتێکی دیکە بە زمانی فارسی بکات و دەوڵەمەندی بکات



نموونە، لە ژێر پێکهاتەی خواردنێکدا نووسیویەتی: «وەک بیستوومە دەڵێن: ئەم خواردنە خراپ نییە بۆ نووسەران.»

کەواتە: وەرگێڕەکان/ نووسەرەکان، مافی ئەوەیان هەیە، لە نووسراوەکانیاندا، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و تا ئەو شوێنەی پێویست بکات، کەڵک لە شێوەزارەکان وەربگرن، ئەمەیش وەک لایەنی خزمەتکردنی زمان چاوی لێ دەکرێت، نەک باڵادەستکردنی شێوەزارێک لە سەر زمان.

لە ئەمڕۆی دۆخی زمانی کوردییشدا، بە پلەی یەکەم، ئەوە وەرگێڕەکانن، کە دەتوانن خزمەت بەم زمانە بکەن، وەک چۆن، شوکور مستەفا و مام هەژار، کردیان.

### وەرگێڕان
### زمانی کۆن، زمانی نوێ:

ئەدلایدا گارسیا مۆراڵس، «بێدەنگیی پەرییەکانی زەریا»ـی، ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو کردووەتەوە. لەم ڕۆمانەدا، بەو هۆیەوە، کە گەڕاوەتەوە بۆ ئەفسانە و حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان، هەروەها، بەرباسدانی جۆرە دابونەریتێکی ئیسپانیایی کۆنی، کە هەڵبەت ڕووداوەکانیش لە لادێیەکدا ڕوو دەدەن؛ بۆیە هێندێک پەرەگرافی ڕۆمانەکەی، بە زمانی ئیسپانیایی کۆن نووسیوەتەوە.

وەرگێڕی کارزانی ئەم ڕۆمانەیش، بۆ زمانی فارسی- زەهرا ڕۆهبانی، دەستوپێ سپی نەبووە، بەڵکو هەوڵی تەواوی داوە، ڕێی دروست هەڵبژێرێت، بۆیە نەهاتووە تێکڕای ڕۆمانەکە بە زمانی ئەمڕۆیی وەربگێڕێت، بەڵکو لەم ڕووەوە، پاشخانی زمانی فارسی بە فریای هاتووە، بۆیە ئەو پەرەگرافانەی بە ئیسپانیایی کۆن نووسراونەتەوە، ئەمیش بە فارسیی کۆن وەریانی گێڕاوە.

- لێرەدا پرسیار ئەمەیە، وا زمانی فارسیی کۆن ماوە، ئەدی ئەگەر بمانەوێت ئەم ڕۆمانە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕین، چی لەو پەرەگرافانە بکەین؟

### نموونەیەکی دیکە:

لە ڕۆمانێکی فەڕەنسیدا؛ سەردەم کۆنە و پاشایەکی فەڕەنسی، بە زمانێکی پاشایانەی کۆن و بە شێوەیەکی فراوان، دیالۆگی هەیە. دیالۆگەکانی ئەم پاشایە، جیاوازن لە هەموو دیالۆگەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە. وەرگێڕی ئەم ڕۆمانە- بۆ زمانی فارسی، ئەو پرسیارەی لە خۆی کردووە، کە ناکرێت دیالۆگەکانی ئەم پاشایە، بە فارسیی ئەمڕۆ وەربگێڕدرێت، هەروەتر، نایشکرێت تەنیا بە فارسیی کۆن وەربگێڕدرێت، بەڵکو تەنیا چارەسەر ئەوەیە، کە لە وەرگێڕانیشدا، زمانێکی پاشایانەی بۆ ڕێک بخرێت، بەڵام زمانی پاشایانە، لە زمانی فارسیدا، چۆنە و چۆن ڕێک بخرێت؟ خۆ شایەکانی ئێران کتێبیان نەنووسیوە!



وەرگێڕی فارس، کە لە کاری وەرگێڕاندا، هەمیشە ڕووخسارێکی گەشاوە بووە، بۆ ئەم گرفتەیش، چارەسەری گونجاوی دۆزیوەتەوە. بۆ نموونە: ئەم وەرگێڕە، بیری لەوە کردووەتەوە، کە ڕاستە شاکانی ئێران، نەیاننووسیوە، بەڵام خۆ شانامەیان هەیە، هەڵبەت شانامەکان لەلایەن میرزاکانەوە دەنووسران، بەڵام دواجار شایەکان قسەیان دەکرد و میرزاکانیشان ئەم قسانەیان وەکوو خۆیان تۆمار دەکرد، بە دیوێکی دیکەیشدا، نەیاندەوێرا لە گوتەی شا لابدەن.

بەم جۆرەیە، کە ئەم وەرگێڕە، بۆ ڕێکخستنی زمانی پاشایانەی کۆنی پاشا فەڕەنسییەکە، کەڵک لە زمانی شانامەی شاکانی ئێران وەردەگرێت.

- ئەدی ئەگەر ئەم ڕۆمانە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕین، چۆن کێشەی زمانی ئەم پاشایە چارەسەر بکەین؟

هەر لەو پێوەندییەدا، دەتوانین ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، کە داخوا بۆچی، هێندێک لە وەرگێڕە کوردەکانمان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆنی و تازەیی زمان؛ دەقی کۆن و دەقێکی هاوسەردەم و تەنانەت ئەفسانەیش، بە یەک زمان وەردەگێڕن؟

بۆ نموونە، لە یەک لەو جارانەدا، وەرگێڕی ڕۆمانێکی ئیکۆ، بەردەوام گلەیی ئەوەی لە ئیکۆ کردووە، فلان پەرەگراف، کە وەری دەگێڕێت، ناڕوونە و لە تێگەیشتندا قورس دەردەکەوێت. ئیکۆ، کە باوەڕی بە کارزانیی وەرگێڕەکەی هەبووە، بیری لەوە کردووە، هەر بەڕاست، لەوانەیە ئەو پەرگرافە لە زمانە ڕەسەنەکەیشدا ناڕوون و فامنەکراو بێت، بۆیە لە وەرگێڕانیشدا وا دەردەچێت! لەبەر ئەوە، هەر کاتێک تێکستێکی وەرگێڕدراو دەخوێنینەوە، کاتێک دەگەینە پەرەگرافێکی سەخت، فامنەکراو، یان ناڕوون، نابێت یەکسەر ئەمە بخەینە ملی وەرگێڕ و پێمان وابێت لە هەڵەی وەرگێڕەوە ئەمە ڕووی داوە، هێندێک جاریش دەکرێت وا بیر بکەینەوە، دەشێت هەڵە، یان هۆکارەکە، تێکستە ڕەسەنەکە بێت.

هەر کاتێک تێکستێکی وەرگێڕدراو دەخوێنینەوە، کاتێک دەگەینە پەرەگرافێکی سەخت، فامنەکراو، یان ناڕوون، نابێت یەکسەر ئەمە بخەینە ملی وەرگێڕ و پێمان وابێت لە هەڵەی وەرگێڕەوە ئەمە ڕووی داوە، هێندێک جاریش دەکرێت وا بیر بکەینەوە، دەشێت هەڵە، یان هۆکارەکە، تێکستە ڕەسەنەکە بێت

جاری وا هەیە، وەرگێڕ هێند شارەزایەنە کاری خۆی ڕادەپەڕێنێت، کە ئیکۆ زۆر جار خوازیاری ئەوە بووە، پاش بینینی هێندێک لە نموونەی ڕۆمانەکانی بە وەرگێڕدراوی؛ بگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانەکەی خۆی و لە زمانە ڕەسەنەکەیدا، تێکستەکە بە پێی تێکستە وەرگێڕدراوەکە، دەستکاری بکات.

*

## وەرگێڕان؛ ئەزموون و هەڵە

ئێکۆ، لە گوتارە جوانەکەیدا: «گوڵەباخ بە هەر ناوێکی دیکە،» پێی وایە، وەرگێڕان، بریتییە لە ئەزموون و هەڵە. هەر لەو گوتارەدا، پەیوەندیی نێوان نووسەر و وەرگێڕەکەی بەر باس دەدات. بە بۆچوونی ئەو، ئەگەر نووسەر لە کاروباری وەرگێڕاندا، هاوکاریی وەرگێڕ بکات، کارەکە ڕێکوپێکتر و ئەزموونێکی نوێتر دێتەبەرهەم. هەر

ئایا وەگێڕ، ئاساییە هەڵە بکات؟ جا ئەگەر هەڵەیشی کرد، کاردانەوەی ئێمە- خوێنەر، یان شارەزایان دەبێت چۆن بێت؟ ئەمە پرسیارێکی سادە و هاوکات گرنگیشە. لە ناوەندی فەرهەنگیی ئێرانیدا، سەبارەت بەم دۆخە، دەربڕینێکی فەرهەنگییانە و ڕۆشنبیرانە هەیە، کە دەڵێن: «فلان وەرگێڕ، لە کارەکەیدا، تووشی هێندێک کەموکورتی و کورتهێنان



بووە.» مخابن لای ئێمە، لە بری ئەم دەربڕینە، دەستەواژەی «وەرگێڕی سەقەت» و «وەرگێڕانی سەقەت» برەویان هەیە، کە هەڵبەت ئەمە دوورە لە هەر ڕەخنەیەکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرانەوە. ئێمە دەبێت، ناوەندێکی هێند ڕۆشنبیرانە دروست بکەین، کە بتوانین هەلێک بۆ گفتوگۆ و ڕەخنەی فەرهەنگییانە برەخسێنین و کەموکوڕی و کورتهێنانەکانی وەرگێڕ- وەرگێڕانەکان، دیاری بکەین و چارەسەریان بۆ بخەینە ڕوو، نەک بە دەبڕینەکانی «وەرگێڕانی سەقەت و حەیابەرە،» نزیکەی هەمیشەیش، تەنیا بە پێوەری کاری یەکەم، ئەزموونی وەرگێڕێک و حەوت- هەشت کاری دواتری، ڕەت بکەینەوە.

لە ناوەندی فەرهەنگیی ئێرانیدا، دەتوانم بڵێم، تەنیا بە هۆی چەند دەربڕینێکی فەرهەنگییانەی لەم چەشنەوە، ناوەندێک دروست بووە، کە وای کردووە نزیکەی هەمیشە، ئەوە وەرگێڕەکان خۆیان بن، کە لە بارەی کەموکوڕی و کورتهێنانەکانی کارەکەیانەوە بنووسن و ڕاستیان بکەنەوە. با نموونەیەک بهێنینەوە؛ کەریم ئیمامی، «گاتسبیی مەزن»ـی فیسجێراڵدی بۆ فارسی وەرگێڕاوە. لە جێیەکی ڕۆمانەکەدا، وشەیەکی بە «ئوتۆمبیلی تایبەت» وەرگێڕاوە، (چەند کەسێک بە ئوتۆمبیلێکی تایبەت سەفەر دەکەن) پاش تێپەڕینی ساڵانێک بەسەر چاپی یەکەمدا و پاش چاپی نازانم چەندەمی، ئینجا لەوە وریا بووەتەوە، ئەم وشەیەی بە هەڵە وەرگێڕاوە، هەڵبەت ئەمەیشی تەنیا لە ڕێی تەماشاکردنی فیلمی «گاتسبیی مەزن»ـەوە زانیوە؛ بینیویەتی، کە ئەو چەند کەسە، بە ئوتۆمبیلی تایبەت سەفەر ناکەن، بەڵکو بە «واگۆنی تایبەت» سەفەر دەکەن. هەر لەو پێوەندییەدا، ئیمامی، پێ لەوەیش دەنێت، لە وەرگێڕانی گاتسبیی مەزندا، لەبەر ئەوەی لە «شیراز» گەورە بووە، کاریگەریی شێوەزاری ئەوێ، لە زمانی ڕۆمانەکەدا گەلێک دەرکەوتوو و زاڵ بووە، بۆیە لە چاپەکانی دیکەدا، ئەم کورتهێنانەیشی چارەسەر کردووە. پرسیاری من لە خۆمان ئەوەیە: لەو دۆخەی بە سەقەت ناوبردن و هێندێک جار بە سەقەت تۆمەتبارکردنی وەرگێڕەکان و کاری وەرگێڕان، یانیش- دوای چاپی کارێکی وەرگێڕان- لەو دۆخەی فسکەفسک و حیلکەحیلک و چەلەحانێی قسەکەرانی زماندا، داخوا وەرگێڕێکی کورد، دەتوانێت هەڵوێستی لەو چەشنەی کەریم ئیمامی، یان نەجەف دەریابەندەری، کە چەند پەرەگرافێکی لە «ماڵئاوایی لە چەک»ـی هەمینگوای، بە بیانووی جیاوازیی ئایدیۆلۆژییەوە، سانسۆر کردبوو؛ بنوێنێت؟ (هەڵبەت، دەریابەندەری، دواتر هەر خۆی، هات و ئەم چەند پەرەگرافەی، وەگێڕا و لە شوێنی خۆیان دایانەوە.)

پێتان چۆنە واز لە ئیکۆ و کەسانی دیکە بهێنین و بە ساموێل بێکت کۆتایی پێ بهێنین، کە هێندێک چیرۆکی هەن، هەم بە ئینگلیزی نووسیونی، هەمیش بە فەڕەنسی، کاتێکێش لەو بارەیەوە پرسیاری لێ دەکەن، دەڵێت:

-ئەوانە هیچیان وەرگێڕانی ئەوی دیکە نین.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو وەڵامە، داخوا دەتوانین بڵێین، ساموێل بێکت مەیموونی خۆیەتی؟



# زمان کولتوور وەرگێڕان

**برۆنۆ ئەسیمۆ**
**لە فارسییەوە: شەهرام عەبدوڵڵا**

بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسەیەی لە کاتی وەرگێڕاندا جێبەجێ دەکرێت، پێویستە ئەوە روون بکەینەوە، کە مەبەستمان لە زمان و کولتوور چییە، هەروەها پێویستە پێوەندیی نێوان کولتوور و زمان روون بکەینەوە. تێڕوانین بۆ وەرگێڕان، تەنیا لە گۆشەنیگای زمانناسینەوە چیتر قبووڵ ناکرێت، هەروەک ناکرێت واز لە زمانناسی بێنین و تەنیا سەرقاڵ بین بە پێوەندیی نێوان کولتوورە جیاجیاکانەوە. خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان بۆ وەرگێڕان، ئەم دوو تێگەیشتنە دوور لە یەکە قبووڵ دەکەن، هەر چەند ئەم دوو تێگەیشتن و وێناکردنە، سەرئەنجام بە گەیشتن بە خاڵێک کۆتاییان پێ دێت، کە وەک ویدرسپۆن (Witherspoon) بە روونی باسی دەکات:



ئەگەر لە روانگەی زمانناسینەوە بۆ کولتوور بڕوانین و ئەگەر لە روانگەیەکی کولتوورییەوە سەیری زمان بکەین، وێنەیەکی تاکڕەهەند لە زمان بە دەست دێنین.

پیتەر تۆرۆپ (peeter torop)، سەرۆکی بەشی هێماناسیی زانکۆی تارتو (University of tartu)، نووسینی زۆری لە سەر زانستی وەرگێڕان هەیە و لە دوایین نووسینیدا لە ژێر ناوی وەرگێڕانی تەواو (total translation) کە دەزگەی گوارالدی – لۆگۆس (Guaraldi-logos) بە زمانەکانی ئیتالی و ئینگلیزی بڵاوی کردووەتەوە، لەو بڕوایەدایە دەتوانرێ زمان وەک کولتوور لە بەرچاو بگیردرێت و لە رێگەی گرنگیدان بە شێوازێک لە وتە، لە ژێر ناوی «synecdoche» (هێنانەوەی بەشێک وەک وەرگرتنی گشتییەتی)، کە بریتییە لەوەی؛ بەشێک (واتە زمان) بەکار بهێنرێت بە نوێنەرایەتی گشتییەتی (واتە کولتوور). بەمشێوەیەش دەتوانین بڵێین ئەم تێڕوانینە، تێڕوانینێکی «زمانناسیینانەیە»، هەروەک لە بۆچوونەکانی یاکۆبسنیشدا ئەمە دەبینرێت، چما چەمکی «زمانناسی» (linguistics) پێوەندیی هەیە بە بابەتی دیکەی وەک هێماناسی (semiotics)، مرۆڤناسیی کولتووری (cultural anthropology)، گێڕانەوەناسی (narrotology)، و تیۆری ئەدەبی (literary theory).

روانینێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا باسی بکرێت، بریتییە لەوەی؛ «زمان» (language) نەک وەک بابەتی شوێنی خوێندنەوە، بەڵکو وەک بابەتێکی سەروو زمان (metalanguage) لە بەرچاو بگیرێت: واتە زمان دەتوانرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت وەک ئامرازێک بۆ باسکردنی زمانێکی تر (code)، واتە زمانی کولتووری (cultural code). بە واتایەکی دیکە لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتن و فامکردنە (conception)، زمان وەک ئامرازێک لە بەرچاو دەگیرێت بۆ باسکردن و خستنە رووی کولتوورێک، کە زمانەکە خۆی سەر بەو کولتوورەیە. بەڵام تۆرۆپ پێناسەیەکی دیکە لە زمان (language) دەخاتە روو، کە بریتییە لەوەی: زمان وەک یەکێک لە سەدان سیستەمی هێما (semiotic system) لە بەرچاو بگرێن، کە دەکرێت لە کولتوورێکدا بەدی بکرێت. مەبەست لە «سیستەمی هێما» هەر سیستەمێکە لە هێماکان (sign systems)، وەکو: مۆسیقا، شێوەکاری و دیارە زمانی سروشتی (language natural).

بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرۆسەیەی لە کاتی وەرگێڕاندا جێبەجێ دەکرێت، پێویستە هەر سێ چەمکەکەی زمان لێک بدەینەوە.

کە هاوکات سەرنجمان لە سەر جیاوازییە کولتووری و زمانناسییەکانی (زمانی یەکەم و زمانی دووەم)ە و بە شێوەیەکی گشتی باس لە توانا و دەرفەتەکانیان بۆ وەرگێڕان دەکەین، بە بێ ئەوەی بابەتێکی دیاریکراومان لە بەرچاو بێت، دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت، کە هەر دوو زمانێک، بە رێژەیەکی کەم یا زۆر، لە سەر بنەمای ئەوەی لە کام یەک لەو خاڵانەی لە خوارەوە دێن جیاوازییان هەیە، دەکرێت بۆ یەکتر وەربگێڕدرێن، خاڵەکانی جیاوازیی زمانەکان بەم شێوەیەن:

١-ئەو زمانانەی کە نە رابردووی هاوبەشی کولتوورییان هەیە و نە لە رووی زمانییەوە خاڵی

## تێڕوانین بۆ وەرگێڕان، تەنیا لە گۆشەنیگای زمانناسینەوە چیتر قبووڵ ناکرێت، هەروەك ناکرێت واز لە زمانناسی بێنین و تەنیا سەرقاڵ بین بە پێوەندیی نێوان کولتووره جیاجیاکانەوە

هاوبەشیان هەیە (واتە پێکهاتەگەلی زمانیی هاوبەشیان نییە)، وەکو زمانی ئینگلیزی و زمانی سکیمۆیی، یا زمانی ئیتاڵی و زمانی چینی، یا زمانی یۆنانی و زمانی ئەڵمانی.

٢-ئەو زمانانەی کە پێکهاتەگەلی زمانیی هاوبەش و رابردووی کولتووریی جیاوازیان هەیە، وەک زمانی چیک و زمانی ئۆسلۆڤاکی. هەر دوو زمانەکە سەر بە خێزانی زمانە سلاڤییەکانن، بەڵام ئەو ناوچە جوگرافیانەی شوێنی نیشتەجێبوونی چیکەکان و سلۆڤاکییەکان بووە، لە رووی مێژووییەوە زۆرتر لە یەک جودا بوون، وەک لەوەی پەیوەستی یەکتر بن. ناوچەی بۆهیما (Bohemia) – شوێنی نیشتەجێبونی چیکەکان – لە چەند قۆناغێکدا ئەزموونی سەربەخۆیی هەبووە، یا لە چەند قۆناغێکدا بەرەو قەڵەمڕەوی ژێرمانەکان چووە، لە حاڵێکدا، کە سلۆڤاکی لە چەن قۆناغێکی درێژخایەندا بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا – هەنگاری. نموونەیەکی تر، کە دەکرێت بە رەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەدەکانی رابردوودا روویان داوە و لێرەدا باسی بکرێت، ئینگلیزیی بەریتانیا و ئینگلیزیی ئەمریکایە، کە پێش تێکەڵبونی ژیانی کۆمەڵایەتی بە ئینتەرنێت و پێش هاتنە ئارای وتەزای بەجیهانیکردن، هەر یەکەو بە شێوەی سەربەخۆ گۆڕانکاریی زمانناسییانە تیایاندا دەهاتە ئاراوە.

٣-ئەو زمانانەی کە پێکهاتەگەلی زمانی تیایاندا بە تەواوەتی لێک جیاوازن، وەکو زمانی سلۆڤاکی و هەنگاری. زمانی هەنگاری سەر بە گرووپی زمانەکانی ئۆگری – فینییە (Ugric - finnish) کە چەند زمانێکی وەک فینلاندنی و ستۆنیایی سەر بەو گرووپەن، بەڵام زمانی سلۆڤاکی سەر بە خێزانی زمانەکانی سلاڤە، هەر چەن ئەو ناوچانەی کە پێشتر دانیشتوانەکەی بەو دوو زمانە قسەیان دەکرد، بە زۆری لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی هاوبەشدا بوون (واتە پاشایەتیی هەنگاریا، ئیمپراتۆرییەتی نەمسا، یا ئیمپراتۆرییەتی نەمسا – هەنگاریا).

٤-ئەو زمانانەی کە پێکهاتەگەلی زمانیی و رابردووی کولتووریی هاوبەشیان هەیە، وەکو زمانەکانی سپانیۆلی و فەرەنسی. لێرەدا ئێمە لە بەردەم دوو زمانی نیولاتینداین (Neo -latin) کە بەکاربەرانی هەر دوو زمانەکە بەردەوام ئاڵوگۆڕی کولتووریی شوێنی سەرنجیان هەبووە.

لە بری سەرنجدان بۆ حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی جووتەی زمان/کولتوور لە دەقێکدا، تۆرۆپ چوار جۆر پێوەندی لە نێوان کولتوور و زماندا جیا دەکاتەوە و دەیانناسێنێتەوە:

١-دەقی تاکزمان (Monolingual) و تاککولتوور (monocultural).

٢-دەقی تاکزمان (Monolingual) و چەندکولتوور (Multicultural) (کە تیایاندا زیاتر لە کولتوورێکی باو لە کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت). کتێبی گوڵە ئاوییەکان (the Blue Flowers) لە نووسینی Queneau، نموونەیەکی ئەو جۆرە دەقانەیە، کە تیایدا دوو گەڵاڵە (plot) دەخرێتە روو، کە لە دوو قۆناغی مێژوویی دوور لە یەک و دوو بواری کۆمەڵایەتیی دوور لە یەکدان.

٣-دەقی چەندزمان (multilingual) و تاککولتوور (monocultural) (کە بۆ نموونە کاتێک تیایاندا رووداوێک دەگێڕدرێتەوە، چەند زمانێک بۆ

هەر روانینێک وەربگرین بۆ لێکدانەوەی دەرفەت و تواناکانی وەرگێڕانی دەقێک بۆ سەر زمان/ کولتوورێکی دیکە، گرنگ ئەوەیە بزانین تەنانەت لە خراپترین حاڵەتیشدا (وەکو بوونی مەودای زمانی/ یان کولتووری لە نێوان دوو زمان، هەروەها ئاڵۆزی و نەبوونی تەبایی نێوان دوو زمان)، ئامرازە زمانییەکان زمانی سروشتی زمانی مرۆڤ- بەردەوام لە هێزی خۆیانەوە دەتوانن ئەو رەگەزانەی سەر بە زمان/ کولتووری دیکەن، بخەنە روو





گێڕانەوەی بە کار دەهێنرێت، لە چەشنی دەقەکانی (Ortiz vasquze).

٤-دەقی چەندزمان (multilingual) و چەند کولتوور (multicultural) (وەکو رۆمانی شەڕ و ئاشتیی تۆلستۆی، کە تیایدا دوو زمانی رووسی و فەڕەنسی بۆ پێشاندانی رەهەندە جۆراوجۆرەکان و چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگای رووسیا و کەسایەتیی ناپلیۆن کەڵکیان لێ وەرگیراوە).

هەر روانینێک وەربگرین بۆ لێکدانەوەی دەرفەت و تواناکانی وەرگێڕانی دەقێک بۆ سەر زمان/ کولتوورێکی دیکە، گرنگ ئەوەیە بزانین تەنانەت لە خراپترین حاڵەتیشدا (وەکو بوونی مەودای زمانی/یان کولتووری لە نێوان دوو زمان، هەروەها ئاڵۆزی و نەبوونی تەبایی نێوان دوو زمان)، ئامرازە زمانییەکان (linguistic tool) – زمانی سروشتی – (natural language)، زمانی مرۆڤ- بەردەوام لە هێزی خۆیانەوە دەتوانن ئەو رەگەزانەی سەر بە زمان/کولتووری دیکەن، بخەنە روو.بەم پێیە پێشمەرجی گرنگ بۆ دەقێک، لەو رووەوە کە دەرفەت و توانای وەرگێڕانی تیادا بەدی بکرێت، هۆشیاریی (awarensess) وەرگێڕە، بەوەی کە: پێویستە وەرگێڕ بە جیاوازیی نێوان زمان و کولتوورە چەشناوچەشنەکان بزانێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە داڕشتن و دانانی ستراتیژەکان بۆ ئەو وەرگێڕانەی لە بەردەستیدایە، لەگەڵ کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی دەرفەت و تواناکانی وەرگێڕانیدا، دەست و پەنجە نەرم بکات.


**سەرچاوە:**

ماڵپەری http://courses.logos.it/FA/Logos ١_٢٤.html



# وەرگێڕان ئەمانەتێکە لە گواستنەوەی مانا و شێواز پێك دێت

**سازدانی: شاکر نوری**
**لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵلا**

سەڵاح نیازی، ئەو ئەدەیبەیە کە لە بواری شیعر و بیۆگرافیا و ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری و وەرگێڕاندا کتێبی نووسیوە. هەروەها ئەو بە یەکێک لە سیمبۆڵە گەورەکانی ڕۆشنبیریی عێراقی دێتە ژماردن، کە بە دڵنیاییەوە جێپەنچەی بەسەر بواری ڕۆشنبیریی وڵاتدا دیار و بەرچاوە. لە هەریەک لەم ژانرانەی ئەدەبیشدا، نیشانەی دەوڵەمەندی و داهێنانێکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێت.
«مسارات» لەم دیدارەدا، لەگەڵ نیازیدا، کۆمەڵێک تەوەرە باس دەکات، تێیدا تیشک دەخاتە سەر



**قووڵایی سەربوردەی ژیانی داهێنانی و ناوەڕۆکی بابەتەکانی لەگەڵدا باس دەکات.**

**جێگەی گوتنە نیازی کۆمەڵێک بەرهەمی زۆری هەیە، بۆ نموونە لە شیعردا کتێبی «ابن زريق و ماشابه»، هەروەها لە ژانری بیۆگرافیشدا کتێبی «غصن مطعم بشجرة غريبة». لە ژانری ڕەخنەییشدا کتێبی «الاغتراب و البطل القومي»، جگە لە کۆمەڵێک کتێبی گرینگی وەرگێڕاو بۆ سەر زمانی عەرەبی.**

**سەلاح نیازیی ئەدیب، کتێبخانەی عەرەبیی بە کۆمەڵێک کتێبی گرینگ دەوڵەمەند کردووە. هەتاوەکو ئێستا سێ شانۆیی «شکسپیر» و شانۆیی «کوڕی مستەر ونزلو» کە لە نووسینی «لترنس راتیکان»ە وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی. هەروەها ڕۆمانی «پایتەختی کۆن» لە نووسینی ڕۆماننووسی ناوداری ژاپۆنی «کاواباتا»، هەروەها ڕۆمانی «یولیسیس» لە نووسینی نووسەری ناوداری ئێرلەندی «جیمس جۆیس». لە کۆتاییشدا خۆی بە قووڵبوونەوە لە سەر زمانی ئینگلیزی خەریک کردووە، کە تا ئێستا سێ بەرگی لە بارەی زمانی ئینگلیزییەوە نووسیوە.**

**نیازی لە بواری وەرگێڕانێکی باش و پوختدا، سەرکەوتنێکی ئێجگار باشی بەدەست هێناوە. لە کاتێکدا کە بە شاری دوبەیدا بۆ سەردانی وڵاتەکەی دەگەڕایەوە، «مسارات» پێی باش بوو ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا سازبکات. تێیدا هەوڵ دەدەین باسی کۆمەڵێک بابەت و مەسەلەی فکری بکەین، هەروەها تیشکیش بخەینە سەر ئەزموونی داهێنانی خۆی.**

***ئێوە ماوەیەکی زۆرە شیعر دەنووسن.. بەڵام تەنها خۆت بە شیعرەوە خەریک نەکردووە، ئاخۆ ئێوە خۆتان وەکو ڕۆشنبیرێکی گشتی دەبیننەوە؟**

-من ناتوانم وەسفی کەسی ڕۆشنبیر بکەم، بەڵام لە بارەی ئەم شتانەوە ناتوانین لەوە تێبگەین، کە کەی دەست پێ دەکەن و کەیش کۆتاییان پێدێت؟ ئێمە نازانین کەی ڕووباری شیعر هەڵدەقوڵێت و کەیش کۆتایی دێت. بە هەمان شێوەش کەی ڕەخنە لەدایک دەبێت و کەیش کۆتایی پێ دێت. دیارە لەم بوارەدا کۆمەڵێک نموونەی جیهانیمان هەیە، بۆ نموونە: «ت.س. ئالیوت»، ئەو ڕەخنەگرێکی مەزن بوو، هەروەها شاعیر و شانۆنووسێکی پلەی یەکیش بوو. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکیشی لە بواری فەلسەفیدا پێشکەشکرد، بۆ ئەوەی شەهادەی دکتۆرا لە بواری فەلسەفەدا بهێنێت، هەروەها وەرگێڕیش بوو لە زمانی فەڕەنسییەوە کتێبی بۆ زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕا.

بێگومان گرینگی و بایەخیدان بەم هەموو بوارانەی مەعریفە، لە ڕۆژئاوادا شتێکی ئاسایی دێتە ژماردن. بۆ نموونە «بۆدلێر» شاعیر و ڕەخنەگرێکی مەزنیش بوو، لە بواری وێنەکێشانیشدا، بە هەمان وزەی شیعری کاری لە بواری هونەریشدا دەکرد.

***ئاخۆ ئێوە خۆتان وەکو وەرگێڕێک دادەنێن؟**

-بە دڵنیاییەوە و بەوپەڕی تەوازعەوە پێتان دەڵێم، من خودی خۆم بە وەرگێڕ دانانێم. بەڵام ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو، کە من لە زانکۆی «ئەدنبرە» لە بەریتانیا، وەرگێڕانم خوێندووە، ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم. پاشان هەندێک لە شانۆکانی «شکسپیر»م لەگەڵ خۆم برد، کە پێشتر کرابوون بە عەرەبی، دواییش هەندێک کتێبی تری وەرگێڕانم

**شکسپیر شانۆیی «هاملێت»ی نەنووسیوە، بەڵکو ساڵی ١٦٠٠ لە سەر تەختی شانۆ نمایش کرابوو، شکسپیریش ئەو شانۆییەی بینیبوو، کاتێك دەقە شانۆییەکە بزربوو، شکسپیر جارێکی تر نووسییەوە**

لەگەڵ خۆم هێنا. لە کاتی قۆناغی خوێندنمدا، لەناو ئەو کتێبانەدا، کۆمەڵێک هەڵەم تێدا بەدی کردن، ئەو هەڵانەش بە شێوەیەک بوون، کە نابێت لە بەرامبەریان بێدەنگ بین.

لێرەوە دەستم کرد بە وەرگێڕانی هەندێک بەشی شانۆییەکانی شکسپیر، کە ئامانجم ئەوە بوو تەنها وەکو نموونەیەک پیشانیان بدەم، نەک وەکو لە چوارچێوە، یان پرۆژەیەکی کتێبدا بڵاویان بکەمەوە. پاشان دەستم کرد بە وەرگێڕانی چەند بەشێک لە «یولیسیس»ی جیمس جۆیس. وام دانابوو، کە تەنها سەد لاپەڕەی لێ وەربگێڕم. لەو کاتەدا ئەوەی کە وەرم گێڕابوو، لە گۆڤاری «الاغتراب الادبي» بڵاوم کردەوە. پاشان سەرم سووڕما لەو هەموو نامەی دەستخۆشی و ئیعجابە، کە خەڵکی بۆی ناردم. ئەمەش وای لێکردم، لە وەرگێڕان بەردەوام بم.

***بۆچی لە دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی جیهانی عەرەبیماندا، دەقی وەرگێڕاوی هەڵەمان هەیە؟**

-جارێکیان لە مەغریب، سیمینارێکم هەبوو بە ناونیشانی «گرینگیی دەقی وەرگێڕاوی خراپ».. کە ئەمەش باسی هەمان بابەتی دەکرد. گەر کتێبی «هەزارویەک شەوە» بە نموونە بهێنینەوە، کە لە عەرەبییەوە کراوە بە ئینگلیزی، بەتایبەتی ئەو نوسخەیەی «ڕیتشارد بیرتن» کردوویەتی بە ئینگلیزی، لەو کاتەدا لە باسەکەماندا، هۆکاری دەقی وەرگێڕاوی لاواز و خراپمان بۆ دەردەکەوێت. چونکە «بیرتن» خودی خۆی، عەرەبیی نەزانیوە، بەڵکە تەنها گوێی لەو چیرۆکانە گرتووە، کە باسی «هەزارویەک شەو»یان کردووە، ئەویش لە ڕێگەی ئەو حیکایەت و سەربوردانەی، لە میسرییەکانەوە گوێی لێبووە. واتە بەو لەهجەیەی کە میسرییەکان قسەی پێدەکەن، ئەم گوێی لێبووە. بەم شێوەیە، ئەویش چیرۆکەکەی لە لەهجەی میسرییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە. هەر لەسەر بنەمای نووسینەکانی ئەویش، لە جیهاندا چیرۆکەکانی شەوانی عەرەبی بڵاو بووەتەوە. لە ڕاستیشدا هۆکاری سەرەکی بوون، بۆ پێشکەوتنی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی و کاریگەریی گەورەشیان لەسەر «ئالبیکارست» کردووە. کە ئەویش بە پێشەنگی ڕۆمانی ئیسپانی دادەنرێت، هەروەک دەزانین کە «ئالبیکارست» بە بنەمای ڕۆمانی ڕۆژئاواییش دێتە ژماردن.

هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەدیبی ناسراوی میسری «لطفي المنفلوطي»، هیچ زمانی فەڕەنسیی نەزانیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقی فەڕەنسی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە. بەهەمان شێوەش «فیتجرالد»یش، (چوارینەکانی

ئەدیبی ناسراوی میسری «لطفي المنفلوطي»، هیچ زمانی فەڕەنسیی نەزانیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقی فەڕەنسی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە. بەهەمان شێوەش «فیتجرالد»یش، (چوارینەکانی خەیام)ی وەرگێڕاوە، بەبێ ئەوەی هیچ زمانی فارسی بزانێت.





خەیام)ی وەرگێڕاوە، بەبێ ئەوەی هیچ زمانی فارسی بزانێت.

هەموو ئەم نموونانەش، گوزارشت لەو ڕاستییە دەکەن، کە لە ئەمڕۆماندا وەکو نموونەی دەقی وەرگێڕاوی لاوازی ناودار دێنە ژماردن. جا با لێرەدا ئەم پرسیارە بکەین: چ جیاوازییەک لە نێوان وەرگێڕی کۆن و نوێدا هەیە؟ ئاخۆ نووسەرەکە چیی گوتووە، چۆن وەرگێڕەکە وشە و ماناکانی وەرگێڕاوە؟.

ئێمە ئێستا لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانمان، خۆمان لە بەردەم ئەم پرسیارانەدا دەبینینەوە، کە هەر لە سەرەتاوە دەتوانم جەخت لەوە بکەمەوە و




بڵێم: وەرگێڕی نوێ، تەنها ماناکە وەرناگێڕێت، بەڵکە تەکنیکەکەش وەردەگێڕێت، بەڵام پێشتر تەنها مانای دەقەکە گرینگ بوو. لەبەر ئەوە، کۆمەڵێک وەرگێڕاوی لاواز و خراپ دەبینین، کە زۆر دوورە لە ئەسڵی دەقەکەوە. هەروەها لەو باوەڕەشدام، هەموو وەرگێڕەکان، لە تەکنیکی نووسەری نازانن، لەبەر ئەوە ئەو بابەتەی کە وەریگێڕاوە، لاواز و خراپ دەبێت و لە دەقە ئەسڵییەکەشەوە دوور دەکەوێتەوە.

***ئەو کێشانە چی بوون کە لە کاتی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی جیمس جۆیس «یولیسیس»دا ڕووبەڕووت بوونەوە؟**

-بۆ ئەوەی ئەم کارە بۆ عەرەبی وەربگێڕم، هەر لە یەکەم وشەوە، خۆم لەبەردەم کۆمەڵێک ئاڵۆزی و کێشەی گەورەدا بینییەوە. هەروەک دەزانن، لە سەردەمی جیمس جۆیسدا، ڕەوتێکی فکری بڵاوبووەوە، کە پێیان دەگوت (ڕەوتی هۆشیاری و نا هۆشیاری/ الوعي و الاوعي).

ئەمەش کۆمەڵێک کێشەی زۆری بۆ خوڵقاندم، بەتایبەتی لە بواری ئەمانەتی گواستنەوەی دەقەکە و مەبەستی بنەڕەتی لە مانا و دەستەواژەکانی نووسەردا. لەبەر ئەوە جەختم لەسەر ئەوە کردەوە و هەموو توانای خۆم بۆ ئەوە بەکار بهێنم، کە لە مانای هەموو دەستەواژە و وێنە و گوزارشت و تێفکرینەکانی ئەو لەو کارەیدا بگەم.. لە هەمان کاتدا هەوڵم دا، کە شێوازەکەشی وەربگێڕم. بە دڵنیاییەوە ئەمەش کارێکی زۆر زەحمەت بوو بۆ من، چونکە زمانی جیمس جۆیس، زمانێکی ئینگلیزیی پاک و بێگەرد نییە، بەڵکو زمانێکی نوێ بوو. لەبەر ئەوە گەورەترین تەحەدا کە ڕووبەڕووم

بووەوە ئەوە بوو: چۆن بتوانم مامەڵە لەگەڵ ئەم زمانە ئینگلیزییە نوێیەدا بکەم و پاشان بۆ زمانی عەرەبی وەری بگێڕم.

لەو باوەڕەدام، کە من بۆ کاری وەرگێڕان پشتم بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی زمانی عەرەبی بەست، کە خۆی لە کۆمەڵێک گوزارشت و دەستەواژە و مانای تایبەتیی جوان دەبینێتەوە، کە جۆری زۆر و ڕاستەوخۆی هەیە، کە دەتوانێت بە تەواوەتی گوزارشت لە هەموو هەستەکان بکات.. بەڵام ئاخۆ سەرکەوتوو بووم یان فەشەلەم هێنا؟ نازانم، لێ هیوادارم کە توانیبێتم لەو کارانەی کە کردوومن، سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

***ئاخۆ هەڵوێستتان بەرامبەر بەو وەرگێڕانەی ڕۆمانی (یولیسیس) چۆنە کە (تەها مەحمود تەها) وەریگێڕاوە؟**

-لێرەدا خاڵێکی گرینگ هەیە، پێویستە ئاگاداری بین. پێدەچێت (تەها مەحمود تەها) زمانە ئینگلیزییەکەی باش بێت، لێ زمانە ئیرلەندییەکەی باش نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە هیچ جۆرە کتێبێک نییە، شرۆڤەی دەقە جۆیسییەکان بکات، بەڵام ئێستا هەندێک کتێب پەیدا بوون، باس لە هەندێک وشەی گشتیی ئێرلەندی دەکەن، کە پێشتر جۆیس لە کتێبەکانیدا بەکاری هێناون.

ئێستا خۆم بە بەختەوە دەزانم، چونکە شانسم هەبوو چاوم بەو کتێبانە بکەوێت، کە ئەمەش یارمەتیی دام، ئەو هەڵانەی پێشوو نەکەمەوە. بە هۆی ئەو سەرچاوانەشەوە، توانیم لە ماناکانی جۆیس نزیک بکەومەوە. لە لایەکی ترەوە (تەها) بە تەواوەتی لە تیۆری جیمس جۆیس نەگەیشتووە، چونکە جۆیس لەو ڕۆمانەیدا چارەکە ملیۆنێک



سەلاح نیازی

وشەی قامووسی بەکارهێناوە، کە تێیدا وشەی عەرەبی و ئیتالی و سەنسکریتی و چەندین زمانی تری تێدایە. تەهاش ئامادە نەبووە، خۆی فێری ئەو زمانانە بکات، بەڵکو ئەو تەنها هەوڵی داوە، دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانەکە، بۆ سەر لەهجەی میسری وەربگێڕێت.

لە لایەکی ترەوە هیچ ئاگاداری تیۆری ڕاستەقینەی جۆیس نەبووە، لەبەر ئەوە دەبوایە جگە لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «یولیسیس»، لە بارەی ژیانی جۆیس و قۆناغی رۆشنبیری و فەرهەنگیی ئەوی بزانیبایە، هەروەها دەبوایە ئاگاداری شەڕی نێوان ئینگلیزی و ئیرلەندی و شەڕی پرۆتستانی و کاتۆلیکی بوایە، بۆئەوەی بە باشی لە دەقەکە بگات. هەروەها باشتر بوو، کە «ئۆدیسا و ئەلیادە» و کارەکانی شکسپیری بخوێندایەتەوە، بەتایبەتی هاملێت.

لەبەر ئەوەی من هاملێتم وەرگێڕاوە، هەر بۆیە لە نرخی هەر وشەیەک لە وشەکانی ئەو دەقە دەگەم. هەموو ئەمانە لە کاتی وەرگێڕانی «یولیسیس»دا سوودی زۆری پێ گەیاندم. جێگەی گوتنە شانۆیی «هاملێت» شکسپیر نەینووسیوە، بەڵکو ساڵی ١٦٠٠ لە سەر تەختی شانۆ نمایش کرابوو، شکسپیریش ئەو شانۆییەی بینیبوو، کاتێک دەقە شانۆییەکە بزربوو، شکسپیر جارێکی تر نووسیەوە.



***چۆن بوو دەستت بە خوێندنی زمانێکی بێگانە کرد؟**

-هەر لە سەرەتاوە، هەموو وەختێک حەزی تەواوەتیم لەوە بوو، کە لێکۆڵینەوە لە قامووس و ناسینی وشە و هاوڕێی نوێ بوو، هەموو کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە، کێ بوو یەکەم کەس ئەم وشەیەی بەکار هێنا.

***چۆن دەتوانیت لەگەڵ شیعر بەردەوام بیت، لە کاتێکدا سەرت لەناو وەرگێڕان و کاری ڕەخنەییدا قاڵە؟**

-هەروەک دەزانن ژیان لە چەند قۆناغێک پێک دێت، بۆ نموونە دەڵێین، لە کاتی پێشوودا، یان دەڵێین لە عێراق، ڕووداوێک ڕووی دا، یان دیمەنی کەوتنە خوارەوەی خورمایەکی جوانم بینی، پاشان دێم لە سەری دەنووسم. یان ژنێکی کەم ئەندام بینی، دێم




باسی سیفات و تایبەتمەندییەکانی دەکەم، بەڵام پاشتر بە بەردەوام بوونی ڕۆژگار، ئەم ڕووداوانەی کە ڕۆژانە دەیانبینین، پاشتر دەبنە هەڵوێستێکی وجودی و دواییش دەبنە تێفکرینی فەلسەفییانە.

بۆ ئەم کارەشم، ئەو قۆناغە جۆراوجۆرانەی، کە کولتووری ئەورووپی بە گشتی و کولتووری ئینگلیزی بەتایبەتی، بەرهەمی هێناوە، زۆر یارمەتیم دەدات. بۆ نموونە عەرەب تەنها گرینگی و بایەخیان بە هونەری وێنەکێشان و موزیک داوە، بەڵام لە ئەورووپادا شان بە شانی هونەری وێنەکێشان، کە زۆر پێشکەوتووە، هونەری شانۆ و ئۆپێراش پێشکەوت. هەموو ئەمانەش دەچێتە ناو «ناهۆشیاریمانەوە، اللاشعور»ەوە، کە هەموویان دەبنە ماددەیەکی باش بۆ شیعری نوێ، بە مانایەکی تر دەتوانم بڵێم: شیعر، لە چەند سەرچاوەیەکی کولتووریی جیاوازەوە دەوڵەمەند دەبێت و دەخوڵقێت.

***ئایا کاری داهاتووتان چییە؟**

-پرۆژەی کتێبێکی گەورەم بە دەستەوەیە، کە لە دوو بەرگ پێکدێت، لە بارەی چۆنیەتیی خوێندنەوەوەیە. لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمدا، باسی سێ بابەتم کردووە، یەکەمیان: خوێندنەوەی شیعری کۆن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەی واز لە میتۆدی لەبەرکردن بێنین. ئەم بەشەیان زیاتر تایبەتە بە خوێندکارانی زانکۆ، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەی فێری ئەوە بن، کە چۆن شرۆڤەی شیعر دەکەن، هەروەک چۆن لە بەریتانیا ئەم میتۆدە لە بواری لێکۆڵینەوەدا لەمەڕ شیعر بەکار دێت.

زۆر بەلامەوە سەیرە، کاتێک خوێندکاران پرسیار لە یەکتری دەکەن و دەڵێن: چ شیعرێکی فلانە

شاعیرت لەبەرە؟ لە بەریتانیادا کەس پرسیار لەمەڕ ئەوە ناکات، ئاخۆ چ پارچە شیعرێکت لەبەرە، بەڵکو پرسیار لەمەڕ شرۆڤەی شیعرەکەوە دەکەن. بەشی دووەمیش باس لە بابەتی وەرگێڕان دەکات. لەم بارەیەشەوە هاتووم باسم لە دەقە وەرگێڕاوەکانی «هاملێت و ماکبێس و یولیسیس و هولدرلن» دەکەم، کە «عبدالرحمن بدوي» وەریگێڕاون. لەمبارەیەشەوە هاتووم، نموونەی عەمەلیم لە بارەی مەفهوومی دەقەکانەوە باس کردووە.

***لە کاتێکدا ئێوە لە تەمەنی هەشتا ساڵی نزیک دەبنەوە ئاخۆ تموحاتی شەخسیت چییە؟**

-جێگەی گوتنە شکسپیر زۆر ڕقی لە وشەی تموحی شەخسی دەبووەوە، دەتوانم بە ڕاشکاوانە پێتان بڵێم، من بە دوای سەرکەوتندا ناگەڕێم، بەڵکو لە فەشەل هێنان دەترسم.

پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەڵێت:

(گەر بە تەماعەوە بازێکی گەورەت دا بۆ ئەوەی سواری ئەسپێک بیت، ئەوا دەکەویتە ئەودیو ئەسپپەکەوە.)

## چەند دێڕێک لەبارەی سەلاح نیازییەوە:

د. سەلاح مشرف نیازی، ئەدیبێکی عێراقییە. ساڵی ١٩٣٥ لە ناسرییە لەدایک بووە. خاوەنی بڕوانامەی لیسانسە لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا، کە لە زانکۆی بەغداد بەدەستی هێناوە. هەروەها خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە، کە لە زانکۆی لەندەن بەدەستی هێناوە. ئێستا لە لەندەن دەژی. لە ساڵی ١٩٦٣وە سەرنووسەری گۆڤاری «الاغتراب الادبي»یە. لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییە عەرەبی و جیهانییەکاندا بەشداریی کردووە. بۆ نموونە لە کۆنفرانسی (شانۆی خەیاڵی) لە لەندەن. هەروەها فیستیڤاڵی «بينالي» لە بەلجیکا.

خاوەنی کۆمەڵێک دیوانی شیعرییە وەکو (کابوس في فضة الشمس)، هەروەها چەندین کتێبی ڕەخنەیی هەیە وەکو (الاغتراب و البطل القومي، نزار قباني رسام شعراء. هەروەها لە بواری وەرگێڕانیش: ڕۆمانی «یولیسیس» جیمس جۆیسی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە عەرەبی، هەروەها شانۆیی « ماکبێس» ی شکسپیر. جگە لەمەش کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە وەرزییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. هەندێک لە شیعرەکانیشی بۆ زمانەکانی «ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئیسپانی، فارسی و ئەڵمانی» وەرگێڕدراون.

**سەرچاوە:**

الترجمة امانة نقل المـعنى والأسلوب. ڕۆژنامەی البيان/ مسارات. ٠٩، ١١، ٢٠١٢.



# بیبلیۆگرافیای ناونیشانی بابەتە

# وەرگێڕان-ەکانی

# گۆڤاری گەلاوێژ

## ١٩٣٩ – ١٩٤٩



نوخشە عەبدول

بۆ هەر بڵاوکراوەیەک، وەرگێڕان پایەیەکی گرنگە و زۆرجار گۆڤار و رۆژنامەکان پانتاییەکی زۆر بۆ بابەتە وەرگێڕانەکان تەرخان دەکەن. ئەمە بۆ ئەو گرنگییە دەگەڕێتەوە، کە وەرگێڕان لە گواستنەوەی فەرهەنگەکاندا هەیەتی و خۆشی بووەتە بەشێکی گرنگی فەرهەنگەکان. هەروەها دەبێتە ناوەندێکی باش بۆ ئاگاداربوون لە ئەوانی تر و ئاشنایەتیمان بە دەرەوەی خۆمان، (ڕەنگە ئێمە لێرەدا نەتوانین باس لە وەزیفەکانی وەرگێڕان بکەین و بچینە سەر ئەو مێژووەی هەیەتی). ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئاماژەدانە بە قۆناغێک، دەکرێت وەک مێژووێک بۆ وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا تەماشا بکرێت.

لە باسکردنی مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، ئەو قۆناغەی دەتوانرێت کەرەستە و بابەتی ڕۆشنبیریی تێدا ببینرێتەوە، لە دەسپێکی سەدەی بیستەمەوەیە، لێرە بەدواوە هەم خوێندن و خوێندەواری گەشە دەکات و هەم ژمارەیەک بڵاوکراوە دەردەچن، دەبنە مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمە. هەرچەندە هەریەک لەو بڵاوکراوانە ئامانجێکی جیاوازیان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان جێگەی خۆی گرتووە و هەندێک لەوانە ڕۆڵێکی زیاتریان هەبووە، چ لە سەردەمی خۆیاندا و چ بۆ مێژوو.
گۆڤاری گەلاوێژ یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی سەدەی بیست، تا ڕادەیەک کارێکتەرێکی بەرچاوی بوارەکەی خۆیەتی. ئەم گۆڤارە ساڵی ١٩٣٩ یەکەم ژمارەی دەرچووە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد) و بەڕێوەبەری نووسین و سەرپەرشتیاری چاپ (عەلائەدین سەجادی) بووە. ئەدەب و ڕۆشنبیری ناسنامەی گۆڤارەکەیە، کەم تا زۆر توانیویەتی کار بۆ ئەو ناسنامەیەی خۆی بکات و بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بووە. گەلاوێژ لە زۆر بواردا دەستپێشخەر بووە، بەو مانایەی توانیویەتی تا ڕادەیەک کاری جیاواز لە پێش خۆی بکات، چونکە مێژووی گۆڤاری گەلاوێژ لە سەردەمێکدایە خوێندەواری زۆرتر بڵاو بووەتەوە، بەراورد بە دەیەکانی پێش خۆی، وردە وردە ڕۆشنبیری دەگاتە ئاستی دروستکردنی نوخبەیەک، کە خەمی جیاوازیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و گەیاندنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دونیا بە خوێندەوارانی کورد. بە هەر جۆرێک بێت، نووسن و وەرگێڕانەکانی گەلاوێژ بۆ سەردەمی خۆی گەلێک بایەخدار بوون و پێویستە بوترێت هەندێک


گەلاوێژ
گۆڤارێکی ئەدەبی و ثەقافی مانگی کوردی یە
ژمارە ۱ و ۲ | سال ۲ | کانونی ۲ و شبات ـ ۱۹٤۱

لەم ژمارەیەدا:

| | |
|---|---|
| سەربەستی | بابا علی |
| اگری بن کای بالقان .. | گەلاوێژ |
| پیاوی دەرم بە ناوانگی ابرو | « « |
| دیوانی گەلاوێژ... | ... |
| فەرەنسە چون شکا؟ | گەلاوێژ |
| کوردی بە ناوبانگ | محمد امین زکی بك |
| گەشتی لە کوردستانا .. | فرامرز |
| دینی جارانی کورد .. | توفیق وهبی بك |
| چیروکی ئەم مانگە (روژی لە ـ دایك بونی شازادە) | فاضل محمد |

لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان، بەتایبەت لە بواری (ئەدەبیدا)، یەکەم جار لە گەلاوێژدا وەرگێڕدروان. لە ژمارەکانی گۆڤاری «گەلاوێژ»دا گەلێک بابەتی وەرگێڕان بڵاوکراونەتەوە، وا دەردەکەوێت خودی گۆڤارەکە یەکێک لە ئامانجەکانی وەرگێڕان بووبێت. لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، یەکێک لە نیازەکانی (ترجمە کردنی نوسینی جوان و کتێبی چاکی بێگانەیە)، ئەمە دەری دەخات یەکێک لە بەرنامەی کارکردنی گۆڤارەکە وەرگێڕان بووە. هەروەها لە وتارێکیشدا (ناجی عەباس) نووسویەتی (ئەبی هەمو بزانین کە ایمە لە نوسینی مقالە زیاتر ئەبی خەریکی ترجمە بین. چونکە ایمە وا تازە چاو ئەکەینەوە و هوشیار ئەبینەوە لەبەر ئەوە ناچارین بە ترجمەی نوسینی نایابی بەرزی ڕۆژئاوا)، ئەم گرنگی دانە بۆ وەرگێڕان، وادەکات گەلاوێژ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە مێژووی وەرگێڕانی کوردیدا.

گەلاوێژ لە زۆر بواردا دەستپێشخەر بووە، بەو مانایەی توانیویەتی تا ڕادەیەک کاری جیاواز لە پێش خۆی بکات، چونکە مێژووی گۆڤاری گەلاوێژ لە سەردەمێکدایە خوێندەواری زۆرتر بڵاو بووەتەوە، بەراورد بە دەیەکانی پێش خۆی، وردە وردە ڕۆشنبیری دەگاتە ئاستی دروستکردنی نوخبەیەک، کە خەمی جیاوازیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و گەیاندنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دونیا بە خوێندەوارانی کورد



برایم ئەحمەد



وەک باسمان کرد، بە پێی ئەو سەردەمەی گەلاوێژی تێدا دەرچووە، هەروەها بە پێی ئاستی رۆشبیریی ئەو سەردەمە، ئەگەر سەیری ناوەرۆکی بابەتە وەرگێڕانەکان بکەین، بە تەواوی ڕەچاوی ئەوەی تێدا کراوە، چ بابەتێک بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگە، ئەوە وەرگێڕدراوە. بەردەوام لەگەڵ بابەتەکانی رۆژدا بووە، لە ساڵی یەکەم و دووەمدا، کە کاتی جەنگی دووەمی جیهانییە، زۆر بابەت دەبینین لەسەر سەرکردە جیهانییەکان و لایەنەکانی شەڕ، بۆ نموونە لە ژمارە یەکی ساڵی یەکەمدا، کورتەیەک لە بارەی فنیلەندا باس دەکات، چونکە لەوکاتەدا (فنیلەندا لەگەڵ سۆڤیەت لە شەڕدایە). هەروەها بابەتی ئابووری، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و دەروونزانی دەبینرێن. جگە لەوەی بەردەوام بابەتی ئەدەبی و مێژوویی پشکی زۆریان لە وەرگێڕانەکاندا بەردەکەوێت، بە جۆرێک وەک ئەوەی ئەم دوو بوارە لە ئامانجی گۆڤارەکەوە نزیکبن. ئەو شیعر و چیرۆکانەی وەرگێڕدراون، هیی ئەو نووسەرانەن، کە لەو سەردەمەدا زۆرتر لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بەناوبانگ بوون، لەوانە (مۆپاسان، تۆڵستۆی، چیخۆف، پۆشکین، ماکسیم گۆرگی و..)، بەردەوامیش لەگەڵ نووسینەکاندا ئاماژە بەوە دراوە، کە نووسەرەکە خەڵکی کوێیە، یان چ تایبەتمەندییەکی هەیە، بۆ نموونە (تۆڵەسەندنەوە، چیرۆکی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز توماس ئەلەن، یاخود شێوازە ئەدەبیەکە چییە، وەک شازادەی شادومان شاعیری ڕەمزی بەناوبانگی ئینگلیز ئوسکار وایلد) ئەمەش بە تەواوی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پێش گەلاوێژ ئەم نووسەرانە نەناسراون لە ئەدەبی کوردیدا. بەخشینی پانتاییەکی زۆریش بە بابەتە مێژووییەکان، بەتایبەت نووسینی رۆژهەڵاتناسەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو قۆناغەدا مەسەلەی نەتەوایەتی و کارکردن بۆ گەشەدان بە هەستی نەتەوایەتی بابەتی رۆژ بووە و ناساندنی کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسەکانەوە بایەخداربووە، بۆیە زۆرینەی کتێبەکان کراون بە کوردی و بە زنجیرە بڵاوکراونەتەوە. جگە لەمانەش گەلاوێژ وەک گۆڤارێکی رۆشنبیری ژمارەیەکی زۆر کورتە بابەتی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە وەرگێڕاوە، لەوانە (وتەی ناودارانی جیهان، قسەی نەستەق، ئامار و داتای جیاواز، ناساندنی وڵاتانی دنیا بە کورتی، لە باخێک گوڵێک و هەواڵی داهێنراوە جیهانییەکان) لە بەشێکی زۆری ژمارەکاندا دەبینرێن.

بابەتەکان لە زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی،

# نووسن و وەرگێڕانەکانی گەلاوێژ بۆ سەردەمی خۆی گەلێك بایەخدار بوون و هەندێك لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان، بەتایبەت لە بواری (ئەدەبیدا)، یەکەم جار لە گەلاوێژدا وەرگێڕدروان

ئەڵمانی و فارسی)یەوە وەرگێڕدراون، لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەوەی بەو زمانانە دەرچوون. وا دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم بابەتەکان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدرابن، بەتایبەت لە گۆڤارەکانی (الهلال، الثقافه، الرساله و...). دیارترین وەرگێڕەکان بریتین لە (ف. هۆشیار، ن. ا، ئەحمەد شاڵی، ق. قەزاز، ناجی عەباس، جەمال خەفاف و...) زۆرتر کاری وەرگێڕانیان کردووە و چالاکبوون. جیا لەم ناوانە (برایم ئەحمەد) یەکێکی ترە لەو کەسانەی ڕۆڵی دیاری بووە لە وەرگێڕانەکانی ئەو گۆڤارەدا، بەڵام وەرگێڕانەکانی بە چەند ناوێکی خوازراوەوە بڵاوکردوونەتەوە.

یەکێکی تر لەوانەی لە بابەتە وەرگێڕدراوەکاندا تێبینی دەکرێت، ئاماژەدانە بە کورتکردنەوە یان هەر دەستکارییەک بێت، کە کراوە.

جێی ئاماژەیە بابەتە وەرگێڕدراوەکان کەموکورتیی زۆریان هەیە، یەکێک لەوانە نەبوونی ئاماژەی ناوی (نووسەر و وەرگێڕ)ە، بە بابەتەکانەوە (هەروەها یەکێکیشە لە کێشەکان لە کۆکردنەوەی ئەم بیبلیۆگرافیایەدا)، زۆرینەی بابەتەکان هیچ ناوێکی (نە نووسەر نە وەرگێڕ)یان بەسەرەوە نییە و تەنها بە ئاماژەی (وەرگێڕدراوە) دەردەکەوێت، کە بابەتێکی وەرگێڕانە. بەشێکی تریش لە بابەتەکان تەنها ناوی نووسەرەکانیان لەسەرە و بەشێکی تریان تەنها ناوی وەرگێڕ و هەندێکیشیان تەنها ناوی ئەو سەرچاوەیەی پێوەیە، کە لێی وەرگیراوە. ئەمەش کێشەیەکی زۆر دروست دەکات، تەنانەت ئەم بابەتە لە خودی گۆڤارەکەشدا هەستی پێ کراوە. (ناجی عەباس) بە وتارێک لە ژمارە حەوتی ساڵی پێنجەم ١٩٤٤دا ئاماژە بەو کەموکورتییانە دەکات، کە لە

عەلادین سەجادی



بابەتە وەرگێڕدراوەنەکاندایە و دەڵێت: (زۆری نوسەرەکانی گەلاوێژ لەسەر ئەم رەوشتە ئەڕۆن و لە زمانەکانی بیگانەوە نوسین و چیرۆک ئەگۆرن بە کوردی. بەلام مع الاسف ناوی ئەصلی نوسەر و خاوەنی مقالە و تاریخی بلاوکردنەوەی نابەن، تەنیا بە جملەی (ترجمەکراوە)یان (وەرگیراوە) اکتفا ئەکەن ئەم اصولە مخالفی اماناتی علمی و رەوشتی عالمی مدنیت و اصولی ترجمەیە). نووسەری ئەم وتارە بە وردی کێشەی وەرگێڕان لە گۆڤاری گەلاوێژدا دەخاتە ڕوو و نموونەی بۆ دێنێتەوە بە بابەتەکانی ژمارەی پێشوو و داوا دەکات لەوە دوا لە گەلاوێژدا ئاماژە بە نووسەر و سەرچاوەی وەرگێڕانەکان بدرێت. بەڵام دوای ئەم وتارەش گەلاوێژ لەو کێشەیە رزگاری نابێت و



نەتوانراوە بە تەواوی زانیاری لەسەر وەرگێڕانەکان بنووسرێت.
پێویستە ئەوەش بوترێت کە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی بابەتە وەرگێڕدراوەکانی گەلاوێژ کارێکی ئاستەمە، لەبەر ئەوەی لە لایەک وەک ئاماژەمان پێدا، بابەتەکان زانیارییەکی تەواویان لەسەر نییە، لە لایەکی ترەوە ئاسان نییە دەقە رەسەنەکانی ئەو بابەتانە دەست بخرێت، هەروەها لەگەڵ خودی بابەتە وەرگێڕدراوەکاندا ئاماژە کراوە بە کورتکراونەوە و دەستکاریکردن، یاخود وەرگرتنی فکرە و داڕشتنەوەیان. بۆیە ئاسان نییە حوکمی ئەم بابەتانە لەسەر چۆنیەتیی وەرگێڕانەکانیان بدرێت، بەڵکو وەک مێژووی وەرگێڕانی کوردی بایەخیان زیاترە و بۆ سەردەمی خۆیان گرنگییەکی زۆریان هەبووە.
ئەم بیبلیۆگرافیایە پێکهاتووە لە کۆی ناونیشانە وەرگێڕانەکان، کە لە گەلاوێژدا بڵاوکراونەتەوە، بەم جۆرە رێکخراون (ناونیشانی بابەت، ناوی نووسەر، ناوی وەرگێڕ، ناوی ئەو سەرچاوەیەی لێی وەرگیراوە)، هەرکام لەم زانیارییانە لەگەڵ بابەتەکان هەبووبێت ئاماژەمان بۆ کردووە، هەروەها هەوڵمان داوە بابەتە ئەدەبییەکان دیاری بکەین، بەڵام بابەتی وتارەکانمان جیا نەکردووەتەوە، لە هەر شوێنێکدا پێویست بووبێت رێنووسی ناونیشانەکان گۆڕاون، بەڵام بێ دەستدان لە دەربڕینەکانیان.
جێی ئاماژەیە بۆ ئەم بیبلیۆگرافیایە پشتمان بەو ژمارانەی گۆڤاری گەلاوێژ بەستووە، کە لە (کتێبخانەی گشتیی سلێمانی)دا هەن و ئەو ژمارانەی لە کتێبخانە نەبوون، نەتوانراوە بە دەستیان بخەین، هەروەها نەتوانراوە هەندێک لە بابەتەکان ساغبکرێنەوە، کە وەرگێڕانن یان نا، بۆیە کارەکەمان بێ کەموکورتی نییە.

## ساڵی یەکەم ١٩٣٩ — ١٩٤٠

**ژمارە ١**

١-ئەهلی سەڵیب دێنە کوردستانەوە -١-، و: رەفیق حیلمی، لە گۆڤاری (Le tresor des lettres)ەوە.
٢-گۆڕینی خیام، و: سلام. (شیعر)
٣-یادگاری، ت. مور. (شیعر)
٤-ژیانی دڵداری، جبران خەلیل جبران.
٥-کابرای کوێرە و رەنگی شیر، لیو توڵستوی.
٦-گەشتێک لە کوردستان -١-، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.
٧-چیرۆکی کورێکی ئازا، و: ا.ع، لە کتێبی (دڵی مناڵ)ەوە.
٨-ژنی دونیا.

**ژمارە ٢**

١-شینی ساڵ، شیللی. (شیعر)
٢-گەشتێک لە کوردستان -٢-، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.
٣-ئەهلی سەڵیب دێنە کوردستانەوە -٢-، و: رەفیق حیلمی، لە گۆڤاری (Le tresor des lettres)ەوە.

**ژمارە ٣**

١-گۆڕینی خیام، و: سلام. (شیعر)
٢-فەلسەفی دڵداری، شیللی. (شیعر)
٣-گەشتێک لە کوردستان -٣-، بیللی فرەیزەر و: فرامرز.

٤-گەردانە، گی دو موپاسان. (چیرۆک)

**ژمارە ٤**

١-گۆڕینی خیام، و: سلام. (شیعر)

٢-گەشتێک لە کوردستان ـ٤ـ، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.

٣-بۆ خەڵک قسە ئەکەن، لە (Psychology for Everyman)ەوە.

٤-داستانی کچێک، موباسان، و: ع. ع. (چیرۆک)

**ژمارە ٥ و ٦**

١-گۆڕینی خیام، و: سلام. (شیعر)

٢-دیموکراسی چی یە؟ جەیمس برایس، و: ن. ع.

٣-کوردستان ـ١ـ، و: بابا عەلی، لە ئینسکلۆپیدیای (بریتانیکا)ەوە.

٤-گەشتێک لە کوردستان ـ٥ـ، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.

٥-پروسیا چۆن بەرز بوەوە ، و: ا. ع.

٦-ناپلیون لە ماڵەوە، لە گۆڤاری (This week)ەوە.

٧-مارشال نای چی لێهات؟، و: ر. م، لە گۆڤاری (Parade)ەوە.

٨-دیڤالیرا.

**ژمارە ٧**

١-گەشتێک لە کوردستان ـ٦ـ، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.

٢-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)

٣-فرانکلین روزفیلد.

٤-لیرەیەک، فرانسوا کوبی. (چیرۆک)

**ژمارە ٨**

١-گەلاوێژ بە چاوی بێگانە، سی. جی. ئی، لە گۆڤاری «جورنال اوف زە رویال سترال ئیژیان سوسایەتی»ەوە.

٢-رۆژنامە نهێنیەکەی پلسو دسکی، ولیام جەنس.

٣-گەشتێک لە کوردستان ـ٧ـ، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.

٤-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)



٥-دڵداری و گەنجی، میکائیل کلانیر، و: ح. ف.
٦-بەختیاری لە چیایە.
٧-دواڕۆژی کیلوباترە، و:ح. ف. (چیرۆک).

**ژمارە ٩**
١-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)
٢-بۆ لوکاستا لەسەر چونە شەڕ، کولونیل لەڤلیس، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە. (ئەدەبی)
٣-وەک یەکی، فیدور سولوکوب. ( ئەدەب)
٤-مستەفا کەمال ئەتا تورک و ژنان -١-، و: حامد فرج ، لە گۆڤری (علی کیفک)ەوە.
٥-فێڵی ژنێک، پولیسکی سکوتلندیارد. (چیرۆک)

**ژمارە ١٠**
١-نیاز لە شیعر چییە؟
٢-کوردستان -٢-، و: بابا عەلی، لە ئینسکلۆپیدیای (بریتانیکا)ەوە.
٣-تو بۆ منی، و: ڕەمزی قەزاز، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.
٤-دراو.
٥-ژن و پیاو.
٦-مستەفا کەمال ئەتا تورک و ژنان -٢-، و: حامد فرج، لە گۆڤاری (علی کیفک)ەوە.
٧-گەشتێک لە کوردستان -٩-، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.
٨-ترسان، و: ق. قەزاز.
٩-چیرۆکی ئەم ژمارەیە -١-، و: عمر قەزاز.

**ژمارە ١١ و ١٢**
١-کورد و وڵاتەکەیان -١-، ئی. بی. سون، و: ب. عەلی.
٢-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)
٣-لە ژور سەری نەخۆشی، ی.ل. بیرتس. (ئەدەبی)
٤-گۆرینی ساقی نامەی حافظ، و: عەلی کەمال.
٥-میکرۆب چۆن دۆزرایەوە؟
٦-شێت یا ژیر، فرانک وارد بیکەر، لە گۆڤاری (The Modern Thinker)ەوە.
٧-گەشتێک لە کوردستان بەشی دووەم - ١-، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.

٨-مستەفا کەمال ئەتاتورک و ژنان -٣-، و: حامد فرج، لە گۆڤاری (علی کیفک)ەوە.
٩-چیرۆکی ئەم ژمارەیە -٢-، و: عمر قەزاز
١٠-ئدوارد جینەر، و: ئەحمەد رەفیق.

**ساڵی دووەم ١٩٤١**

**ژمارە ١ و ٢**

١-سەربەستی، جۆن ستیوارت میل، و: ب، ع.
٢-پیاوی هەرە بەناوبانگی ئەمرۆ، (چەرچیل. هیتلەر، ستالین، موسولونی).
٣-چی ئەزانی لە بابەت دڵتەوە. لە گۆڤاری (Your life)ەوە.
٤-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)
٥-دڵداری گوڵێکە، شاعیرێکی (ژاپۆنی).
٦-چاو، جبران خلیل جبران.
٧-فەرەنسا چۆن شکا؟ پیر لازاریف.
٨-گەشتێک لە کوردستان بەشی دووەم - ٢-، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.
٩-رۆژی لە دایک بونەی شازادە، ئوسکار وایلد، و: فاضل موحەمەد. (چیرۆک)

**ژمارە ٣ و ٤**

١-حەوت ناحەزەکەی پیاو، جورج سیلڤەستەر ڤیریک، لە گۆڤاری (پی، تی، او)ەوە.
٢-لە رێی زێڕدا، هینز مینر، لە (Parade)ەوە.
٣-ژاپۆن.
٤-جەواهر لال نەهرو، لە (کەرەنت هستوری)ەوە.
٥-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)
٦-ژیان، ا.ل. باربولد. (شیعر)
٧-من و ئەو، راباندوانات تاگور. (شیعر)
٨-دوو دیوی قەڵغانەکە، بومونت.
٩-ژنانی تورکستان چۆن پەچەیان تور هەڵدا، لە (New York Times)ەوە.
١٠-گەشتێک لە کوردستان بەشی دووەم -٣-، بیللی فرەیزەر، و: فرامرز.
١١-دوو هەیکەلی زۆر کۆنی تر لە کوردستانی خوارو، C.J.EDMONDS، و: ف. هۆشیار، لە (Geographical Jornal)ەوە.
١٢-ابراهام لنکولن، سیودور روزفیلد، و: ع. و. نوری.



١٣-كورد و وڵاتەکەیان -٢-، ئی. بی. سون، و: ب. عەلی.
١٤-لە شەوێکی تۆفدا، ماکسیم گۆرکی. (چیرۆک)
١٥-دە مۆچیاری بۆ میللەتێک، و: مەجید دارا.
١٦-سیاسەت چییە؟ لۆرد بەلفۆر.

**ژمارە ٥ و ٦**

١-کۆمەڵەی (ا. م. ر. و)، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە.
٢-دوو پارسەنگی شەڕ (١-دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢-یەکێتی سۆڤیەت)
٣-بەسەرهاتی ڕۆژنامەی بەلچیکی ئازاد، و: حامید فەرەج، لە گۆڤاری (علی کیفک)ەوە.
٤-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)
٥-کوڕە یا کچ، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.
٦-ئەوانەی بە چاو دەبیەن، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.
٧-کە نەوت و خەڵوز بڕایەوە، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە.
٨-گەلی بانی ئێران، هنری فیلد، و: ا. ع.
٩-کۆشکی چۆڵا، بەلزاک، و: ئە. هەوری. (چیرۆک)
١٠- ئاوڵە، و: ئە. هەوری.

**ژمارە ٧ و ٨**

١-مارشاڵ فورشیلوف کێیە؟، لە گۆڤاری (P.T.O)ەوە.
٢-هەموو ڕەگەزەکانی دونیا وەک یەکن، دکتور واشنگتون بیت.
٣-هەریژی سەربەستی، ئەمیل لودڤیک، لە کتێبی (ناپلیون).
٤-راباندرانات تاگور.
٥-خیام بە کوردی، و: سلام. (شیعر)
٦-دڵداری پیرێک، فرانک رالف. (شیعر)
٧-بولبول و گوڵ، ئوسکار وایلد، و: ف.موحەمەد. (چیرۆک)
٨-گەشتێ لە عاسمانا.
٩-لە ئاوێنەدا، ئەناتول فرانس. (چیرۆک)

**ژمارە ٩ تا ١٢**

١-مردنی پیاوانی تاریخی، لە گۆڤاری (Parade)ەوە.

٢-مانا هاری جاسوسی  هەرە بەناوبانگ، لە گۆڤاری (Parade)ەوە.
٣-مەکینەی درومان.
٤-سەربەستی، ئەندریا شینیە، و: ف. هۆشیار، لە گۆڤاری (الثقافە)وە. (ئەدەبی)
٥-گۆم، لامارتین، و: نورالدین بەها. (ئەدەبی)
٦-چۆن ئینسان لە ژیاندا سەر ئەکەوێ؟ بۆ لاوان و قوتابیان، نور جان.
٧-چۆن ئیش بکەین؟، بەرتراند روسیل، و: گەلاوێژ.

## ساڵی سێیەم ١٩٤٢

### ژمارە ١ و ٢

١-خواردەمەنی صحی لە گۆڤاری (psychologist)ی ئنگلیزییەوە.
٢-نموونەیەک لە شیعری چینیەکان و: ف. هۆشیار، لە گۆڤاری (الرسالە)وە.
٣-ئیش و حەسانەوە . نووسینی lord Avebury، لە گۆڤاری (The use of life)ەوە.
٤-تۆڵەسەندنەوە، توماس ئەلەن. (چیرۆک)
٥-دە ئامۆژگاری بۆ سەرکەوتن لە ژیانا، ـ و: حمە جمیل.
٦-چەند وتارێک لە بابەت سەربەستییەوە، لە گۆڤاری (parade)ەوە.

### ژمارە ٣ و ٤

١-خوێندنەوە. نووسینی lord Avebury، و: گەلاوێژ. لە گۆڤاری (The use of life)ەوە.
٢-سەربەخۆیی باوەڕ لە عانی شەڕدا. لە گۆڤاری (العصر الحدیث)ەوە.
٣-دوارۆژی هەندێک لە پیاوە تاریخیەکان لە گۆڤاری (parade)ەوە.
٤-ڕابواردن بە خۆشی لەماڵدا. نوسینی گەی پوکوک، و: گەلاوێژ. لە گۆڤاری (parade)ەوە.
٥-دەوری منالی، دکتۆر راجع، و: حمە ڕەش.
٦-ئایا ئەزانی، لە گۆڤاری (parade)ەوە.
٧-چەند شتێک لە بارەی دڵتەوە، دونالد از لابرد، و: گەلاوێژ. لە گۆڤاری (parade)ەوە.
٨-شەڕی بروسکە لە مێژوودا، و: دڵسۆز، لە گۆڤاری (الطیارە)وە.
٩-خیام بە کوردی، و: سەلام.
١٠-نامە ناردن لە شوشەدا، لە ( Readers Digest)ەوە.
١١-گفتوگۆی شاعیری بەناوبانگی المان پول ئەرنیست، و: عبدالحمدی حاجی محمد.
١٢-کەی ئەم زەمینەی ئێمە کۆتای دێت، و: گەلاوێژ لە گۆڤاری (Digest of word reading)ەوە.
١٣-قارەمانی تەواو، و: گەلاوێژ، لە یەکێک لە گۆڤارەکانی بەغدادەوە وەرگێڕدراوە.



**ژماره ٥ و ٦**

١-سەروەتی مەعدەنی و شەڕی ئێستا، لە گۆڤاری (الثقافە)وە وەرگێڕدراوە.
٢-تگور (گۆڕینی) عیلمی ئجتماع، و: علا الدین سجادی، لە گۆڤاری (الرسالە)وە.
٣-نورویج چۆن گیرا، و: ناجی عباس.
٤-لینین، و: ف. هۆشیار.

**ژماره ٧ و ٨**

١-لویس پاستور، و: ئەحمەد رفیق.
٢-خوای ژاپۆن (ئیمپراتور رهبرو هیتر).
٣-تاوانی مارشال (تای)، و: جەلیل هۆشیار.
٤-سەربەستی، جوبران خلیل جوبران، و: ف. هۆشیار.
٥-لامارتین. (بابەتێکی کۆکراوە و وەرگێڕان کراوە).
٦-لە خەو ڕاپەڕن، هۆنراوەیەکی شاعیری چینی ئەمی سیاو.

**ژماره ٩ و ١٠**

١-دوانزە ناودارەکەی دونیا.
٢-کردەوەی لاوێک، و: ف. هۆشیار (ئەدەبی بێگانە)
٣-لەسەر چەقی رێگە، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.

**ژماره ١١ و ١٢**

١-ژیانی خۆشەویستی، و: موحەمەد حسن، لە گۆڤاری (دمعە و ابتسامە)وە.
٢-دەردو ئەندێشەی کۆمەڵ و چارکردنی، و: ف. هۆشیار، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.
٣-چۆن سوقرات محاکەمە کرا، و: محمد عبدالغفور، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.
٤-خوی بەهرەوەرەکان (طبیعە الموهوبین)، و: جەمیل بەندی رۆژبەیانی، لە گۆڤاری (التربیە الحدیث)ەوە.
٥-فەلسەفەی ئایدیالیزم و ماتریالیزم، و: صالح حەیدەری.
٦-پاشماوەی چیرۆکی مانگی پێشوو، و: ن. ا.

**ساڵی چوارەم ١٩٤٣**

**ژماره ١**

١-عمر خیام -١-، و: یونس رەئوف.

**ژماره ۲**

١-عمر خیام -۲-، و: یونس رەئوف.

۲-بەسەرهاتی دایکێک، هانس ئەندرسن، و: ناجی عەباس. (چیرۆک)

**ژماره ٤**

١-لە شەوی جەژنا، هانز کرستنیان ئەندرسون، و: ن. ا. (چیرۆک)

**ژماره ٥**

١-جەنگیز خان -١-، و: ن. ا.

**ژماره ٦**

١-نامەیەک بۆ دۆستی خۆی، و: ا. نادری.

۲-توتن، و: احمد رفیق.

۳-جەنگیز خان -۲-، و: ن. ا.

٤-خێزانی پادشایی ئینگلتەرە، و: تۆفیق وەهبی بگ.

**ژماره ۷**

١-لاوێکی یۆنان، فیکتور هوگۆ، و: رەفیق چالاک. (ئەدەبی)

۲-ئەگەر نەتزانیوە بیزانە، و: موحەمەد قەرەداغی.

۳-تاوانی باوکێک، لە دەقێکی (موباسان)ەوە، و: ن. ا.

**ژماره ۸**

١-شاعیرێکی جەنگاوەر، و: عاصم سەید.

۲-دەرسی دوای، و: صابر اسماعیل. (چیرۆک)

**ژماره ۹**

١-نوسین، و: عبدالقادر قزاز، لە (readevs digest)ەوە.

۲-ژیانی ناپلیۆن تاوەکو دەرچونی لە قوتابخانەی جەنگ، و: شێرزاد.

۳-وڵاتپەرستی، و: ن. ا. (چیرۆک)



**ژماره ١٠**

١-شەهیدی نیشتیمان، سن. معیی، لە گۆڤاری (گولزەر)ەوە.
٢-وتەیەکی سەیر، و: عزمی بابان.

**ژماره ١١**

١-شاعیری بەناوبانگی روس پوشکین، و: محمد توفیق.
٢-لە پێناو ماڵ و مناڵدا خۆ لە ناو بردن، و: عەلی عیرفان.
٣-چاپ و داهێنان و شۆڕشی فکری، علی حیدر سلیمان، لە کتێبی (اوربا الحدیث)ەوە.
٤-کوسپەی سەختی بێ سروشت، و: بەندی رۆژبەیانی، (بەدەسکارییەوە وەرگێڕدراوە).
٥-لاوی پۆڵۆنی ماز با، و: موحەمەد امین معروف. (چیرۆک) بە کورتی وەرگێراوە.

**ژماره ١٢**

١-تاڵی ژیان، بەشێک لە نوسینێکی ماکسیم گۆرکی، و: بایز. (ئەدەبی)
٢-خەوبوو؟ گی و موباسان، و: ن. ا. (چیرۆک)

## ساڵی پێنجەم ١٩٤٤

**ژماره ١**

١-رۆژانی دوای، سیوا ستی پول، و: ف. هۆشیار.
٢-ئەرمەن وەگەنی قەومیان چۆن پەیداکرد، و: حوزنی موکریانی، لە گۆڤاری (الهیلال)ەوە.
٣-ناسکێک، و: دەروێش. (چیرۆک)
٤-خەڵوەکێشێک، و: علی عیرفان. (بە کورتی وەرگێڕدراوە).

**ژماره ٢**

١-کورد لە ئینسکلۆپیدیای تورکیدا، و: پشکۆ.
٢-چەند وتەیەکی جوبران، و: کچەکوردێک ن. س.

**ژماره ٣**

١-شازادەی شادومان، ئوسکار وایلد، ف. موحەمەد. (ئەدەبی)
٢-کوردستان، و: گەلاوێژ، لە (اخبار العرب)ەوە.
٣-لە رێی وەفادا. (چیرۆک)

**ژماره ٤**

١-ليون تولستوی. و: ع.و نوری.

٢-ئەو پیاوەی نیشتمانی نییە، ادوارد ایفرت هیل، و: جمال خفاف.

٣-بۆ ئازاترین سەرباز، کانایف، و: عوسمان مستەفا. (چیرۆک)

**ژماره ٥**

١-گۆران -١-، ڤ. مینۆرسکی، و: ناجی عەباس.

٢-کۆمەڵی پێشوو.

٣-جوانیتا، پەریخان یامولْکی، و: قادر صالح خەفاف.

٤-پریا، و: م. موحەمەد. (چیرۆک)

٥-ئەی گەنج بۆ تۆیە، فەریق عەقراوی.

**ژماره ٦**

١-گۆران -٢-، ڤ. مینۆرسکی، و: ناجی عەباس.

٢-شاعیر ناصری، و: عبدالمجید شێخ جەلال.

٣-کەشتیوانی بەناوبانگی ئینگلیز نلسون، و: فاضل نظام الدین.

٤-وەفای ژن و پیاو، و: ئەورەحمان. (چیرۆک)

**ژماره ٧**

١-گۆران -٣-، ڤ. مینۆرسکی، و: ناجی عەباس.

٢-ژان ژاک رۆسۆ، و: ع. و نوری.

**ژماره ٨**

١-گۆران -٤- (ئەدەبیاتی نوسراو بەزمانی گۆران)، ڤ. مینۆرسکی، و: ناجی عەباس.

٢-لە دەرەبەگێتیەوە بۆ سەرمایە داری، و: عەونی یوسف، لە کتێبی Mans words Goods.

**ژماره ٩**

١-گۆران -٥- (مرسیەی ئەحمەد خانی کوماسی)، ڤ. مینۆرسکی، و: ناجی عەباس.

٢-خوێندنی تێکەڵاوی و (پێشدەستی)، الیاس رومیا، و: ب.ع. یەحیا.

٣-نەسرین، جبران خلیل جبران، و: عومەر صالح خەفاف.



**ژمارە ١٠**

١-جمال الدین ئەوغانی، و: حوزنی موکریانی، لە گۆڤاری (الثقافە)وە.

٣-بەرەو بازرگانی، و: عەونی یوسف، لە کتێبی Mans words Goods.

٢-کوردستان، یوسف مەلەک، و: مەکتەبەی پێشکەوتن، لە رۆژنامەی (الاوا)ەوە.

٣-هێزی سامدار، ئەسڤرونوف، و: کەریم موحەمەد، لە رۆژنامەی (رای العام)ەوە.

٤-قازی ئەریزونا، موحەمەد سلیمان، و: میرزا عەبدالکریم.

**ژمارە ١١**

١-بیرکردنەوە لە کورد، E.JR، و: بابە عەلی، لە(Black woods Magazine)ەوە.

٢-ترجەمەی ژیانی ماموستا ملا موحەمەد گوی، و: گەلاوێژ.

٣-تەئسیری رەخنەگەری لە سەقافەتدا، دکتور یوسیف هەیکەل، ا.ب. هەوری، لە گۆڤاری (المنتدی)ەوە.

٤-قارەمانی بلقان، ستیڤان پریبچیڤیچ، و: ن. ا.

**ژمارە ١٢**

١-کورە ئەستێرەکە، و: شەفیق صابر.

**ساڵی شەشەم ١٩٤٥.**

**ژمارە ٢**

١-٣٢ ساڵ ئەنوی، و: سلیمان رەواندوزی، لە گۆڤاری (المتاهل)ەوە.

٢-موپاسان، و: دلسوز، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.

٣-گۆرانی گیان، کتس، و: م. جەمیل. (شیعر)

٤-بەرگی نوێی شا، هانس ئەندەرسون، و: ف. هۆشیار. (چیرۆک)

**ژمارە ٣**

١-شای دڵداری ... وە مردن، و: ا. ب. هەوری، لە (المصور)ەوە.

٢-نیوتن لە سەر کەناری دەریا، و: رەشید نامیق، لە گۆڤاری (معلم الجدید)ەوە.

٣-بناغەی وریابونەوە، و: موحەمەد کاردۆخی، لە گۆڤاری (المنتدی)ەوە.

**ژمارە ٤**

١-کتێبەکەی مێجەرسۆن بە کورتی -١- To Mesopotamia and kurdstan in desguise، و:

قادر خەفاف.
٢-وتارێک لە بارەی تەئریخی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیەوە، م. لورانس، و: عەبدالقادر قەزاز.
٣-نامەی سەربازێکی سۆڤیایەتی، و: عوسمان مستەفا.

**ژمارە ٥**
١-ئەلکسی تولستۆی، و: ف. هۆشیار، لە گۆڤاری (الطريق)ەوە.
٢-قارەمانی کچێکی لیتوانی، ک. نیپومنیانجی. (ئەدەبی)
٣-کتێبەکەی مێجەرسۆن بە کورتی -٢- To Mesopotamia and kurdstan in desguise، و: قادر خەفاف.
٤-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەو بەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.
٥-پاڵەوانی ڕاستی، واکلوسلولسکی، لە گۆڤاری (الفصول)ەوە. (چیرۆک)

**ژمارە ٦**
١-کتێبەکەی مێجەرسۆن بە کورتی -٣- To Mesopotamia and kurdstan in desguise، و: قادر خەفاف.
٢-لە ڕێی دڵداریدا، ئەون هینری، و: حەمە لاو.
٣-خۆشەویستی ژن و مێردێک، و: بورهان شێخ مەجید.

**ژمارە ٧**
١-پەیامی ئەدیب، و: ف. هۆشیار، لە (الاديب)ەوە.
٢-کتێبەکەی مێجەرسۆن بە کورتی -٤- To Mesopotamia and kurdstan in desguise، و: قادر خەفاف.
٣-بەر لە شەڕ، بوریس گورباتوف، و: ف.ف ، و. ب.
٤-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەو بەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.
٥-سیمون بولیڤار لە کتێبی (Great Leaders)ەوە.
٦-کوردی عیراق -١-، و: مەجید سەعید، لە گۆڤاری (Geographical magazine)ەوە.
٧-دکتۆری دان، ئەنتوان چیخۆف، و: ن. ا. (چیرۆک)



**ژمارە ٨**
١-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەو بەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.



٢-بەر لە شەڕ -٢-، بوریس گورباتوف، و: ف.ف ، و. ب.
٣-کوردی عیراق -٢-، و: مەجید سەعید، لە گۆڤاری (Geographical magazine)ەوە.
٤-ئێش و ئازاری دایکایەتی، و: شکۆفە ن. (چیرۆک)

**ژمارە ٩**

١-محاکەمەی لویسی شازدەهەم، و: ف. هۆشیار، لە کتێبی (التحقیق والمحاکمات الکبرا)وە.
٢-بازدانی ڕەوشەن بەگ، لونگ فەلەو، و: ف. ر.
٣-مەمنون فەیلەسوف ڤولتیر، و: عبدالصەمەد حاجی موحەمەد.
٤-چۆن شاری پەکین رۆشن کرایەوە، کالترین مشیل، و: صابر ئیسماعیل.
٥-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەوبەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.
٦-خەونی شەوێکی چلەی هاوین، ولیم شکسپیر، و: موحەمەد توفیق.

**ژمارە ١٠**

١-کوردی عێراق -٣-، و: مەجید سەعید، لە گۆڤاری (Geographical magazine)ەوە.
٢-یەک سەروازی سۆڤیاتی، و: عوسمان مستەفا.
٣-پەرداخێک ئاو دینامیتیکە، لە گۆڤاری (ئەرم جیر سانیس)ەوە.
٤-تەیموری لەنگی ترسێنەر، لە گۆڤاری (ورلد دایجستەر)ەوە.
٥-شێتی لە ژێری خۆشترە، ئیست بروکس، و: رەمزی قەزاز.
٦-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەو بەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.
٧-خان و کوڕەکەی، مەکسیم گورگی. (چیرۆک)

**ژمارە ١١**

١-محاکەمەی لویسی شازدەهەم -٢-، و: ف. هۆشیار، لە کتێبی (التحقیق والمحاکمات الکبرا)ەوە.
٢-تاریخی ئادەمیزاد، ئەناتول فرانس.
٣-سەرکردە گەورەکانی تاریخ محاکەمەی هیتلەر دەکەن، و: رەمزی قەزاز، لە (الهلال)ەوە.
٤-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەو بەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.
٥-بێوەژنە خەمگینەکە، و: ا. شیرزاد. (چیرۆک)

**ژمارە ١٢**

١-محاکەمەی لویسی شازدەهەم -٣-، و: ف. هۆشیار، لە کتێبی (التحقیق والمحاکمات الکبرا)ەوە.

٢-گەشتێک لە کوردستان هەشتا ساڵ لەمەوبەر، فریدریک میللنجن، و: ناجی عەباس.
٣-رێکەوت، جورج لینور.
٤-تەنهای لامارتین، و: محەمەد توفیق.
٥-نظامی تازەی جیانکی لاو، و: ف. ر، لە (ورلد دایجیست)ەوە. (چیرۆک)

## ساڵی حەوتەم ١٩٤٦

### ژمارە٢

١-خەونی عەبدێک، لونگفیلو.
٢-ماری کوری، لە کتێبی (Great Leaders)ەوە.
٣-چەند ئاخافتنێکی پیاوە ژیرەکان، و: جەلال خەیلانی.
٤-چۆن لە سیانزە ساڵیدا ژنم هێنا، ماهاتما گاندی.
٥-ئەلبانیا، لە (اخبار الیوم و صوت الاهالی)ەوە.
٦-هیچ شتێک نامرێت، لورد تەنیسون، و: بەختیار. (شیعر)
٧-ئیتالیای ئەڵێن، لە (Proverbs of Italy)ەوە.

### ژمارە ٣

١-فرمانی نوسەر، رومان رولان، لە (Modern Thinker)ەوە.
٢-حەبەشی ئەڵێن، لە (الکتاب المصری)ەوە.
٣-یوگسلافیا و دەستوری تازەی.
٤-قەشەیەکی هیندوسی و پلنگێک و شەش حاکم، و: ف. ە.
٥-بەفری دیسەمبەر، سیر ئەرسەر کونان دویل.
٦-تۆفێک لە دەریادا، شکسپیر، و: ا عزیز. (ئەدەبی)

### ژمارە ٤

١-خۆشم ناویت، و: ن. س. لە گۆڤاری (المعلم جدید)ەوە.
٢-دووجۆر دیموکراسی، ئەلیکسی سوکولوڤ، لە (ورلد داجەست)ەوە.
٣-کە هەرچار نەبێت بمریت، کلود ماکی.
٤-ئەوانەی سوکن کاربەدەستن، جورج بەرناد شو.
٥-قومارکەر، لازار فتش، و: ف. ە، لە گۆڤاری (الطریق).



**ژمارە ٥**

١-لە خلیجەوە تا ئارارات -١-، مستەر هابارد، و: ڕەشید محی الدین.

٢-پێ ویستی و میوانداری چیرالدکیرش، و: جمال خەفاف.

٣-ژیان چیە؟ ڤیکتور هوگو.

٤-بەغداد روژانی رابوردو -١-، کلودیوس رچ، و: قادر خەفاف.

٥-شەرەف، و: بیکەس و بەختیار، لە گۆڤاری (عروه الوثایق).

**ژمارە ٦**

١-مەترسی شەڕ، لە ئینگلیزییەوە وەرگردراوە.

٢-لە خلیجەوە تا ئارارات -٢-، میستەر هارد، و: ڕەشید محی الدین.

٣-لە کارولینا، یولیوبلیو، و: رشید نامیق.

٤-بەغدای ڕۆژانی رابردو -٢-، کلودیوس رچ، و: قادر خەفاف.

٥-چیرۆکی بێ قارەمان، ف. هۆشیار، گۆڤاری (الطریق)ەوە. (چیرۆک)

**ژمارە ٧**

١-مرۆڤ، مەکسیم گورگی.

٢-دراو، میخائیل نەعیمە.

٣-بازرگانی شەڕو شانۆکەی ایران. لە گۆڤاری رێگای عەرەبییەوە.

٤-لە خلیجەوە تا ئارارات -٣-، میستەر هارد، و: ڕەشید محی الدین.

٥-بەغدای ڕۆژانی رابردو -٣-، کلودیوس رچ، و: قادر خەفاف.

٦-مەسئەلەی کورد دبلیو جی ایلفنستن، لە گۆڤاری (ئینتەر ناشنال ئەفیرزا)ەوە.

**ژمارە ٨**

١-ئەندونیزیا، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە.

٢-بەغدای ڕۆژانی رابردو -٤-، کلودیوس رچ، و: قادر خەفاف.

٣-چۆن خۆت بە خۆت ئەناسینی، و عبدالله قزلجی، لە گۆڤاری (الصباح)ەوە.

٤-خزمەتکار، سیمونوف، و: ن. ا.



**ژمارە ٩**

١-مەسەلەی کورد، کرنیل دبلیو جی ایلفستن، لە (International Affairs)ەوە.

٢-لە خلیجەوە تا ئارارات -٤-، میستەر هارد، و: ڕەشید محی الدین.
٣-کورد بناسن، سیروس انور، و: ق. قەزاز،

**ژمارە ١٠**

١-چۆن خۆت خۆشەویست ئەکەی، دیل کارنجی.
٢-منالّ لە زگی دایکیا، و: ق. قەزاز، لە ڕۆژنامەی (الختار)ەوە.
٣-وریا هەر بیری ئەکردەوە، ڤالینتینا ئوسییڤا. (بابەتی منالاّن)
٤-بەغدای ڕۆژانی رابردو -٥-، کلودیوس رچ، و: قادر خەفاف.
٥-جولەکەش خاوەنی فەلسەفە و دەولّەتن، و: ن. ع. (چیرۆک)

**ژمارە ١١**

١-من تۆم خۆشناوێ، نورتون، و: ف، موحەمەد. (شیعر)
٢-مەسەلەی کورد -٤-، کرنیل دبلیو جی ایلفستن، لە (International Affairs)ەوە.
٣-فرمێسکی دایک، شاعیرێکی ئینگلیزی، و: سلیمان ڕەواندوزی.
٤-چۆن ئەبی بە پیاوێکی تەواو، هاری ئەمرسون موزدوک، و: ق. قەزاز.
٥-دلّداریەکی سەیر، مەکسیم گۆرگی، و: یوسف ئەمین. (چیرۆک)

**ژمارە ١٢**

١-هاوڕێینە، پرسی پیسش شیللی. (شیعر).
٢-هونەری سەرکردەی، ئەندری موروا، و: جمال خەفاف.
٣-دەنگی دیلێکی ئازا، و: لە عەرەبیەوە عوسمان مستەفا. (شیعر)
٤-پیرەی بول - لیدەر، ولادیمیر کورلنکو، و: حەمە بۆر.
٥-هەموان براین، و: ن. س، لە (نسمات و زوابع)ەوە.

## ساڵی هەشتەم ١٩٤٧

**ژمارە ١**

١-قارەمانی شەڕیی نیشتیمان تەنیا، لیدوف، و: عوسمان مستەفا.
٢-گەشتەکەی چایلد هارولد، لورد بەیرون، و: ڕەفیق چالاک.
٣-لە دنیای ئافرەتا، لە ئەلمانییەوە وەرگێراوە.
٤-نبرەیەکی تالّ، لە ڕۆژنامەی (ئەئینی)ەوە.



**ژماره ٢**

١-نەخۆشی، نەزانی، هەژاری، عزیز خانکی، و: ئەمین مەحمود، لە رۆژنامەی (الاهرام)ەوە.
٢-ئەگەر دڵەکەم؟!... گیانە، سارا برنار، و: مەحمود جەمیل.
٣-قەڕاڵ و کراس، تولستوی، و: جمال خەفاف.
٤-دڵسۆزی ژنێکی نانەوا، ئەمیا زولا، لە عەرەبیەوە وەرگێڕدراوە.
٥-چیرۆک لە ئەدەبی رۆژئاوا دا، و: فائیق چالاک.
٦-ژنی باش بەهرەیە خوا دەیدا بە پیاو، و: ق. قەزتز، لە گۆڤاری (مختار)ەوە.
٧-خۆکوشتن دەردێکی گرانی کۆمەڵایەتیە، دەرویش عبدواللە جباری.
٨-گرەوێک لە لۆقەنتەیەکا، ا. ڤەرشینکو، لە گۆڤاری (الفصول)

**ژماره ٧**

١-چۆن لای خەڵک خۆت شیرین دەکەیت؟ ارنولد بەنین، و: عبدالقادر قەزاز، گۆڤاری (Humanity).
٢-جۆرە دڵدارییەکی نوێ، ژان ئیڤل.
٣-بەرەو پێشڕەو، احمد زکی، دەرویش عبدالله جەباری، لە (الهلال)ەوە.
٤-ئیش بکە تا گەنجیت، لە گۆڤاری (ریدەرز دایجست)ەوە
٥-دڵی هەژارێک. (ئەدەبی)
٦-لە دوا ئیوارەەدا، لە گۆڤاری (الادیب)ەوە (ئەدەبی)

**ژماره١١**

١-گەشتی کلودیوس ریچ لە کوردستاندا ساڵی ١٨٢٠، و: ناجی عەباس.
٢-ڤوڵتیر، لە (The Great Leaders)ەوە.
٣-هۆی تەنگو چەڵەمەی سەناعی، جابر جاد، لە کتێبی (الاقتصاد و الساسی)ەوە.
٤-سەرکەش، ابراهیم وردانی، و: دلدار، لە گۆڤاری (مسارات الجیب)ەوە.
٥-یاریدەدانی زراعە بە پارەوە، خلیل ئورفەلی، و: ق. قەزاز.

**ساڵی نۆیەم ١٩٤٨.**

**ژماره ١**

١-نیورک شاری باوەڕ پێنەکراو، لە گۆڤاری، (Science Digest.)ەوە.
٢-کورد لای بێگانە ـ ١ـ، ا. ج. حورانی، و: گەلاوێژ، لە کتێبی (Minorities in the arab wold)ەوە.
٣-مەکینەی پارە.

٤-لەبەر دەرگای بەهەشتدا، و: ج.خ.
٥-دوارۆژی مۆسۆلۆنی و دڵدارەی، و: ڕەمزی قەزاز. (چیرۆک)

**ژمارە ٢**

١-کورد لای بێگانە -٢-، ا. ج. حورانی، و: گەلاوێژ، لە کتێبی (Minorities in the arab wold)ەوە.
٢-خاوەن کوشک بەخت، فکری اباگە بەگ، و: جەمال خەفاف.
٣-کارەساتی دەریا، بلاسکوا بانیز، و: ئەحمەد شاڵی. (چیرۆک)

**ژمارە ٣**

١-پەرستن، رنییە، و: ا. ش.
٢-کورد لای بێگانە -٣-، ا. ج. حورانی، و: گەلاوێژ، لە کتێبی (Minorities in the arab wold)ەوە.
٣-ئیش بۆخۆت بدۆزەرەوە، جون ارسکین، و: ق. قەزاز.
٤-دڵداری بەهێزترە -١-، و: احمد شاڵی، لە گۆڤاری (الهلال)ەوە.

**ژمارە ٤**

١-شەڕی ناوخۆ لە چین -١-، فرمیتز جینسن، گۆڤاری (Statesman and Nation)ەوە.
٢-جەواهر لال نەهرو، رامایاندرا راو، و: گەلاوێژ.
٣-چی سەربەستی نییە؟ هاوارد سبلسام، لە کتێبی (فەلسەفە چییە)وە.
٤-ناڵەیەک، و: ا. ش.
٥-مەستی بادەی گەنجی بووم چۆن هۆشیار بومەوە، جەواد ئەرباب زادە، و: موحەمەد سەعید جاف، لە گۆڤاری (تهرامصور)ەوە.
٦-سەد هەزار لیرەو کۆڵا هەڵگر، و: بەهروز خەفاف.
٧-یەکی مایس جەژنی کرێکارانی دونیا.
٨-دڵداری بەهێزترە -٢-، و: احمد شاڵی، لە (الهلال)ەوە.

**ژمارە ٥**

١-بۆچی گەنجانمان خۆش ئەوێت، و: مز شیرزاد، لە (الهیلال)ەوە.
٢-کوردی عێراق، مستەر فرانگ ستوکس، عومەر حسین دەولەت، لە (المستمع العربی)ەوە.
٣-چیکوف. و: مەعروف خەزنەدار، لە کتێبی (القصص المسرحیە)وە.
٤-گەیشتنە مانگ، و: رشید محی الدین، لە (اخبار الیوم)ەوە.



٥-ژن لە روسیەدا، جەمال خەفاف، لە (الهلال)ەوە.
٦-دڵداری بەهێزترە -٣-، و: احمەد شاڵی، لە (الهلال)ەوە.

**ژمارە٦**

١-مانای ڕاستەقینەی سەربەستی، هاوارد سبلسام.
٢-شەڕی ناوخۆ لە چین -٢-، فرمیتز جینسن، گۆڤاری (Statesman and Nation)ەوە.
٣-قولەڕەشەکانی ئەمریکا، و: ن.
٤-کورد لە وڵاتی گەلاندا، و: حسن فهمی جاف، لە کتێبی (نادرشاە)ەوە.
٥لە کوڕەوە بۆ باوک، گوردان اوتیبرودسکی، و: ا.غ.
٦-چۆن مانگرتنەکە بە ئاشتی بڕایەوە.
٧-خنکاوی نەخنکاو -١-، و: موحەمەد سەعید جاف، لە (الهلال)ەوە.
٨-حەزئەکەم دایک و باوکم چۆن بن؟ و: ق، قەزاز، لە (الهلال)ەوە.
٩-کامەرانی چییە؟، و: جمال خەفاف.
١٠-دڵداری بەهێزترە -٤-، و: احمەد شاڵی، لە (الهلال)ەوە.

**ژمارە ٧**

١-خنکاوی نەخنکاو -٢-، و: موحەمەد سەعید جاف، لە (الهلال)ەوە.
٢-دز -١- ، توفیق الحکیم، و: جەمال خەفاف.

**ژمارە ٨**

١-لیو تولستوی، و: ف موحەمەد.
٢-بێ تاوان، لیو تولستوی، و: ن. ا.
٣-هەڵاتوو، ئەلفونس دوری.
٤-دوای مردن، کریکوروا هانیان. (شیعر)
٥-دز -٢- ، توفیق الحکیم، و: جەمال خەفاف.

**ژمارە١١**

١-پاراستنی سیحەتی سک پڕ، دکتۆر براون، و: دکتور هاشم دوغرەمە چی.
٢-خەون بینین.
٣-دڵداری دیلێک، و: س. هەژار.
٤-شەوێکی بەسام، ئەنتوان چیخۆف. (چیرۆک)

**ژماره ١٢**

١-تەرمی یافیری جێ گر، ئاناتول فرانس، و: ن. ا. (ئەدەبی)

٢-ژان ژاک روسو.

٣-کارەساتێکی دڵداری و خۆبەخت کردن، نوسەرێکی روس، و: ئەحمەد شاڵی. (چیرۆک)

**ساڵی دەیەم ١٩٤٩**

**ژماره ١**

١-خەباتی چین -١-، لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕدراوە.

٢-ملیونەر، طاهیر ئەحمەد حویز

٣دڵی پیاوێکی ئازا، لرمتوف، و: ئەحمەد شاڵی. (شیعر)

٤-فەلسەفەی برناد شو، و: ب. ع. دلیر.

٥-زۆرنازدار، لیو تولستوی، لە عەرەبیەوە وەرگێڕدراوە. (چیرۆک)

**ژماره ٢**

١-خەباتی چین -٢-، لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕدراوە.

٢-ماوتسی تونگ.

٣-ئامۆژگاری ژنێکی نووسەر کە دووجار تەڵاقی چەشتوە و تەڵاقدان هیچ دادی نادات، نیناویلکوس، لە (ماللیتر)ەوە.

**ژماره ٣**

١-ئەستێرەیەکی گەش لە گۆڤاری (نهران)ەوە.

٢-دوا هەنگاو بەرەو مردن، و: فەوزی دڵشاد.

٣-گۆرانی کچە شوانێک، بینس.

٤-نارەحەتی سکپڕی، دکتور براون، و: دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی.

٥-ئاناکرنککا لە مەیدای رۆژهەڵاتدا، ئەکرم عبدالقادر عەتار. (چیرۆک)

**ژماره ٤**

١-چینگ کای شیک.

٢-رێگای دڵداری و ژیان، بول فور، و: ئەحمەد شاڵی.

٣-لە کوێستان، ئەنتون چیخۆف. (چیرۆک)



**ژماره ٥**

١-یەکەم فەرماندەی گوتی لە بابل، و: بکر عمر دلیر.

٢-کارەبا، و: شەوقی عزیز.

٣-پاریزگاری ساغی کچەکانمان، و: موحەمەد وەفا.

٤-سبەینێ بەیانی دەمرم، و: ئەکرەم عبدالقادر. (چیرۆک)

**ژمارە ٦**

١-تەلەگراف، شەوقی عزیز.

٢-لای رۆژهەڵات چاولیکەریە، دکتور ئەحمەد ئەمین بەگ، و: جمال خەفاف.



گەلاویژ

گۆڤاریکی ئەدەبی و ثەقافی مانگی کوردی یە.

ژمارە ١و٢ سال ٢ کانونی ٢ و شبات ١٩٤١

لەم ژمارەیەدا:

| | |
|---|---|
| سەربەستی | بابا علی |
| اگری بن کای بالقان.. | گەلاویژ |
| بناوی دەرمە بە ناوانگی ایرو | » » |
| دوای گەلاویژ... | ... |
| ئەرەئەمە چون شکا؟ | گەلاویژ |
| کوردی بە ناوبانگ | محمد امین زکی بك |
| گەشتی لە کوردستانا.. | فرامرز |
| دینی جارانی کورد.. | توفیق وهبی بك |
| چیروکی ئەم مانگە (روژی لە دایك بونی شزادە) | کامل محمد |



# کتێبی

# وەرگێڕان لە گفتوگۆدا

**ئیدریس عەلی**

وەرگێڕان لە گفتوگۆدا، کۆمەڵێک وتووێژە سەبارەت بە وەرگێڕان و هەندێک مەسەلەی تر، کە لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ (ئازاد بەرزنجی)دا ساز کراوە و لە سات و شوێنی جیاجیادا بڵاو کراوەتەوە.

دەسپێکی کتێبەکە، وتەیەکی ئازاد بەرزنجی خۆیەتی لە بارەی وەرگێڕانەوە، پاشان کۆمەڵێک گفتوگۆی تێدایە، کە لە ماوەی رابردوودا لەلایەن ئەم گۆڤار و رۆژنامانەوە لەگەڵیدا ساز کراون (گۆڤاری کۆوار، هەفتەنامەی رەخنەی چاودێر، هەفتەنامەی پرس، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، گۆڤاری مێرگ، هەفتەنامەی کۆمەڵ، هەفتەنامەی کوردستان راپۆرت، هەفتەنامەی رووبەری داهێنان، پاشکۆی فەرهەنگیی رۆژنامەی هەولێر، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ).



دیارە زۆربەی گفتوگۆکان لەگەڵ ئازاد بەرزنجیدا سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕانە، چونکە ناوبراو بە تەنها وەرگێڕێک نییە، کە بە هۆی شارەزایی زمانەوە سەتحییانە خەریکی کاری وەرگێڕان بێت، بەڵکو ئەو خاوەنی ئاستێکی بەرزی رۆشنبیریی و باگراوندێکی مەعریفی باشە و لە سەر زۆرێک لە پرسە ئەدەبی و فکری و رۆشنبیرییەکان شارەزایی هەیە، خاوەنی دیدگە و تێڕوانینی خۆیەتی لە سەر کۆی مەسەلەکان. ناوبراو جگە لە کاری وەرگێڕان، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی قووڵی لەو بوارانەدا هەیە، بۆیە دەبینین گفتوگۆ و کردنەوەی دەرگەی دیالۆگ لەگەڵیدا، بەرەو دنیایەکی فراوانمان لە زانست و رۆشنبیری دەبات و ئەگەر کەسی رۆژنامەوان، کە پرسیاری لێدەکات، وریا بێت و ئاستی رۆشنبیریی پرسیارکردنی باش بێت، دەتوانێت بە هۆی پرسیارەکانیەوە، ئەم نووسەر و وەرگێڕە بە ناوبانگەی کورد بخاتە سەر کەڵکەڵەی درکاندنی زۆریک لەو زانیارانەی بە هۆی خوێندنەوە و ئەزموونی کاری ئەدەبی و رۆشنبیریی خۆیەوە بە دەستی هێناوە.

بێگومان گفتوگۆی جدی لە بارەی پرسە رۆشنبیری و ئەدەبییەکانەوە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند و شارەزادا، سوود و مەنفەعەتی زۆری دەبێت بۆ خوێنەر، بەتایبەت ئەو گفتوگۆیانە ئەگەر لەگەڵ رۆشنبیر و شارەزایەکی وەک ئازاد بەرزنجیدا بکرێت و تەوەرەی باس و پرسەکانیش لە بارەی کایەیەکی هەستیاری وەک وەرگێڕانەوە بێت، ئەوا سەنگ و کاریگەری و بەهای ئەم وتوویژانە چەندقات زیاتر گرنگیی خۆیان دووپات دەکەنەوە.

ئازاد بەرزنجی، خاوەنی زیاتر لە چل کتێبە، کە زۆربەیان کاری وەرگێڕانن، ئەوەی وا دەکات بە متمانەوە بەرهەمی ئەم وەرگێڕە وەرگرین و بیخوێنینەوە، شارەزاییەتی لە زیاتر لە یەک زماندا و وردبینییەتی لە بە کوردی کردنی ئەو بەرهەمانەی دیارییان دەکات بۆ وەرگێڕان، ئەو بە بەرپرسیاییەتییەوە کار دەکات و بە جدی خەمی ئەوەیەتی کتێبەکانی لە باشترین فۆرم و بەرزترین کوالێتیدا پێشکەش بە خوێنەر و کتێبخانەی کوردی بکات، هاوکات رەهەندێکی دیکەی سەرکەوتنی ئازاد بەرزنجی لە کارەکەیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کار تەنها لە یەک بواردا ناکات، ئەو ئەگەرچی خەونی گەورەی ئەدەبە و بەو زمانە حەز دەکات گوزارشت لە خۆی و دنیا تایبەتەکەی خۆی بکات، بەڵام قووڵی و شارەزایی لە زمانی فکری و فەلسەفی و بابەتی دەروونی و بەرهەمی هونەریی وەک شانۆنامەشدا هەیە و لە ئاست ئەو لایەنانەشدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە و کۆمەڵێک کتێبی گرنگی لە بوارەکانی فکر و فەلسەفە و زانستی دەروونی و شانۆنامەدا پێشکەش کردووە، ئەمە جگە لەوەی پشکی شێری بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی بەر رۆمان و شیعری ناوازە دەکەوێت و بە هۆی کارەکانی ئەمەوە، بە بەرهەم و فکری زۆرێک لە داهێنەرانی جیهان ئاشنا بووین.

ئەم پێشەکییە دەروازەیەکە بۆ ئەوەی بە کورتی کتێبی (وەرگێڕان لە گفتوگۆدا) بناسێنین.

لە دەسپێکی کتێبەکەدا، بەرزنجی سەبارەت بە وەرگێران بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەخاتە روو: «هەڵبەت راستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە وەرگێڕان لە دونیای ئەمڕۆدا بووەتە پێداویستییەکی ژیاری و شارستانی و دەکرێ بڵێین وەرگێڕان پردێکە، کە

کۆمەڵگە سونئەتییەکان پیایدا بەرەو دنیای مۆدێرن دەپەڕنەوە،گەر تەماشایەکی مێژووی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و پەرەسەندووەکانیش بکەین، دەبینین یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانیان لە بنیادنانی بزافی رابوون و بووژانەوەی کولتوورییاندا وەرگێڕان بووە.»

بە بڕوای ئازاد بەرزنجی، هەر لە ڕێی وەرگێڕانەوە بە مێژوو و بە ئاسەوارە فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئەدەبییەکانی ئەوانی تر ئاشنا دەبین و وانەی مەعریفی و ئیبداعییان لێوە فێر دەبین و دەبنە فاکتەرێک لەو فاکتەرانەی لە بنیادنانی گوتاری کولتووری و رۆشنبیریماندا یاریدەدەرمان دەبن، دواتر بەرزنجی وای بۆ دەچێت «ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەوە هەبێت، کە ئەم سەردەمە سەردەمی گفتوگۆی نێوان کولتوورەکانە و سەردەمی کرانەوەیە بە رووی دنیاکانی تردا، ئەوا بێ سێ و دوو لە زەروورەتی کاری وەرگێڕان تێدەگەین و پەی بە گرنگیی دەبەین، ئێمە ناسینی بەرامبەر وامان لێدەکات هەوڵ بدەین و زیاتر خۆمان بناسین و بە گوتاری خۆماندا بچینەوە.

ئەم کتێبە باسێک و کۆمەڵێک گفتوگۆ لەخۆ دەگرێت، کە زۆربەیان لە بارەی مەسەلەی وەرگێڕان و ئیشکالییەتەکانی وەرگێڕانەوەن لە کوردستاندا و لە ساڵانی رابردوودا لە ماوەی زەمەنی جیاجیادا لەگەڵ ئازاد بەرزنجیدا ئەنجام دراون، لە کۆی گفتوگۆکاندا تەنیا سیانیان تایبەت نین بە کاری وەرگێڕانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانیش پەیوەنددارن بە دۆخی رۆشنبیریی کوردی و گرفتەکانیەوە، بۆیە پەسەند کراون و لەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە.

هەر لە دەسپێکی کتێبەکەدا وتارێکی ورد و قووڵ و فرە ڕەهەند لەسەر وەرگێڕان لەلایەن ئازاد بەرزنجییەوە نووسراوە بە ناوی (چەند پەیڤێک لەسەر وەرگێڕان) نووسەر لەو وتارەدا تیشک دەخاتە سەر ساتەوەختە بەراییەکانی سەرهەڵدانی وەرگێڕان کە نموونەی یەکێک لە چیرۆکەکانی ناو تەوراتی هێناوەتەوە، گوایە لەو چیرۆکەدا باس لە دابەشبوونی زمان دەکرێت لای مرۆڤ، پاش رمانی بورجی بابل و ئەم چیرۆکە ئاینییە بە لێکدانەوەیەکی سەرەتایی دەژمێردرێت بۆ بەراییەکانی سەرهەڵدانی وەرگێڕان و و زەروورەتی ئەو سەرهەڵدانە.

هەر لەو وتارەیدا پێناسەی وەرگێڕان دەکات و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کە بۆ هەموومان گرنگە (وەرگێڕان چییە؟) بە ڕای ئەم نووسەرە وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا، هەم بە مانای گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دێت، هەم بە مانای وەرچەرخان و رووکردنە ئاراستەیەک دێت.

پرسیارێک لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان هەیە و بەردەوام دەکرێت و دووبارە دەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە (ئایا وەرگێڕان زانستە یان پیشەیە و یاخود هونەرە؟) ئازاد بەرزنجی زۆر بە روونی و هەمەلایەنە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و وەرگێڕان وەک زانستێک پێناسە دەکات، کە دەبێت کەسێتیی وەرگێڕ تێیدا شارەزا بێت و دەشڵێت: هێندەی پەیوەندیی بە ئەزموون و پاشخانی رۆشنبیری و هەوڵ و تەقەلا و بەردەوامبوونیشەوە هەبێت، ئەوا وەرگێڕان دەبێتە پیشەیەک، کە وەرگێڕ لە میانەیەوە لە نهێنییەکانی کارەکەی خۆی دەگات و دەیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

بە بڕوای ئازاد بەرزنجی ئەگەر وەرگێڕ هونەرمەند نەبێت و وەکو هونەرێک مامەڵە لەگەڵ بوارەکەی

بە ڕای ئەم نووسەرە وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا، هەم بە مانای گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دێت، هەم بە مانای وەرچەرخان و رووکردنە ئاراستەیەک دێت.
پرسیارێک لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان هەیە و بەردەوام دەکرێت و دووبارە دەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە (ئایا وەرگێڕان زانستە یان پیشەیە و یاخود هونەرە؟)



خۆیدا نەکات، ئەوا لە زۆربەی کاتدا کارەکانی، بەتایبەت کارە ئیبداعییەکان بێرۆح و ساردوسر دەبن، هەربۆیە دەشێت لە تەرجومەی کاری فیکری و زانستی و رەخنەییدا زیاتر بنەمای زانستی و شارەزایی و ئەزموونی کەڵەکەبوو رۆڵی کاریگەر ببینێت.

یەکێک لە دیدارە جوان و سەرنجراکێشەکانی ناو ئەم کتێبە، وتووێژی رەخنەی چاودێرە لەگەڵ ئازاد بەرزنجیدا، لەم دیدارەدا سەبارەت بە پرسی پەیوەندیی وەرگێڕان بە پرۆسەی بیرکردنەوەوە، ئازاد بەرزنجی دەڵێت: بە رای ئێمە هەموو وەرگێڕانێکی جدی بیرکردنەوەیەکی جدی لە پشتەوەیە.

ئەوەش ئاشکرا دەکات، کە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان پرۆسەی وەرگێران و زماندا هەیە و دەشڵێت: دیارە هیچ زمانێکیش نییە کە دابڕاو بێت لە فیکر، ئەمە ئەگەر بە مانا گشتی و فراوانەکەی لێی بدوێین، هەر بۆیە بەم پێیە، پەیوەندییەکی زیندوو لە نێوان وەرگێڕان و پرۆسەی بیرکردنەوەدا هەیە.

دواجار ئازاد بەرزنجی پێیوایە وەرگێڕان هەم خۆی بەشێکە لە پرۆسەی بیرکردنەوە، یان بەرهەمێکی ئەو پرۆسەیەیە لای وەرگێڕ و هەم پرۆسەیەکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی بیرکردنەوە لای وەرگر، ناوبراو نموونەی ئەو کتێبانە دەهێنێتەوە، کە وەختێ بۆ سەر زمانێکیتر وەرگێڕدراون، کاریگەریی گەوهەرییان لەسەر گۆڕینی گوتاری فیکری و رۆشنبیریی ئەو زمانە کردووە، کە بۆی وەرگێڕدراوە.

بە کورتی لەم کتێبەدا واتە (وەرگێڕان لە گفتوگۆدا) هەم لە پەیڤەکەی خۆیدا، هەمیش لە چاوپێکەوتنەکاندا و بە هۆی پرسیارەکانەوە، بە بیر و ئەندێشە و تێڕوانینەکانی ئازاد بەرزنجی ئاشنا دەبین، سەبارەت بە گرنگی و هونەری وەرگێڕان و ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی لە بوارە جیاجیاکاندا، بۆیە دەبێت وەک یەکێک لە کتێبە گرنگەکان تەماشای بکەین، کە پڕیەتی لە زانیاری و مەعریفە و رۆشنبیریی گشتی سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕان و چەند پرسێکی دیکەی رۆشنبیری.





# پێشبینیی زمان

سەباح ڕەنجدەر

## دەست ڕاخستن

ئ ا ب ت پ ج ح خ
چ د ر ڕ ز ژ س
ش ع غ ف ڤ ق
ك گ ل ڵ م
ن و وو ۆ ه
ە ی ێ
مردن دەستی ڕاخستووە بەسەریدا بڕۆم
فریشتە لە پشت سەرمەوە چاوی چاودێری قووڵایی هەزار چاوە
چاوم لەسەر هەڵناگرێت
دەتوانین بڵێین لە بارێکی تایبەتدایە

## دەق

ڕۆح پرس و ڕا بە هێزی خۆر دەکات دۆنایدۆنی
ئاو
ئاگر
با
خۆڵ
کامیان بم
سەرێ بکێشە ماڵێك کە بڕیاری کوشتنی مانگی تێدا نەدراوە
چەند ڕووخۆشانە دەفی ڕوومەتی خودا
پەنجەی باریك کردوومەتەوە
هەموو ڕازێکی خستووەتە دڵم
لەمەوبەدوا ژیان بە سادەیی وەردەگرم
دەتوانن بڵێن لە بارێکی تایبەتدایە

## چاوەڕوانیی تێکشکاو

بە ڕووخسارێکی پڕ شادییەوە ڕووبەڕووی ئاڵای وڵاتەکەم وەستام
هێند بە ئاسانی ئاسمان و زەوی لێك هەڵاتن
هێند بە ئاسانی ئادەم و حەوا پشتیان تێك کرد
هێند بە ئاسانی دایك و باوکم چاویان لێك وەرگێڕا
هێند بە ئاسانی من و خێزانەکەم لێك تووڕە بووین
منداڵێك سییەکانی خاوبوونەوە و هەموو هێزی خۆی هێنایە ئەژنۆی
هەستایە سەر لاقە لاوازەکانی و بە قووڵایی هەزار چاو سەیری ئاڵای کرد
شەونم لە چاوی بووە هەڵم و گوتی ئەی بۆ سێوی پێوە نییە
چاوەڕوانییەکی تێکشکاو
.... .... .... ....
.... .... .... ....
.... .... .... ....
.... .... .... ....
سەرێك کەوتە ناو چاڵێك



دەزگای ڕاگەیاندنیش ڕۆژنامەی خۆی بڵاودەکاتەوە
حەزدەکەم ببم بە هەڵۆ بە چڕنووکم هەموو ڕۆژنامەکان بدڕێنم
پاشان ببم بە دەعبا ئامێری چاپخانەکان بۆ تاهەتایە لە کار بخەم

## بەرەو ساکاربوونەوە

ئاسۆ سڕبووە ڕوومەتی خۆری لێ گەرم نابێت
وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم
ڕایەڵەکانی وتن پچڕاون
تووخوای جوان وەرە خەونم
بۆ ئەوەی ساکارانە بڕوانمە زەوی
با زەوی لە دڵتوندییەکیدا هەناسەیەکی من هەڵمژێت

## فەرموو وەرە ناو ژیان

هەردەبێت لەسەر ئەم زەوییە نازدارەدا
دێوی گوانشۆڕ و
فیلی چاوسوور و
مۆتەکەی کڵاوجادوو و
هەزارپێی ڕیشاڵ لاڕەشە لەگەڵمان بژین
کارئاسک ناچێتە سەر ئاوی تیژ
مێروولەش لە ئاوی هێمن دەخواتەوە
فرمێسکەکانی خودا کە دەڕژێتە سەر زەوی باڵندە دەیخۆنەوە
فەرمووش لە من دەکەن
ئەی خودا ئەوەی داوای دەکەم پێم ببەخشە مردن
مردن سەربخاتە کۆشی چیمەنی حەوشە و ناوچەوانی قوربانی
شەراب پێدەگەیەنێت
پشووی بەخشندەیی و سەروەریت درێژبێت پیاڵەی پڕ
دەستێك بە ناوچەوانانم دابهێنە



## دەق

با وەك ئاسۆی كراوە چاوی گەرم بێ و نزای ببیسترێت
لە توانامدایە ئاوی دەنووكی پەڕەسێلكە بەو ئاگرە داكەم كە لە وڵات
دەبارێ

## پشووی باڵ

دەبوایە هەر ئەو كاتە بێت لە قاز و قورینگ و مراوی بپرسم
مەلەوانی گۆم یان ڕووبار
پشوو بە باڵتان دەدا
گوتیان دەتوانی بۆ خۆت بیربكەیتەوە
لە هەزار ساڵ چاوەڕوانی
هیچ شتێك نەگۆڕا
كەس قسەیەكی تازەی نەكرد
پەنجەرە بە ویستی خۆت نەیكەیتەوە كوێرە
ئاشق كە لە دەرگای مەیخانەی خودادا
فەرمووی گوێ لێ بوو
داوای ژیانێك دەكات پێشتر گۆرانی خواستی بۆ گوتووە
دەیهێنێتەوە ناو ژیان و لەمەوبەدوا لە سێبەری خۆی ڕاناكات



## بەدوا ڕۆشتن

باران نمە نییە
ڕووناكییەكی خوداییە بەسەر دڵ و گیان دەبارێ
ئەو بەر و ماڵ و حەوشەیە
دیواری نەخشی چیای بەسەرەوەیە
شوێنێكی دڵگرە بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆ و تەماشاكردنی
زەڕنەقووتەی ناو هێلانە و تاسەی باڵ لێكدان و دانەوێڵە
كەروێشكێك قوونە قوون بە دوای بەچكەكەی دەڕوات
مانگی دەست و دڵگەرم كۆسپەی ڕێگای بۆ دەڕنێت

## ڕاهێنانی دەنگ

نواڵە گوێی لە پەشیمانی قابیل گرت و لەرزی و گریا
بیری لەو ڕۆژە کردەوە کە بەدبەختی پەیدابوو
پاشان منی کوشت و لە یادی نەکردووم
لە یاداشتیدا فانۆسم بە لکی
درەختی باخی ناوبانگییەوە هەڵیواسیوم
لە ژووریشیدا پەنجەرەی گوللە نەبڕ
خودایە نهێنیی غەریبی ماڵەوەکردن چییە
بە سەرنجی پڕ سەرسامی دانیشتووم
لەبەر دەمی خۆم ورد دەبمەوە
زۆر نابا دڵی مرۆڤ دەبێتەوە دڵی زەوی
خەم نا هەمووومان بەو ڕێگایەوە
دەنگمان بە گۆرانی خۆش دەبێت



## دڵی خرۆشاوی پیاڵە

پرچ بەسەر گوێ و لاڕوومەتی نواڵە
وەك باڵی قەتێ هاتووەتە خوارێ
شەرم لە نەرمی و گەرمیی گوێ و لاڕوومەت دەکات
پرچ بە دەنووکی پەڕەسێلکەی لەسەر ئاوی شیرین هاتوو
داوای خۆی خستە ناو دەستم
شەرمم بۆ کەس مەگێڕەوە
نەرم و گەرمیی گوێ و لاڕوومەت و شەرمم
لە بیرچوو لە دڵی خرۆشاوەی پیاڵەی پڕ بیگوازمەوە
بەر ئاگری بەسەرنەچووی سۆز
چی بوو لە بیرم چوو
دەچمە شینایی ئاسمان و هەردوو دەستم نزای لەسەر سەوز دەبێت

خۆمم بە بیر هاتەوە
بەر پەنجەرە نوالەی لێ بوو



## دیدارێکی تایبەت

ئەو هات
من چووم
من شیعر بووم
ئەو ناوکی ڕووناکی
ئەو سێ بەشی ڕێگا هاتبوو
من بەشێك
لە ڕێگادا پێك شادبووین و فرمێسکی شکۆ کەوتە خوارێ
دەتوانین بڵێین دیدارێکی تایبەت بوو
من گەڕامەوە ماڵ
هەزار هێڵ لەناو لەپمدا بوون بە ناوکی ڕووناکی
ئەو لەناو بازنەیەکی ڕووناکیدا بیندرا و کلیلی بۆ هەزار قفڵ برد

## ئاهەنگیساڵی مردنی دایناسوور

فاڵگرەوەیەك ڕێنمایی کردم
لە ساڵی مردنی دایناسوورێکی نەرم و نیان
مۆم لەسەر کێلی داگیرسێنم
مار تاجیش لەسەر بکات
ژەهر لەبن تاجەکەی نامەبەرە و دەڕژێتە حەوزی دەستنوێژگرتن
نامە تەنیا باڵندەی خۆشخەبەر نایهێنێت
ناسینی بەهار دژە ژەهرە و نامە بزەیەکی بەخشندەیە
دەمانباتە خەونێکی هێمن و ئاکاری شەرمنی گوڵەوە

## خۆ درکاندن

ماندووبووم بە ئاشنابوونی یەکەمین نهێنی
لەو هۆیەش نەگەیشتم مرۆڤ بۆ
دوای ماندووبوون دەستە و نزا داوای دیداری خودا دەکات
وەڵامی چارەنووسم دایەوە
ماندوویێتی هات
کڕیاری مەرگی خۆمم
مەرگ خۆی درکاند و ئاماژەی دا
لە نێوان هەنگاو و هەنگاوێکدا
شکۆی شوێنەوارت دەپارێزم
نەمزانی دەنا بڕیارم دەدا لە نێوان هەنگاوەکانمدا
بژیم و ناوکی ڕووناکی بێتە لام



## مانەوەی وێنەیەک

بۆنی جۆگە ئاوی بن بڕکە تەماتە و باینجان و ئاروو
قوڕی خاکەناسی ئاودێر و نازی بەرڕن
گریانی خۆشی منداڵ و مۆسیقام بەراورد کرد
لە خاوێنکردنەوەی ساچمەی ڕاووشکاردا
گوللەیەکی کوێر بەراوردکاری کوشت
کارئاسک و کەروێشک خوێنیان لە زەوی شووشت
وێنەیەک مایەوە
کاتێک وێنەکەمان بە سینگی دیواری مۆزەخانەوە هەڵواسی
دیوار توانای تێگەیشتنی بیری ئەو بەراوردەی نەبوو
ڕەنگی وشە دەچێتەوە سەر ڕەنگی هەست
ئەو ڕەنگەی لە باڵە پڕەستەکانی تیترواسک دەبێتە خەڵات
لە خودی خۆی خاڵیمان دەکات
کارئاسک و کەروێشکیش دەچنە سەر ئاوی هێمن و ئاو دەخۆنەوە



## ڕەوایی سروشت

بەیانییان ئاوی جۆگەی دامێن کانی سۆمای چاوی نامرادانە
سروشت لەناو کراسی ڕەنگ دیدەنی کیژێك چاوی کردووەتەوە
سەوزە و میوە لەناو کەپرێکی ناوبازاڕ دەفرۆشێت
ئەنگوستیلەی ئەفسانە لە پەنجەم گیر بووە
من هەمیشە ئارەزووی سروشت بەڕەوا دەزانم
کەروێشك خەو چاوی بەردا و لە لانەی بێتە دەری
چیا پڕ دەبێ لە گەرمایی
دەشت لە ڕاز
مانگ دەتوانێت شایەدیی فڕینی شەمشەمەکوێرەش بدات
ترسێك لە دڵمانی دا
بەڕێوە خۆمان پێ ڕاناگیرێ
سروشت دەمار لە پشتی وەرگەڕا

## گەرمبوونەوەی یادەوەری

دنیا سارد بووە
ئاوی حەوزی مەلەکردنی حەوشە و ماڵ گەرم دەکرێت
هەموو جێگاکان دەزانین
تەنیا جێگاپێی شەهیدەکانمان نازانین
جێگاپێی شەهید هێمنییەکی پڕ بە دڵ دەنوێنێ
لە ڕووخساری ئەو کاتەی مانگ دەکات
کە لە گلێنە شەپۆل دەدا
ئەوە چییە لە گلێنەدا پەرە دەگرێ
ڕابردوو هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
شەهید هاوڕێی جێماوی ئێمەیە
لە یادەوەری یەکتردا گەشە دەکەین
بارانیش سەرما دەشکێنێ

باران نمە نییە
ڕووناکییەکی خوداییە چەتر بۆ دڵ و گیان هەڵدەدا

## گەیشتن بە خۆت

بۆ لای ماڵی تۆ هاتم ڕێگایان لێ گرتم
چۆرتە و چەتەکان نەیانتوانی چ بکەن
دڵم ڕێگای خۆی هەبوو
سوپاس بۆ ئەو دڵەی خۆم
هەزار ڕێگای هەیە بۆ گەیشتن بە ناوکی ڕووناکی
نایەڵێ دڵشکاو بم
بەوجۆرەی کە هەی دەتناسم
ناشکرێ ئاشنای کەسی تر بم
ناشبمە برادەری کەسێك کە بمرێ
دنیا شەوە لەناو بازنەیەکی ڕووناکدا دەبیندرێیت



## شکۆمەند نەبوون

بای ناوچەوان گرژ
تەوەزەل و
زەبەلاح و
دەم و لێو ژەنگاوی و
مردۆخە
لە وەتەی چاوی ڕواوە لە سەر زەویی نەرم و نیان هەڕەشە دەکات
تەماشای پێی دەکات جێگاپێی نییە
تەماشای دەستی دەکات ستوونی ڕەشماڵێکی ڕانەگرتووە
تەماشای دەمی دەکات پەندێکی باشی بەکار نەهێناوە
تەماشای ناوچەوانی دەکات قومرییەك پووشی لەسەر دانەناوە
خۆی پێچایەوە و هەڵات

دەق

بەو نیازەی خۆی دابڕێژێتەوە
دیارە با شکۆمەند نییە

## ئاوێنەی دەستی گورگ

لە بیرکردنەوەیەکی پاکیزەیی و ئەفسانەییدا
باڵی مەلەی دەهاوێشت و دڵی دابووە خودا
سۆتەکی جغارەی دەکەوتە ناو فنجانی قاوەی
لە میهرەبانییەك گۆرانییەکی زێڕینی چاخە کۆنەکان
دەستی لەسەر شانی دانا و بەردەمی خۆی بینی
بای سەرپەڵە پەڕەی کتێبی ڕووداوەکانی هەڵدایەوە
یەکەم سەر ناوی
ئەو زەوییەی ئێستا لەسەری دانیشتووی نازانیت خۆت لە تای کام تەرازووی
دابنێیت
بۆت دەدرکێنێت
چی ڕوویداوە و چەند دیکتاتۆر داگیری کردووە
کێش کوژراوە و کەی ناوی لێندراوە
مێژوو لەناو خوێنمان قاقا پێدەکەنێ و دەنگی خۆش نییە
قەل کە پیلان بۆ تەمەنی پەپوولە ڕێکدەخات ڕایهێناوە
کوندەبۆ
چەقەڵ
واشە
بزنمشك
دووکلکە
تیپی مۆسیقاژەنین
لێرە گورگی خاوەندار لە کەمین دانیشتووە و ئاوێنەی پێیە
ئێمەش لێوەی تەماشای ژیان دەکەین
دڵی بەهارمان نەناسی

## مانەوە لەناو ڕووناکیدا

وێنەی شاری خواستەکانم لە پێش خۆم بڵاوکردەوە
چاوم لەسەر ڕوخساری پەری شاراوەی بەهەشت ڕاگرت
بایەکی تیژ هەڵیگرت و فڕاندییە ناو تەپوتۆز
تیشکی خۆرەتاوێکی نەرم
لە سییەکانم دەرهات
دانیشتن لەژێر درەختی نزیك کانی و ئاو نەوای بەختیاری خودایییە
تیشکی سیمای برادەرەکانی لێ دەردەکەوێت
لە کێوی دڵم دەدا
لەناو ڕووناکیی شۆڕشگێڕ دەمێنمەوە
حەزناکەم لە شوێنێکی دوورەدەست و ژیانێکی تردا بژیم
سەرم لەسەر کتێبی ڕووداوەکان هەڵگرت
تەپوتۆزی نیشتووی سەر گڵۆپی ژوورم سڕییەوە
دەرگای ماڵ پێ و دەست و دڵ و چاون
لەگەڵم دێن و دەڕۆن
خۆمم دەدەنەوە دەست و خورپەم پێ دەبەخشنەوە
بە هەستی گەڕانەوەی ماڵ سەیری شارم کرد
ماڵێك ڕووناك بە ڕەنگی ژیان
ژیان گەرمایی ئەو هەنگاوەیە
بەرەو لای تۆ هەڵیدەهێنم ئەی ناوکی ڕووناکی

## نیازی بەراورد

لە شەودا نواڵە هاتەلام
پرسیم بۆ ئێستا
سەری شکۆمەندیی ڕاوەشاند و بە لەرەی لێوەوە
ئەی بۆ ئێستا نا
ئەگەر بە ڕۆژ بهاتبوایت بەراوردم دەکردی بە شکۆی بەهرە و سرووش

دەق

تەماشایەکی سەرپەنجەکانی کرد
سۆزی زایەڵەیەك بەرەو غەمگینی و تاریکییەکانی دڵ کێشای
جێگاپێی لە ناوچەوانم ڕۆچوون
نووسیم ئەو ڕستەیە لێکبدەوە
یادگاریت دەپارێزم و بەردەوامم لە خۆشەویستیت
لۆکەی ناو قامیشی نەی قاوەیی سووتا

## درەختی بنەماڵە

دیوان و ماڵم سەرڕێژن لە تیشکی خودا و پیاڵەی پڕی بەزەیی
دەستی ڕەشی دەسیسە ناتوانێ بیانشارێتەوە
بەیانییەك بە ئومێدی مەحاڵ دەستەمۆکردن لە خەو هەڵدەستم
دەچمە ناو پەڕی گڤبووەوەی کەڵەباب لە کاتی بانگدان
بیر لە تۆ دەکەمەوە ئەی کەس و کار و درەختی بنەماڵەم شیعر
دەمەوێ لەناو ڕەگ و چڵ و پۆپتدا بمرم
لەناو ڕەگ و چڵ و پۆپی ئەو مردنەدا
خەڵك و
ئازادی و
ناسینی بەهار و
سێبەر و هەتاو هەن
بەو چەشنە کوڕێك هەبوو
دەربەندی گۆم و هەولێری خۆشویست و خودا بۆ خۆی بردییەوە
بۆ ئەوەی لە ژێر پێستی دڵی خۆیدا بیژێنێت
ئەی کەس و کار و درەختی بنەماڵەم کە تۆ دێیت
زیاد لە پێویست ئاگام لەخۆمە و باران لە ڕێژنەوە دەبێتە نمە
هەستیار و تایبەت دەبیت و لەسەر ڕووناکیدا دەنوی
شتێکی تر نامێنێ سەرم بسووڕمێنێت
مۆم ئاوی ڕووی خۆی دەڕێژێتە ژێر پێی خۆی
ئاوی ڕوو ئاشتییەکە هیچ شەڕ و دوودڵییەکی تێدا نییە

## قەراغی دەف

خودا لە بۆشایی نێوان ئەستێرە و مانگدا منی دۆزییەوە
دەستی گرتم و هێنامیە خوارەوە
لە سێبەری درەختی پیرۆزدا نیشتەجێی کردم
باڵندە هۆگرم بوون و بەرزیان کردمەوە بۆ ئاسمان
دووبارە خودا پێشکێشی زەوی کردمەوە
من لە شەوی تاریك و نووتەکدا بە چرای دزانەوە نەهاتوومەتە ناو ژیان
لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە ڕسکاندمی
ڕیخۆڵەی ناوکم بوو بە چەرمی ورد دووراوی قەراغ دەف
گردەنشینێکی دڵنەرم لەسەر ئاوازی کاتژمێرەکەی کۆك دەکات
بۆ ئەوەی بچێتە گەشت و خواردنگای خاوێن
دەتوانن بە ڕوونی لە ڕێگاوبانان بمبینن خوێنم دەجۆشێ
لە گەورەمەندی باڵ لێکدانی کەڵەشێردا
سییەکانم پڕ دەبن لە هەوای تاسەی ڕسکان
کە کونی شمشاڵ لەرەی دڵی دەناسێ
ئەوەی لە ڕۆژی نیوەڕۆدا تاسە بیڕسکێنێت
جگە لەوەی جۆگەکان بخاتەوە سەریەك
بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە
چاوی هەقیقەت تروسکاییەکی گەرمە
ئاگری بێ ئامان نییە
تاریکی نامێنێتەوە
کاتێکی باشە بۆ ئەوەی فوو لە ناولەپم بکەم و
بگەڕێمەوە ناو تاسەی ڕسکانی خۆم

## ئاوڕشێنی دەموچاو

لە نێوان دڵ و زماندا
ڕووەك بۆن و بەرامە وەردەگرێت



ڕووەکی خەولێکەوتووی مۆزەخانەش
یاد لە جۆگەی گەرم و نەرمی خەیاڵ دەموچاوی ئاوڕشێن دەکات
هەڵۆش هێزی لەنگەرگرتنی لێ وەردەگرێت
وا مردن هات چ دەگەشێتەوە
چ لە نێوان دڵ و زمان هات و چۆ دەکات
ئەی چی وڕێنە دەکات و دەتاسێ
دڵ و زمانم بەداری ئاڵا هەڵواسراون
شەهید ماوە و  یارمەتی لە ناوکی ڕووناکی وەردەگرێت
ڕەنگاوڕەنگی کردن
دێوی تێکبەر نامەکەی هەڵپچڕی و پڕ بە پێ پێدزەی کرد
کرم لە گیانم نادا
خانووم دڵۆپە ناکا
مانگم تریفە دەدا
هەڵۆ لە لەنگەرگرتن وەنەوز نادا
خوریش کێشی گرانی پێوە هەڵناواسرێت



## سندووقی تەرم

لە دەم ڕووبارێك دانیشتم
نیگەرانی شیعرێکم لێکدەدایەوە
لە پێش دڵم ئاوەکە دەهاتە پێشەوە و دەگەڕایەوە
تەواو وەك دڕندەیەکی ئاوی
لە بۆسێ و بیەوێت نێچیرێك ژێر چەپۆك خات
بڕوام بە چاوی خۆم کرد و خوێنم جۆشا
دەنگی ئاوەکە دەنگی دڵەڕاوکێیەکی ترسناکی لە شێوەی شەوقی هەورە برووسکی  دەهێنا
بە قووڵایی هەزار چاو لە ئومێدی شیعر دەژیام
خۆر بەتیشکێکی توند لە باوەشی گرتم و سەرپێی خستمەوە
بەدەست و هێزی دایکێك دەستی بە دەموچاوی داهێنام

دەموچاوم تەواو هاتەوە سەرخۆ
سندووقی تەرم هەر یەك مردووی پێ دەبردرێتە گۆڕستان

## خۆشبوونەوەی ئاگری دڵ

شەوە لە دەرزی و خەنجەر و قورئانی
پشت سەری مەلۆتکە ساتمەی کرد و لە پەڕوو کەوت
پاشان لە ڕاڕەوێکی داخراودا هەراسان مایەوە
لە مەلۆتکەی پرسیی ئێستا چ بکەم
بڕوانە ئاگر و لەگەڵ ئاگردا
بسووتێ و ئاهەنگ بگێڕە و نوقمی شکۆی ئاهەنگ بە
پاشان بڕۆ بە تەنیا بمرە و وەرەوە
لە دڵدا ئاگرمان هەیە
هەرکەسێك داوابکات ئاگر لە دڵی خۆیدا دەدۆزێتەوە
سوپاس بۆ دۆزینەوەی ئاگری دڵ
گەوهەرێکی درۆزنانە نییە
هەموو شتێك دەگەیەنێت و بەوپەڕی خۆی دەگات
لەسەر سینەی ئاوی خدر دەخۆمەوە
دەرزی و خەنجەر و قورئان
لە ئێوەوە پەنا بۆ ئێوە دەبەم
شەوە برای قەقنەس نییە
قەقنەس ئاگری ناسی و ئازاری نەدا
شەوەش پێی لە برژانگ ڕۆچووە
تەماشای پردی شکاو دەکات
باڵندە خۆی بە هەر چوار لای قەفەس دادەدا
قەفەسیش دە هەزار تەلسمی ئاگرینی تێدایە
کەسیش نەیپرسی ئەو تەلیسمانە چییان تێدایە
کێش لە دیداری ناوکی ڕووناکی دەمێنێتەوە
ئەی گیانی ئاگر و قەفەس





چاوم لێڵ بووە و ئێستا وادەی دوای جوانەمەرگیمە
لە پێشوازیتدا دەست بە زەمبیلەی پڕم و میوە دەبەخشمەوە
بە مەبەستی دڵ دەگەم و دەپرسم دڵی من کێیە
دڵ بەردەوام لە ئاسمان خول دەخوا و ڕێنمایی هەڵۆ دەکات

## کەڵژیان

مەرگ سەر لە سەرم هەڵگرە
چاوم لەسەر مانگی چواردەیە و کۆمەڵێك ئەستێرەم لە دەور و پشتی داناوە
باسی ڕووناکی بۆ نواڵە دەکەن
کاتێك ڕووناکی دەکەوێتە سەرمێزی ناو باخچە
وەك دەستێك لەژێر چەناگە
دەموچاو جوان و ئاسوودە پێشان دەدات
بەڵێنم بە ڕووناکی داوە
دەزووی تاسە لە بارستی دڵ هەڵبکەمەوە
ناشزانم بەڵێنی چی لە ڕووناکی وەربگرم
لە کاتێکدا لە دڵم دەڕوانێ و دڵمی پڕ بۆنوبەرامەی کەڵژیان کردووە
مەرگ ماڵم لە نێوان کتێبی ئاسوودەیی و کتێبی دڵ لەسەر ڕێیە
لە ناوێکی تازە بۆ کەڵژیاو دەپرسم

## گەرمایی ناوچەوان

لەرزی دیدار لە سەری پەنجەی پێمەوە دەبێتە ڕووداو
بە تەواوی دەمار و خوێنمدا مێرووله و هەڵبەز و دابەز دەکات
لە چاومدا دەبێتە ئاگری بێ ئامان و هەواڵی مەرگ
لە ڕووناکیی دیداردا چاوم سووتا
لەمەوبەدوا هیچ مووچڕکێك بە چاومدا تێناپەڕێت
دیمەنی ناشرینیش سەرودڵم ناگرێ
تەنیا دەست لە چورچ و لۆچیی ناوچەوانم دەخشێنم
کە بە دڵی دیدار بە ڕێگادا بڕۆم

درەختەکانی ئەم دەست و ئەو دەستم
چاوڕوونمن و لەگەڵمدا دەڕۆن
نەبینین باڵندە لەئاسمان وڕ و کاس و تاساو دەکات
ئای چاوم چەند ئارەزووی فرمێسکی شکۆی هەیە
چ شینایی ئاسمانی لە ناوبرد
لە ڕووناکیی دیداردا داڵ دای لە دەمار و خوێنم
کلۆش بۆ گەنمی ڕژاوی گیانم باری
ناسینی بەهار لە دڵی نواڵەدا بوو
ویستم بیناسم نەمناسی
لەمەوبەدوا لە سێبەری خۆشم ڕادەکەم

## یاقووتی ئەنگوستیلە

لە خانوو و ماڵی سەر ئەم بەرزاییە
گوڵێکی ناو باخچەیم لێکردەوە
کە هێشتان خوناوی شەوی لەسەر مابوو
ئەڵقەیەکم خستە ناوی
بۆتۆم لەسەر لێوی پەنجەرەی ماڵتان دانا
لە چاوێکی چاوەڕواندا چ باسە
هەموو ڕۆژێك لە پەنجەرەڕا
ژیان بۆ ڕامانی پاك و سرووشی خودایی ئامادە دەکەم
قومرییەك لەشێوەی دڵبەر چاوی پەنجەرە دەکاتەوە
چاوی پەنجەرە بەهۆی داخستنەوە سەیر دەزرینگێتەوە
بەو تەمەنەشەوە بڕوام بە ئەڵقەی ناو گوڵەکە ماوە
گوتم دەچمە بەر پەنجەرەیەکی تر کە شەکراوی لەبەر بگێڕدرێت
پەنجەرەیەکی لەم پەنجەرە ڕوونتر بێهوودەیە
یاقووتی ئەنگوستیلەم وێنەی ڕووناکییەك پێوەی هەڵواسراوە
دەستم بە شکۆی ڕووناکییەکەوە گرتووە
ئەمە هەمووی ماوەیەکی زۆر نییە ڕووی داوە

## دەق

خۆشترین کاتی تەمەنە دووبارە دەست بۆ گوڵی ئەڵقە لەناو ببەمەوە
چاوەکانم نووقاند نواڵەم بینی لە نزیکم دەژی
چاوی پەیامێك لەسەر پێستی زەوی نیشت
وزەی بەخشییە گژ و گیا و بۆنی گژ و گیای مزر و شیرین بڵاوبووەتەوە
دەنگی گیانلەبەر و هەموو شتەکانم بە گۆرانی دێتە گوێ
گوڵێك بە یەخەی شەقامی بن قەڵا پڕشنگ دەدا

### سێ باڵندە

بەرێگادا مامەوە
قومرییەکی دڵڕووت قاچەکانی لەسەر شانم گیر کرد و چاوڕوونمە
باڵێکی بردمیەماڵی خودا
باڵەکەی تری ماڵی نواڵە
ماڵی خودا درەختێکی بەرزی تێدا بوو
سێ باڵندەی بەسەرەوە بوو
باڵندەی یەکەم گەنجێتیم
باڵندەی دووەم جوامێریم
باڵندەی سێیەم پیریم
ماڵی نواڵە حەوزی ئاوێکی پاکی تێدا بوو
سێ باڵندە لە هێمنیی ئاوەکەیان دەخواردەوە
باڵندەی یەکەم گەنجێتیم
باڵندەی دووەم جوامێریم
باڵندەی سێیەم پیریم
بۆ ئەوەی بە ڕێگاوە بمێنمەوە
دەست بە شکۆی باڵی باڵندەکانەوە دەگرم
ئاسمان بە چاوی چاك بینینەوە سەیر دەکات و خواست بەجێ دەهێنێت
باڵندەکان بەسەر لکی درەخت و دەمی حەوزەکەوە
ئارام دەنووکیان دەجووڵێنن
تاسەی بینین چاویان دەدرەوشێتەوە و دەبنە چاوڕوونی ئەوانەی بە ڕێگادا ماونەتەوە

# بەتاڵبوونەوەی داوا

کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
کار ئاسکێك بەرەو پاوانی من دێ و بۆنی شکۆ لە شاخەکانی بەرز دەبێتەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
تەمەنی بەفری سەر لووتکە بە پیتە و دەڕژێتە باخی ناوبانگەوە
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
پەپوولە بە تاسەوە ڕاوی بۆنی پاککردنی لیمۆ دەکات
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ڕۆژ لەسەر ڕێگاکان دەردەکەوێت و دەبێتە خەیاڵێکی ئەفسانەیی
ئەی ساڵ
ساڵی تازە
ئەمن لە تۆ هیچم ناوێت
کار ئاسک تاریک بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
تەمەنی بەفر تاریک بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
تاسەی پەپوولە تاریک بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
ڕۆژی سەر ڕێگا تاریک بوو وەك هێلانەی هێلکە شکاو
وەرە خەونم ناتوانم هیچت لەبارەوە بڵێم

## هەواڵپرسین

خودا لە بیرهاتنەوەکەیدا لە دانیشتووانی قەڵای هەولێری پرسی
مانگ بە چاوی گەرمەوە ڕووی بەرەو شار سووڕاند و تەماشایەکی کردن
نەخێر لێرە نین
حەزیان لەو مردنەیە
جل و بەرگیان لەسەر ڕستە خۆر بیسووتێنێت
قەڵا ئاگری تێ بەربوو ساردیش بووەوە
هیوادارم لە هەواڵپرسین بەردەوام بێت

## لەرینەوەی درەخت

ئێوارە دڵی خۆی گوشی
لە تەختایی شاخێك دانیشتم و پشووم دا
پێشتر ناوچەوانی مێژووی وڵات بوو
بادییەك شیری مەڕە زەردەم دانابوو
شەیدای ڕاز پێکەکەی ڕژا
هی منی ڕفاند
نواڵە بۆ دەست ناخەیتە سەر دڵت و هەڵناستییەوە سەر پێ
شیری مەڕە زەردەیان دزیم
ڕۆژێك دەمەوبەیان هەموو دنیا شیری مەڕە زەردەم دەدەنەوە
لە دەمەوبەیانی هەمان ڕۆژ نواڵە لە تیشکی ڕاز دادەبەزێ
بە دڵخۆشییەوە سەر دەکێشێتەماڵی شاعیرێکی لە شەڕی گورگ شکاو
لاشەیەك دەدۆزێتەوە
ئەم لاشەیە لە کێ جێماوە
کێ دەیشوات
کێش دەینێژێت
درەختێکی لك و پۆپ بەردار لەرییەوە

## ونبوون و دەرکەوتنەوە

جێگاپێی دیکتاتۆر زامی لاڕەشەیە بە ناوچەوانی زەوییەوە
زەوی لە هیچ ڕێکەوت و ڕووبەڕووبوونەوەیەکیدا
نەترساوە لە مردن
ئەریٚ زەوی شتێك بڵێ
کوڕەکانی من
لە ناو لەپم ون دەبن و لە ئاسماندا دەردەکەون
کەسیش لە پشت تەونی جاڵجاڵۆکەوە سەیران ناکات
ئەمڕۆ ئەکتەرە کۆسەکە هەرچی پێشکێش کرد
لێوی کەس شادی نەهاتێ
برۆی کەسیش جووت نەبوو
چورچ و لۆچی دەوروبەری چاوی حەکایەتخوانی شار گەمارۆی نەشکا
کوڕەکانی زەوی گوتیان چاوەڕوانبن دەگەڕێینەوە
بەردەوام دەبین لە دووبارە کردنەوەی ئەم هاتن و چوونە
یاری لەگەڵ چۆلەکەی ئاسمان دەکەین
دەست دەخەنە سەردڵیان و دەکەون
چۆلەکەیەك بەسەریاندا تێدەپەڕێت
لەو تەرمانە ورد دەبێتەوە
چرایان هێنا
پەپوولەش
کێ بکوژی پەپوولەیە

## ناسینی هێز

هەندێك تریەی پێ کەس بۆی ناکرێ گوێی لێ بگرێت
هەندێکیان دوور
هەندێکیشیان نزیك
ڕووخساری پڕ هێمای تارمایی دەێتەپێش

## دەق

له باخچەی ئاژەڵاندا کەرکەدەنێك
له ناو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکدا ژیانی بۆ دابین کراوه
گۆڕی پیاوێکی ڕێزداریش
پەرژینی نییه
دەزانم نابێ لەمەوبەدوا بیر له هێز بکەمەوه
سیمرخی ئەفسووناوی داوای ئامۆژگاریمان لێ دەکات
له شوێنەواری یادگاری هێلکەی پیرۆزی دەترووکێ یان نا
نواڵه له خەیاڵدا بیندرا
کەس ناتوانێ دووباره بیبینێتەوه
ئەفسانه له هەنگاوی یاران ڕووبەری دەبێته ڕووناکی
من دەزانم بەدەوری ئەستێرەیەکی چاوناس وەستاوم و چیشم له بیرکردووه
دەمەوێ ئەستێره بم چونکه حەزم له بەخشینی ڕووناکییه





# تاککلی جمزێ و پەنجا تاکـــــدێڕی تر

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

*کامەیان بخەمە نێو کەوانەوە: ئێرە یا ئەوێ یان ئێرەوێ.

*تیترواس بێدەنگوباس تیژفڕبوو، کەوتە ناو تەمتەمۆکان، بۆ سۆراغی: تتیتم.. تتیتم.. تتیتم.

*بێزینا سەرو تاك بەردێکی بکوژیان لە ئافرەتی لەشبەگوناح گرت، هەر هەمووی بە سێبەرەکەی کەوت.

## دەق

*باوكیشم لە گۆڕ هەستاند و پێكەوە گەڕاینەوە ولاتی خۆمان، بۆی كلاشمان دڕا بەس چمان پێنەبڕا.
*لە خەونگەدا خەواندمیان و خەوناندمیان و پێشوەختە بۆمیان دیاركرد چەند و چی لە ناو ببینم...!
*هاوكات ستوونی هاتم... ئاسۆیی هاتم، بە چراسوورەی دووڕیان بووینەوە یەك كەسەی جاران.
*چوومە واتەگە بۆم لێكیبدەنەوە: چەنگە ئاردێكە و دەرزییەكی لێفانی لە ناوە.
*جەنگە و تێدا خنكاوین، باپیرەم لە گۆمی خوێن، باوكم لە گۆمی نەوت، خۆم لە گۆمی ئاو، منداڵیشم لە گۆمی......
*پەرتەوازەم و موگناتیس بەم مەرجە چەقبەستم دەكات: خۆم بێڕتووش + خۆم بێقرووش.
*باسكێكت مارە، باسكێكت هالاوە، لێت دێ سەمای بالێ، لێت دێ سەمای لەشهەژێنەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.
*بان سەرم هەورێكە، تەڵخە و بە هەوەسی من نا بەئی خۆی، بۆتە رەنگۆڕی شیری ناو كوپێكی بەیانیانمە.
*پۆستكۆڵنیالیزمە، لە مێژە ئافرەتێكی شەپقەلەسەر شۆرتلەبەر هات و نوشتەكانی داپیرەمی برد، بلێ ئەمڕۆ بمداتەوە؟
*چاوم شازارە، وێنەخۆرێكی بێهاوتایە.
*فڕنەگولەی هەڵنیشتووی سەر سەركی داڵی مۆمیاكراو، پەندەكانی هێزی بۆ دەخوێنێتەوە.
*نەهاتن نە گۆدۆ... نە دەسەلاتی پرۆلیتاریا... نە خۆم... ناچار چاوەنواڕی چاوەروانی بین.!
*كە ئادەم و حەوا خۆیان لەشپۆش كرد، فرۆید ئۆیناندی.!
*لە ونهۆدا ئەمڕوئلقەیسانە ورتاندی: دەی دەی... ئەمڕۆ مەی... سبەی مەی... دووسبەش نەی... لە تۆڵەی خوێنەكەی!
*نووسایكۆیە: بنهۆشی بنهۆشە و ناخەكەشی ئەتلانتسە...!
*شاعیر بم دەنووسم: پەپوولە لە ئەژدیهایە، داروینیش بم دەنووسم: لە گوڵە.
*لە گرژگە رایكرد، دوور دوور بوو، بە تیشكەدەنگ گرژتركرا.
*پرسیاری منە (بە مەرزێك، مارێ نەیدزێ)، راستە نەمرەمێ لە گیانەمرە نەمرترە؟!
*ئەریستۆڤانم كردە تراژیدنووس، بۆق قیراندی، باڵندە قیقاندی هەور بروسكاندی...

گرماندی، ئەنجام: بووە فشەنووس!

*ماسییە... لە کلکەوە بە قولاب بگیرێ، تریتۆنە.!

*بە نەعرەتەی نێرانە، کەڵەشێر خۆی گڤاند خۆی قژاند. من نەمپەقاند، خۆی بڕستی لێبڕا.

*ئەوان، خانوو بە خانوو، خۆیان نا، مشکەکەیان دراوسێمانە...!

*نووهەسارەیە، ملیارێك رەش و رووت، پەیژانی بە سواری ملی یەکتر بۆی سەرکەوتن.

*دەریاچە وشکی کرد... لە ناخیدا سکرابخانەی چەقۆی رامیاران وەدەرکەوت.!

*پوشکە رمێتی و نارەزا مرۆڤ دەگژژێنێ: کەی رەوای هەقە سێبەش ئاوە و بەشێك زەوییە.؟

*نووئەمازۆنییەك تیرێکی تێگرت نەیپێکاند، مەمکە بڕاوەکەی بۆ هاوێشت ئەو خۆی دا بەر پێکان.

*قرقراگەی سەت مرۆڤ لێکبەستی دەبێتە پیرە عەنتەرناشێك و بە ترەترِ تێماندەگەینێ هەر خۆی پەیکەری پەیکەرانە... هەر خۆی دەنگی دەنگانە.!

*شەو پتری شەواند و تاککلی لە چێژاو گەوزاند، رۆژیش رۆژاندی و کردی بەجمزێ...!

*لە نەپساوەی غاردانێدا هەتاو بە دوای هەتاو، مانگ بە دوای مانگ، منیش بە دوای خۆم.

*قاتییە...! دەستت کەوت، کفن گەورەترین سەرمایەیە.!

*باروکەداری بەتیندەر، جاڕاندی: تازەترین مۆدیلی جوانی، ئافرەتی بێقژ...!

*بە دوای لێوی کچێکی گائی دەگەڕام، حەتەمی تاییش جوانترینیانمی پێبەخشێ.

*نێرەکچی هەرزەکارەی تەنکپۆش بە غار هاتن و فەتەق خۆیان لە ناو جاترەجاڕێك خۆیان لێکخشاند.

*ئاسوودە لە ناو گەمییەکی پەردەدارم، بە فڕێدانی گشت (س)پیت، ئەلیادە دەخوێنمەوە.

*لە ١/ ٧ لەدایکبووی و لە ساڵێکی (ونرۆژ) و (ونمانگ)دا کوژرای، کەواتە تەواو عیراقیت.

*بەرلەوەی بە بووکی دەریا بشادێم، لە رێژگەدا ئەسپاو لێی رفاندم و گاسمان دابەزی و لەویشی فڕاند.

*بێئومێد مەبە، ملت لە ناو پەتی سێدارە بێ، مێروولەیەکی نانۆیی دێ و بۆتی دەقرتێنێ.

*خووی حونجاندنم گرت بە پیری، لە بیرم چوو بیگرم بە شیری.

*دوا سوپاسمان ئاراستەی گۆڕە، ئەو نەبوایە لە سەر بستە زەوییەك مرۆڤ مروڤی دەخوارد.

## دەق

*رووە ئاسمان پیرەژن نزای کرد، فڕۆکەیێکی جەنگی بە تەونی جاڵجاڵۆکەی وە بوو...!
*کە پێیحەسا بەسەر لەشیدا، لە شوونی قەمچیی نچچە و خامۆشیی رلکە دەگەڕێم، لۆ سالۆمی هستریانە قیژاندی: دەرچە... هەی مڵۆزمەی مێمڵی سەر جەستە!!!
*هۆمیرۆس پەیامی شیعری دا بە ڤرژیلۆس، ئەویش دای بە هەباسۆس، ئەمیش دای بە شاعیرێکی مێیۆس.
*دەسەڵاتە...! کەری ناو جۆگە رادەگرێ، ئی دێزەش بەر نەفرەت دەکات.
*پیاو هۆش و سەرخانە، ژنیش بنهۆش و ژێرخانە، دەریای نێوانیان نووحیش دەخنکێنێ.
*ئافرەت تاکشاخە ناکوژێت، دەسەمۆی دەکات، دواتر دەیکاتە فرەشاخە تا خۆی پێ بکوژێت.
*زستانم هەبێ... ئاگرم هەبێ... زەخیرەم هەبێ... گوێگرم هەبێ، صەدان داستان، دێنمە داهێنان
*دەمانچەی دەنبڕ نازبێژی دەکات: من ژینگەخوازم و بێ واژەواژ کاری خۆم دەکەم...!
*ناڵی نەحەیفە بەو پیرییە منداڵی، نەحەیفە بەو منداڵییە پیر و کاڵی...!

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ئەمرۆ کارە و سبەی مەی = ئاماژەیە بۆ دێڕێکی شاعیری جاهلی امروئ القیس (٥٠٠ ـ ٥٥٤) رووداوەکەی لەوە هاتووە، کە هەواڵی کوشتنی باوکی پێ ڕادەگەینن، ئەو خەریکی مەیخواردنەوە بوو، جا دەڵێ: بە گچکەیی منی بەرەڵڵا کرد و بە گەورەیی خوێنەکەی خستە ملمەوە، ئەمرۆ مەیە و سبەی فەرمانە.
ئەتڵانتس = ئەتلەنتس، کیشوەرێکی ئەفسانەییە، بە لای زۆربەی خەڵکەوە هەبووە و پێش هەزاران ساڵ کەوتووەتە ژێر ئۆقیانۆسی ئەتڵەسییەوە. ئەفلاتوون باسی ئەم کیشوەرەی کردووە.
ئەرستۆفان = ئەریستۆفانیس (٤٤٥؟ ـ ٣٨٥ ؟) Aristophanes شانۆنووسێکی بەناوبانگی یۆنانە، بابەتەکانی تێکەڵەی خەیاڵ و گاڵتە و هۆنراوەی گۆرانین، هەروەها تێیاندا رەخنە لە سیاسەت و دابونەریت و پەروەردە دەگرێت. لەو چل و پترەی شانۆنامەی نووسەر، تەنیا یازدەی لێ ماوەتەوە، بەناوبانگەکانی: هەور، بۆق، باڵندە.

ئەسپاو = ئەسپی رووبار hippopotamus. river horse گیاندارێکی سەرزەمینە و لە گەورەییدا پاش فیل دێت، لە ئاسیا و ئەفریقیا دەژێ، زۆربەی کاتی لە ناو رووبار و زۆنگاواندا بەسەر دەبات.
ئەمەزۆنی = ئەمازۆنی. Amazon لە ئەفسانەی گریک، ژنگەلێکی جەنگاوەرن و نزیک دەریای رەش نیشتەجێبوون. ژنانی ئەمەزۆن هەر لە منداڵییەوە مەمکی لاڕاستیان دەبڕن یا داخی دەکەن، تا بواریان پێ بدات تیر بهاوێژن، هەروەها ببێتە هۆی بەهێزبوونی باسکی راستیان. زاراوەکە بە زمانی گریک مانای (بێپیاو) دەدات. ژنی زەلامانی.
ئۆیناندی = ئاینوئۆینی کرد
ئیرەوێ = شوێنێکە هەم ئێرەیە و هەمیش ئەوێ.
بڕست = بڕس: هێزی جەستەیی و دەروونی
پرۆلیتاریا = زاراوەکە بە رەسەن رۆمانییە و کەسێکی مەبەستە لە کۆمەڵگە بەشداری ناکات، تەنیا منداڵی هەیە، ئەو کەسەش هیچ مافێکی نییە و بێ مڵک و سامانە. سان سیمۆن (١٧٦٠- ١٨٢٥) زاراوەکەی بەکار هێناوە و بە لایەوە: ئەو کەسانەن لە سامانی گشتی بێبەشن و لە ئێستا و ئایندەش گوزەرانیان لە نەبوون دایە. کارل مارکس (١٨١٨- ١٨٨٣) بۆ پێناسەی پرۆلیتاریا پێی وایە: چینێکی کارگەری ناو سیستەمی سەرمایەدارییە، بە هۆی ئامرازە نوێیەکانی بەرهەمهێنان هەست بە چەوسانەوە دەکات و هەوڵێکی شۆڕشگێرانە دەدات بۆ وەرگرتنی دەسەڵات.
پۆستکۆلۆنیالیزم = پاشکۆڵنیالیزم. تیور و نووسینێکن لەبارەی شوونەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئیمپریالیزمی نوێ بە سەر وڵاتانی داگیرکراودا. هەروەها دیاردەی فرانکۆفۆنی و ئەنگلۆفۆنی دەخاتە بەر رەخنە.
پێیحەسا = هەستی پێ کرد
تاکشاخە = یەکشاخە، تاکقۆچ، کەرکەدەن، خەرتیت rhinoceros گیاندارێکی زەبەللاحە لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا دەژێت. کەرکەدەنی هیندی تاکشاخەیە، کەرکەدەنی رەش یا سپیی ئەفریقایی جووتشاخەیە.
تاککل = ئافرەتێکە بۆ جوانی، یەک تاکە چاوی خۆی بە کل دەکات.
تەمتەمۆکان = تەمتەمۆک، تمتمۆک، تەمتومان. شوێنی تەنگ وتار. هەروەها بۆ شوێنی بە تەمومژ بەکار دێ.
تریتۆن = ترایتۆن. لە ئەفسانەی گریک: نیوە خواچەیەکی دەریایە، سەرەوەی جەستەی پیاوە و خوارەوەی کلکی ماسییە.
تیترواس = کورتکراوەی تیترواسک. تیتروازک. تیترواز. تووترواسک. باڵندەیە و بە ئاسمانەوە جۆرە دەنگێکی هەیە دەڵێ: تتیتم یان دیتیتم، بە پێی کولتووری کوردەواری من لەو دەشتودەرە شتێکم بینیوە. زیاتر ئەو شتە لە خەڵکەکە ونبووە وەک ئاژەڵ یان سۆراغی کەسێکە بە رێگەوەیە و بەم زووانە

## دەق

دەگاتە جێ.

تیندەر = تێندەر. تینبەخش، منشگ، منشگات.

جاڕاندی = جاڕی کێشا

جمزێ = ئەو ئافرەتەی جمکە دەزێ

حەتەمی تایی = حاتم الطائی، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی شەشەم ژیاوە ، شاعیرێکی جاهیلییەتە و بە ئازایەتی و جەوانمەردی بەناوبانگە، بۆتە نموونەی بەرزەی پەخشین و چاوتێری. لە وەڵامی پرسیارێکی (عبدالملک بن مروان ٦٤٦؟ - ٧٠٥ز)دا لە بارەی ژنان و جوانییان (ابن الرقاع)ی شاعیر پەسنی دەم و لێوی کچانی هۆزی طائی کردووە.

دەگژژێنێ = بەگژدادەچێت

دەنبڕ = کورتکراوەی دەنگبڕ

داروین = چارلس داروین (١٨٠٩- ١٨٨٢) Darwin سروشتناسێکی ئینگلیزییە، خاوەن تیوری پەرەسەندنی رەگەزی زیندووە، بە لایەوە بە (هەڵبژاردەی سروشتی) زیندەداری شیاو دەمێنێت و لە ژیان بەردەوام دەبێت. رتووشکار بۆ ئەم ئیشەی چەند جۆرە قەڵەمێکی ئەڵمانیی بەکار دەهێنا.

رتووش = زاراوەیێکە بە ڕەسەن ئینگلیزییە. ساف و لووس کردنی لۆچ و قینچکەی رووی کەسانی وێنەگیراو لە فۆتۆگرافی رەشوسپیدا، زیاتر لە وێنەی تاککەسی بەکار دەهات.

ریلکە = رینەر ماریا ریلکە (١٨٧٥ - ١٩٢٦) Rilke شاعیرێکی (ئەڵمانی - نەمساوی)یە. پۆپەیێکی هۆنراوەی جیهانییە.

شازار = زارێکی گەورە، دەمێکی گەورە

صەدان = صەتان، سەدان. لێرە پیتی (ص) پەسند دەکەین

عەنتەرناش = مارکەی ئوتومبێلی (ئەنتەرناشۆناڵ)ە و لە سەرزاری خەڵک گۆڕاوە. لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو هاوردەی عێراق کراوە و لە موسڵ ئەمجۆرە لۆریانە زۆر بوو.

فەتەق = لە (فقط)ی عەرەبی وەرگیراوە و کوردێندراوە، واتا تەنیا و بەس.

فرژیلۆس = ڤرجیلۆس. ڤرژیل. ڤرجیل. ڤرگیل (٧٠ - ١٩پ.ز) شاعیرە گەورەکەی رۆمانە، خاوەنی داستانی ئینیادە.

فڕنەگولە = فیڕنەگولە، فیسقەگولە، فندەگولە، باڵندەیێکی زۆر بچووکە.

قاتییە = نەبوونییە

قرووش = کۆی قرشە، قرۆش، پارەوپوول. وردە دراوێکی میسری و تورکییە. لە سەردەمانێک لە کوردستان بەکارهاتووە و لە کەلەپووری میللیدا ناوی هەیە، وەک (قرش و قەمەری).

کەری ناو جۆگە = کەرێکە گیای ئەملا و ئەولای جۆگە دەخوات. مەبەست مرۆڤی جۆتحزبی لە هەردوو لا دەخوات.

گاسمان = گای ئاسمان، گیانداریکی ئەفسانەییە.
لۆ سالۆمێ = لۆ ئەندریاس سالۆمێ Lou Andreas Salome (١٨٦١- ١٩٣٧) ئافرەتێکە بە رەسەن رووسییە. چیرۆک و وتارنووسە. هەروەها گەشتخواز و شیکارەی دەروونە. لەگەڵ نووسەرانی سەردەمی خۆی وەک (نیتچە و ریلکە و فرۆید) پەیوەندییەکی بەتینی هەبوو.
مەرز = مەرج
مێیۆس = مێی کوردییە و (ۆ س)ی یۆنانی خراوەتەسەر
ناڵی = بە لامی حەودار دەینووسین، پێم وایە ئەمەیان راستە و لە (ناڵە، ناڵین)ەوە هاتووە.
نانۆیی = وردە کەرستەی نانۆیە
نیچچە = فردریک نیتشە. نیچە. نیتچە Nietzsche (١٨٤٤- ١٩٠٠) فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە. بنچینە سەرەکییەکانی فەلسەفەکەی: پێشکەوتن و ململانێ و ویستی هێز و گەیشتن بە بەرزەمرۆ واتە سۆپەرمان، هەروەها خۆی یەکێکە لەوانەی هزری رەگەزپەرستانەی جەرمەنییان دارشتووە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی: زەردەشت وای وت.
هەباسۆس = هەباسی شاعیرە بە بێژەیەکی یۆنانی.
هومیرۆس = (سەدەی نۆیەم یان هەشتەمی پێش زایین) داستاننووسێکی یۆنانییە، خاوەنی هەردوو داستانی ئیلیادە و ئۆدیسایە.
ونرۆژ. ونمانگ = رۆژ و مانگێکی ون و نادیار.
ونهۆ = هۆی بزر.



# سەدەی قوپاندن

گۆران ڕەئوف

من لە سەردەمی خۆم وەڕسم
لە خەیاڵی شاعیرانەش ماندووبووم
باوەڕم وایە دەبوو
سەربازێکی روسی بومایە
لە سەدەی نۆزدەدا
وەك پاسەوانێکی بێدەنگ...
لە زیندانەکانی سیبریا.
یان
دەبوو ڕۆژنامەفرۆشێکی

دەستگیربوومایە
لە شارەکانی ڤینیسیا و
میلانۆ و رۆما..
لە سەردەمی مۆسۆلینیدا.
خۆش دەبوو
لە نێو بازاڕەکانی لەندەندا
بە گالیسکەیەکی شەقوشڕ
ئەو ژنانەم گواستایەتەوە بۆ ماڵەوە
کە لەبازاڕکردن تەواو ببوون..
لە سەدەی حەڤدەدا.
زەمەنی خۆم چی تێدایە،
جگە لە نائومێدییەکی کرچوکاڵ؟
لێرەدا ئینسانەکان هەموویان لە یەك دەچن
هەمووان پێکەوە یاخیین
هەمووان پێکەوە وەڕسن
وادەزانم ئیدی کاری شاعیرەکان تەواوبوە
ئەی مەگەر شاعیرەکان
لە هەوڵی یاخیبووندا نین؟!
من وەك منداڵێکی شەرمن
کە خاوەن قوفڵێکی بێئەندازە زەبەلاحم!
قوفڵێك خەیاڵەکانم...
قوفڵێك خەونەکانم...
قوفڵێك ئارەزووەکانمی بەندکردووە و
هیچ کەسێك توانای بینینیانی نییە،

## دەق

تا کلیلی ژمارە ٧ی پێنەبێت!!
ئەم سەدەیە، چیی پێبوو بۆ من؟
جگە لە بێدەنگکرنم و
هەڵگرتنی وەسوەسەکانم
بۆ کۆتایی دونیا!
ئەم سەدەیە چی بە یمن بەخشی؟
جگە لە یەك ڕۆژ لە هەموو ڕۆژەکاندا!!
ئەم سەدەیە...
کوشتنی جیاوازییەکان بوو
بۆ گەمژەیی.
تێکدانی هەموو تەلارەکانی ڕۆح بوو
بە سەودایەکی زۆر کەم!
کەسێك نییە، پرسیارە گەورەکان بکات!
هەستەکەم لێرەوەیە کۆتایی ژیان.
لیرەوەیە مردنی چاخی زێڕینی زەوی!
من شتێکی کەم لە بارەی
ڕابردووەوە دەزانم،
هەرنەبێت ئاشنام
بە مێژووی چەند سەدەیەکی پێش خۆم
دەزانم جەنگ چ وێرانەیەك دەخوڵقێنێ!
دەزانم برسێتی یانی چی!
ئاشنام بە لاسەنگیی ڕەگەزەکان و
جیاوازییە زۆرەکانی چینایەتی!
بەڵام دڵنیام لە سەدەکانی تردا

بەو هەموو بێئومێدییەوە
هیوا هەبووە،
بەو هەموو ماندووبوونەوە شتێك هەبووە
رێگە هەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانج!
لەم سەدەیەدا هەموو زەوی تەی بکە
ئامانجێك نادۆزیتەوە؟!
برۆ قوڵاییەکانی ناوەوەی
ڕێگەیەك نابینییەوە بۆ دەربازبوون
لەم ماتییە!
جیاوازیی من لەگەڵ
دەوروبەردا ئەوەیە
ناتوانم گوێ نەدەم بەم هەموو تورەهاتە
من بەردەوام هەستەکەم هێندەی
ژمارەی ئەستێرەکان غەریبم بەم سەدەیە!
گشت ساتەکان
تەواوی چرکەکان
ناتوانم وا هەست نەکەم
«من هەر دەبوو ژیانم لە سەردەمێکی تردا بوایە!»
هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدام ڕابێم بەم ڕۆژگارە
دەمەوێت فێربم چۆن کوڕە هاوسێکانمان
گۆرانی بۆ کچە قوپاوەکان دەڵێن
منیش فێربم
ئاوەها گۆرانی بۆ
فرمێسکەکانی ئەم سەدەیە بڵێم!



# هاونشینی ئاو

نیلۆفەر

لە فارسییەوە: توانا

## ئاکتەری چیرۆك

دووبارە ڕۆڵی ئەشك؛
لە گۆشەی چاوم
تار دەبینم..
تار..
تار..
من و تۆ ئاکتەری چیرۆکێکین
ئەز؛
ڕێبوارێ لە خوێندا گەوزاوە و
تــۆ؛
ماشێنێك بەلەز دوور دەکەویتەوە

## وەحشی

بووم بە وەحشی و هیچێ پەتم ناکا
بۆ تاریکیی ژێر پەتۆکان پەنا دەبەم و
خەوم نییە!
خەونی
خانمانی شاعیر و پیاوانی ونبوو دەبینم
لە بەتانییەکانەوە خوێن دەچکێ؛
بووکی بێ سەر....
بێ جەستە...
بێ زمان..
لاپەڕەکانی ژیانم؛
-کە تۆ ونت کردن-
هەمدیس دەنووسمەوە



## دزی جانتا

باسی «خۆشم دەوێیت» نییە
مەسەلەکە مۆتۆڕێکە ژانتاکەی دزیوم و
بێکەس ماوم..
تۆ لە گیرفانی ژانتاکەما بووی
لە هەموو ژانتاکانما..
بیرم لە دز نەکردبووەوە..!



## شەوانی بێ نەوازش

نازنم بۆ
سەرم دەنێمە كۆشێكەوە
كە دەستێكی نییە
بیخاتە قژمەوە..
قژم؛
كە ساڵانێكە خۆ درێژ نابێ!
تەنیا ڕەنگ دەگۆڕێ

## هاونشینی ئاو

كە باران
تەشریف دەهێنێ
من تەنیاترم
لێ
پێیەكانم ئیتر تەنیا نین
هاونشینی ئاون!

# مەحکوم

ملم
لە موو باریکترە
لێوەکانت
بە ئاسانی دەتوانن
..ئابڵوقەی بدەن
بەهانە مەهێنەرەوە؛
خۆ پیاو
..سووراو بە لێویەوە نییە
گازێکم لێ بگرە
جێ ددانەکانی
دیار نەبێت





# مۆخی بێ پەیوەندی

گوێم دەزریكێنێ و
ئەو شێرپەنجەیەی كە وتت
گەیشتووەتە مۆخم..
سبەی گەر؛
تاڵتاڵ قژی سەرم هەڵكەنن
ناشرین و
ئاڵۆزكاو و
شێواو..
دیسان دەست لەم خیانەتە هەڵناگرم
كوا مۆخ پەیوەندی لەتەك من چێ دەكا..؟



# بكوژەكان

**ئێرنێست هێمینگوای**

**لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان**

دەرکەی چێشتخانە سەرپێییەکەی «هێنری» کرایەوە و دوو پیاو خۆیان بە ژووردا کرد. لەسەر مێزەکە دانیشتن.

جۆرج، لێی پرسین:

-چی دەخۆن؟

یەک لە پیاوەکان گوتی:

-من نازانم. ئال، دەتەوێ چی بخۆی؟

ئال، گوتی:

-نازانم، نازانم چیم دەوێ تا بیخۆم.

## دەق

دەرەوە تاریک دادەهات. چرای شەقامەکە لە دەرەوەی پەنجەرەکەوە هەڵبوو. دوو پیاوەکە لەسەر مێزەکە لیستی خواردنەکان دەخوێننەوە. لە سووچێکی خوارەوەی مێزەکەوە «نیک ئادەمز» تەماشایان دەکا. ئەو خەریکی قسەکردن بوو بۆ «جۆرج»، وەختێک ئەوان هاتنە ژوورەوە.

پیاوی یەکەم گوتی:

-من، پشتەمەغزەی سوورەوەکراوی بەراز لەتەک سۆسەی سێو و چەند دانەیەک پەتاتە دەخۆم.

-ئەوە هێشتاکە ئامادە نییە.

-ئەی لەبەر چ جەحەننەمێک ئەمەت لەم کارتەدا نووسیوە؟

جۆرج، بۆی ڕوون کردەوە:

-ئەوە بۆ ژەمی ئێوارانە، لە سەعات شەشدا، تۆ دەتوانی ئەوە نۆش کەی.

جۆرج، چاوی لە سەعاتی سەر دیواری پشت مێزەکە کرد.

-ئەوە سەعات پێنجە.

دووەم پیاو گوتی:

-سەعات دەڵێ؛ بیست خولەک لای داوە لە پێنج.

-بیست خولەک لە پێشە.

یەکەم پیاو گوتی:

-ئۆهـ، خۆت و سەعاتەکەت برۆن بۆ جەحەننەم. چیت هەیە بۆ خواردن؟

جۆرج گوتی:

-دەتوانم هەموو جۆرە لەفەیەکتان پێ بدەم. دەتوانی هێلکە و ڕانەبەراز، هێلکە و گۆشتی سوێرکراوی پشتی بەراز، گۆشتی سوێرکراوی پشتی بەراز و جگەر، یان پارچە گۆشتێک، بخۆی.

-مریشکی کوتراو بە پۆڵکەی سەوز و سۆسە کرێم و چەند دانەیەک پەتاتەم بۆ بێنە.

-ئەوە هی ژەمی ئێوارانە.

- هەر شتێک ئێمە گەرەکمانە، هیی ئێوارانە، ها؟ ئەمە ئاوا ئیش دەکەی؟

-دەتوانم هێلکە و ڕانەبەراز، هێلکە و گۆشتی سوێرکراوی پشتی بەراز، جگەر ــــ

-من، هێلکە و ڕانەبەراز دەخۆم.

ئەو پیاوەی بە «ئال» بانگ کرا، وای گوت. کڵاوێکی لەوانەی پێشبڕکێی ئەسپ و پاڵتۆیەکی قۆپچەداری چەپ و ڕاست لەسەر سینگی لەبەردا بوو. دەموچاوێکی چکۆلانە و سپی و دوو لێوی سفتی هەبوون. ملپێچێکی ئاوریشمین و جووتێک دەستکێشی لە دەستدا بوو.

پیاوەکەی دیکەیان گوتی:

-هێلکە و گۆشتی سوێرکراوی پشتی بەرازم بۆ بێنە.

ئەویش بە نزیکی هەمان قەدوباڵای «ئال»ی هەبوو. ڕووخسارییان جیاواز بوو، لێ وەک دووانەیەک جلیان پۆشیبوو. هەردووکیان بۆ خۆیان پاڵتۆی توندکراویان لەبەر کردبوو. بە چەمینەوەوە ڕووەو پێشەوە دانیشتبوون، ئانیشکیان لە بان مێزەکە بوو.

ئال، پرسی:

-شتێکت هەیە بۆ خواردنەوە؟

جۆرج، گوتی:

-بیرەی سیلڤەر، بیڤۆ، ئاوجۆ بە تامی زەنجەفیل.

-مەبەستم ئەوەیە هەچ شتێکت هەبێ بۆ خواردنەوە؟

-تەنیا ئەوانەی، کە گوتم.

ئەوی دیکەیان گوتی:

-ئەمە شارۆچکەیەکی گەرمە. بە چ ناوێک بانگی

دەکەن؟
-سەمیت.
ئال، لە هاوەڵەکەی پرسی:
-هەرگیز دەربارەییت بیستووە؟
هاوەڵەکەی گوتی:
-نا.
ئال، پرسیی:
-شەوانە ئەو خەڵکانە لێرە چ دەکەن؟
هاوەڵەکەی گوتی:
-شێو دەخۆن. هەموو تێکڕا دێن و لێرە شێوێکی گەورە دەخۆن.
جۆرج، گوتی:
-ئەوە ڕاستە.
ئال، لە جۆرجی پرسی:
-پێت وایە کە ئەوە وایە؟
-بێگومان.
-تۆ کوڕیژگەیەکی جوانکیلەی زیتیت، وا نییە؟
جۆرج. گوتی:
-بەدڵنیاییەوە.
پیاوە چکۆلانەکەی دیکە گوتی:
-باشە، تۆ وانییت، ئال، ئەو وایە؟
-ئەو لاڵە.
ئەمەی گوت و هەڵگەڕایەوە بەلای «نیک»دا:
-ناوت چییە؟
-ئادەمز.
ئال، گوتی:
-کوڕیژگەیەکی زیتی دیکە. ماکس، ئەو مەگەر کوڕیژگەیەکی گەش نییە؟
ماکس، گوتی:
-شارۆچکەکە تژییە لە کوڕیژگەی ڕووگەش.

جۆرج، دوو سینیی گەورەی، یەکی هیی هێلکە و ڕانەبەراز، یەکی دیکەیان هیی هێلکە و گۆشتی سوێرکراوی پشتی بەراز، لە بان مێزەکە دانان. دوو قاپ پەتاتەی سورەوەکراو دادەنێ و دەرکە چکۆلانەکەی موبەقەکە دادەخا.
لە ئالی پرسی:
-کامیان هیی تۆیە؟
-بیرت نایەتەوە؟
-هێلکە و ڕانەبەراز.
ماکس، گوتی:
-بەهەق کوڕیژگەیەکی زیتی.
خۆی بۆ پێشەوە لار کردەوە و دەستی برد بۆ هێلکە و ڕانەبەرازەکە. هەردوو پیاوەکە بە دەستکێشەکانیانەوە نانیان خوارد. جۆرج، تەماشای نانخواردنەکەیانی کرد.
ماکس چاوی لە جۆرج بڕی:
-هیچ شتێک.
ئال، گوتی:
-ماکس، پێدەچێ کوڕیژگەکە ئەمەی بۆ نوکتەیەک گەرەک بێ.
جۆرج پێکەنی.
ماکس، پێی گوت:
-پێویست ناکا بخەنیتەوە، بە هیچ کلۆجێ نابێ پێ بکەنی، حاڵی دەبی؟
جۆرج، گوتی:
-بەسەرچاو.
ماکس، ڕووی کرد بە لای ئا دا:
-بەسەرچاو، ئەو وا بیر دەکاتەوە. بەسەرچاو، ئەو وا بیر دەکاتەوە. ئەوە شتێکی باشە.
ئال، گوتی:

# دەق

-ئۆهـ! ئەو بیرکەرەوەیە.
ئەوان بەردەوام بوون لە سەر نانخواردن.
ئال، لە ماکسی پرسی:
-ناوی چ کوڕیژگەیەکی زیتەڵانەیە لە سەر مێزەکە نووسراوە؟
ماکس، بە نیکی گوت:
-هێی، کوڕیژگەی جوانکیلە، تۆ لەگەڵ بۆیفرێندەکەتدا بڕۆن بۆ لایەکی دیکەی مێزەکە بخولێنەوە.
نیک، پرسی:
-ئەوە چ بیرۆکەیەکە؟
-هیچ بیرۆکەیەک نییە.
ئال، گوتی:
-تۆ باشترە بڕۆی بخولێیتەوە، کوڕیژگەی جوان.
نیک، چوو لە پێش مێزەکەدا خولایەوە.
جۆرج، پرسی:
-بیرۆکەکە چییە؟
ئال، گوتی:
-هیچ پێوەندیی بە کاری نەفرەتیی تۆوە نییە. کێ لە دەرەوەی موبەقەکەیە؟
-ڕەشپێستەکە.
-مەبەستت چییە لە ڕەشپێستەکە؟
-ئەو ڕەشپێستەی خواردن لێ دەنێ.
-پێی بڵێ بێتە ژوورەوە.
-بیرۆکەکە چییە؟
-پێی بڵێ بێتە ژوورەوە.
-پێت وایە لە کوێ بوویت؟
ئەو پیاوەی بە ماکس بانگ کرا، گوتی:
-ئێمە ئەو لەعنەتخانەیە باش دەناسین کە تێیداین. پێت وایە ئێمە بە گەمژە دەچین؟
ئال، پێی گوت:
-گوێ بگرە! تۆ گەمژانە قسە دەکەی. بەخاتری چ جەحەننەمێکە وا بەم چەشنە لەتەک ئەم تولفەدا دەدوێی؟
بە جۆرجی گوت:
-بەو قولە بڵێ بێتە ئێرە خۆی دەرخا.
-بەنیازی چی لێ بکەیت؟
-هیچ، کوڕیژگەی زیت، عەقڵت بخە ئیش. ئێمە چی لە قولێک دەخوازین؟
جۆرج، تڵیشێکی کردەوە، کە لە پشتەوە کرایەوە بۆ ناو موبەقەکە.
بانگی کرد:
-سام، دەقەیەک وەرە ئێرە!
ئەو دەرکەی بۆ موبەقەکە دەڕۆیشت، کرایەوە و ڕەشپێستەکە هاتە ژوورەوە. پرسی:
-ئەوە چی بووە؟
دوو پیاوەکەی سەر مێزەکە چاویان لێی کرد.
ئال گوتی:
-زۆر باشە، هەی قول. تۆ ڕاست لەوێ بوەستە.
سام، ڕەشپێستەکە، بە بەروانکەیەکەوە وەستاوە، تەماشای دوو پیاوەکەی سەر مێزەکەی کرد. گوتی:
-بەڵێ، گەورەم.
ئال نیشتە سەر تەپڵەکی دانیشتنەکەی. گوتی:
-من لەتەک قولە و کوڕیژگە جوانکیلەکەدا دەڕۆمەوە پشتەوە، بۆ موبوقەکە. هەی قول، بگەڕێرەوە بۆ موبەق. تۆیش، کوڕیژگەی جوان لەگەڵیا بڕۆ.
پیاوە چکۆڵانەکە لە دوای نیک و سامەوە ڕێی کرد، چێشتلێنەر گەڕایەوە موبەق. دەرکەکە لە پشتیانەوە داخرا. ئەو کابرایەی بە ماکس بانگ کرا لە سەر مێزەکە لە بەرانبەر جۆرج، دانیشت. سەیری جۆرجی نەدەکرد، بەڵکو چاوی بڕیبووەوە

ناو ئەو ئاوێنەیەی، کە بە درێژایی پشتەوەی مێزەکە داندرابوو. هێنری، ئاوێنەی زیاتریشی لە ناو سالۆنێکەوە تا ناو مێزێکی فراڤین دروست کردبوو.
ماکس، گوتی:
-زۆر باشە، کوڕیژگەی ڕووگەش.
تەماشای ناو ئاوێنەکە دەکا:
-بۆ نتەقت لە خۆت بڕیوە؟
-هەموو ئەم شتانە لە پای چین؟
ماکس، بانگی کرد:
-هێی، ئال، کوڕیژگە جوانەکە دەیەوێ بزانێ هەموو ئەم شتانە لە پای چین!
دەنگی ئال لە موبەقەکەوە هات:
-ئەی بۆ پێی ناڵێی؟
-پێت وایە گشت ئەم شتانە لە سەر چین؟
-نازانم.
-بیر لە چی دەکەیتەوە؟
ماکس، تەواوی ئەو کاتانەی قسەی دەکرد، چاوی بڕیبووە ناو ئاوێنەکە:
-ناتوانم بیڵێم.
-هێی، ئال، کوڕیژگە جوانەکە دەڵێ ناتوانم بڵێم چۆن بیر دەکەمەوە، کە هەموو ئەم شتانە لەسەر چین!
ئال، لە ناندێنەکەوە گوتی:
-فرە خاسە، گوێم لێتە.
خۆی دابووە پاڵ تڵیشە کراوەکەوە، کە قاپەکانی لەتەک بوتڵێک کەچەبدا لێوە دەبرایە ناندێنەکەوە.
لە موبەقەکەوە بە جۆرجی گوت:
-گوێ بگرە! کوڕی جوان، کەمێک دوورتر لە مێزی باڕەکەوە بوەستە! ماکس، تۆ تۆزێک بەلای چەبدا ببزوێ!
ئەو وەک وێنەگرێک بوو، کە گروپێک بۆ وێنە لێهەڵگرتن ڕێک دەخا.
ماکس، گوتی:
-قسەم بۆ بکە، کوڕیژگەی جوانکیلە. پێت وایە چی دەقەومێ؟
جۆرج، نتەقی نەکرد.
ماکس گوتی:
-من پێت دەڵێم. ئێمە بەنیازین سوێدییەک بکوژین. تۆ سوێدییەکی بڵح دەناسی ناوی ‹ئۆلی ئەندێرسۆن› بێ؟
-بەڵێ.
-هەموو شەوێ بۆ نانخواردنی ئێوارە بۆ ئێرە دێ، وا نییە؟
-هەندێجار دێ بۆ ئێرە.
-ئەو لە سەعات شەشدا بۆ ئێرە دێ، وا نییە؟
-ئەگەر بێ.
ماکس گوتی:
-کوڕیژگەی جوان، ئێمە ئەم حەمکە شتە دەزانین. لە بارەی شتێکی دیکەوە قسەمان بۆ بکە. قەت دەچێ بۆ سینەماکان؟
-جار نا جار.
-تۆ دەبێ زیاتر بچیت بۆ سینەماکان. فیلمە سینەماییەکان بۆ کوڕیژگەیەکی زیتی وەک تۆ باشە.
-بەخاتری چی بە نیازی ‹ئۆلی ئەندێرسۆن› بکوژیت؟ ئەو تا ئێستا چی بەسەرتدا هێناوە؟
-ئەو هەرگیز دەرفەتی ئەوەی نەبووە بەڵایەک بەسەر ئێمەدا بێنێ. تەنانەت هەرگیزیش نەیبینیوین.
ئال، لە موبەقەکەوە گوتی:

# دەق

-ئەو تەنیا یەک جار ئێمە دەبینێ!
جۆرج، پرسی:
-کەوایە، بە نیازن لە پێناوی چیدا بیکوژن؟
-لەبەر خاتری دۆستێک دەیکوژین. کوڕی جوان، تەنیا بۆ ناچارکردنی دۆستێک.
ئال، لە موبەقەکەوە:
-دەمت داخە! قسەی قۆڕ زۆر دەکەی.
-زۆر باشە، بۆ دڵکردنەوەی کوڕیژگەی زیت وا دەکەم. کوڕی جوان، مەگەر وا نییە؟
ئال، گوتی:
-قسەی قۆڕ زۆر دەکەی. قولەڕەشەکە و کوڕیژگە جوانکیلەکەی من خۆیان بە خۆیان بەکەیفن. لە خەڵوەتگەکەدا، پێکەوە وەک دوو عاشقەوماشقە بەستوومنەتەوە.
-وا دێتە بەرچاوم لە خەڵوەتگەیەکدا بووبیت.
-تۆ هەرگیز نازانی.
-تۆ لە پەرستگەیەکی پەسەند بوویت. ئەوە ئەو جێیەیە، کە تۆی لێ بوویت.
جۆرج، چاوی هەڵبڕی بۆ سەعاتەکە.
-ئەگەر هەرکەسێ هات، تۆ پێیان دەڵێی خواردن نەماوە و گەر لە سەری ڕۆیشتن، تۆ پێیان دەڵێی، کە دەچیتە دواوە و بۆ خۆت خواردن حازر دەکەی. لەمە حاڵی بوویت، کوڕی زیت؟
جۆرج، گوتی:
-بەسەرچاو، ئەی دوای ئەوە چ بەسەر ئێمە دێنی؟
ماکس، گوتی:
-کەوتووەتە سەر ئەو کاتە، ئەوە یەک لەو شتانەیە، کە تۆ هەرگیز لەو وەختەدا نایزانی.
جۆرج، چاوی بڕییە سەعاتەکە، لە سەرەوە. سەعات شەش و چارەک بەلاوە بوو. دەرکەی، کە دەچووە سەر شەقامەکە کرایەوە. پاسلێخوڕێکی شەقامەکانی ناوشار خۆی بە ژووردا کرد، گوتی:
-سڵاو، جۆرج. چی هەیە بۆ نانی ئێوارە تا بیخۆم؟
جۆرج، گوتی:
-سام، چووەتە دەرەوە، نزیکەی نیو سەعاتی دیکە دەگەڕێتەوە.
پاسلێخوڕەکە گوتی:
-باشترە بچم بایەخ بە شەقامەکە بدەم.
جۆرج، تەماشای سەعاتەکەی کرد، سەعات بیست خولەک لە شەش لای دابوو.
ماکس، گوتی:
-ئەوە زۆر جوان بوو، کوڕیژگەی زیت. تۆ پیاوماقوڵێکی چکۆلانەی ڕێکوپێکیت.
ئال، لە ناندێنەکەوە گوتی:
-دەیزانی بە توندی سەرزەنشتی ڕێگرییەکەییم دەکرد.
ماکس، گوتی:
-نا، وانییە، کوڕیژگە زیتەکە باشە، ئەو کوڕێکی باشە. کەیفم پێی دێ.
لە سەعات شەش و پەنجا و پێنج خولەکدا، جۆرج، گوتی:
-نەهات.
دوو کەسی دیکە لە ناو چێشتخانە سەرپێییەکەدا بووبوون. کەڕەتێکیان، جۆرج، چووبووە نێو ناندێنەکەوە و لەفەیەکی هێلکە و ڕانەبەرازی ساز کردبوو (سەفەری)، کە پیاوێک گەرەکی بوو لەتەک خۆیدا بیبات. لە ناوەوەی ناندێنەکەدا، ئالی بینی، کڵاوەکەی، کە چون هیی ئەسپسواری وابوو، بەرەو پشتەسەری کەوتبوو، لەسەر تەپڵەکێکی دانیشتن، لە تەنیشت دەرکەیەکی چکۆلانە و تفەنگێکی ڕاو،

که له سەر ڕەفەکە داندرابوو، دانیشتبوو. نیک و چێشتلێنەرەکە لە سووچەکەوە گەڕانەوە، خاولییەک بە دەمی هەریەکەیانەدا ئاخێنرابوو. جۆرج، لەفەکەی ساز کردبوو، لە کاخەزێکی ڕۆناوییەوەی پێچا، خستییە ناو جانتایەک، هێنایە ژوورەوە و پیاوەکە پارەکەی دا و ڕۆیشتە دەرەوە.

ماکس، گوتی:

-کوڕیژگە زیتەکە دەتوانێ هەموو شتێ بکا، دەتوانێ چێشت لێ بنێ و هەموو شتێکیش بکا. کوڕیژگەی ڕووخۆش، تۆ کەنیشک دەکەیتە ژنێکی خاس.

جۆرج، گوتی:

-بەڵێ؟ دۆستەکەت، ئۆلی ئەندێرسۆن، وادیار نییە بێ.

ماکس، گوتی:

-ئێمە دە دەقەی تری دەدەینێ.

ماکس، تەماشای ئاوێنە و سەعاتەکەی کرد. گەشتی سەعاتەکە، سەعات حەوتی نیشان دەدا، پاشان پێنج خولەکیش لە حەوت لای دا. ماکس، گوتی:

-ئال، وەرە. باشترە بڕۆین. ئەو نایەت.

ئال، لە موبەقەکەوە گوتی:

-وا باشترە پێنج دەقەی پێ بدەین.

لە پێنج خولەکەکەدا، پیاوێک هاتە ژوورەوە و جۆرج بۆی ڕوون کردەوە، کە چێشتلێنەر نەخۆشە.

پیاوەکە پرسی:

-لەبەر چ جەهەننەمێکە چێشتلێنەرێکی دیکە پەیدا ناکەی؟ تۆ بەڕێوەبەری ئێرە نیت؟

چووە دەرەوە.

ماکس، گوتی:

-ئال، دەی با بڕۆین.

-ئەی دوو کوڕیژگە جوان و قولەڕەشەکە چی؟

-ئەوان باشن.

-تۆیش پێت وایە؟

-بە دڵنیاییەوە، ئێمە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەتەک ئەمەدا بووینە.

ئال، گوتی:

-من کەیفم بەمە نایەت، بێ سەروبنە. تۆیش فرەڕێسیی زۆر دەکەی.

ماکس، گوتی:

-ئۆهـ، چی تیایە! ئێمە بەکەیفبوونی خۆمانمان ڕاگرتووە، وامان نەکردووە؟

ئال، گوتی:

-تەواوی کات، تۆ خەریکی فرەڕێسی دەکەی.

لە موبەقەکەدا هاتە دەرەوە. لێکردنەوەی لوولەی تفەنگی ڕاوەکە بلۆقێکی کەمی لە سەر کەمەری ژێر چاکەتە تەنگەبەرەکەیدا، دروست کردبوو. کۆتەکەی بەری و دەستکێشەکانی دەستی ڕێک کردەوە. بە جۆرجی گوت:

-کوڕیژگەی زیت، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژە، بەختێکی باشت بە دەست هێناوە.

ماکس، گوتی:

-ئەوە ڕاستییە، کوڕیژگەی جوان، واباشە غارغارێنی خۆت بکەی.

دووانیان لە دەرکەوە چوونە دەرەوە. جۆرج، لە ژێر گڵۆپی دارتێلێکی چەماوە و لەوبەری شەقامەکەوە، لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەکردن. لە ژێر کۆتە تەنگ و کڵاوی ئەسپسوارییەکانیانەوە، بە تیمێکی ‹ڤاودێڤیڵ› (١) دەچوون. جۆرج، لە دەرکە جۆلانێئاساکەوە گەڕایەوە بۆ موبەقەکەوە و لەگەڵ نیک و چێشتلێنەردا یەکیان گرتەوە.

## دەق

چێشتلێنەر، سام گوتی:
-چی دیکە لەمە زیاترم ناوێ، چی دیکە لەمە زیاترم ناوێ.
نیک، هەستایە سەر پێ. هەرگیز پێشتر خاولییەکی لەدەم نەئاخێنرابوو. گوتی:
-بڵێ! چی تیایە؟
هەوڵی دەدا بە لافوگەزاف هیچ نەهێڵێتەوە.
جۆرج، گوتی:
-ویستیان ئۆلی ئەنێرسۆن بکوژن. ویستیان، وەختێک دێتە ژوور بۆ نانخواردن، تەقەی لێ بکەن.
-ئۆلی ئەندێرسۆن؟
-بەڵێ.
چێشتلێنەر بە کەڵەموستەکانی هەستی بە گۆشەکانی دەمی کرد.
چێشتلێنەر پرسی:
-ئەوان هەموو ڕۆیشتوون؟
جۆرج، گوتی:
-ئەرێ، ئێستا ئەوان ڕۆیشتوون.
چێشتلێنەر گوتی:
-حەزم لەوە نییە، هەرگیز حەزم لە هیچ شتێکی ئەوە نییە.
جۆرج، بە نیکی گوت:
-گوێ بگرە! باشترە بڕۆی ئۆلی ئەندێرسۆن ببینی.
-زۆر باشە.
سام، چێشتلێنەرەکە، گوتی:
-باشترە هیچکات هیچ شتێکت نەبێ تا لەگەڵ ئەوەدا بیکەیت. باشترە خۆتی لێ دوور بگری.
جۆرج، گوتی:
-ئەگەر ناتەوێ مەچۆ.
چێشتلێنەرەکە گوتی:
-دەستتێکەڵکردن لەمەدا ناتگەیەنێتە هیچ جێیەک. تۆ خۆتی لێ دوور بگرە.
نیک، بە جۆرجی گوت:
-دەڕۆم دەیبینم. ئەو لە کوێ دەژی؟
چێشتلێنەرەکە ڕووی خۆی وەرگێڕا. گوتی:
-کوڕێژگە چکۆڵەکان هەمیشە دەزانن دەیانەوێ چی بکەن.
جۆرج، بە نیکی گوت:
-لە قاتی سەرەوەی «هیرش»ە، کە ژوورەکانی بە جیا جیا دراون بە کرێ.
-منیش دەچمە قاتی سەرەوەی ئەوێ.
لە دەرەوە، گڵۆپی دارتێلە چەماوەکە بە ناو لکە ڕووتەکانی درەختێکدا شەوقی دەدا. نیک، بە شەقامی تەنیشت ئۆتۆمبێلەڕێیەکەدا، سەرکەوت و لە دووەم هێڵەکارەباییدا، بەرەوە خوارەوە، بە لاجادەیەکدا، داگەڕا. سێ خانوو بۆ سەرەوەی شەقامەکە، خانووە ژوور بە جیا جیا بەکرێدراوەکەی «هیرش» بوو. نیک، دوو هەنگاوی ڕووەو سەرەوە نا و پەنجەی بە زەنگەکەدا نا. ژنێک هاتە بەر دەرکە.
-ئۆلی ئەندێرسۆن، لێرەیە؟
-دەتەوێ بیبینی؟
-بەڵێ، گەر لە ژوورەوە بێ.
نیک، چەند پێپلیکەیەکی پلیکانەکە شوێن ژنە کەوت و ڕۆیشتن بەرەو کۆتایی داڵانێک. ژنە لە دەرکەی دا.
-کێیە ئەوە؟
ژنەکە گوتی:
-بەڕێز ئەندێرسۆن، کەسێکە هاتووە تۆ ببینێ.
-نیک ئادەمزە.

-وەرە ژوور.
نیک، دەرکەکەی کردەوە و چووە ژوورەکەوە. ئۆلی ئەندێرسۆن، بە جلکەکانی بەریەوە لەسەر جێخەوەکەی ڕاکشابوو. ئەو بۆکسبازێکی (٢) کێشی قورس بووە و لەسەر جێخەوەکە زۆر درێژبوو. پاڵکەوتبوو و دوو سەرینیشی خستبوویە ژێرسەریەوە. تەماشای نیکی نەکرد. پرسیی:
-چ بووە؟
نیک، گوتی:
-من لە چێشتخانە سەرپێییەکەی هێنرییەوە هاتووم. دوو برادەر هاتنەژوور، من و چێشتلێنەرەکەیان بەستەوە و وتیان بە نیازبوون تۆ بکوژن.
وەختێک ئەمەی گوت، دەنگی زۆر گەلحۆیانە هاتە بەرگوێ. ئۆلی ئەندێرسۆن، هیچی نەگوت.
نیک، لە سەری ڕۆیشت:
-ئێمەیان لە موبەقەکە کردە دەرەوە. بە نیازبوون تەقە لە تۆ بکەن، لە کاتێکدا بۆ شێو دێیتە ژوورەوە.
ئۆلی ئەندێرسۆن، تەماشای دیوارەکەی کرد و چ شتێکی نەگوت.
-جۆرج، پێی وابوو باشترە بێم و ئەمەت پێت بڵێم.
ئۆلی ئەندێرسۆن، گوتی:
-چ شتێکی وانییە سەبارەت بەوە تا بیکەم.
-ئەوەت پێدەڵێم کە ئەوان حەزیان لێی بوو.
ئۆلی ئەندێرسۆن، گوتی:
-نامەوێ بزانم ئەوان کەیفیان لە چی بووە.
تەماشایەکی دیوارەکەی کرد:
-سوپاس کە هاتیت تاکو ئەمەم پێ بڵێیت.
-وا زۆر باشە.
نیک، چاوی لە پیاوە زلە ڕاکشاوەکەی سەر جێخەوەکە کرد:
-دەتەوێ بچم پۆلیس ببینم و پێی بڵێم؟
ئۆلی ئەندێرسۆن، گوتی:
-نەخێر، ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.
-چ شتێک نییە تا بتوانم بۆتی ئەنجام بدەم؟
-نەخێر، چ شتێک نییە تا بیکەی.
-لەوانەیە تەنیا ساختەچێتییەک بووبێ.
ئۆلی ئەندێرسۆن خۆی بەلای دیوارەکەدا وەرچەرخاند. ڕووەو دیوارەکە قسەی دەکرد و گوتی:
-تەنیا شت ئەوەیە، من ناتوانم بۆ چوونە دەرەوە لێرە ئاوەزم کۆکەمەوە. گشت ڕۆژێک، من لێرە دەمێنمەوە.
-دەتوانی بچیتە دەرەوەی شارۆچکەکە؟
ئۆلی ئەندێرسۆن، گوتی:
-نەخێر، من دەستبەرداری هەموو بۆرپۆرپێنێکی دەورووپشتم بووم.
چاوی خستە سەر دیوارەکە.
-ئێستا ئیتر هیچ شتێک ناکرێ.
-ناتوانی بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕێکی بخەیتەوە؟
بەهەمان چینی دەنگی قسەی کرد:
-نا. کەوتمە هەڵەوە. هیچ ناکرێ. پاشی کەمێک ئاوەزم دەخەمە کار تا بڕۆمە دەرەوە.
نیک، گوتی:
-وا باشترە بگەڕێمەوە و جۆرج ببینم.
ئۆلی ئەندێرسۆن، تەماشای نیکی نەکرد، گوتی:
-ماڵئاوا، سپاس کە هاتیت بۆ لام.
نیک، چووە دەرەوە. وەختێک دەرکەکەی داخست، بینی ئۆلی ئەندێرسۆن بە جلکەکانی بەرییەوە، لەسەر تەختەخەوەکە ڕاکشاوە و چاوی بڕیوەتە

# دەق

دیوارەکە.

خاوەنخانووەکە لە پێپلیکانەکاندا بەرەو ژێرخانەکە گوتی:

-ئەو هەموو ڕۆژێ لە ژوورەکەی خۆیدایە، وای بۆ دەچم حاڵێ باش نەبێ. پێم گوت: ‹‹بەڕێز ئەندێرسۆن، واباشە تۆ لە وەها ڕۆژێکی خۆشی پاییزی وەک ئەمڕۆدا بچیتەوە دەرەوە و پیاسەیەک بکەی،›› بەڵام حەزی لێی نەکرد.

-نایەوێ بچێتە دەرەوە.

ژنەکە گوتی:

-بەداخم کە هەست بە باشی ناکا، بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر پیاوێکی باشە. دەزانی، ئەو لە بۆکسبازی دا بوو.

-ئەوە دەزانم.

ژنەکە گوتی:

-تۆ هەرگیز ئەمەت نەدەزانی مەگەر لە ڕێی ڕووخساریەوە.

ئەوان لە ناو دەرکەی سەرشەقامەکە وەستابوون و قسەیان دەکرد:

-ئەو بەڕاستی پیاوێکی جوامێرە.

نیک، گوتی:

-باشە، شەو شاد، خاتوو هیرش.

ژنەکە گوتی:

-من خاتوو هیرش نیم. ئەو خاوەنی ئەم جێیەیە. من تەنیا سەرپەرشتی بۆ دەکەم. من خاتوو ‹بێڵ›م.

نیک، گوتی:

-باشە، شەو شاد، خاتوو بێڵ.

ژنەکە گوتی:

-شەو شاد.

نیک، بە شەقامە تاریکەکەدا و بە ژێر گڵۆپی دارتێلی چەماوەدا هەڵگەڕا و پاشان بە درێژایی شوێن تایەی ئۆتۆمبێلەکان، تا گەیشتە چێشتخانەکەی هێنری. جۆرج لە ناو چێشتخانەکە بوو، لە پشت مێزی ژمێرەرەکەوە.

-ئۆلیت بینی؟

نیک، گوتی:

-بەڵێ، لە ژوورەکەی خۆیدایە و ناچێتە دەرەوە.

چێشلێنەرەکە لە متبەخەکەوە دەرکەکەی کردەوە، وەختێک دەنگی نیکی ژنەوت.

دەرکەکەی پێوە دا و گوتی:

-من تەنانەت گوێ لەمەیش ناگرم.

جۆرج، پرسی:

-دەربارەی ئەو شتە هیچت پێی گوت؟

-بە دڵنیاییەوە. پێم گوت بەڵام ئەو دەزانێ هەموو ئەم شتانە چین.

-بە نیازە چی بکا؟

-هیچ.

-دەیکوژن.

-منیش وای بۆ دەچم.

-دەبێ لە شیکاگۆ لە شتێکەوە تێوە گلابێ.

نیک، گوتی:

-منیش هەر وای بۆ دەچم.

-ئەوە جەحەننەمی شتێکە!

نیک، گوتی:

-شتێکی گورچکبڕە.

هیچی دیکەیان نەگوت. جۆرج دانەوییەوە بۆ خاولییەک و مێزەکەی پێ سڕی.

نیک، پرسی:

-سەرم سووڕماوە لەوەی ئەو چیی کردووە؟

-ناپاکی لە کەسێک کردووە. لەبەر خاتری ئەوە

دەیکوژن.

نیک، گوتی:

-من لەم شارۆچکەیە دەڕۆمە دەرەوە.

جۆرج، گوتی:

-بەڵێ، ئەوە شتێکی باشە تا بیکەی.

-ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم، بیر لەو کابرایە بکەمەوە، لە ژوورەکەدا چاوەڕێ دەکا و دەزانێ دەکوژرێ. ئەوە نەفرەتێکی سامناکە.

جۆرج، گوتی:

-باشە، وا باشترە مێشکی خۆتی پێوە مژوول نەکەیت.



(١)-Vaudeville: خونواندنێکی هەمەچەشنانەیە لەسەر شانۆ، کە تێیدا شانۆیی کورت و سەما و گۆرانی نمایش دەکرێ. و.ک.

(٢)-Prizefighter: بۆکسبازێک، کە تەنیا بۆ پارە و هیچی دیکە بۆکسبازی دەکا. و.ک.

**سەرچاوە:**

http://www.classic-enotes.com/short-stories/the-/killers-by-ernest-hemingway

# من
# کێم ...
# لەکوێم؟



**بەهمەن فەرزانە**
**لە فارسییەوە: هیوا خەیات**

ئاخ..! رۆیشتم خەیار پاک بکەم، پەنجەی خۆمم بڕی. بە پەلە پەنجەم دایە بەر ئاوە ساردەکە، تاوەکو خوێنەکەی بگیرسێتەوە، بەڵام بەوپەڕی سەرسامییەوە تێگەیشتم ئەو پەنجەم کە بە تەواوی بڕیبووم خوێنی لێ نایەت. بەو هەموو ئێش و ئازارەوە پێست و گۆشتم بڕی بوو، کەچی خوێنی لێ نەدەهات. ماوەیەک پەنجەم لە ژێر ئاوە ساردەکە ڕاگرت، وەلێ دیسان لە خوێن هەواڵێک نەبوو. هەستام بچم کلینێکس بهێنم، ئەوکاتە تێگەیشتم لەچێشتخانەکەوە تا ژووری میوان دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە سەرزەوییەکە تکاوە .سەیری پەنجەم کرد، خوێنی پێوە نەبوو، باشە ئەی ئەو دڵۆپە خوێنانەی سەرزەوییەکە چی بوو؟ لەوە دەچوو لە ترساندا خوێنی لوتم بەربووبێ. کلینێکسەکەم برد بۆ لوتم، ببینیم خوێن لە پەنجەی دەستی راستمەوە دەتکێ، ئەو پەنجەیەی کە نە بڕا بوو، نە ئازاری دەهات.

چووم ریشم بتاشم، ئاخ ڕوومەتم بڕی! بەڵام.. بەڵام.. دوای دوو سێ چرکە بینیم ئەو کەفەی کە بە ڕوومەتی چەپمەوەیە ڕێ ڕێ بووە، وەکو ئەوە وابوو گەندەمووە سوورەکەی ڕوومەتم لە سەر کەفەکەوە هاتبێتە دەر. زۆری پێ نەچوو کەفە سپییەکە ڕەنگی گۆڕا بە سوور و دڵۆپ دڵۆپ بە دەستشۆرەکەدا چووە خوارێ، وەکو گوڵەمێخەکی سپی، کە بیکەیتە ناو گیراوەیەکی سوور، پاش تاوێک گوڵە سپییەکە توێژاڵێکی سوور بگرێت، سەرەنجام ڕەنگی بگۆڕێت بۆ سوور و سپی.

ڕۆیشتم جلم لەبەر کرد. ویستم پێڵاو لەپێ بکەم، بینیم پێڵاوەکانم تاکەوتاکە و ناچێت بە پێما، پێڵاوەکانم لە سەر زەوییەکە دانا و لێی ورد بوومەوە، تووشی شۆک بووم. هەردوو تاکەکە تاکی ڕاستبوون! من تەنها یەک جووت پێڵاوی ڕەشم هەبوو، خۆ شتی وایش نابێت لەگەڵ پێڵاوە قاوەییەکانم ئاڵوێر بووبێ. هەموو ماڵەکەم دا بە یەکدا، پێڵاوە قاوەییەکانم نەدۆزییەوە، ئەوەی هەبوو تەنها جووتێک پێڵاوی ڕەش، دوو تاکی قاچی ڕاست.

ڕۆیشتمە بەردەم ئاوێنەکە، قژم دابهێنم. ئەمە چ دیمەنێکە؟ مووی بەشی ڕاستی سەرم یەک پارچە سپی بووبوو. سەرەتا وام بە خەیاڵدا هات تیشکدانەوەی خۆری پەنجەرەکەیە. بەڵام پەیوەندیی بە پەنجەرەکەوە نەبوو، یەک دوو تاڵێک نەبوو تەواوی بەشی ڕاستی سەرم سپی بوو. ئێ لە ناکاو بە شەوێک پیربووم؟ بنیام لە سیوهەشت ساڵیدا بەو شێوەیە سەری سپی نابێت، نەخوازە نیوەی سەری! بە خۆم گوت: هەوڵ مەیە، یان ئەوەتە وا نییە، یان ئەگەر ڕاستیش، بێت شتێکە زوو دەگوزەرێ. بەڵام ئەوەی زۆر نیگەرانی دەکردم ئەم هەموو گۆڕانکارییە بەسەر یەکەوە ڕوو نادەن.

دەبێت لە ماڵ بچمە دەرەوە. ئایا دەبێت سەردانی پزیشک بکەم؟ کە پێڵاوم نەبێت، ئەبێ بە نەعلەوە بڕۆم. بەڵام دەبێت چی بە پزیشکەکە بڵێم؟ بڵێم دەستی چەپم بڕیوە و خوێن لە دەستی ڕاستم دێت؟ بڵێم لە ماوەی شەوێکدا نیوەی قژم سپی بووە؟ دەبێت پزیشکەکە وا هەست بکات شێت بووم. تەماشایەکم دەکات و دەڵێت بڕۆ بڕۆ نیگەران مەبە، ئەم جۆرە شتانە لە ڕێی هەمووماندایە، ئاساییە.

ئاساییە؟ بەسەر هەمووماندا دێت؟ بە خۆم دەڵێم ئەبێت شێت بووبێتم. ئەمە سەرەتاکەیەتی، دەترسام لە جێگەی خۆمدا بجوڵێم، دەترسم دیسان بەڵایەکی ترم بەسەردا بێت. چووم یاداشتێک بنووسم کە خەڵکینە فریام بکەون خەریکە شێت دەبم. ئەمە چ جۆرە شێتییەکە؟ ئەوەتا مێشکم باش کار دەکات.بەڵام.. بەڵام.. بینیم بە دەستی ڕاست ناتوانم هیچ بنووسم، پەیوەندیی بە پەنجە بڕاوەکەی دەستی چەپمەوە نەبوو، کە لە ڕێگەی دەستی ڕاستەوە خوێنی لێ ڕژا بوو. نەخێر، بە هیچ شێوەیەک نەمتوانی بنووسم. لەوکاتەدا قەڵەمەکەم برد بۆ دەستی چەپم، وەکو لیۆناردۆ داڤنشیم لێ هاتبوو، کە بە هەردوو دەست دەیتوانی بنووسێت. بەڵام نەخێر، نەخێر بەوجۆرە نەبوو، چونکە من تەنها دەمتوانی بە دەستی چەپم بنووسم، دەستی ڕاستم گۆج بووبوو.

چ ڕووناکییەکی بەدە. لایەکی ژوورەکە نیوە تاریک و لاکەی تری زیاد لە پێویست ڕووناک. بۆچی نیوەی پەردەی ژوورەکە ڕەش دەچووەوە و نیوەکەی تری

## دەق



ڕەنگاوڕەنگ؟ کام ڕەنگ؟ پیرۆزەیی، شینی کاڵ... وەکو کاشیی مزگەوتێک. دەبوو برۆم و لە نزیکەوە لێی بڕوانم. کاتێک کەوتمە ڕێ، قاچم گیرایە تەپڵکەکە و درام بە زەویدا.ئاخ! ئەژنۆم، ئەژنۆی چەپم، بەڵام ئەژنۆی چەپ ئازاری نەدەهات. ئەژنۆی ڕاستم خەریکبوو دەیکوشتم. تەنانەت نەمدەتوانی خۆم بگەیەنمە لای تەلەفۆنەکە،کوترابوو؟ شکابوو؟ بەڵام بە کەوتنێکی ئاسایی ئەژنۆی ئادەمییەک ناشکێت.

چەند ژمارەیەکم بە پەنجەی چەپم لێدا، هەموویان مەشغوڵ بوون. خەڵکی چەندە فرە بڵێن، کە بێتاقەت ئەبن هەموو پەنا بۆ تەلەفۆن دەبەن. باشە ئەگەر ئادەمیزاد کارێکی بە پەلەی هەبێت، دەبێت چی بکات؟ ماڵەکەی من پەنجەرەکەی لەسەر کۆڵان نییە، تا برۆم لەوێوە بانگی کەسێک بکەم و داوای یارمەتی لە کەسێک بکەم، وەلێ یارمەتیی چی؟ بۆ نموونە بە کەسێک بڵێم ورە قژم بۆ ڕەش بکەرەوە؟ سەعات دوانزەونیوی شەوە. مەگەر ئەو خەڵکە ناخەون وا تەلەفۆنی هەموویان مەشغوڵە؟ لەو کاتەوە تا ئێستا ئاسمان هێشتا ڕووناکە؟ بۆچی هێشتا دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکان دێت؟ شەوی هەینیش نییە. خەڵکی لەم کاتەدا بۆ کوێ دەچن؟ کاتژمێر چەندە؟ کاتژمێر دوانزەونیوی شەوە. ئاسمان هێشتا شینە. هێشتا خۆر دەدرەوشێتەوە، لەوە دەچێت یەکسەر بەرەو سوید و نەرویژ فڕیبم، کە هەرگیز خۆری لێ ئاوا نابێت.

**سەرچاوە:**
کتێبی: از چاله به چاه.



# سەیرکە با ستران دەچڕێ

**گفتوگۆی نیۆیۆرک تایمز لەگەڵ هاروکی موراکامی**

**سم ئەندرسن**

**بۆ فارسی: حەمید پرنیان**

**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

«١»

سم ئەندرسن: بۆ یەکەمین جارە دەمەوێ بچمە ژاپۆن، تا ڕادەیەک هەموو ئەم هاوینە نوقمی خوێندنەوەی کارەکانی موراکامی بووم. هەر ئەمەیش بابەتەکەی دژوارتر کرد، کاتێک گەیشتمە تۆکیۆ لە ژێر

کاریگەریی موراکامیدا چاوەڕێ بووم شارێکی وەک بەرسیلۆنە، یان پاریس، یان بەرلین بێت، جیهان شارێک، کە شارۆمەندانی نەک تەنها بە ئینگلیزییەکی ڕەوان قسان دەکەن، بەڵکو ئاشنای هەموو لایەنە فەرهەنگییەکانی خۆرئاوان، جاز، شانۆ، ئەدەبیات، تەنزە تەلەڤزیۆنییەکان، سینەماڤیژن، ئۆپێرا، ڕاک ئەندل، بەڵام هەموو دەزانن، ژاپۆن هەرگیز ئامها نییە. ژاپۆن ژاپۆنی ڕاستەقینە و شایەنی بینین گۆڕاوە بۆ ژاپۆنێکی توند، سەخت و بێبەزەیی.

من یەکەمین جار لە میترۆی تۆکیۆدا بوو، ڕووبەڕووی ئەم پرسە بوومەوە. بەیانی هەوەڵین ڕۆژ لە تۆکیۆ، خەریکبووم دەچووم بۆ ئۆفیسەکەی موراکامی، کە بە دڵنیایی تەواوەوە سەرەولێژ بوومەوە بۆ ناو میترۆکە. کراسە ئوتووکراوە تازەکەیشم لەبەر کردبوو پاشان یەکسەر ون بووم و هیچ ئینگلیزیزانێکم نەدۆزییەوە و دواجار (دوای ئەوەی شەمەندەفەرێکی زۆرم لە دەست دا و بلیتگەلی هەڵەم کڕن و نیگای ترش و تاڵم لە گەشتیارە ترساوەکانی شەمەندەفەرەکە دەبڕی) لە جێگەیەکی ناوەندی شاردا سەرم هەڵهێنا. تەواو درەنگم کردبوو و بەم حاڵەوە سەرگەردان و بێ ئامانج لە ئاراستەی هەڵەوە دەڕۆیشتم (تۆکیۆ تابلۆی ڕێنمایی کەمی هەیە.) دواجار بڕیار بوو، یوکی، ڕاوێژکاری مۆراکامی بێتە دووم. منیش لە سەر کورسییەکی درێژ دانیشتم، کە لە بەردەم هەڕەمێکی شووشەییدا بوو، هەرەمێک، کە هەر وەک پەرستگەیەکی شەیتانی و سمبولی خێرەوەدەری زۆر و مەرگبار دەهاتە بەرچاو بیهێنە بەرچاو ئەو کاتە من چەندە نائومێد بووم.

بەمجۆرە بوو میترۆی تۆکیۆ منی پیرۆز کرد. هەمیشە سادەباوەڕانە و ئەمریکایی ئاسا پێم وابوو کە موراکامی، لانیکەم لە باشترین حاڵەتیدا، نوێنەری بەڵێندەری فەرهەنگی مۆدێرنی ژاپۆنە. لە نووسینگەکەی بوو تێگەیشتم ئەو لەو شتە جیاوازە کە بیرم لێی دەکردەوە و ژاپۆنیش جێگەیەکی جیاوازە و پەیوەندیی ئەم دووە لەو شتە ئاڵۆزترە، کە من لە دوورەوە، لەو مەودا ئاساییەشەوە کە وەرگێڕان دروستی دەکات، هەستم پێی دەکرد.

کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانە نوێکەی موراکامی (١٩٨٤) لە یەکەمین یادەوەرییەوە بە جۆرێک تووشی ئازار و ئەشکەنجە دەبێت، دەگاتە هەر کەسێک پرسیاری یەکەمین یادەوەرییان لێدەدات.

کاتێک دواجار لە نووسینگەی کارەکەیدا سەردانی موراکامیم کرد، لە تۆکیۆ، لێم پرسی یەکەمین یادەوەری چییە؟ وتی: کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بووە خۆی بڕیار دەدات، کە لە دەرگەی ماڵەوەیان دارەدارە بکات و بچێتە دەرێ. لە ڕێگەدا دەکەوێتە جۆگەیەکەوە. ئاوەکە خەریکبوو ئەوی دەبردە تونێڵێکی تاریک و ترسناکەوە، کە دایکی دەگاتە جێ و قوتاری دەکات. مۆراکانی وتی: (زۆر بە ڕوونی دێتەوە بیرم. ساردیی ئاوەکە و تاریکیی تونێڵەکە، شێوەیەک، کە ئەو تاریکییە هەیبوو، ترسناکە. پێم وایە لەبەر ئەمەیە ئەوەندە حەزم لە تاریکییە.)

موراکامی خەریکبوو یادەوەرییەکانی دەگێڕایەوە و منیش بە شێوەیەکی سەیر هەست دەکەم ناتوانم نووسینگەکەی جێبهێڵم. هەستم کرد پێشتر ئەم دیمەنەم بینیبوو، ڕێک وەک کاتی پژمین. چما کە پێشتر ئەم یادەوەرییەم بیستبوو، یا وەک بڵێی یادەوەریی منە، کە خەریکم بیری دەهێنمەوە.

**موراکامی لە وڵاتەکەی خۆیدا خۆی بە نامۆ دەزانێ. ئەو لە یەکێك لە نامۆترین ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی ژاپۆن لەدایکبوو**

دواتر تێگەیشتم بۆچی من ئەم یادەوەرییەم بیر هێنابووەوە: موراکامی ئەم یادەوەرییەی لە زمانی یەکێک لە کارەکتەرە زۆر لاوەکییەکانییەوە و لە سەرەتای رۆمانی «پانۆرامای باڵندە قورمیشی»یەوە بەیان کردووە.

یەکەمین سەردانی من بۆ لای موراکامی، رێک لە جەرگەی بەیانییەکی تەماوی، ناوەڕاستی هەفتە و ناوەڕاستی هاوینێکی سەرسەختدا بوو. چوار مانگ پێشتر، سونامی دابووی لە کەنارەکانی باکوور و بیست هەزار کەسی کوشتبوو و تەواو شارەکانی وێران کردبوون و پشێوی خستبووە وێستگەی ئەتۆمییەوە و ژاپۆنی کردبووە قەیرانی فرەوە: وزە، تەندروستیی گشتی، میدیاکان، کاروباری سیاسی.

من پرسیارم لە وەرگێڕانە ئینگلیزی و (هەروابێتەوە فەڕەنسی و تایوانی و ئیسپانی و عیبری و لیتوانی و تورکی و ئەڵمانی و پورتوگالی و سوێدی و چیکی و رووسی کەتەلۆنی)یەکەی رۆمانی (١q٨٤) کرد لە موراکامی، رۆمانێک، کە ملیۆنان دانەی لە ئاسیا فرۆشرابوو و چرپەچرپی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی بە موراکامی خستبووە سەر زمانان.

موراکامی تەمەنی شەستودوو ساڵە، کە سێ دەیەی نووسەریی تێپەڕاندووە، بە شێوەیەکی نافەرمی نازناوی پاشای ئەدیبانی ژاپۆنی پێ درابوو، باڵیۆزی خەیاڵی ژاپۆن بۆ سەرتاسەری جیهان، سەرچاوەی سەرەکیی ملیۆنان خوێنەر بۆ ناسینی چنین و شێوەی وڵاتی ژاپۆن.

باشە، بێگومان، ئەم کارە هەر کەسێک دەحەپەسێنێ.

موراکامی لە وڵاتەکەی خۆیدا خۆی بە نامۆ دەزانێ. ئەو لە یەکێک لە نامۆترین ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی ژاپۆن لەدایکبوو. کیوتۆ لە ساڵی (١٩٤٩) کە پێشتر لە میانەی داگیرکردنی ژاپۆن لەلایەن ئەمریکاوە، پایتەختی ئیمپراتۆری ژاپۆن بوو. ژان داڤر، مێژوونووسی ژاپۆنیی کۆتایی دەیەی چلەکان دەنووسێ: (ناتوانی چرکەساتێکی توند و پێشبینی نەکراو و تەمومژاوی و پەرێشانتر لەم دەورە و راگوزەرە فەرهەنگییە بدۆزییەوە.)



ئێستا تۆ (رۆمان) بخەرە شوێنی (چرکەسات) تا وەسفێکی وردتر لەم رۆمانەی موراکامی هەبێت. پێکهاتەی سەرەکیی ئەم سەرگورشتانە- ژیانێکی ئاسایی، کە لە دنیا دژەکاندا لە گەڕدایە- هەروابێتەوە پێکهاتەی سەرەکی یەکەمین ئەزموونی ژیانی موراکامییە.

مۆراکامی ئاسایی لە دەوروبەری بەندەری کوبە، کە بەندەرێکی نێودەوڵەتییە و شوێنی زایەڵەدانەوەی هەزاران زمانە، پێگەیی. کاتێک مێردمنداڵ بوو، خۆی نوقمی فەرهەنگی ئەمریکایی کردبوو، بە تایبەت موزیکی جاز و رۆمانە پۆلیسییەکان. ئەو بیست ساڵ بوو، کە روانینی خەڵکی ئەمریکای بۆ شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی خۆیدا چەسپاند و لەبری ئەوەی پەیوەندیی بە کۆمپانیا گەورە بازرگانییەکانەوە بکات، سەر و ریشی هێشتەوە و درێژی کرد و بە پێچەوانەی حەز و ئارەزووی دایک و باوکییەوە، هاوسەرگیری کرد و قەرزی وەرگرت و یانەیەکی جازی لە تۆکیۆ کردەوە، بە ناوی (پیتەر کت.) نزیکەی دە ساڵ لە تەمەنی لە بەڕێوەبردنی ئەم یانەیەدا بەسەر برد: گسکدان، گوێگرتن لە موزیک، ساندویچ دروستکردن و مەشروب دانان.

پیشەی نووسەریی بە شێوەی کلاسیکی خۆی دەست پێ کرد: حەقیقەتێکی رازئامێز، کتوپڕ لە کاتێکی ئاساییدا بەسەر ئەودا دادەبارێ و بۆ هەمیشە ژیانی دەگۆڕێت. موراکامی بیستونۆ ساڵە، لە پەنا یاریگەی بەیس بۆڵی گەڕەکەکەیانەوە دانیشتبوو و بیرەی دەخواردەوە و سەیری یارییەکەی دەکرد. یارییەکی ئاسایی بوو، بەڵام هەر کە تۆپەکە بەرز بووەوە، شتێک بە سەر مۆراکامیدا درەوشایەوە. ئەو کتوپڕ تێگەیشت دەتوانێ رۆمان بنووسێ. قەت مەیلێکی وەها بۆ نووسین لەودا بە خەبەر نەهاتبوو. موراکامیش دەستی کرد بە نووسین: دوای یارییەکە، چووە کتێبفرۆشییەکەوە، قەڵەم و کاغەزی کڕی و دوای چەند مانگێک رۆمانی (سەیرکە با ستران دەچڕێ)ی نووسی، کە رۆمانێکی لاواز و گردوکۆ بوو، سەبارەت بە گێڕەرەوەیەکی بێ ناوی بیستویەک ساڵەیە، کە خۆشەویستەکەی ناوی دەنێ (رەت) و ژنی چوار پەنجە. شتێکی تایبەت لەم چیرۆکەدا روونادات، بەڵام ئەمە سەرەتای دەنگی مۆراکامییە: دڵتەنگییەک و حەپەسانێکی نامۆ. سەدوسی لاپەڕەیە



و ئاماژەیەکیشی تێدایە بۆ فەرهەنگی خۆرئاوا: (لاسی)، (یانەی میکی ماوس)، (پشیلە لەسەر جەمالۆنی گەرم)، (کچانی کالیفۆرنیایی)، کۆنشێرتۆی سێیەمی پیانۆی بیتهۆڤن، رۆژێ وادیم (دەرهێنەری فەرەنسی)، بۆب دیلن، ماروین جای، ئەلڤێس بریسلی،... ئەمە بەشێکە لەو فەهرەستە درێژە و ئەمە لە کاتێکدایە رۆمانەکە سەراپا ئاماژەیەکی کەمە بۆ هونەری ژاپۆن. ئەمەیش هەندێک لە رەخنەگرانی ژاپۆنی دژی مۆراکامی وروووژاندووە.

(سەیرکە با ستران دەچڕێ) شان و شکۆی نووسەرێکی نوێی دایە موراکامی. دوای سالێک و رۆمانێکی دی، موراکامی یانەی جازەکەی فرۆشت و هەموو کاتەکەی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. موراکامی مانای (هەموو کاتەکە) جیاواز لە زۆربەی خەلکی تێدەگەیشت. سی ساڵە ئەو ژیانی خۆی راهیبەئاسا دابەشکرد و هەر بەشێکی بە شێوەیەکی زۆرباش ئەنجام دەدات. ئەو هەموو رۆژێک ماوەیەکی درێژ رادەکات یا مەلە دەکات، بەرچایی دەخوات، نۆی شەویش دەچێ دەنوێ و چواری بەیانی هەڵدەستێت و رێک دەچێتە سەر مێزی کارەکەی و پێنج بۆ شەش کاتژمێر دەنووسێت. (هەندێک کاتیش کاتژمێر دوو هەڵدەستێت.) ئەو دەڵێ نووسینگەی کارەکەی وەک زیندان وایە- (زیندانی، بەلام خۆهەلبژێر، زیندانییەکی شاد.)

دەڵێ: (بیرچڕکردنەوە یەکێک لە شادترین شتەکانی ژیانی منە. گەر نەتوانی بیرت چڕ بکەیتەوە، ناشتوانی شاد بیت. کەسێک نیم خێرا بیر بکەمەوە، بەلام کاتێک حەز لە شتێک دەکەم دەتوانم ساڵانێک ئەنجامی بدەم. ماندوو نابم. وەک مەنجەڵێکی گەورە وام، کە درەنگ دێتە کوڵ، بەلام هەمیشە گەرمە.)

ئەم نەزمە لە کوڵە، بە تێپەڕینی کات، یەکێک لە جیاوازترین کۆمەڵە کارەکانی لە سەرانسەری جیهاندا خولقاند: سێ دەیەی تەمومژاوی خووگری، کە کار گەیشتە دۆزینەوەی دەلاقەی نێوان ژانرەکان (زانستی خەیاڵی، واقعگەرا، پۆلیسی) و فەرهەنگەکان (ژاپۆن ئەمریکا). دەلاقەیەک، کە تا بەر لە مۆراکامی نەدۆزرابووەوە، یا لانیکەم بەم قووڵییە نەدۆزرابووەوە. ساڵانێک تێپەڕی و رۆمانەکانی مۆراکامی وردە وردە ئەستوور و جدیتر بوون و ئێستا ئەو ئەستوورترین و بەهێزترین و جدیترین رۆمانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە.

موراکامی زۆر باش بە ئینگلیزی قسان دەکات، بە دەنگێکی ئارام و قووڵ. بە منی وت حەز ناکات لە رێگەی وەرگێڕەوە قسە بکات. دیالێکتەکەی بەهێزە- تا جێیەک، کە چاوەڕێ دەکرێت، تا فرمانەکە سفت و پتەو ئەدا بکات، تۆنێکی دراماتیکی دەداتێ، یان کە کتوپڕ دایدەنێ. دەربڕینی وەک (من هەستەکەم) و (وەک ئەمەیە کە) لە پەنا قسەکانییەوە دەکەونە جێگای تاڕادەیەک سەیرەوە. پێم وابوو حەز دەکات لە دەرەوەی پێودانگەکانی زمان بێت: راشکاوییەکی سەرنجکێش لە ئینگلیزی قسەکردنیدا هەیە. لە پشت مێزێکەوە لە ئۆفیسی کارەکەیدا لە تۆکیۆ دانیشتین. موراکامی بە گاڵتەوە بە ئۆفیسی کارەکەی دەڵێ: (ناوەندی پیشەگەریی موراکامی.) لە ژوورەکانی دیدا کارمەندی وردیلە، کە پێڵاویشیان لە پێدا نەبوو، خەریکبوون ورد ورد قسەیان دەکرد. موراکامی پانتۆڵێکی شینی لە پێدا بوو، لەگەڵ کراسێکی نیوقۆڵ کە - وەک کراسی

(سەیرکە با ستران دەچڕێ) شان و شکۆی نووسەرێکی نوێی دایە موراکامی. دوای ساڵێک و رۆمانێکی دی، موراکامی یانەی جازەکەی فرۆشت و هەموو کاتەکەی خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. موراکامی مانای (هەموو کاتەکە) جیاواز لە زۆربەی خەڵکی تێدەگەیشت. سی ساڵە ئەو ژیانی خۆی راهیبەئاسا دابەشکرد و هەر بەشێکی بە شێوەیەکی زۆرباش ئەنجام دەدات

زۆرێک لە کەسێتییەکانی — وەک بڵێی تازە ئوتوو کرابوو. (عاشقی ئوتووکردنە.) ئەویش پێڵاوی لە پێدا نییە. قاوەکەی لە پەرداخێکدا خواردەوە، نەخشی بەرگی کتێبی (خەونی گەورە)ی ریمۆند چندلری لەسەرە. ئەم کتێبە، یەکێک لە گراوییە ئەدەبییەکانی موراکامییە، هەمان رۆمانێک، کە لەم دواییەدا خەریکە خۆی وەری دەگێڕێتە سەر زمانی ژاپۆنی.

هەر کە دەستمان کرد بە گفتوگۆ، دانەیەک لە رۆمانی (١٩٨٤) م دەرهێناو خستمە سەر مێزەکە. وەک ئەوە وابوو بەڕاستی مۆراکامی شڵەژابێت. رۆمانەکە نۆسەد و سیودوو لاپەڕەیە و مرۆڤ دەخاتەوە بیری کتێبە کارگێڕییەکان. مۆراکامی وتی: (زۆر گەورەیە. وەک (کتێبی یەکەم) وایە.

ئەم رستەیە بە رواڵەت هەڵکڕانی سەرەتایی مۆراکامی دەگەیاند لە وەرگێڕانە ئەمریکییەکەی رۆمانەکەی، کە وەک هەموو ئاڵووێڵە فەرهەنگییەکان، تۆزێک نائاسایی بووە. رۆمانی (١٩٨٤) لە ژاپۆن، لە سێ بەرگدا و لە ماوەی دوو ساڵدا بڵاو بووەوە. (لە راستیدا مۆراکامی ئەم رۆمانەی لە دوو بەرگدا تەواو کرد، بەڵام دوای ساڵێک بڕیاری دا چەند سەد لاپەڕەیەکی دی بخاتە سەر.) گەر ئینگلیزییەکەتان باشە، خراپ نییە سەیرێکی وێنە ڤیدیۆییەکانی ناساندنی ئەم رۆمانە بکەن لە پێگەی یووتووب.

لە موراکامیم پرسی ئایا لە سەرەتاوە مەبەستی بوو رۆمانێکی هێند ئەستوور بنووسێت؟ ئەو وتی نا. وتی گەر دەیزانی دەگاتە ئەم ئەستوورییە، هەرگیز لە سەرەتاوە نەیدەنووسی. دەیویست رۆمانێک بنووسێ، کە تەنها ناونیشانەکەی هەبوو و وێنەیەکی سەرەتایی (کە ئاسایی ئەم دووە لە کارەکانی موراکامیدا یەکن) و دواتر لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت، رۆژەکان بە دوای یەکدا تێپەڕین، تا دواجار تەواو بوو. مۆراکامی دەڵێ ئەم رۆمانە سێ ساڵ کردبوویە دیلی خۆی.

ئەم رۆمانە لە پشکوتنی وردترین تۆوەکانەوە دەستی پێکرد و پاشان پێگەیی و بووە دارێکی گەورە. مۆراکامی دەڵێ: رۆمانی (١٩٨٤) ئەمەیە. کوڕێک کچێک دەبینێ، لێک هەڵبڕاون و ئێستا بە دوای فراوانبوونی یەکێک لە خۆشەویستترین و پڕ هەوادارترین کورتە چیرۆکەکانی، (لە بارەی بینینی کچێکی سەد لە سەد جوان لە بەیانییەکی مانگی گوڵاندا)ە، کە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی تەنها پێنج لاپەڕەیە. ئەو دەڵێ: (لە بنەڕەتا «لە چیرۆکی رۆمانەکەیشدا بە دوای یەکتریدا دەگەڕێن. چیرۆکێکی سادەیە. من بە ئەنقەست درێژم کردەوە.)

(١٩٨٤) بەڕاستی چیرۆکێکی سادە نییە. ناشکرێ تەواو بیرۆکە سەرەکییەکەی کورت بکەیتەوە، لانیکەم نەک لەم ئەستێرەیەدا و بە زمانی مرۆیی و ئەویش لە وتارێکی رۆژنامەدا! سەرەتای چیرۆکەکە لە شوێنێکی زۆر بێ جوولە و مردووەوە دەست پێ دەکات: ژنێکی گەنج، کە ناوی ئومامەیە (بە مانای نۆکە سەوزەیە) لە تاکسییەکدا دانیشتووە و لە ترافیکدا گیری خواردووە. گۆرانییەک لە رادیۆی ئۆتۆمبیلەکەوە پەخش دەبێت: ئاهەنگێکی کلاسیک کە «سینفۆنیتا»ی ناوە و هیی موزیکدانەری چیکی لیۆ یاناککە. مۆراکامی دەڵێ: «ئەگەری هەیە نەیاتە بەرچاو، کە ئاهەنگێکی شیاو بێت بۆ پەخشبوون لە رادیۆی تاکسییەک، ئەویش کاتێک کە لە شارێیەکدا گیرت خواردبێت.» ئەم گۆرانییەش کچە بەرەو

ئاستێکی عیرفانی دەبات. گۆرانییەکە خەریکە پەخش دەبێت و تاکسییەکەی هەر وەستاوە و شۆفێرەکە ڕێگەیەکی نائاسایی بۆ هەڵاتن دەخاتە بەردەم ئومامە. شۆفێرەکە دەڵێ شارێکە دەرچوونی ناچاریی هەیە. بە ڕێکەوت یەکیشیان لە نزیکی ئەوانەوە بوو. شۆفێرەکە دەڵێ، ئەم دەرچوونانە پێپلیکانەی شاراوەیان هەیە بۆ سەر شەقامەکە، کە زۆربەی خەڵکی زانیارییان دەربارەیان نییە. ئەگەر بەڕاستی چارەیەکی تر نییە، دەتوانێ لە یەکێک لەم پلیکانانەوە بەرەو شەقامەکە بڕوات. هەر کە کچە خەریکە بیر لە پێشنیازەکەی شۆفێر دەکاتەوە، ساتی موراکامییەکە هەڵدەتۆقێ، شۆفێرەکە دەڵێ: «تکایە بیرت بێت شتەکان بەو جۆرە نین کە دەبینرێن» شۆفێرەکە هۆشداری دەدات، کە گەر کچە دابەزێ ئەشێ کتوپڕ بۆ هەمیشە دنیاکەی بگۆڕێ.

کچە پێشنیازەکە ئەنجام دەدات و ئەو ڕووداوەی بڕیار بوو بقەومێ، دەقەومێ. ئومامە دەچێتە دنیایەکەوە، کە مێژووەکەی بە توندی جیاوازە و هەروابێتەوە دوو مانگیش لەو دنیایەدا هەیە. بڕیاری ژوانێک، کە ئەو پێی نەگەیشتووە، دەگۆڕێت بۆ تیرۆرێک. هۆزێکیش لە بوونەوەری جادوویی هەیە، کە ناودەنرێن (قەزەمەکان) و عەسران لە قەپۆزی بزنێکی مردوو و کوێرەوە دێنە دەرێ و سەرەتا، کە بە هێندەی سەرەمێکوتەیەک دەبن وردە وردە بە هێندەی سەگێکی راویان لێدێت. ئەوان یەک دەنگ و هاوئاهەنگ «هوهو» دەست پێ دەکەن. دەست دەکەن بە هەڵلووشینی گوریسی روون و نەبینراو، کە لە هەوادا هەڵواسراون، تا گوێەکی وەک زرەفستق بچنن، کە ناو دەنرێ ( شکۆفەی




هەوایی). کە دەگەینە نیوەی رۆمانەکە، لەم بەرزاییە ئەودیو سروشتییە کەم دەبێتەوە.

مۆراکامی چەندین دەیەیە لە سەر شتێک کاری کردووە، کە خۆی ناوی ناوە «مەزنە رۆمان». شتێکی وەک رۆمانی «برایانی کارامازۆف.» (مۆراکامی چوار جار ئەم رۆمانەی خوێندووەتەوە.) گوایە ئەو هەوڵی داوە (١٩٨٤) درێژە بەم کارە بدات: مەزنە رۆمانێکی ئەستوور و کەسی سێیەم و سەراپاگیر. پڕ لە تووڕەیی و توندوتیژی و کارەسات و سێکسی سەیروسەمەرە و واقعیەتگەلی نامۆ و نوێ، رۆمانێک، کە چما دەیەوێ هەموو ژاپۆنی لە خۆیدا هەبێت، رۆمانێک، کە سەرت دەسوورمێنێ.







به موراکامی دەڵێم دوای خوێندنەوە ڕۆمانی سەرسووڕهێنی زۆر، دیسان سەرم سووڕماوە کە تێگەیشتووم تۆ دەتویست سەری من بسووڕمێنی. وەک هەمیشە، هیچ شانازییەکی لە خۆی پیشان نەدا و وتی ئەم خەیاڵە کۆنانەی زۆر بێزارکەرن.

وتی: (بیرۆکەی مرۆڤە قەزەمەکانم کتوپڕ هات بە مێشکدا. نازانم کێن. نازانم ئەسڵەن چ مانایەکیان هەیە. من دیلی چیرۆکەکە بووبووم. چارەیەکیشم نەبوو. ئەوان هاتن و من وەسفم کردن. من ئامها کار دەکەم.)

لە موراکامیم پرسی، لەو کارانەی کە خەیاڵاوین، ئایا ئەو ئەم خەیاڵانە بە روونی دەبینێ. وتی ناتوانێ بە بیری بهێنێتەوە. ئەو هەڵدەستێ و هیچ شتێکی بیر نایاتەوە. تاقە خەیاڵێک، کە بە بیری دێتەوە، پەیوەستە بە چەند ساڵێک پێشتر، کە کابووسێکی دووبارەبووەوە بوو و زۆر لە چیرۆکەکانی مۆراکامی دەچێت. لەو کابووسەدا، لەشێکی سێبەرئاسا و نەناسراو خەریکە چێشت بۆ مۆراکامی لێدەنێ، کە ئەو ناوی دەنێ (خۆراکی سەیر). شۆربای گۆشتی مار، شلەی هەزارپێ و برنج، کە لەگەڵ (گۆشتی) پاندای لەڕ تێکەڵ کراوە. مۆراکامی حەزی نەدەکرد بیخوات، بەڵام لە دنیای خەودا هەستی دەکرد ناچارە بیخوات. ڕێک بەرلەوەی پاروویەک بخوات لە خەو هەڵدەستێ.

**لە ماوە ئەو پێنج رۆژەی لە ژاپۆن بووم، تێگەیشتم، کە لەگەڵ تۆکیۆی موراکامیدا پتر هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد تا لەگەڵ تۆکیۆی واقعیدا**

## بینینی پەپولەکان لە ژاپۆن سەیر نییە

**(٢)**

دووەم رۆژ، لەگەڵ موراکامیدا سواری ئۆتۆمبیلەکەی بووین و چووین بۆ ماڵە کەنارییەکەی. یەکێک لە یاریدەدەرانی موراکامی، کە ژنێکی جوانپۆش و لە ئومامە منداڵتریش بوو، شۆفێری دەکرد و لە هەمان شارێی بەرزەوە رۆیشتین، کە چارەنووسی ئومامەی گۆڕی.

لە رێگەدا، موراکامی ئاماژەی بۆ دەرچوونە ناچارییەکان کرد، کە لە زەینیدا بوو و لە سەرەتای کتێبەکەیدا هێنابووی. (موراکامیش وەک ئومامە لە ترافیکەکەدا گیری خواردبوو، کە ئەم بیرۆکەیە هات بە مێشکیدا.) پاشان زۆر بە وردی ئاماژەی بۆ خاڵێک کرد، کە ئومامەی خەیاڵی، لەوێوە دەچێتە خوارێ و دەچێتە دنیا نوێیەکەیەوە. موراکامی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە سەیری دەرەوەی کرد و وتی: (ئومامە دەیویست لە یۆگاوە بچێت بۆ شیبیوا. هەربۆیە رێک دەبێت لێرە بێت.) پاشان رووی کردە من و چما بیەوێ بیری هەردووکمانی خستبێتەوە، خستییە سەری (هەڵبەتە راستەقینە نییە.) هێشتا خەریکبوو سەیری دەرەوەی دەکرد و وەک بڵێی خەریکە وەسفی رووداوێک دەکات کە بەڕاستی قەومابوو، وتی: (بەڵێ، ئەمە هەمان جێگەیەکە کە ئومامە لێی چووە خوارێ.)

گێڕانەوەی موراکامی دڵۆپ دڵۆپ دەگۆڕێت بۆ واقعییەت. لە ماوە ئەو پێنج رۆژەی لە ژاپۆن بووم، تێگەیشتم، کە لەگەڵ تۆکیۆی موراکامیدا پتر هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد تا لەگەڵ تۆکیۆی واقعیدا. موراکامی لە دەربیچەی خەیاڵی خۆیەوە شارەکەی بە من ناساندبوو. تا توانیم سەیری ئەو دنیایەی (مۆراکامی)م کرد، چووم بۆ سەیری یاریی بەیسبۆڵ لە یاریگەی جینگۆ- هەمان جێگەیەک کە سروش بۆ مۆراکامی هاتبوو. کاتێک سەیری یارییەکەم دەکرد خەریکبوو سروش بۆ منیش بێت. لەو رێگەیەوە رام کرد، کە هەمیشە مۆراکامی لێوەی رادەکات و هاوکات گوێم لەو موزیکە گرت، کە ئەو حەزی لێیەتی، (هاودڵی لەگەڵ شەیتاندا) رۆلینگ ستۆنز و ئەلبومی (خشۆک) لە ئەریک کلپتان.

میوانخانەکەی من نزیک وێستگەی شینجوکو بوو، هەمان ئەو وێستگەیەی کە (١٩٨٤) بە دەوریدا دەخوولێتەوە و لە کافێی ناکامورای، کە کافێی خۆشەویستی کەسێتییەکانی رۆمانەکەیە، قاوەیەکەم خواردەوە. شەویش چووم بۆ رێستۆرانتی دنی و چاییم خواردەوە. بە درێژایی رۆژ، کە بەملا و ئەولادا دەڕۆیشتم، پڕ بووبووم لە هەستی ئاگایی، رێک وەک رۆمانەکانی موراکامی، کە پڕن لە هەستی ئاگایی، موزیکی کافێکان، هەوراز و نشێوەکان، شێوەی گوێی خەڵکی.

هەرچی زیاتر لە شاردا دەسووڕامەوە، پتر موراکامیم خۆش دەویست. خەڵکی کتێبگەلێکیان چاپ کردووە لە بارەی ئەو خۆراکانەوە، کە موراکامی لە رۆمانەکانیدا ناوی هێناون و ئەو موزیکانەی کە کەسێتییەکانی رۆمانەکانی گوێی لێدەگرن لە ئینتەرنێتدا دەستاودەست دەکات. موراکامی بە منی وت، کۆمپانیایەکی کۆری گروپ گەشتێکی بە ناوی (کافکا لە کەناری دەریا) رێک خستووە و وەرگێڕە پۆڵندییەکەیشی رێنماییەکی گەشتیاری لەسەر بنەمای (١٩٨٤) لە تۆکیۆ بەرێ خستووە.

هەرچی زیاتر لە شاردا دەسووڕامەوە، پتر موراکامیم خۆش دەویست. خەڵکی کتێبگەلێکیان چاپ کردووە لە بارەی ئەو خۆراکانەوە، کە موراکامی لە رۆمانەکانیدا ناوی هێناون و ئەو موزیکانەی کە کەسێتییەکانی رۆمانەکانی گوێی لێدەگرن لە ئینتەرنێتدا دەستاودەست دەکات

# گفتوگۆ

جارجار پیشەی گەشتیاری دەتوانێ بگاتە کەوشەنە میتافیزیکییەکان. زۆربەی جار خوێنەران بە مۆراکامی دەڵێن چ شتانێکی بە هۆی رۆمانەکانییەوە داهێناوە: رێستورانت یا کافێیەک، کە مۆراکامی تەنها بیری لێ کردبووەوە، یەکسەر رۆنراوەو بەڕاستی لە تۆکیۆ دەتوانی بیبینی. لە ساپورو، ئێستا میوانخانەکانی دۆلفین بەڕاستی بوونیان هەیە- ئەو میوانخانانەی کە موراکامی لە (راوی مەڕە کێوی)دا ناوی هێناون. واقعییەتەکە لە چیرۆکەکەدا دەنیشێ و چیرۆکەکەیش لە واقعییەتدا. ئەمە هەمان بابەتی تەوەرەی چیرۆکەکانی موراکامییە (بە تایبەت لە رۆمانی ١٩٨٤)دا.

تێگەیشتن لەم خاڵە لە وەرگێڕانی کارەکانی موراکامیدا زۆر گرنگە. ئەو هەمیشە لەمە هەڵاتووە، کە بکەوێتە ژێر کاریگەری نووسەرە ژاپۆنییەکانەوە، مۆراکامی هەمیشە لەمەی کە ناوی لێ بنرێ ژاپۆنی هەڵاتووە. ئەو کاتێک هەرزەکار بووە، هەستیارییە ئەدەبییەکانی بە ئاگابوون لە نووسەرە خۆرئاواییەکان، شێوە داوە: ئەورووپاییە کلاسیکەکان (وەک دۆستۆیڤسکی، ستاندال، دیکنز) و ئەمریکییەکانی سەدەی بیست، کە موراکامی بە درێژایی ژیانی زۆری لێ خوێندوونەتەوە (ریموند چندلر، ترومن کاپوتی، سکۆت فیتز جیراڵد، ریچارد براتیگەن، کورت ڤۆنە گات). کاتێک مۆراکامی دەیویست یەکەمین رۆمانی بنووسێت، ئەوەندە دەمەدەمەی کرد تا دواجار گەیشتە رێگەیەکی سوونەتی کەناری: ئەو سەرەتای رۆمانەکەی بە ئینگلیزی نووسی، پاشان وەری گێڕا بۆ ژاپۆنی. موراکامی دەڵێ بەو شێوەیە توانی دەنگی خۆی بدۆزێتەوە. وەرگێڕی هەمیشەیی موراکامی، جین رابین، پێی وتم لایەنی جیاوازیی ژاپۆنیی موراکامی ئەمەیە، کاتێک دەخوێنرێتەوە، تۆ پێتوایە لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدرابێت.

وەرگێڕان نەزمی داوەتە کارەکانی مۆراکامی: کارەکانی ئەو نەک هەر وەرگێڕدراون، بەڵکو لە (بارەی) وەرگێڕانیشەوەن. چێژی بنەڕەتیی تایبەتی دیمەنە مۆراکامییەکان، سەیرکردنی شوێنکاتی تەواو ئاساییە (چوونە ئاسانسۆرەوە، سپاگێتی دروستکردن، ئوتوکردن) کە دواتر کتوپڕ دەگۆڕێن بە شوێنکاتی زۆر باڵا (تەلەفۆنی تەمومژاوی دەکرێ، لە چاڵێکی رازئامێز دەچێتە خوارێ، گفتوگۆ لەگەڵ پیاوێکی مەڕی). بە دەربڕینێکی تر، سەیرکردنی کارەکتەرگەلێک، کە لە رەوتی ئاسایی ژیانەوە دەچنە دنیایەکی تەواو نامۆوە و پاشان ناچار دەبن لە نێوان ئەم دوو دنیایەدا لە هاموشۆدابن. کارەکتەرەکانی مۆراکامی هەمیشە لە نێوان دنیاگەلی بە توندی جیاوازدا وەردەگێڕدرێن: ئەم جیهانی و سەیرە، سروشتی و بان سروشتی، وڵات و شار، ژن و پیاو، لە بان زەوی و ژێر زەوی. کارەکانی ئەو، کاری وەرگێڕانێکە بووەتە دراماتیک: لە ئۆتۆمبیلەکەی مۆراکامیدا، تۆکیۆمان تێپەڕاند و چووینە دەوروبەرەکەوە. تاوەری بازرگانی بێژمار و هەروابێتەوە ئەو میوانخانە خۆشەویستەی، کە وەک بەلەمێکی گەورە وابوو رێگەکەمان تێپەڕاند. دوای کاتژمێرێک، گەیشتینە ماڵەکەی مۆراکامی، ماڵێکی جوان بەڵام ئاسایی، لەسەر تەپۆڵکەیەکی پڕ دار، لە نێوان چیا و دەریادا.

پێڵاوەکانم داکەندن و کالەم لە پێ کرد و موراکامی بردمی بۆ نهۆمی سەرێ، بۆ نووسینگەکەی. هەمان ژووری تاکەکەسیی خۆهەڵبژێر، کە موراکامی

موراكامی



لەوێدا رۆمانی (١٩٨٤) نووسیوە. دەتوانین بڵێین ماڵەکەی سەنتەری ئەلبوومە موزیکەکانە. ئەو وای دەخەمڵێنێ ژمارەی ئەلبوومەکانی دەگاتە دە هەزار دانە، بەڵام لەوە زۆر دەترسێ بە وردی بیانژمێرێ. ئەلبوومەکانی لە رەفەی سەر دیوارەکەیدا داناوە. کۆتایی ژوورەکە، لە نزیک ئەو پەنجەرەیەی رووی لە کوێستانەکەیە، دوو دەنگ گەورەکەری ستریۆی گەورە هەیە. لە زۆربەی رەفەکانی ژوورەکەدا، یادگارییەکانی خودی موراکامی لە کار و ژیانیدا: وێنەیەکی جانی واکر، لۆگۆیەکی ویسکی، کە لە رۆمانی (کافکا لە کەناری دەریا)شدا ئاماژەی بۆ کراوە و کە لە پێشبڕکێی ماراسۆنەکەدا لە هێڵی کۆتایی نزیک بووەوەتەوە. لەسەر دیوارەکە وێنەیەکی ریمۆند کارڤەر، پۆستەرێکی گلن گۆلد و چەند مینیاتۆرێک لە سیما ناسراوەکانی جاز هەیە. داوام لێکرد موزیکێکی بخاتە سەر و موراکامیش (سینفۆنیتا)ی جاناککی خستە سەر، هەر ئەوەی کە سەرەتای یەخەی گێڕەرەوەی رۆمانی ١٩٨٤ی گرت و پاشان دووبارە و دووبارە هاتەوە دووی.

هەمان شێوە، کە خودی کتێبەکەیش دەیڵێ، ئەو موزیکە بەڕاستی خراپترین موزیکێکە، کە بشێ لە ترافیکدا گوێت لێی بێت: قەرەباڵغ، شاد و دراماتیک، بەڵام تەواو بەر فەزای پەرێشان و شەپۆلاوی و زبری (١٩٨٤) دەکەوێت. موراکامی گوێ بە موزیکەکە نادات و بە دەنگی بەرز دەڵێ: (رێک بە هۆی تەمومژاوی بوونییەوە سینفۆنیتام هەڵبژارد. کاتێک یەکەمجار لە هۆڵی کۆنسێرتەکە بیستم، زۆر سەیر و سەمەرە هاتە بەر گوێ. هەر ئەم سەیربوونەیشی بە کەڵکی رۆمانەکەی من دەهات. نەمدەتوانی بیر لە موزیکی دی بکەمەوە.) دەڵێ، دووبارە گوێی لەم موزیکە گرتووە تا بتوانێ دیمەنی سەرەتا بنووسێ. «ئەسڵەن ئەم موزیکەم بە هۆی ئەوەوە هەڵنەبژارد کە مەحبوبە. لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی رۆمانەکە بڵاوبووەوە ئەم موزیکەیش لە ژاپۆن مەحبوب بوو. جەنابی سیجی ئۆزاوا سوپاسی منی کرد لەم رووەوە. ئەلبوومەکەی فرۆشێکی باشی هەبوو». ناونیشانی رۆمانی (١٩٨٤) سەیرە: هەم ئاماژەیەکە بۆ ئۆروێڵ و هەم پشتبەستوو بە جیناسی چەند

زمانییە، ژمارە نۆ لە زمانی ژاپۆنیدا وەک پیتی (q) لە ئینگلیزیدا گۆ دەکرێت.

لە موراکامیم پرسی ئایا کاتێک خەریکی نووسینی رۆمانەکە بووە، رۆمانی (١٩٨٤)ی ئۆروێڵیشی خوێندووەتەوە. وتی بەڵێ، زۆریش بێزارکەرە «ئایندەی نزیک» ژانرێکە هاوتای ژانری زانستی-خەیاڵی، بەڵام لە خەیاڵدا بوو. هەڵبەتە ئەمە خاڵە نەرێنییەکەی نییە، لەبەر ئەوەی کاتێک لێم پرسی بۆچی حەزت لە بەیسبۆڵە، وتی: (لەبەر ئەوەی بێزارکەرە.)

وتی: (پتر چیرۆکەکانی و پێشبینیی پەیوەست بە ئایندەی نزیکە و لەگەڵ واقعییەتی ئەمڕۆکەدا




وێکچوونێکی پتریان هەیە» بێزارکەرن. لە هەموویاندا تاریکی و باران هەیە و خەڵکی زۆر شاد نین. رۆمانی «جادە»ی کۆرمەک مەکارتیم پێخۆشە، زۆرباش نووسراوە، بەڵام دیسان بێزارکەرە. تاریکەو خەڵکی یەکتری دەخۆن. «١٩٨٤»ی ئۆروێڵیش چیرۆکی ئایندەیەکی نزیکە، بەڵام ئەم رۆمانەی من رابردوویەکی نزیکە. ئێمە هەردووکمان سەیری ساڵێک دەکەین، بەڵام لە دیمەنگەلی دژ بە یەکەوە. گەر ئەویش رابردوویەکی نزیک بوایە بێزارکەر نەدەبوو.)

لە موراکامیم پرسی ئایا هیچ هەست بە ناسیاوی دەکەیت لەگەڵ ئۆروێڵدا. وتی: (هەست دەکەم ئێمە هەستی هاوبەشمان دژی ئەم رژێمە هەیە. ئۆروێڵ نیوەی رۆژنامەنووسە و نیوەکەی تریشی چیرۆکنووس. من سەد لە سەد چیرۆکنووسم. نامەوێ پەیام بدەم. دەمەوێ چیرۆکی باش بنووسم. من خۆم بە مرۆڤێکی سیاسی دەزانم، بەڵام پەیامە سیاسییەکەم بۆ هیچ کەس دەرناکەم.)

بەڵام مۆراکامی بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو پەیامە سیاسییەکانی خۆی راگەیاندووە، ئەویش بە دەنگێکی بەرز. ئەو لە ساڵی (٢٠٠٩) دیدراێکی باسوروژێنی لە ئیسرائیل هەبوو، تا خەڵاتی ئورشەلیم وەربگرێت، لەوێ کەڵکی لە دەرفەتەکە وەرگرت و لە بارەی ئیسرائیل و فەلەستینەوە قسەی کرد. هاوینی ئەم ساڵیش لە ڕێورەسمێک لە بەرسیلۆنە سوودی وەرگرت تا رەخنە لە پیشەسازی، ناوکیی ژاپۆن بگرێت. ئەو فۆکۆشیما دایچی بە دووەمین بەڵای ناوکی ناو دەبات، لە مێژووی ژاپۆندا.

کاتێک لە بارەی وتارەکەی بەرسیلۆنەوە لێم پرسی، ناچار بوو سەد لە سەدەکەی تۆزێک دەستکاری

## موراکامی جەخت دەکاتەوە، ئەو کاتانەی دەنووسێ دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی تەواو ئاسایی- داهێنان و خوڵقاندنی دەگۆڕێت بۆ «سندووقێکی رەش»

بکات.

وتی: (من نەوەد و نۆ لە سەد چیرۆکنووسم و یەک لە سەدیش شارۆمەندێک. من وەک شارۆمەندێک شتانێکم بۆ وتن هەیە، کاتێک ناچار بم بیانڵێم، زۆر روون و راشکاو دەیڵێم. لەو کاتەدا، هیچ کەس ناکۆک نەبوو لەگەڵ وێستگە ئەتۆمییەکان. هەربۆیە پێموابوو دەبێت من ناکۆک بم. ئەمە بەرپرسیارێتیی منە. پێموایە زۆرێک لە ژاپۆنییەکان کۆک بن، کە رووداوەکانی دوای سونامی خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ وڵاتەکەمان. وەک کابووس وابوو، بەڵام هەلێکی باشی دایە ئێمە بۆ گۆڕان. ئێمە دوای (١٩٨٤) باش کارمان کرد و دەوڵەمەند بووین. بەڵام ئیتر بەردەوام نەبوو. ئێمە ناچارین بەهاکانمان بگۆڕین. ئێمە ناچارین تێبگەین چۆن دەتوانین شاد بین. مەبەستم پارە نییە. خەریکم لە بارەی کارایی و بەهرەوەرییەوە قسان دەکەم. لە بارەی نەزم و ئامانجەوە. من لە ساڵی (١٩٦٨)وە تا نهۆ قسەم یەک قسە بووە: ناچارین رژێم بگۆڕین. ئێمە ناچارین دووبارە ئامانجگەرا بین. پرسیم ئەم ئامانجگەراییە بە چ مانایەکە، ئایا ئەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووەتە مۆدێل.

وتی: (پێم وا نییە ئەسڵەن ئەمریکا مۆدێل بێت. ئێمە لە ئێستادا هیچ مۆدێلێکمان نییە. ئێمە ناچارین مۆدێلی نوێ رۆبنێین.)

موراکامی بەڵا تازەکانی ژاپۆن هەژمار دەکات: هێرشی گازی سارین لە میترۆ، بوومەلەرزەی کوبە، سۆنامییەکەی ئەم دواییە، کرژبوونە توندوتیژەکانی ژێرزەمینی، لوویەکی نەبینراو و قووڵ، کە خۆی لە نابووتی گەورەو لە ئاستی ژیانی رۆژانەدا ئاشکرا دەکات. ئەو بە توندی لە خوازەی قووڵ و بێ بن تێربووە: کارەکتەرەکانی دەچنە چاڵی خاڵییەوە، تا بچنە دنیا تەمومژاوییەکانەوە، یان رووبەڕووی بوونەوەری رەش دەبنەوە، لە تونێڵەکانی میترۆی تۆکیۆدا. موراکامی جارێک لە گفتوگۆیەکدا وتبووی، دوای رۆمانی هەشتەمی، دەبێت دەست لە نووسین لەسەر چاڵ هەڵبگرێ، چونکە خۆیشی لە دووبارەبوونەوەی شەرمەزار دەبێت. مۆراکامی کاتێک دەربارەی قووڵی و بێ بنی وێنەیەک دەدات بە دەستەوە، هەمیشە لە بۆتەی چاڵدا بووە. مۆراکامی هەموو رۆژێک بەیانیان لە پشت مێزەکەیەوە دادەنیشێت و بیری چڕ دەکاتەوە، وەک کارەکتەرەکانی خۆی لێدێت: مرۆڤێکی ئاسایی، کە دەست دەکات بە کنەکردن لە قووڵایی ناخودئاگای داهێنەرانەی و ئەوەی بینیویەتی و دۆزیویەتییەوە، بەڵێندەرانە رایدەگەیەنێ. وتی: (من لە تۆکیۆ دەژیم، کە دنیایەکی شارستانییە، وەک نیویۆرک، یان لۆس ئەنجلۆس، یان لەندەن و پاریس. گەر دەتەوێ چارەیەکی جادوویی، شتێکی جادوویی بدۆزییەوە، دەبێت سەفەر بۆ قووڵایی ناخی خۆت بکەیت. چاکە، ئەمە هەمان کارێکە کە من دەیکەم. خەڵکی بەم کارە دەڵێن واقعگەرای جادوویی، بەڵام ئەم واقعگەرا جادووییە لە قووڵاییەکانی رۆحی مندا واقعییەتی پەتییە. جادوویی نییە. کاتێک دەنووسم زۆر سروشتی و لۆژیکی و واقعگەرایانە و شیاوە.)

موراکامی جەخت دەکاتەوە، ئەو کاتانەی دەنووسێ دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی تەواو ئاسایی- داهێنان و خوڵقاندنی دەگۆڕێت بۆ «سندووقێکی رەش»، کە خودی موراکامییش دەستپێڕاگەیشتنێکی ئاگایەنەی بۆی نییە. حەز دەکات لە میدیاکان دوورکەوێتەوە و هەمیشە کاتێک خوێنەرێک لە سەر شەقامێک

# گفتوگۆ

دەیەوێ تەوقەی لەگەڵدا بکات، دەحەپەسێ. دەڵێ پتر پێی باشە گوێ لە قسەی خەڵکی بگرێت. دوای هێرشی گازی سارین لە ساڵی (١٩٩٥)، موراکامی دیداری لەگەڵ شەستوپێنج قوربانی و بریندارى ئەم رووداوە کرد و بەرهەمی ئەم دیدارانەیشی لە کتێبێکی دوو بەرگیدا چاپ کرد، کە وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزییش، بە ناوی (ژێرزەمین.)

پاشانیش چووین بۆ راکردن. (موراکامی لە جێگەیەک نووسیویەتی: پتر ئەو داناییەی لە نووسینەوە هەمە لە کاتی راکردندا فێر بووم.) شێوازی راکردنی رەنگدانەوەی کەسیەتیی خودی ئەوە: ئاسوودە، مەتین، واقعی. دوای چەند خولەکێک کەوتینە کەم کەم راکردن و موراکامی لێی پرسیم، ئایا پێم خۆشە دەست بە شتێک بکەین، کە ئەو ناوی دەنێ (تەپۆڵکە). جۆرێک وتی (تەپۆڵکە)، کە هەستم کرد دەبێت جۆرێک کێشەوبەرە بێت. کاتێک کتوپڕ بە (تەپۆڵکە)کەدا سەرکەوتین، ئینجا لە تۆنی قسەکەی تێگەیشتم. تەپۆڵکەی راستەقینە نەبوو، بەڵکو دۆڵێکی سەرسەخت بوو. گاڤێک بە هانکە هانک گەیشتینە بان (تەپۆڵکە) کە ئۆقیانووسەکە لەبەر دەممان‌دا بوو، جیهانێکی شینی پانوپۆڕی تەمومژاوی، جیهانێک لە نێوان ئەمریکا و ژاپۆندا. رووی ئاوەکە، لەو رۆژەدا و لەو جێگەیەی، کە ئێمە لێی وەستابووین، ئارام بوو.

کتوپڕ کەوتینە راکرد بەرەو دامێنی (تەپۆڵکە)کە. موراکامی منی بردە ناو گوندەکەوە و فرۆشگەی سەر شەقامە سەرەکییەکان و ماڵی ماسیگرانی پیشان دام. کاتێک گەڕاینەوە ماڵێ، لە گەرماوە تایبەتییەکەی میوانەکانی ماڵی موراکامی دووشێکم گرت و جلەکانم گۆڕی. کە لە خوارەوەی پلیکانەکان چاوەڕێی بووم، چاوم کەوت بە پەنجەرەیەک، کە باخی گژوگیا و نەمامەکانی لێوە دیار بوو.

دوای چەند چرکەیەک، بوونەوەرێکی سەیر و نامۆ بە باڵەفڕکێ هاتە ئاست پانتایی بینینی من لە باخەکەدا. لە نیگای یەکەمدا چما باڵندە بوو، باڵندەیەکی پەڕنەخشین، کە لە جێی خۆی باڵەفڕکەی بوو. دواتر هات بە خەیاڵمدا، کە ئەمە دوو باڵندەن و پێکەوە نووساون: لەبری ئەوەی بفڕێ خەریکە لنگەفرتێ دەکات، بە هەموو جۆرێک باڵی لێک دەدا و ئەندامەکانی تری جەستەی شۆڕ بووبوونەوە. دواجار بە خۆم وت، دەبێت ئەمە گەورەترین و رەشترین پەپوولەیەک بێت، کە بە درێژایی ژیانم بینیومە. وەک ماسییەکی سەیر و نامۆ، مەلەی دەکرد و لە خۆی دەئالا. دواتر بەرەو دەرەوە فڕی و لە هەمان ئەو رێگەیەوە، کە من و موراکامی لێوەی رامان کردبوو، تێکئالا و لە چیاکان تێپەڕی و چووە بان ئۆقیانووسەکە.

دوای تۆزێک موراکامی هات و لە پشت مێزی نانی نیوەڕۆوە دانیشت. پێم وت، هەر ئێستا سەیرترین پەپوولەی تەمەنم بینی. ئاوێکی خواردەوە و سەیری کردم. وتی: (پەپوولەی زۆر لە ژاپۆن هەن. بینینیان سەیر نییە.)

**سەرچاوە:**

http://www.radiozamaneh.com/culture/khaak/٧٩٩٦/٣١/١٠/٢٠١١



# کورتە چیرۆك و مەرجە هونەرییەکانی

**سەبیحە شەبر**

**لە عەرەبییەوە: سەنگەر زراری**

sangarzrary@gmail.com

کورتە چیرۆک حیکایەتێکی ئەدەبییە، تاکە بابەتێک، یان وێستگەیەک لە وێستگەکانی ژیان دەگرێتە خۆ، بە چڕی باسی رووداوێک دەکات. دەشێ کورتە چیرۆک چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو بێت و دەشێ تەنانەت یەک دێڕیش بێت، کاری چیرۆکنووس ئەوە نییە ژینگەی جیاواز و کاریگەریی ئەم ژینگە جیاوازانە لە سەر پاڵەوان و کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکەی بخاتە ڕوو، بەڵکو چیرۆکنووس کات و ساتێکی دیاریکراوی ژیان، لە رووداوێکی ماناداردا کورت دەکاتەوە.

## وتار

میتۆدی نووسینی کورتە چیرۆک، بە پێی جیاوازیی نووسەرەکان و رۆشنبیرییان و بواری گرنگیپێدانیان و جیاوازیی ئاراستە فیکرییەکانیان دەگۆڕێت، هەندێ لە چیرۆکنووسان گرنگی بە کەسایەتی دەدەن و هەندێکیشیان بە پلەی یەکەم گرنگی بە رووداو دەدەن، هەندێکیان گرنگی بە لایەنی دەروونی دەدەن و هەندێکیشیان بیرۆکەیەکی دیاریکراو زەق دەکەنەوە و هەوڵدەدەن گرنگی بەوە بدەن، کە بەرگێکی جوان بخەنە بەر بەها و بنەما مرۆییەکان.

**رەچەڵەکی کورتە چیرۆک:**

کورتە چیرۆک لای ئێمە (مەبەستی نووسەر ناو رۆشنبیریی عەرەبییە-و) دوو رەچەڵەکی هەیە، یەکەمیان عەرەبییە، کە خۆی لە ژیاننامە و مەقامە و حیکایەت و ئەو حیکایەتانەدا دەبینێتەوە، کە لە پەند و خورافیات و ئەفسانەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمانەش لە ئەدەبی عەرەبیدا نموونەیان زۆرە. رەچەڵەکی دووەمیش: کاریگەربوونی عەرەبە بە ئەدەبی بێگانە و گەیشتنی ئەم ئەدەبەیە لە رێگەی وەرگێڕانەوە، یان لە رێگەی گەشتی هەندێ لە نووسەرانی عەرەب بۆ وڵاتە ئەورووپییەکان و بەدواداچوونی بزاوتی ئەدەبی لەو وڵاتانەدا و هەوڵدانیان بۆ گواستنەوەی ئەو کاریگەربوونەیان بەم شارستانییەیانە بۆ عەرەب، لە رێگەی چیرۆکەکانیان، لەگەڵ پێداگرییان لە سەر کێشە و قەیرانە عەرەبییەکان و بەدیارخستنی ئەو ژینگە مرۆییەی ئەدیبەکان تیایدا دەژیێن و گەشە دەکەن، چونکە (وەکو لە کۆمەڵناسیدا دەگوترێ) مرۆڤ کوڕی ژینگەکەیەتی.

سەرەتا چیرۆکی عەرەبی، وەکو لاساییکردنەوەیەکی ئەدەبی رۆژئاوا دەستی پێ کرد و بە هەمان شێوەی چیرۆکی ئەوان دادەڕێژرا، رووداوە واقعییەکان دەخرانە ڕوو، لە چیرۆکەکاندا سکاڵا لە زوڵم و بێ مافی دەکرا، سەرەتا رێنیشاندان و حیکایەتی ئامۆژگاریئامێز بوو، هونەری تێدا نەبوو، بە تێپەڕبوونی کات و بەدواداچوونی چیرۆکە جوانەکانی رۆژئاوا و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانە لە ئەدەب، چیرۆکنووسی عەرەب توانی لە نووسینی کورتە چیرۆکی جواندا سەرکەوتن بە دەست بێنێ، توانی شان لە شانی چیرۆکنووسانی رۆژئاوا بدات و تەنانەت لێشیان تێپەڕێ، چونکە ئەدەبی جوان، گوزارشت لە واقیع دەکات و هەوڵ دەدات شتە خراپەکانی ناو ئەم واقیعە بگۆڕێت، بەرەو ژیانێکی رۆشنتر و نزیکتر لەو ژیانەی پێی دەگوترێ ژیانی بەختەوەرانە. کورتە چیرۆک لە جیهانی عەرەبیدا، توانیویەتی ببێتە بەربڵاوترین بابەتی رەگەزی ئەدەبی، ئەویش بە هۆی سروشتی خێرایی سەردەمەکە و پەیڕەوکردن و پەیوەستبوونی بە جیهانی شارستانییەوە، کە تیایدا ئەو رەگەزە ئەدەبییە گرنگیی زۆری پێدەدرێت، رۆژنامەگەری هاندەرێکی گەورەی بڵاوبوونەوەی ئەم هونەرەیە، هەروەها جیهانی پێشکەوتووی ئینتەرنێت توانای بڵاوبوونەوەی چیرۆکی بە رووبەرێکی فراوانتری جیهان زیاتر کرد، بە هۆی وەرگێڕانیشەوە توانرا چیرۆکەکانمان لە زۆر وڵات بخوێنرێنەوە، وەرگێڕان ئێمەشی لە چیرۆکە سەرەتاییەکانی جیهان ئاگادار کردەوە، چیرۆکنووسان لەم بوارەدا شارەزایی

**چیرۆک ژیانی نووسەر نییە، هەروەکو بە تەواویش دابڕاو نییە لە ژیانی نووسەر، لە هەموو چیرۆکێکدا (وەکو رەخنەگران دەڵێن) بەشێکی نووسەری تێدایە**

خۆیان خستە گەڕ و ئەزموونێکی زۆریان بەدەست هێنا، وای لێکردن چیرۆکەکانیان لە هەردوو لایەنی هونەری و مەعنەویدا سەرکەوتوو بێت.

## جیاوازیی جۆرەکان و یەک ناو:

چیرۆک جیاوازە لە رۆمان، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان چیرۆکن، هەردووکیان چەند مەرجێکی دیاریکراویان تێدایە، وەکو: بیرۆکە و رووداو و کەسایەتی و ژینگە. چیرۆک چەند جۆرێکی دیاریکراوی هەیە و هەموویان لەوەدا هاوبەشن، کە گرنگی بە هونەری چیرۆک دەدەن، چیرۆکیش جیاوازیی لەگەڵ کورتە چیرۆکدا هەیە، کورتە چیرۆک گرنگی بە چڕکردنەوە دەدات و گوزارشت لە ساتێک لە ساتەکانی ژیان دەکات، زۆربەی جار تەنها یەک کەسایەتی تێدایە، جۆرێکی تر هەیە، کە بەم دواییە بە دیار کەوت، ئەویش (چیرۆکی زۆر کورت)ە، درێژییەکەی لە یەک لاپەڕە تێناپەڕێت، دەشێ دوو دێڕ، یان تەنیا یەک دێڕیش بێت، هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی تێدایە، لەگەڵ رەچاوکردنی چڕکردنەوە و ئاماژە و لادان و ئاماژەدانان، ئەم جۆرەیان نووسەری زۆرن. رەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن، کە هونەری چیرۆک: قورسترین رەگەزی چیرۆکئامێزە، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی رێژەیەکی زۆری کۆمەڵە چیرۆک، کە هەم بە شێوەی کاغەزی و هەم بە شێوەی ئەلیکترۆنی (لە ئینتەرنێت) بڵاو بوونەتەوە، بەڵام رێژەیەکی دیارکراوی ئەم چیرۆکانە سەرکەوتن بە دەست دێنن، واتا ئەگەر کۆمەڵە چیرۆکێک دوو چیرۆکی سەرکەوتووی تێدابێت، دەبێتە هۆی ئەوەی شایەتیی سەرکەوتن بۆ نووسەرەکەی بدرێت و لە نووسینی ئەم رەگەزە زۆر سەختەی ئەدەبدا، بەسەر هاوتاکانی سەربکەوێت، کە کەمیان تیایدا سەرکەوتوون.

سەرەڕای سەختیی نووسینی کورتە چیرۆک، زۆرێک لە نووسەران خۆیان وا دەردەخەن، کە توانای ئەوەیان هەیە بە سەر ئەم رەگەزە سەختەی ئەدەبدا سەربکەون، کەچی (هەندێکیان) نووسینەکانیان لە پەخشان نزیکترە وەک لە چیرۆک، چونکە رەگەزە گرنگەکانی هونەری چیرۆکی تێدا نییە و نەبوونی، یان کەمیی رەخنەگری ئەدەبیی ئەم بوارەش، وای کردووە زۆرێک لە نووسەران هەوڵی نووسینی ئەم رەگەزە ئەدەبییە بدەن، واتا بۆ ئەوە هەوڵ نادەن تیایدا سەرکەوتوو بن، هەروەها گیانی سەردەمییانەی ئەم هونەرە و ئارەزووی گوزارشتکردن لە مەینەتییە مرۆییەکان، لەو هۆکارانەن، کە ئاسانکاریی بۆ نووسەران دەکەن، بۆ تاقیکردنەوەی ئەم هونەرە و نووسینی چیرۆک.

## تازەگەریەتیی کورتە چیرۆک:

کورتە چیرۆک بە مەرجە هونەرییە زانراوەکانییەوە، بابەتێکی نوێیە، لە ئەمەریکا لە سەدەی نۆزدەیەم و لە سەر دەستی (ئێدگار ئالان پۆ) بە دیار کەوت، هەمان سەدە کورتە چیرۆکەکانی (گۆگۆڵ) بە دیار کەوتن، کە ئەدیبی ریالیزمی (مەکسیم گۆرکی) لە بارەیەوە دەڵێت: «هەموومان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە سەرمان دەرهێناوە». پاشان (مۆپاسان)یش هات و کورتە چیرۆکی نووسی. کورتە چیرۆک لە سەرەتادا گوزارشتی

سەرەڕای سەختیی نووسینی کورتە چیرۆک، زۆرێک لە نووسەران خۆیان وا دەردەخەن، کە توانای ئەوەیان هەیە بە سەر ئەم رەگەزە سەختەی ئەدەبدا سەربکەون، کەچی (هەندێکیان) نووسینەکانیان لە پەخشان نزیکترە وەک لە چیرۆک، چونکە رەگەزە گرنگەکانی هونەری چیرۆکی تێدا نییە و نەبوونی، یان کەمیی رەخنەگری ئەدەبیی ئەم بوارەش، وای کردووە زۆرێک لە نووسەران هەوڵی نووسینی ئەم رەگەزە ئەدەبییە بدەن

## وتار

له کەسایەتیی نووسەرەکەی دەکرد، پاشان پەرەی سەند، ئێستا کەسایەتیی جۆراوجۆری تێدا دەبینرێ، کە بە ئازادییەکی بەرفراوانەوە تیایدا دەسووڕێنەوە، نووسەر نایەوێ جووڵەکانیان کۆت و بەند بکات و بە زمانی ئەو قسە بکەن، رەفتاری کەسایەتییەکان لەگەڵ ئەو بارودۆخ و ژینگەیە دەڕۆن کە تیایدان، چیرۆک ژیانی نووسەر نییە، هەروەکو بە تەواویش دابڕاو نییە لە ژیانی نووسەر، لە هەموو چیرۆکێکدا (وەکو رەخنەگران دەڵێن) بەشێکی نووسەری تێدایە. پێویستە نووسین لە ئەزموونی ئەدەبیەوە هەڵقوڵابێت، بەڵام مەرج نییە ئەم ئەزموونە، ئەدیب خۆی تیایدا ژیابێت، لەوانەیە لە کتێبێکدا خوێندبیەییەوە، یان لە هاوڕێیەکی، یاخود لە خزمێکی بیستبیەتی، بۆیە خوێندنەوەی ئەزموونی زۆر، دەتوانێ لە نووسیندا یارمەتیمان بدات، بەو جۆرەی ژیانی کورتی ئێمە بە شێوەیەک دەوڵەمەند دەکات، وەکو ئەوەی چەند ژیانێکی جیاواز ژیابین.

سەرەڕای پێشکەوتن و پەرەسەندنی وەرگر، هێشتا نووسەری عەرەبی، لای ئێمە بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە: گوزارشت لە ژیانی تایبەتیی خۆی دەکات و ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی دەنووسێتەوە، بە تایبەتییش ئەگەر بە بوێری باسی هەندێ کاری کرد، بە تایبەتتریش ئەگەر نووسەرەکە ئافرەت بوو، ئەوا تۆمەتەکان زیاتر دەبن، بەوە تۆمەتبار دەکرێن گوایە هەوڵیان داوە لەو شتانە دەرچن، کە لە جیهانی عەرەبیدا بێدەنگیان لێ دەکرێت، زۆر جار دەبیستین دەڵێن فلان نووسەر، حەتمەن ئەو ئەزموونەی لە چیرۆکەکەیدا باسی کردووە، ئەزموونی خۆیەتی و باسی دەکات، لە کاتێکدا ئەو ئەزموونەی لە کاتی نووسیندا پێویستە، مانای ئەوە نییە نووسەر خۆی تێیدا ژیاوە، ئەگەر نووسەر هەوڵی ئەوە بدات کەسایەتییەکانی جیاواز بن و خۆی دووبارە نەکاتەوە، پێویستە ئەزموونی کەسانی دیکەش بخوێنێتەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکات و گرنگی بە رووداوەکانی سەردەم و ژیانی خەڵک و خەمەکانیان و گوزارشتکردن لە خەونەکانیان بدات، ئەمەش توانایەکی گەورەتر بە نووسەر دەبەخشێت بۆ گوزارشتکردن لە کەسایەتیی جیاوازی ناو خەڵک و نووسینەکانی سەرەنجڕاکێشتر دەبن، زیاتر بڕوای بە خۆی دەبێ و بانگەشەی هیوا و ئاوات دەکات، نەک خستنەڕووی پاڕانەوە و سکاڵای بەردەوام و مەینەتیی تاکەکەسەکان.

### چیرۆکنووس و وەرگر:

هەموو داهێنەرێک لە بوارە جیاوازەکانی داهێناندا، چ هونەر بێ، یاخود ئەدەب، سوورە لەسەر ئەوەی وەرگرێکی هۆشیار بدۆزێتەوە، کە کارلێک لەگەڵ داهێنانەکەیدا بکات. مرۆڤ داهێنان بۆ خۆی ناکات، هەروەکو هەندێ شاعیر و چیرۆکنووس وای پیشان دەدەن، کە ئەوان تەنها گوزارشت لە خۆیان دەکەن، ئەگەر داهێنەر لە کاتی داهێنانیشدا وەرگرەکانی لە بیر کرد، ئەوا دوای پرۆسەی داهێنانەکە بیری دەکەوێتەوە و بیر لە جۆری ئەو وەرگرانە دەکاتەوە، کە پێویستە بەرهەمەکانی بخوێننەوە. هەندێ لە خوێنەران هۆشیارییەکی رەخنەییان هەیە بەرامبەر ئەو بابەتەی دەیخوێننەوە، خوێندنەوەیەکی هۆشیارانەش نووسینەوەی دووەمی دەقە،

خوێندنەوە بە پێی جۆری خوێنەرە جیاوازەکانی و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانی خوێنەرەکە، جۆراوجۆرە، دەشێ یەک کاری داهێنەرانە، چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ بکرێت، بێ ئەوەی ئەم خوێندنەوە جیاوازانە، نکوڵی لە هەردوو سیفەتی ستاتیکی و هونەریی داهێنانەکە بکەن، بەڵام هۆکارەکانی داهێنان چین؟

ڕەخنەگران سێ ڕەگەز بۆ کاری داهێنەرانە بە پێویست دەزانن: (نێرەر) کە (داهێنەر)ەکەیە و (نێردراو) کە (وەرگر)ەکەیە و (پەیام)، ئەمەش مەرجی هونەری و واتایین، کە لە کاری داهێناندا هەن. هەموو داهێنانێک دوو دیوی هەیە، مەرجە هونەرییەکان و مەرجە بابەتییەکان، بیرۆکەیەک هەیە و داهێنەر دەیەوێ بە جوانترین شێوە بیگەیەنێتە وەرگر، ئەو ڕووداوەی هەموو ساتێک بە بەرچاومانەوە ڕوو دەدات و ئێمە لە سەری ناوەستین و بیری لێناکەینەوە، داهێنەر پێی کاریگەر دەبێ و دەتوانێ ئەو کاریگەرییەشی بۆ ئێمە بگوازێتەوە، بە وشە و ئاخاوتنی گەیەنەر و داڕشتنی وشە و ڕستە، بۆیە هونەر و ئەدەب توانای ئەوەیان هەیە خەڵک ئاراستە بکەن و بیانگۆڕن، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەبێ داهێنەر مەرایی بۆ جەماوەر بکات و بەو جۆرە بنووسێ کە جەماوەر ساتێک لە ساتەکان دەیەوێت، واتا نابێ تا ئەو ڕادەیە بە ئارەزووی جەماوەر بنووسێت، کە لایەنە هونەرییەکەی لە دەست بدات. هاوکات ناشبێ بە ئەنقەست جەماوەر بەرەو نادیاری ببات، بەو جۆرەی وەرگر نەتوانێ بیرۆکەی دەقەکە و هێماکانی بدۆزێتەوە، ئەگەر وابکات، وەرگر کاریگەریی ئەو سۆزە جوان و هەستە مرۆییانەی ناکەوێتە سەر، کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەیدا دەیەوێ بیخاتە ڕوو، هەروەها خوێندنەوەی دەقەکە ناتوانێ هیچ سوودێک بگەیەنێت و چێژبەخشیش نابێ، لە کاتێکدا ئەم دوو مەبەستە: سوود و چێژ، ئەو دوو مەبەستەن کە مرۆڤ هەوڵ دەدات لە هونەر و ئەدەبەوە بە دەستیان بێنێ...

**سەرچاوە:**
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=٢٢٣٧٠٦





# لامارتین..

## لە چینی خانەدانەکانەوە بۆ مردن بە هەژاری

**هاشم ساڵح**

**لە عەرەبییەوە: گەیلان محەمەد**

ئەم کتێبە لە نووسینی لێکۆڵیاری فەرەنسی «جیرار ئونجیر»ە، کە پسپۆڕە لە بواری نووسینەوەی ژیانامەی کەسایەتییە مەزنەکاندا، لێرەدا وردودرشتی مێژوویی و وردەکارییەکی تەواوی لە بارەی ژیانی یەکەم شاعیری رۆمانتیکی فەرەنسییەوە «ئەلفونس دی لامارتین» دەخاتە بەردەست. ئاشکرایە، کە لامارتین بە ماوەیەکی کەم پێش «ڤیکتۆر هۆگۆ» کەوتووە، لە پەیڕەوکردنی فەلسەفەی رۆمانسیدا، کە لە بنەڕەتدا ئەم ڕێبازە لە وڵاتانی باکووری ئەورووپا (ئەڵمانیا و ئینگلتەرا) سەری هەڵدا، بەڵام لە دواییدا

«ڤیکتور هۆگۆ» لە ڕووی ناو و ناوبانگەوە لامارتینی شاردەوە، کاتێک بانگێشتی هەمان تیۆرە و فەلسەفەی شیعری کرد، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بوو بە سەرکردەیەکی بێ ڕکابەر لە فەرەنسادا، بە هۆی زۆریی بەرهەمەکانی و گەورەیی بەهرە و شیعر و بلیمەتییەوە. «لامارتین» ساڵی ١٧٩٠ لەدایک بووە، واتە دوانزەساڵ بەر لە «ڤیکتۆر هۆگۆ» و ساڵی ١٨٦٩ کۆچی دوایی کردووە، واتە بەر لە مردنی هۆگۆ بە دوانزە ساڵ، بەڵام بە پێچەوانەی هۆگۆوە، «لامارتین» لە چینی خانەدانەکان بوو، کە بەرزترین چینی ئەوکاتەی فەرەنسا بوو، لەبەر ئەوە، لە کۆشکی «میلی»دا گەشە دەکات و پێدەگات، لە ژێر سەرپەرشتیاریی دایکێکی بەسۆزدا، وەکو «لامارتین» خۆی دەڵێ، هیچی لە کوڕەکەی داوا نەدەکرد جگە، لەوەی ببێتە مرۆڤێکی تەواو ژیر و باش. دوای ئەوەی لە یەکێک لە پەیمانگەکانی سەر بە برایانی مەسیحی خوێندن تەواو دەکات و دەست دەکات بە گەشتکردن بە وڵاتاندا، تا دەروونی ئاسوو دەبێت، هەروەک زۆربەی کوڕی خانەوادە دەوڵەمەندەکان، بەو شێوەیە لە ساڵی ١٨١١دا دەچێتە ئیتاڵیا، تا ساڵی ١٨١٤ لەوێ دەمێنێتەوە. واتە هەتا رووخانی سیستەمی ئیمپراتۆریەتی بە سەرکردایەتیی ناپلیۆن پۆنابرت و گەڕانەوەی لویسی هەژدەهەم بۆ کورسیی دەسەڵات. دواتر گرنگی دەدات بە ئەدەب و شیعر. ساڵی «١٨٢٠» یەکەم بەرهەمی شیعری بڵاو دەکاتەوە، لە ژێر ناونیشانی «تێڕامانە شیعرییەکان». ئەو کاتە تەمەنی لامارتین ٣١ ساڵ بوو، ئەوەی سەرنجڕاکێش و سەرسووڕهێنەرە ئەم دیوانەی، کە لە ڕووی قەبارەوە زۆر بچووک بوو، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وای لێ کرد ببێتە شاعیرێکی بەناوبانگ، کە پەنجەی بۆ رابکێشری. دوای سێ ساڵ لەو مێژووە، لامارتین دیوانی دووەمی بڵاو دەکاتەوە، لە ژێر ناونیشانی تێڕامانە شیعرییە نوێیەکاندا، پاشان چەند کتێبێکی تر بڵاو دەکاتەوە، لەوانە مردنی سوکرات «دواپین سروودی دۆزەخی مناڵ هارۆڵد» دوای ئەوەی ڕوو ئەکاتە ڕۆژهەڵات و ئاشنای لوبنان مەسیح و فەلەستین دەبێ، کە ئەوێ لانکەی مەسیح و پیرۆزییەکانی مەسیحییەتە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا، دەبێتە فەرمانبەر لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا، لە شاری فلۆرانسای ئیتالیا. دواتر کچێکی ئینگلیزی دەهێنێت. دوای چەند چیرۆکێکی شکستخواردووی خۆشەویستی، لەوانە ئەو چیرۆکە بەسوێیەی، کە سەرچاوەی سروشی قەسیدە بەناوبانگەکەیەتی، «دەریاچە» ئەو قەسیدەیە دادەنرێت بە بەناوبانگترین قەسیدە ڕومانسییەکان لە شیعری فەرەنسیدا، زیاتر لە جارێک وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، نووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت، پاشان لامارتین ڕۆدەچێ لە دنیای سیاسەتدا و دەبێتە پەرلەمانتار و سەرنجی هاوڕێکانی ڕادەکێشێ، بە وتارە شاعیری و پڕ لە سۆزەکانی بەرامبەر گەلانی هەژار. ئەو وتاربێژێکی لێهاتوو و زمانپاراو بوو. پاشان چەند کتێبێکی بەناوبانگ بڵاو دەکاتەوە، لەوانە گەشتێ بۆ ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٨٣٥دا، «جوسیلین» ١٨٣٦، ملکەچیی شیعری ١٨٣٩ هەروەک کتیبێکی قەشەنگ لەسەر شۆڕشی فەرەنسا بڵاو دەکاتەوە، کە تا ئەوکاتە مێژوویەکی نزیک بووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە «لامارتین»، کە لە ڕەچەڵەکێکی خانەدان و ئەرستۆکراتی دەبێتە دیارترین ئەو کەسانەی پشتیوانی لە شۆڕشی فەرەنسی دەکات، ئەو شۆڕشەی کۆتایی هێنا بە چینی خانەدان و

ئەوەی جێگەی سەرنجە «لامارتین» کە لە ڕەچەڵەکێکی خانەدان و ئەرستۆکراتی دەبێتە دیارترین ئەو کەسانەی پشتیوانی لە شۆڕشی فەرەنسی دەکات، ئەو شۆڕشەی کۆتایی هێنا بە چینی خانەدان و دەسکەوتە قەبەکانیان




دەسکەوتە قەبەکانیان، هەروەها بە شێوەیەکی سەرسەختانە، دژایەتیی دەسەڵاتی کۆنخوازی «فلیب»ی دەکرد، هەروەک یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی ئەو شۆڕشەی لە ساڵی ١٨٤٨دا کۆتایی هێنا بەو دەسەڵاتە. ئەو شۆڕشەی پێی دەوترا «بەهاری گەلان»، لەبەر ئەوەی هەموو لایەکی ئەورووپای گرتەوە و تا رادەیەک لە شۆڕشی عەرەبیی ئەمڕۆ دەچێ، لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەت و لە پێناوی بەدیهێنانی دادپەروەریی کەرامەتدا. «لامارتین» دەبێتە ئەندام لە حکوومەتە کاتییەکەی شۆڕش و پۆستی وەزیری دەرەوە وەردەگرێت، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت. ئەو یەکێک بوو لە دیارترین ئەو کەسانەی داوای هەڵگرتنی یاسای کۆیلایەتیی دەکرد، بەڵام بە هەڵکشانی ناپلیۆنی سێیەم بۆ کورسیی فەرمانڕەوایی لە ساڵی ١٨٦٢دا، لە رێگەی کودەتای سەربازییەوە، لامارتین سنوور دادەنێ بۆ ژیانی سیاسیی خۆی، دوای ئەوە ڕاستڕەوی کاسۆلیکی کۆنخواز دەگاتە دەسەڵات، هەست دەکات پێگەی نەماوە لە سیاسەتدا، بەو جۆرە دوور دەکەوێتەوە و زۆربەی کاتەکانی تەرخان دەکات بۆ ئەدەب و نووسین، بە تەواوی لە ژیان نائومێد دەبێت. ئایا شتێ هەیە لە ئەدەب جوانتر وەک دڵنەواییەک بۆ خەم و نائومێدی؟ لامارتین وەک ڤیکتۆر هۆگۆ راستەوخۆ ڕووبەڕووی دەسەڵاتی دیکتاتۆری نەبووەوە، چونکە ئەو شێوازە ڕاستەوخۆیە بەرەو کوشتن و زیندانیکردن و تاراوگەی دەبرد، لەبەر ئەوە بە لایەوە باشتربوو پەنا بەرێتە بەر بێدەنگی و بەرهەڵستی کردنی نهێنی، ئەو کۆتایی ساڵانی تەمەنی بە چەرمەسەری و نەهامەتی بردە سەر، ناچاربوو شەو و ڕۆژ کار بکات تاکو بتوانێ بژێویی ڕۆژانەی دابین بکات، واتە ئەو پۆست و دەسەڵاتی بەکارنەهێنا بۆ مەرامی کەسێتیی خۆی، کاتێک کاربەدەست دەبێ. لە نامەیەکیدا بۆ ڤیکتۆر هۆگو دادوبێدادی خۆی دەردەبڕێ و گوزارشت دەکات لەوەی ترسی هەیە دەست بگرن بەسەر مڵکوماڵ و کەلوپەلەکەیدا، چونکە ناتوانێ کرێ بدات. لە ساڵی ١٨٧٠دا لە ژێر فشاری پێوستییەکی زۆردا، ناچار دەبێ بەخشیشی دەوڵەت قبوڵ بکات، هەرچەندە ڕۆشنبیرە چەپڕەوەکان ڕەخنەیان لەو هەڵوێستەی گرت و تۆمەتباریان کرد، بەوەی لەگەڵ ناپلیۆنی ستەمکاردا تێوەگلاوە، بەڵام ئایا شتێکی تر لە بەردەمی ئەودا هەبوو؟ ئایا گەرەکیانە لە برسا لەسەر شەقامەکان بمرێ، ئەو دیارترین

## یەکێك لە گەورە ڕەخنەگرەکان دەڵێت، تێڕامانە شیعرییەکان لامارتین، وەکو زەمینلەرزەیەك یاخود شۆڕشی فەڕەنسی وایە بۆ شیعری فەڕەنسی

کەسایەتیی فەڕەنسا بوو لەو سەردەمەدا؟ لێرەدا دەبینین ڕۆشنبیرانی فەڕەنسا هیچیان کەمتر نییە لە ڕۆشنبیرانی عەرەبی، لە ڕووی موزایەدەکردنەوە بە دروشمی دیماگۆجی و هەریەکەیان ئەوی تر تۆمەتبار دەکا، بەوەی بەکرێگیراوی دەسەڵاتە. هەرچۆنێک بێت ئەو دوای دوو ساڵ لەو ڕووداوە، بە خەم و پەژارەوە سەردەنێتەوە، خێزانەکەی ڕەتی دەکەنەوە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ڕەسمیی بۆ ڕێک بخرێت، لە ترسی ئەوەی نەوەک سیستەمی سیاسی ئەو ڕێوڕەسمە بۆ خۆی بقۆزێتەوە، ئەمە کورتەی ژیانی لامارتینە. ئێستە چی هەیە بیڵێین لە بارەی کارەکانی و دەسکەوتە شیعرییەکانییەوە؟ دەکرێ بڵێین کۆمەڵەشیعری یەکەمی «تێڕامانە شیعرییەکان» سەرەتایەک بوو بۆ شیعری ڕۆمانتیکی لە فەڕەنسا، کە کۆتایی هێنا بە قۆناغی کلاسیکی. شیعرەکانی ئەم دیوانە وا دەهاتنە بەرچاو لە قووڵاییەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە قوڵایی دڵ و هەستەوە، بەشێوەیەک یەکێک لە گەورە ڕەخنەگرەکان دەڵێت، تێڕامانە شیعرییەکان لامارتین، وەکو زەمینلەرزەیەک یاخود شۆڕشی فەڕەنسی وایە بۆ شیعری فەڕەنسی، دەتوانین بڵێین بۆ شیعری فەڕەنسی ڕووداوێکی دەستپێکەری مێژووی شیعرە، تەنانەت رامبۆش هەموو لایەنەکانی ئەو دیوانەی بەدڵ نەبوو، بەڵام ددان دەنێ بە گرنگی و بایەخی ئەو دیوانەدا، لەگەڵ ئەوەی بەتایبەتی ئەو لایەنەی، کە پەیوەندیدارە بە فۆرمی شیعرییەوە، واتە شیعری ستوونی تەقلیدی، کە تیایدا شاعیر وەک سەرجەم شاعیرانی هاوسەردەمی لەو جۆرە شکڵەدا گیری خواردبوو، لە نامە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی بینەر، (رامبۆ) دەڵێت: «جاری وایە لامارتین بینەرە، بەڵام بەهۆی فۆرمی کۆنەوە خنکاوە.» بڕوانە چۆن لە یەک ڕستەدا ئەزموونی ئەوی پێناسە کردووە. کورتیی نامەی بینەر لە بنەڕەتدا لە هەر شیعرێک گەورەترە، جگە لە شێتەکان، ببوورن، خاوەن تێڕامانە گەورەکان، کەسی دی ناتوانێ بگاتە ئەو ئاستە، لێرەدا دەبینین لامارتین کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕۆسۆوە، بەڵام کام لە نووسەرە فەڕەنسییەکان نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی «ڕۆسۆ»وە. وەک زانراوە (گۆتە) خاوەنی ئەم گوزارشتە بەناوبانگەیە، «ڤۆلتێر» کۆتایی بە سەردەمی پێشوو هێنا، لەگەڵ ڕۆسۆیشدا سەردەمی نوێ دەستی پێ کرد. ڤۆلتێر بەشێکە لە ڕابردوو، ڕۆسۆ داهاتووە، کەواتە ڕۆمانتیک لە پاڵتۆکەی ڕۆسۆوە هاتووەتە دەرەوە، درێژکراوەی هەستیاری و مرۆڤدۆستی و سۆزی بێ وێنەی ئەوە. ئاشکرایە ڕۆسۆ چەندە سروشتی خۆشویستووە و گۆرانیی بۆ جوانیی سروشت وتووە، لێرەدا هاوشێوەییەکی گەورە بەدی دەکەین لە نێوان «لامارتین» و «ڕۆسۆ»دا. لامارتینیش زۆر ئالودەی سروشت بووە، هێندە بەسە دیوانەکانی بکەیتەوە تاکو ببینیت چۆن باس لە بەهار و پاییز و زستان و هاوین دەکات. لە قەسیدە قەشەنگ و پڕ خەمەکانیدا، پاییز یەکێک بووە لە هەرە بابەتە بایەخدارەکانی نووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت پاییز لای لامارتین لە خودی خۆیدا مەبەستدار نەبووە، بەڵکو شاعیر پاییزی بەکار هێناوە و ئاوێتەی ڕۆحی بووە. ئەو لە پاییزدا خەم و ئازارەکانی دەبینێت، کاتێ خەمبار بووە، ئەو دڵنەوایی خۆی داوەتەوە بە باسکردنی وەرزی پاییز و وەرینی گەڵای دار، کاتێکیش شاد بووە، باسی وەرزی بەهار و پشکوتنی خونچە و گوڵ و خۆشیی کێڵگەکانی کردووە. کاتێ چیرۆکێکی خۆشەویستی هەراسانی کردووە، پەنای بردووەتە بەر ئامێزی سروشت، یاخود ڕووی کردووەتە

«لامارتین» فەڕەنسییەکە لە گەورەترین بوومەلەرزە و گەورەترین پارچەبوونی مێژووییدا ژیاوە، واتە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا، کەواتە ئەو لە نەوەیەکی لاواز و ناجێگیر بووە، چونکە مردنی جیهانێک و هەستانەوەی جیهانێکی تری لە سەر داروپەردووی بینیوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، کە کۆن بە کردەیی کۆتایی نەهاتووە و نوێیش بە تەواوی لەدایک نەبووە

دەریاچەیەک. ئاشکرایە، ئەو کچەی، کە لە تافی لاویتیدا بینیویەتی، لە ئامێزی سروشتدا ئاشنای بووە، هەر جارێک شاعیر نائومێد بوایە، یاخود تاریکی باڵی بکێشایە بەسەریدا، پەنای بۆ سروشت دەبرد. دایکی بەسۆزمان لەوێدا دەبینی، گەڵای دارەکان دەوەرن، هەروەک ئەوە تەمەنی لەگەڵیدا بوەرێ، پارچە پارچە و گەڵا گەڵا. سەرباری ئەوە، «لامارتین» فەڕەنسییەکە لە گەورەترین بوومەلەرزە و گەورەترین پارچەبوونی مێژوویدا ژیاوە، واتە لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا، کەواتە ئەو لە نەوەیەکی لاواز و ناجێگیر بووە، چونکە مردنی جیهانێک و هەستانەوەی جیهانێکی تری لە سەر داروپەردووی بینیوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، کە کۆن بە کردەیی کۆتایی نەهاتووە و نوێیش بە تەواوی لەدایک نەبووە. واتە نەوەیەکی ناجێگیر و مولەق، دوودڵ، لێوانلێو لە ئازار و خوێن، بەربوونێکی ناوەکیی توند، لەم رووەوە زۆر لە نەوەی عەرەبی ئێستا دەچێ، واتە نەوەی ئێمە، هەموو نووسەرانی گەورەی ئەو سەردەمە، گوزارشتیان لەو حاڵەتە کردووە، هەر لە (شاتوبریانەوە تا ئەلفرێد دی موسییە و جۆرج ساند) و زۆرێکی تریش، هەموویان دووچاری نەخۆشیی سەردەم بوون، نەخۆشییەکی گەورەیە هەموویانی بەجێهێشتووە و هیچ ڕێگەچارەیەکیان نییە، لەبەر ئەوە هەوڵیان داوە بە ڕێگەی جیاواز گوزارشتی لێ بکەن بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن، یاخود هەر نەبێ دەروونیان ئاسوودەبکەن. لە سەرووبەندی ئەم بارودۆخە مێژووی و سیاسییەدا بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی دەردەکەوێت، پاشان پەلدەکێشێ بۆ هەموو ناوچەکانی تر، کەواتە گوزارشتی لە هەلومەرج و سەردەمێکی دیاریکراو کردووە، واتە ئەو نەوەیە نەوەی سووتان و تێپەڕین بوون، وەک ئێمە، یەک سەدە و نیو شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەوان لە شۆڕشەکانی ئێمە جیادەکاتەوە. ئەمە ئەو ماوە مێژووییەیە، کە عەرەب و ڕۆژئاوا لێکتری جیادەکاتەوە. هەموو ئەوەی ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر دووچاریان بووە، لە ئێستادا ئێمە تیایدا دەژین، بەڵام لەگەڵ بەهەندوەرگرتنی داهێنراوە نوێیەکاندا، ئەمەیش گەورەترین بەڵگەیە لە سەر دواکەوتوویی کۆمەڵگە عەرەبییەکان، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا، تەنانەت تازەگەریی شیعرییش، کە ڕاستەوخۆ دوای لامارتین لە سەر دەستی «ڕامبۆ و بۆدلێر» دەردەکەوێ، لای ئێمە یەک سەدە دواتر دەستی پێ کرد. ڕۆمانتیکییەت گوزارشتی لە کۆمەڵگەیەک دەکرد، کە لە قوڵاییدا تووشی شۆک بوو، ڕۆحی بریندارە لە ئەنجامی ئەو کودەتا و لەرزینەی دووچاری هات. لامارتین لە ڕێگەی شیعری لیریکی کاریگەرەوە، گوزارشتی لە هەموو ئەمانە کردووە، هەندێ جاریش گەیشتووەتە سنووری فەلسەفە. شاعیرانی فەڕەنسیی ئەو سەردەمە، بە تەنها شاعیر نەبوون، بەڵکو فەیلەسووف و سیاسی و بیرمەند و هەموو شتێ بوون. ئەم حاڵەتە بەسەر فیکتۆر هیگۆیشدا. دەچەسپێ، کە شاعیر و ڕۆماننووس و شانۆنووس بووە و جگە لەوە دانراوی سیاسی و فەلسەفییشی هەبووە. لەو کاتەدا شاعیر بەرپرسی سەردەمێ بووە، بەرپرس بووە لە نەخۆشیی سەردەمەکەی و لە هەوڵدا بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگە و سەردەمەکەی.

**سەرچاوە:**

شەرق ئەلئەوسەت ١٥ ابریل ٢٠١٢